# هونەری ژیانێکی باش

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

ڕۆڵف دۆبێڵی

# هونەری ژیانێکی باش

لە فارسییەوە: محەمەد کەریم

نـــاوی کـتـێـب: هونەری ژیانێکی باش
بـــابـــــەت: پەرەپێدانی مرۆیی
نــووســیــنــی: رۆڵف دۆبێڵی
وەرگـــێـــڕ: محەمەد کەریم
دیــــزایـــــن: هەرێم عوسمان
چـــــــاپ: چاپخانەی میدیاگرافیک
تــــیـــــراژ: ٥٠٠ دانە
نـــۆرەی چـاپ: چاپی یەکەم
ســاڵــی چــاپ: ٢٠٢٥ ز
نـــــــرخ: ٥٠٠٠ دینار
زنــجـــیـــرە: ٩٢/٥٦٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (٢١٠٦)ی ساڵی٢٠٢٥ ی پێدراوە.



رۆڵف دۆبێڵیَ (١٩٦٦/٧/١٥) لەدایکبووە، نووسەر و خاوەنکارێکی سویسرییە، ساڵی (٢٠٠٢) وەکو رۆماننووس دەستی بە نووسین کردووە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە کتێبی «هونەری بیرکردنەوەی شەفاف" ناوبانگی دەرکردووە، دامەزرێنەری کۆمپانیای «زیوریخ مایندس"ە، ساڵی (١٩٩١) لە زانکۆی «سانت گالن"، ماستەری لە بەڕێوەبردنی کاردا بەدەست هێناوە، ساڵی (١٩٩٥)یش دکتۆرای لە فەلسەفەی ئابووریدا لە هەمان زانکۆ بەدەس هێناوە.

## پێشەکی

لە دێر زەمانەوە نزیکەی (٢٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ بەردەوام لە خۆی دەپرسی چۆن دەتوانێت ژیانێکی باش و خۆشحاڵی هەبێت؟ پرسیاری لە بابەتی من چۆن بژیم؟ یان تایبەتمەندییەکانی ژیانێکی باش کامانەن؟ هەمیشە وێردی سەر زمانی بوون، وێڕای ئەوەش هەمیشە رۆڵی چارەنووس و پارە لە ژیانی مرۆڤدا جێگای مشتومڕ بووە، لە راستیدا ئایا تەنیا یەک رێگا هەیە بۆ ژیانێکی باش یان چەند رێگایەکی جیاجیا ئەنجامەکەیان بەختەوەرییە؟ سەرەڕای ئەوەش ئایا دەبێت بەدوای بەختەوەریدا وێڵ بین یان تەنیا لە خەم و ناڕەحەتی خۆمان بەدوور بگرین؟

ئەم پرسیارانە هەمیشە لەلای نەوە جیاوازەکان دووبارە دەبنەوە و لە زۆربەی کاتەکاندا وەڵامی مایەی رەزامەندی بەدەستەوە نادەن، بەڵام لەبەرچی؟ لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە ئێمە بەدوای بنەمایەکی تایبەتیدا وێڵین، لە راستیدا دەبێت بزانین کە هیچ بنەما یان قانوونێکی تایبەتی و یەکسان نییە بۆ بەختەوەری.

لە دەیەکانی رابـردوودا شۆڕشێکی گـەورە لە بـواری دەروونزانی و زانستە جیاوازەکاندا بەرپابووە. لە سیاسەت، ئابووری و بوارەکانی تردا کەسانی پسپۆڕ بەو ئەنجامە گەیشتوون کە جیهان ئەوەندە ئاڵۆزە ناتوانرێت بخرێتە ناو چوارچێوە و شێوازی تایبەتەوە، لە راستیدا ئێمە بۆ تێگەیشتن لە ژیـان پێویستیمان بە ئـامرازی زۆر هەیە،

سەرەڕای ئەوەش دەبێت فێربین چۆن دەتوانین لە ژیاندا پراکتیکی بین و خەیاڵپڵاوی بخەینە لاوە.

بە درێژایی دوو سەد ساڵی رابردوو مرۆڤ بەرەبەرە ئەوەی لەبیرچۆتەوە کە پەیڕەوی لە بانگی دەروونی خۆی بکات، بە دەربڕینێکی دیکە زۆربەی ئینسانەکان هەست دەکەن بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن دەبێت پەیڕەوی مۆدێل یان نموونەیەکی تایبەت بکەن.

لەوانەیە تۆ وەکو سیستەمی کاریگەری ژیان باسی ئەو شێواز و میتۆدانە بکەیت، بەڵام من پێم باشە ناوی بنێم بنەمای ئیشکردن، بەهەرحاڵ خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئەو ئامراز و میتۆدانە زۆر گرنگترن لە زانستی رووت و تیۆری، تەنانەت لە پارە و سامان و پەیوەندی و هۆشیش زیاتر بایەخیان هەیە.

چەند ساڵێک پێش ئێستا من دەستمکرد بە کۆکردنەوەی ئامرازە عەقڵییەکانی خۆم بۆ ئەوەی بتوانم لە رێگەیانەوە ژیانێکی باشتر بۆ خۆم دروست بکەم. من بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەم لە شێوازە کۆنەکانەوە بگرە هەتا نوێترین میتۆدەکانی دەروونزانی و جیهانبینیم بەکارهێناوە، هەربۆیە تۆ دەتوانیت ئەم کتێبە ناو بنێیت فەلسەفەی کلاسیکی گونجاو لەگەڵ سەدەی بیست و یەکدا.

من هەموو رۆژێک ئەو شێواز و میتۆدانە بەکاردەهێنم کە بەدرێژایی ژیانم بەدەستم هێناون، دەبێت دان بەوەدا بنێم کە ئەم شێواز و میتۆدانە لە زۆر حاڵەتدا یارمەتیان داوم و

لە هەموو روویەکەوە ژیانی منیان باش کردووە، بۆ نموونە ئیتر لەبەر قژ رووتانەوە و دروستبوونی چرچ و لۆچ لە دەموچاومدا بێتاقەت و نیگەران نیم. من هەوڵم داوە لەم کتێبەدا پێشنیازی (٥٢) شێوازت بۆ بکەم بۆ ئەوەی لە ژیانتدا سەرکەوتوو بیت، هەڵبەتە ناتوانم بێچەندو چوون بڵێم لە حاڵەتی پەیڕەویکردنی ئەم شێوازانەدا ئیتر بەختەوەر دەبیت، بەڵام چانست بۆ هەبوونی ژیانێکی شایستە زیاتر دەبێت.

رۆڵف دۆبێلێ

## (1)
## حسابی مێشك
## چۆن دۆڕانەکانی ژیانمان بگۆڕین بە بردنەوە؟

من دەبوو بزانم لەو یەکتربڕە کامێرای خێرایی هەیە و وێنەی ئەو ئوتومبیلانە دەگرێت کە شۆفێرەکانیان خێرایی ڕێگەپێدراو دەبەزێنن، هەڵبەتە دەبێت بڵێم ئەو کامێرایە ماوەیەکی زۆر پێش ئەوە لەو جادەیە دانرابوو، نازانم بۆچی لەو کاتەدا نەهاتە خەیاڵم کە خێراییەکەم کەم بکەمەوە. لە ڕاستیدا لەگەڵ ڕەتبوون بەلایدا فلاشی کامێراکەم بینی و تێگەیشتم کە وێنەی ئوتومبیلەکەمی گرتووە. دەبێت بڵێم من بەلای کەمەوە (١٦) کیلۆمەتر زیاتر لە خێرایی ڕێگەپێدراو دەڕۆیشتم و تەقریبەن هیچ ئوتومبیلێک لەو جادەیە نەبوو، کەواتە بێگومان کامێراکە وێنەی ئوتومبیلەکەمی گرتووە.

ڕۆژی دوای ئەوەش دووبارە لە (زوریخ) غەرامەکرام کاتێک بۆ ئیشێک لە ئوتومبیلەکەم دابەزیم، ئەفسەری هاتوچۆکەم بینی لە ئوتومبیلەکەم نزیک بۆوە و پسووڵەی غەرامەکەی خستە بن فڵچەکەوە. لە جێگایەکدا وەستابووم کە وەستان قەدەغە بوو، چونکە شوێنی ڕاگرتنی گشتی هەمووی گیرابوو، منیش زۆرم پەلە بوو. دەبێت بڵێم پەیداکردنی شوێنی وەستان لە زوریخ زۆر قورسە و لە هەموو جێگایەک تابلۆی وەستان قەدەغەیە دانراوە. بەهەرحاڵ بەرەو لای ئوتومبیلەکەم ڕامکرد بۆ ئەوەی

قەناعەت بە ئەفسەری هاتوچۆکە بکەم غەرامەم نەکات و هەوڵمدا وەزعی خۆمی بۆ روون بکەمەوە، بەڵام قبووڵی نەکرد و منیش زۆر جەختم نەکردەوە، چونکە ئەزموون ئەوەی فێرکردبووم جەختکردنەوەی لەڕادەبەدەر تەنیا وەکو گەمژەیەک نیشانم دەدات و کاریگەریی لەسەر رای ئەو نابێت.

باشم لە یادە کە وەرگرتنی پسووڵەی غەرامەی پارک لە رابـردوودا چەندە مێشکی تێکدەدام، بەڵام حاڵی حازر ئیتر بە دانی پارەی غەرامە بێتاقەت و تووڕە نابم و لەو حسابەی بۆ خێر دامناوە دەیدەم و بڕەکەی کەم دەکەمەوە. دەبێت ئـەوەش بڵێم من هەموو ساڵێک بـڕەپارەیـەک بۆ خێر یان بۆ بەخشین بە هاوڕێکانم و کەسانی دەوروبەرم تەرخان دەکەم و هەموو غەرامەکانیش لەو پارەیە دەدەم. لە دەروونزانیدا بەم فێڵە دەڵێن حیسابی مێشک داهێنەری ئەم زاراوەیـە (Richard Thaler) ریچارد سالێرە کە یەکێکە لە بنیاتنەرانی بواری ئابووری رەفتاری. لە راستیدا حسابی مێشک فێڵێکی لۆجیکی کۆنە، هەڵبەتە ئەو کەسانەی پەیوەندیان بە سەرچاوەی وەرگرتنی پارەوە هەیە رەفتاری جیاواز لە خۆیان نیشاندەدەن بۆ نموونە: ئەگەر تۆ پارەیەکی کاغەز لەسەر عەرد هەڵگریتەوە زۆر گوێی پێنادەیت و بە ئاسانی خەرجی دەکەیت، بەڵام ئەگەر پارەکە بەری رەنجی خۆت بێت دوودڵیت لە خەرجکردنی و بە ئاسانی لە دەستی نادەیت، بۆیە دەتوانیت ئەو فێڵەی مێشک بەکاربهێنیت بۆ

ئەوەی مێشکت زیاتر ئارام بێت. بۆ نموونە: من پارەیەک بۆ خێر دادەنێم و لەبەرئەوەی بەهەر شێوەیەک بێت ئەو پارەیە دەکەم بەخێر، دەتوانم بە ئاسوودەییەوە لەوە غەرامە بدەم و قەرز لەو پارەیە بدەمەوە.

ئێستا گریمان سەفەرت کردووە بۆ وڵاتێکیتر و لەناکاو هەست دەکەیت جزدانەکەت ون کردووە و دوای ماوەیەک دەیدۆزیتەوە، بەڵام پارەکانی تێدا نییە، کەواتە چۆن سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەیت؟ ئایا هەست دەکەیت پارەکەت دزراوە یان وەکو یارمەتیدانی کەسێک سەیری دەکەیت کە باری دارایی لە تۆ خراپتر بووە و پێویستی بەو پارەیە بووە. هەڵبەتە روون و ئاشکرایە پارەکەی تۆ دزراوە و هەرچی بیری لێبکەیتەوە ناتوانیت بابەتەکە بشاریتەوە، بەڵام دەتوانیت کەمێک شرۆڤەی خۆت لەسەر بابەتەکە بگۆڕیت، بۆ ئەوەی هەستێکی باشترت لەو بارەیەوە هەبێت.

هەمیشە ئەوەت لەیاد بێت کە ئەو شێوەیەی رووداوەکانی پێ شرۆڤە دەکەیت دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانت هەبێت، بۆ نموونە: من هەمیشە خەرجی رێستۆران و شت کڕین لە دوکانەکان بەرزتر لەوەی هەیە وێنا دەکەم، بۆ ئەوەی بە بینینی نرخی کەمتر خۆشحاڵ بم. سەبارەت بە خەرجی زیادیش بە خۆم دەڵێم ئەگەر ئەم خواردنەوەیە بایی (١٠)دۆلارە من دەبێت (١٥) دۆلار پەیدا بکەم بۆ ئەوەی بتوانم بیکڕم، دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەم فێڵە دەروونییە سەبارەت بە من راست بووە، چونکە بۆتە هۆی ئەوەی زیاتر

خەمی داهات و خەرجیم بێت و حیسابی بۆ بکەم.

دەبێت بڵێم من حەزدەکەم کرێی مانەوە لە ئوتێل لە پێشدا بدەم، چونکە لەو حاڵەتەدا کاتێ ئوتێلەکە بەجێدەهێڵم، لە کۆتایی هەفتەدا خەونم بە بینینی پسووڵەیەکی درێژ تێکناچێت. (دانیل کانمان) ئەم رێسایە ناودەنێت دوا پێک، لە راستیدا ئەو شتەی لە پشووی کۆتایی هەفتەدا لە مێشکتدا دەمێنێتەوە لووتکەکەی دوا ساتەکانی پشووەکەیە و بە ئەگەری زۆر ئەو کاتانەی خۆت کە لە پشووەکەدا بەسەرت بردووە لەبیر دەکەیت. من سەبارەت بەم بابەتە بەشێوەیەکی گشتی لە بەشی (٢٠)ی ئەم کتێبەدا قسە دەکەم. ئەگەر تۆ لە دوا ساتەکانی پشووەکەتدا بە پسووڵەیەکی دووررودرێژەوە شاگردی ئوتێلەکە ببینیت کە سەرەڕای پارەی ئوتێلەکە داوای شاگردانەیەکی زۆریش دەکات، بێگومان هەموو ئەو خەیاڵە خۆشەی لە سەفەرەکەتدا هەتبووە لێت دەبێت بە ژەهرەمار، بۆیە باشتروایە سەرەتا هەموو خەرجییەکانی خۆت بدەیت و دواتر سوود لە خزمەتگوزارییەکانی ئوتێلەکە و بەشە خۆشەکانی دیکەی وەربگریت، بەو شێوەیە کەس لە زەوقت نادات.

دەبێت دان بەوەدا بنێم حاڵی حازر من بەبێ هیچ نارەحەتییەک باج دەدەم. دوای لێکدانەوەیەکی زۆر لەوە تێگەیشتم کە من بەتەنیا ناتوانم سیستەمی باجی وڵات بخەمە ژێر پرسیارەوە و بیگۆڕم، بەم پێیە هەوڵم دا تێڕوانینی خۆم سەبارەت بەم مەسەلەیە بگۆڕم و شاری (بێرن)م بە

شارەکانی وەکو ریاز و کوێت بەراورد کرد. لەم شارانەدا بەڕاستی خزمەتگوزاری شار و پاکوخاوێنی شار ریسواییە و بێرن بە بەراورد بەم شارانە وەکو بەهەشت وایە. راستە عەرەبستان باج لە هاووڵاتیانی وەرناگرێت، بەڵام من ئامادەنیم بۆ یەک دەقەش لەوێ بمێنمەوە. لەوانەیە کەسانێک کە زۆر نالەبار و سەرەڕۆن حەز بکەن بچن بۆ وڵاتێک یان شارێک کە باجی لێوەرناگیرێت، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرن کە ئیتر خزمەتگوزاری و ئەمن و ئاسایشیان نییە.

دەبێت بڵێم من باوەڕم بەو پرەنسیپە هەیە کە پارە خۆشبەختی لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت. هەروەها ئەگەر خواردنەوەیەک دوو دۆلار گرانتر بێت لەوەی من وێنام کردووە یان هەرزانتر بێت، هیچ هەستێکی تایبەتی لەلای من دروست ناکات، چونکە هەمیشە هەوڵی من ئەوە بووە وزە و شادیی خۆم بپارێزم و پارە بەلامەوە هێندە گرنگ نەبێت. شایانی باسە من لە بۆرسەدا سەرمایەگوزاریم کردووە و زوو زوو بەهای پشکەکانم بەرز و نزم دەبێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر پشکەکانی (داوجۆنز) هەزار جاریش دابەزێت نابێتە مایەی نیگەرانیم. بۆیە رێنمایی من بۆ تۆ ئەوەیە کە رادەیەک پارە لەبەرچاو بگرە کە بەلای تۆوە ناچیز و بێبایەخە، هەموو بەهاکان بەوە هەڵبسەنگێنە، بۆ نموونە: وایدابنێ کرێی تەکسی دوو دۆلار گرانتر بووە، بەڵام دوو دۆلار بڕێکی هیچە و بەهای ئەوەی نییە بیری لێبکەیتەوە و قسەی لەسەر بکەیت.

کاتێ بەرەو چلساڵی دەچووم باوەڕم بە خوا نەبوو، بەڵام دوای ئەوە هەوڵم دا دووبارە باوەڕم بەهێز بکەم، دەبێت دان بەوەدا بنێم هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە لەناکاوە قەشەکانی (بەندیکت) بوون کە لە (ئینسیدیلن) بەگەرمی پێشوازییان لێکردم و یادەوەرییەکی باشیان لا دروستکردم. لەو کڵێسایە هیچ هاتوهاوار و دەنگەدەنگێک نەبوو، ئەوان تەلەفۆن و ئینتەرنێت و تەلەفزیۆنیان نەبوو، دەتگوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژین. سەرەڕای ئەوەش لەوێ بێدەنگییەکی خۆش باڵی کێشابوو، چونکە قەشەکان رۆژووی بێدەنگییان گرتبوو، لەوێ من بە رازێکی دیکەی رازە جۆراو جۆرەکانی ژیان ئاشنا بووم. لە ژووری نانخواردن کەوچک و چەتاڵیان کردبووە ناو سندوقێکی داری رەشی هەشت ئینجییەوە، لە سەرەتای هەر ژەمێکدا کەسەکان دەیانتوانی چەقۆ و چەتاڵەکانی خۆیان دەربێنن.

شایانی باسە سندوقەکە وەکو تابووت وابوو. لەوانەیە بپرسیت بۆچی بۆ هەڵگرتنی چەقۆ و چەتاڵەکانیان ئەو سندوقە بەکاردێنن؟ ئەو سندوقە بۆ کەسانی ناو کڵێساکە پەیامێکی تایبەتی لەخۆگرتبوو، بەو مانایەی تۆ ئێستا مردوویت و هەرچی روودەدات وەکو دیارییەک وایە بۆ تۆ، لە راستیدا ئەو مەسەلەیە ئەوەی فێرکردم بەها بۆ کاتی خۆم دابنێم و بێهودە بە فیڕۆی نەدەم.

لەوانەیە تۆ لە وەستان لە ریزی مارکێت یان لە چاوەڕوانی لە عیادەی دکتۆر بێتاقەت بیت و لێدانی دڵت لە ئەنجامی

سترێسدا بگاتە (١٥٠) لە دەقـەیـەکدا، بـەڵام باشتر وایە لەبری تووڕەبوون، ئەوە لەبەرچاوبگریت رەنگە ئارامیت بتوانێت تەمەنت ساڵێک زیاتر بکات، سـەرەڕای ئـەوەش لەو بارودۆخەدا سترێس بۆ تۆ هیچ سوودێکی نییە و ئەو ساڵەی دەچێتە سەر تەمەنت بێگومان زۆر لەوە گرنگترە کە لە ریزێکدا بکەویتە دواوە. هەڵبەتە ئـەوەش روون و ئاشکرایە کە لە هەندێ شوێندا کات و سامانت تالان دەکرێن، بەڵام دەتوانیت ساتە سەختەکانی ژیانت بەشێوەیەکی دیکە لێک بدەیتەوە. دەتوانیت سندوقی ئامرازی فرت و فێڵەکانی خۆت بکەیتەوە و بزانیت چۆنچۆنی دەتوانیت خۆت رازی و خۆشحاڵ بکەیت. هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت هەندێ کات باشتر وایـە هەندێ فرت و فێڵ بەکاربهێنین کە رازی و خۆشحاڵترمان بکات و هیوامان بە ژیان زیاتر دەکات.

## (2)
## هونەری راستکردنەوە
### بۆچی خاڵی دەستپێک لە مێشکی ئێمەدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە؟

گریمان لە فڕۆکەیەکدا دانیشتوویت کە لە لەندەنەوە بەرەو نیویۆرک دەچێت. پێت وایە فڕۆکەکە تا چ رادەیەک پەیڕەوی ئەو رێگا رەسمییە دەکات کە بۆی دیاریکراوە؟ لە سەدا نەوەد؟ هەشتا؟ یان حەفتا؟ دەبێت بڵێم وەڵامی راستی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە فڕۆکەکان هەرگیز بە رێگایەکی جێگیردا هاتوچۆ ناکەن. کاتێ سواری فڕۆکە دەبیت ئەگەر لای پەنجەرەوە دابنیشیت و سەیری گۆشەی باڵی فڕۆکەکە بکەیت، دەتوانیت ئەو باڵە بچووکانە ببینیت کە بە کۆتایی باڵەکانی فڕۆکەکەوەن. ئەو باڵە بچووکانە ئیشیان ئەوەیە رێگای فڕۆکەکە بگۆڕن کە لە سیستەمی فڕۆکەوانی ئۆتۆماتیکەوە فەرمان وەردەگرن و فڕۆکەوانە ئۆتۆماتیکەکەش چەندین جار رێگاکە حیساب دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت لە جیاوازی نێوان رێگای راست و هەلومەرجی حاڵی حازر تێبگات و لەسەر بنەمای ئەوە باڵە بچووکەکان بەرەو ئەو شوێنەی دەیەوێت بجوڵێنێت.

من هەتا ئێستا چەندان جار سواری فڕۆکە بووم کە سیستەمی فڕۆکەوانی ئۆتۆماتیکی تیا نەبووە و ئەرکی فڕۆکەوانەکە بووە رێگای راست حیساب بکات و فڕۆکەکە بەرەو ئاراستەی راست ببات. ئەوە لەبەرچاو بگرە تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەک واز لە دەسکی یارییش بهێنیت، هەر

ڕووبەڕووی کێشە دەبیتەوە و یاریی دەدۆڕێنیت. تەنانەت لە شۆفێریشدا مەسەلەکە بەهەمان شێوەیە، ناتوانیت دەستت لەسەر سوکان لابەریت، چونکە لەو حاڵەتەدا ڕووبەڕووی مەترسی دەعم دەبیتەوە و ڕووداوی ناخۆش ڕوودەدات.

ژیانی ئێمەش وەکو ڕێنمایی فڕۆکەیەک یان مەکینەیەک وایە، لەوانەیە ئارەزووی زۆرکەس ژیانێکی ئاوا نەبێت، لەوانەیە ئەو خەڵکانە حەز بکەن ڕێگای بەردەمیان تەواو دیار و قابیلی پێشبینی بێت و لە حاڵەتی ڕەچاوکردنی بنەما و پرەنسیپەکاندا هەرگیز تووشی کێشە نەبن. لە ڕاستیدا ئەم کەسانە حەزدەکەن تەنیا تەرکیز لەسەر دەستپێکی ژیانیان بکەن، بەو مانایەی کە دەستپێکێکی باشیان هەبێت، بۆ نموونە بواری خوێندن یان هاوسەری خۆیان هەڵبژێرن و هەموو شتێک بەباشی و بەپێی بەرنامە بڕوات، هەڵبەتە هەرگیز لە واقیعیدا بە شێوازێکی ئاوا ناکەوێتەوە، تۆ دەبێت ئەوە قبووڵ بکەیت ڕووبەڕووی هەوراز و نشێوی زۆر دەبیتەوە و شتی وات بەسەر دێت کە لەوانەیە هەرگیز تەسەورت نەکردبێت. بەهەرحاڵ کەسانێک هەن دوای تێپەڕبوونی چەندان ساڵ دیسان وەکو فڕۆکەوانێکی نەزانی تازەکار ئیش دەکەن و ئەو بارودۆخانەی پێشبینی نەکراون لەبەرچاو ناگرن و هەموو تەرکیزێکیان لەسەر دەستپێکی ئیشێکە. لە ڕاستیدا ئەوانە ئەوە لەبیر دەکەن کە ئێمە دەبێت بەدرێژایی ڕێگاکەمان، هەڵەکانی ڕابردوومان ڕاست بکەینەوە و ناتوانین لەسەر بنەمای ڕێگایەکی لەپێشدا دیاریکراو جووڵە بکەین.

دەبێت دان بەوەدا بنێم وەکو فڕۆکەوانێکی ئەماتۆر ئەوە فێربووم کە خاڵی دەستپێک ئەوەندە گرنگ نییە و مەسەلەی گرنگ توانای چاکردنەوە و راستکردنەوەی ریّگای هەڵەیە. پێم وایە تەنانەت سروشت و گیاندارانی دیکەش ئاگایان لەو رازەیە. بۆ نموونە ئەگەر لە کاتی دابەشکردنی خانەکاندا هەڵەیەک رووبدات بەدەنی مرۆڤ ئەو هەڵەیە راست دەکاتەوە و ئیتر بواری دابەشکردن بەو خانە هەڵەیە نادات و لەناوی دەبات. لە راستیدا ئەگەر پرۆسەی چاکردنەوەی (DNA) نەبێت مرۆڤ تووشی شێرپەنجەی جیاواز دەبێت و گیان لەدەستدەدات. تەنانەت سیستەمی بەرگری لەشی ئێمەش بەو شێوەیە ئیش دەکات و لە راستیدا هیچ بەرنامەیەکی لە پێشدا دەستنیشانکراو بۆ بەرگری لەش نییە، چونکە هەموو کاتێک دەشێت ڤایرۆس یان شتێکی ترسناکی نەناسراو بێتە ناو لەشمانەوە، وێڕای ئەوەش بەکتریا و ڤایرۆسەکان بەشێوەیەکی بــەردەوام لە جینێکەوە باز دەدەن جینێکی تر. بەم پێیە بۆ سیستەمی بەرگری ئێمە قابیلی پێشبینی نابێت کە چ کێشە و فاکتەرێکی وێرانکەر چاوەڕێی دەکەن و سیستەمی بەرگری ئێمە تەنیا پشت بە چاکردنەوە و نوێکردنەوەی خۆی دەبەستێت.

بەم پێیە ئەگەر ببیستیت زەماوەندی دووکـەس لەگەڵ یەکتری تووشی کێشە بـووە، نابێت بەلاتەوە سەیر بێت. چونکە هەموو مرۆڤێکی بەئەزموون دەزانێت سەرکەوتنی پەیوەندییەک پێویستی بە گۆڕانکاری هەمیشەییە و دەبێت

دەستپێشخەری بکەین و هەڵەکانی خۆمان ڕاست بکەینەوە، چونکە ئەگەر وانەکەین ڕووبەڕووی کێشە دەبینەوە. هەڵبەتە من کەسانێکم دیوە کە ژیانێکی باش لە جێگیری و بێ گۆڕانکاریدا دەبینن کە بەڕای من ئەم بۆچوونە تەواو هەڵەیە، چونکە ئێمە هەمیشە خۆمان لەگەڵ هەلومەرجدا دەگونجێنین و ئەوەشمان لەبیر نەچێت هیچ شتێک لە ژیاندا بە جێگیری نامێنێتەوە.

بەڵام بۆچی تارادەیەکی زۆر ڕقمان لە گۆڕانکارییە و حەزدەکەین ڕەفتار و خوڵق و خووی ڕابردوومان بپارێزین؟ لەوانەیە لەبەر ئەوەبێت کە گۆڕانکاری و چاکردنەوە ئەوە نیشان دەدات کە بەرنامەڕێژیمان هەڵە بووە و بە ڕێگایەکی هەڵەدا ڕۆیشتووین و شەرم لە خۆمان دەکەین، بەڵام دەبێت ئەوە قبووڵ بکەین کە هیچ نەخشە و ڕێگایەک نییە کە لە سەدا سەد بێخەوش و هەڵە بێت و بۆ هەموو کات و شوێنێک بگونجێت و ئەنجامەکەی پۆزەتیڤ بێت، هەروەکو جەنەڕاڵ و سەرۆکی ئەمریکا (دوایت ئایزەنهاوەر) دەڵێت: "بەرنامەڕێژی لە هەمانکاتدا کە بایەخێکی ئەوتۆی نییە زۆر گرنگیشە، بەو مانایەی کە ناتوانیت لە ژیاندا یەک بەرنامەی جێگیرت هەبێت و بەردەوام دەبێت بەرنامە و بڕیارەکانمان بگۆڕین بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە ئەو پێشکەوتنەی مەبەستمانە."

شایانی باسە ئەو دەزگایانەی پێشنیازی سیاسی بۆ حکومەتەکان دەکەن ئاسایی لە بەرنامەکانیاندا حیسابی هەموو شتێک دەکەن و بەشێوەیەک دایدەڕێژن کە وەکو تیۆر

بۆ هەموو کاتێک سوودی لیٚ وەربگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانیش هەندیٚ کات چاکسازی لە بەرنامەکانیاندا دەکەن. دەبێت ئەوەش بڵێم دەستووری ئەمریکا کە ساڵی (١٧٨٧) پەسەند کراوە، هەتا ئێستا (٢٧) جار گۆڕانکاری تێداکراوە کە ئەم گۆڕانکاریانە دوانیان زۆر بنەڕەتی و ئەوانی تر گۆڕانکاریی بچووک بوون.

هەروەها دەستووری ئەڵمانیا لە ساڵی (١٩٤٩)ەوە هەتا ئێستا (٦٠) جار گۆڕانکاری تێدا کراوە، ئایا پێت وایە ئەو گۆڕانکاریانە مایەی شەرمن؟ بەڕای من ئەو گۆڕانکاریانە نیشانەی تەگبیر و توانای لەڕادەبەدەرن بۆ جێبەجێکردنی دیموکراسی. قسەوباسی من لەسەر هەڵبژاردن نییە کە خەڵک دەنگ بەو کەسە دەدەن کە بەلایانەوە گونجاوە، بەڵکو یاسا دەبێت بە شێوەیەک بێت ئەگەر کەسێک هەڵەیەکی کرد بتوانێت یەکسەر بەبیٚ خوێنڕشتن لەسەر کار لاببەرێت. لە راستیدا دیموکراسی بەمانای توانای گۆڕانکاری و بەربەرەکانی نەکردن لە بەرامبەر باوەڕ و بیروبۆچوونەکاندا راست و دروستە.

هەڵبەتە گەلیٚ بوار هەیە کە ئێمە لە بێخەوە حەزمان لە گۆڕانی خۆمان نییە لەو بوارانەدا، بۆ نموونە سیستەمی خوێندنی قوتابخانەکان ئاسایی بەشێوەیەکی زۆر داخراوە و دەرفەتی هەر جۆرە گۆڕانکاری و چاکسازییەک بە تاکەکەس نادات، لە راستیدا تەرکیزی سیستەمی خوێندن زیاتر لەسەر زانستی تیۆری و بڕوانامەوەرگرتنە، وەک ئەوەی لە ژیاندا

تەنیا بە دەستهێنانی نمرەی بەرز گرنگ بێت و بتوانێت سەرکەوتنمان بۆ مسۆگەر بکات. بەهەرحاڵ ئەمڕۆ پەیوەندی نێوان نمرەی زانکۆ و خوێندنگا و سەرکەوتن لە بواری ئیشکردندا زیاتر لە جاران رووبەڕووی پرسیار بۆتەوە، لە کاتێکدا گرنگی گۆڕانکاری و چاکسازیی دووئەوەندەیە و ئەو شتەیە کە خوێندنگاکانی ئێمە ئەسڵەن بایەخی پێنادەن.

سەبارەت بە فۆرمەڵەبوونی کارەکتەریشمان ئەم مەسەلەیە راستە. من دڵنیام لە ژیانی تۆدا بەلای کەمەوە کەسێک هەیە کە تۆ ئەو وەکو کەسێکی کامڵ و عاقڵ ناودەبەیت. باشە تۆ پێت وایە چ شتێک بۆتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە دیار بێتە بەرچاو؟ جینی تایبەتییە؟ هەلومەرجی گەشەی نموونەییە؟ یان خاوەنی بڕوانامەی زۆر بەرزە؟ لەوانەشە هۆکاری عاقڵ هاتنەبەرچاوی توانای گونجانی بێت لەگەڵ دەوروبەردا. لە راستیدا رەمزی سەرکەوتنی زۆربەی کەسە دیارەکان تواناییانە بۆ گۆڕانکاری و چاکسازیی بەردەوام لە خۆیاندا و ئەوان هەمیش هەوڵدەدەن بێتوانایی و هەڵەکانی خۆیان چاک بکەنەوە.

بەم پێیە ئێمە دەبێت لە گۆڕانکاری نەترسین و لە مێشکی خۆماندا تابلۆیەکی خراپ بۆ گۆڕان و چاکسازی دروست نەکەین. هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت ئەو کەسانەی بە ئاسانی گۆڕانکاری لە خۆیاندا دەکەن و خۆیان لەگەڵ دەوروبەردا دەگونجێنن لەو کەسانە سەرکەوتوو ترن کە هەموو کاتی خۆیان بۆ بەرنامەیەکی باڵا و بێ کەموکووڕی تەرخان

دەکەن. لە راستیدا هیچ بەرنامەیەک نییە کە هەمیشە کاریگەر بێت و بە خواستەکانی خۆمانمان بگەیەنێت. هەروەها هیچ ستراتیجێکی ئیشکردن یان سەرمایەگوزاری لە بوارێکدا نییە کە هەمیشە سەرکەوتوو بێت و تۆ ناتوانیت لە هەموو تەمەنتدا لەسەر رێبازێکی تایبەتی بڕۆیت و چاوەڕێی ئەوە بیت ئەو رێبازە بتگەیەنێت بە ئامانج. لە راستیدا تۆ دەبێت خاڵی دەستپێک و رێباز بۆ خۆت دیاری بکەیت و هەمیشە گۆڕانکاری تێدا بکەیت و لەسەر بنەمای هەڵەکانت خۆت چاک بکەیت. شایانی باسە کە دنیای ئێستا ئاڵۆزتر دەبێت و مەسەلە و رووداوەکان رۆژ لە دوای رۆژ ئاڵۆزتر دەبن و قابیلی پێشبینی نابن. بەم پێیە بایەخی خاڵی دەستپێک رۆژ لە دوای رۆژ کەمتر دەبێتەوە. کەواتە هەموو کاتی خۆت بۆ بەرنامەڕێژی بۆ خاڵی دەستپێکێکی تایبەتی تەرخان مەکە، بەڵکو هەوڵ بدە توانای خۆگونجاندنی خۆت لەگەڵ دەوروبەر زیاد بکەیت و ئەگەر لە قسە و رەفتاری خۆت ئەنجامێکت نییە کە بەدڵخوازی خۆت بێت خۆت چاک بکە و فێری شێوازی راست و دروست و بەسوود بە.

(3)

## سەرسەختی،
## پێداگریی لەسەر بیروباوەڕ و بیروبۆچوون

لە ساڵی (١٥١٩)دا فەرماندەی بەناوبانگی ئیسپانیایی هێرنان کۆرتیس (Hernan Cortes) لە رێگەی کوباوە گەیشتە کەناری مەکسیک و مەکسیکی بە کۆلۆنی ئیسپانیا لە قەڵەم دا، خۆشی وەکو دەسەڵاتداری ئەوێ ناساند، پاش ئەوە کەشتییەکەی لەناوبرد بۆ ئەوەی لە مێشکی خۆی و هاوڕێکانیدا هیچ نیگەرانییەک سەبارەت بە گەڕانەوەیان بۆ خاکی ئیسپانیا دروست نەبێت.

هەڵبەتە کۆرتیس لە رووی ئابوورییەوە نەیتوانی بڕیارێکی راست و دروست بدات، بۆچی دەبوو کەشتییەکەی لەناوبەرێت، کە ساڵانێک بۆ دروستکردنی زەحمەتی کێشا بوو؟ لە راستیدا کۆرتیس یەکێک لە گەورەترین پرەنسیپەکانی دنیای ئابووری خستە ژێر پرسیارەوە کە دەڵێت هەرچەندە توانا و بژاردەی زیاترت لەبەردەستدا بێت سەرکەوتووتر دەبیت، باشە لەوانەیە ئەوەت بە خەیاڵدا بێت بۆچی کۆرتیس ئەو پرەنسیپەی خستە ژێر پرسیارەوە؟

من بە درێژایی ساڵ بۆ ئێوارەخوانی جۆراو جۆر داوەت دەکرێم و بەلای کەمەوە ساڵی دووجار لەگەڵ یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکاندا دیدارم دەبێت، دەبێت دان بەوەدا بنێم کە شێوەی نانخواردنی بەڕێوەبەرەکە بەلامەوە مایەی سەرنجە. چونکە هەمیشە خواردنی میوە

یان شیرینی دوای نانخواردن ڕەتدەکاتەوە، ئەمە هەمیشە بەلای منەوە جێگای پرسیار بوو، بۆچی خواردنی میوە و شیرینی خۆش و تەڕ و پاراو ڕەتدەکاتەوە؟ باشە، جاریوابوو خواردنەکە فریش و سووک بوو، خراپ نەبوو کە لەگەڵیدا میوە و شیرینی دوای نان بخورێت یان هەندێ جار میوە و شیرینییەکان بەڕاستی بەڕووکەش سەرنجڕاکێش و تایبەت بوون کە سەرنجی هەموانیان رادەکێشا، بەڵام هیچ کام لەو حاڵەتانە نەدەبووە هۆی ئەوەی بەڕێوەبەر دەم لەو خواردنانە بدات و هەمیشە ڕەتیدەکردنەوە.

شایانی باسە کلایتن کریستنسن (Clayton Christensen) یەکێکە لە دیارترین پسپۆڕەکان کە لە بواری بەڕێوەبردندا چالاکە، لە زانکۆی هارڤارد مامۆستایە و خاوەنی کتێبی پڕفرۆشی سەختیی داهێنەرە (Innovator Dilemma) دەبێت باسی ئەوە بکەم کریستنسن کەسێکی سەرسەختە کە هیچ کاتێک لە بڕیارەکانی خۆی پەشیمان نابێتەوە، لە راستیدا زۆر پابەندی قسە و بیروباوەڕەکانی خۆیەتی و ئەمەش بەلای منەوە جێگای بایەخ و مایەی سەرنجە.

کریستنسن لە گەنجیدا زۆر کەسی سەرکەوتووی دیوە کە هەموو گەنجیی خۆیان بۆ ئیشەکەیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی سەرەنجام بتوانن لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ بن و لە میانساڵی و پیریدا ژیانێکی ئیسراحەتیان هەبێت. باشە هەندێک لەوانە توانیویانە بە ئامانج بگەن، بەڵام لەبەرامبەر

ئەوەدا هەموو ژیانی خۆیان لەدەستداوە. لە راستیدا خێزانیان لەبەریەک هەڵوەشاوە و هیچ هاوڕێیەکی نزیک لە دەوری خۆیان نابینن. بەم پێیە کریستنسن بەڵێنی بەخۆی داوە کۆتایی حەفتە ئیش نەکات و ئەو کاتە بۆ خۆی و خێزانەکەی تەرخان بکات. هەڵبەتە ئەم بڕیارە باجی خۆشی هەبووە و هەندێ جار ناچار بووە سەعات سێی بەیانی بچێتە سەر ئیشەکەی بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئیشانە بکات کە دواکەوتوون.

دەبێت دان بەوەدا بنێم یەکەمجار کە بەم خولق و خووەی کریستنسنم زانی زۆر گەمژانە و منالانە هاتەبەرچاوم و پرسیم بۆچی ئەوەندە ئینکارە؟ بۆچی وەکو حاڵەت سەیری مەسەلەکان ناکات؟ لە راستیدا هەندێ جار مرۆڤ ناچار دەبێت لە کۆتایی حەفتەدا ئیش بکات بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا باقی رۆژەکانی تری حەفتە هەست بە ئارامییەکی زیاتر بکات. بەڕای من نەرمی و حسابکردن بەپێی حاڵەتەکان سیفەتێکی باشە، لە کاتێکدا هیچ شتێکی جێگیر لە دنیادا نییە و هەموو شتێک بەردەوام لە گۆڕاندایە.

بەڵام ئێستا کە باش بیری لێدەکەمەوە هەندێ جار نەرمی سیفەتێکی باش نییە بەڵکو تووشی دەردەسەری وامان دەکات ناتوانین خۆمانی لێلادەین. لە راستیدا خاڵی هاوبەشی نێوان کۆرتیس و کریستنسن و ئەو بەڕێوەبەرەی حەزی لە دەردەسەری نییە، سەرسەختیی لەڕادەبەدەرە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک کە لەوانەیە لە حاڵەتی نەرمی و گۆڕینی بیروڕادا

بەتەواوی لە دەست بچێت.

هەندێک جار نەرمی تووشی ناجێگیریت دەکات و دەتکات بە کەسێکی سست کە وا باست دەکەن لە بڕیارداندا لاوازیت. لە راستیدا مێشکت ئەگەر بـەردەوام هەوڵی گۆڕانکاری بدات و بڕیاری تازە بدات، زۆر خێرا ماندوو دەبێت و لە ئەنجامدا ئیتر ناتوانێت بڕیاری عاقڵانە و راست و دروست بدات. کەواتە لەلایەکی تـرەوە جێگیری و سووربوونیش مەسەلەیەکی گرنگە. ئەگەر سـەبارەت بە شتێک بگەیتە بڕیاری یەکلاکەرەوە ئیتر ناتوانیت سـوود و زیانەکانی حیساب بکەیت، چونکە پێشان ئەو بابەتەت لای خۆتەوە یەکلایی کردۆتەوە، هەر ئەو کات بەفیڕۆ نەدانە بۆ ئەوەی بڕیاری تازە بدەیت، تا رادەیەکی زۆر رێگە لەوە دەگرێت وزەی خۆت بەفیڕۆ بدەیت.

هۆکارێکی دیکە کە نیشانی دەدات جێگیری و سووربوون پێویستە ئـەوەیـە کـە متمانەت بـە گـۆڕینـی بـەردەوامـی بڕیارەکانت دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. لە راستیدا ئەگەر لە هەندێک حاڵەتی تایبەتیدا لەسەر هەڵوێستی خۆت سوور بیت، لەوانی تر دەگەیەنیت کە ناتوانن بە قسەی بێمانا بۆچوونت لەسەر هەندێ مەسەلە بگۆڕن، وێـڕای ئـەوەش نیشانی دەدەیت لە بەرامبەر قسەی ناڕاست و نالۆجیکیدا بەهێزیت و کارت تێناکات. ئەگەر بمەوێت لەم بارەیەوە نموونەیەک بهێنمەوە: دەڵێم لە سەردەمی جەنگی سـارددا، ئەمریکا و سۆڤیەت دەیانزانی لە حاڵەتی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیدا

لایەنی بەرامبەریان بەهەمان شێوە تۆڵە دەکاتەوە، بەم پێیە ئیتر هیچ شتێک بۆ ململانێ نامێنێتەوە، لەم ڕێگەیەوە هێزی مادی و مەعنەوی هەردوو وڵات تاڕادەیەکی زۆر پارێزرا.

ئەم بابەتە سەبارەت بە تاک بە تاکی مرۆڤەکانیش ڕاستە. ئەگەر تۆ بۆ ژیانی خۆت چەند یاسایەکی جێگیر لەبەرچاو بگریت و هەوڵ بدەیت ئەو یاسایانە پێشێل نەکەیت، خەڵکی بە ڕێزێکی زیاترەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکەن. بۆ نموونە: وارین بیفیت (Warren Buffet)) کە سەرمایەگوزارێکی سەرکەوتووە ئاسایی بەپێی پرەنسیپەکانی خۆی گفتوگۆ و مشتومڕ ناکات. وایدابنێ تۆ کارگەیەکت هەیە و دەتەوێت پێی بفرۆشیت، لەم حاڵەتەدا تۆ تەنیا یەک چانست هەیە و دەبێت بەوردی پێشنیازی سەرەتایی خۆت بخەیتە بەردەستی، چونکە تاقەتی چەنەبازی نییە، یان کارگەکەت لێدەکڕێت یان لێت ناکڕێت، لە ڕاستیدا لەو نێوانەدا هیچ بژاردەیەکت نییە. ئەم خولق و خووەی وارین بیفیت و پابەندی و سووربوونی بووە بە هۆی ئەوەی خەڵکی مشتومڕی لەگەڵ نەکەن و هەر لە سەرەتاوە باشترین پێشنیاز بخەنە بەردەستی.

لەوانەیە لە یەکەم ڕوانیندا پابەندبوون یان دانانی بنەما و یاسای جێگیر ئاسان بێتەبەرچاو، بەڵام بەکردار ئەوەندە ئاسان نییە. گریمان لە جادەیەکدا کە یەک لادانی تیایە و هەورازە تۆ سوکانی لۆرییەکی پڕ لە (TNT)ت بەدەستەوەیە، لەناکاو لۆرییەکی تر کە وەکو لۆرییەکەی تۆ بارەکەی (TNT)یە بەرامبەرت بەهەمان خێرایی دێت و لێت نزیک

دەبێتەوە، باشە لەم حاڵەتەدا دەبێت کامتان برۆن؟ ئەگەر بتوانیت شۆفێری بەرامبەر قەناعەت پێبکەیت کە ئیشەکەی تۆ زەروورترە، ئەگەرێکی زۆر هەیە کە بیبەیتەوە و بوارت دەدات یەکەم جار تۆ بڕۆیت. بە دەربڕینێکی تر لەوانەیە بتوانیت تێیبگەیەنیت کە لۆرییەکەت ئیستۆپی تیا نەماوە و ناتوانیت بوەستیت، ئەگەر لەم قسەیەتدا بێچەند و چوون و سوور بیت شۆفێری بەرامبەر ئەو حەقەت دەداتێ کە یەکەمجار تۆ بڕۆیت.

بەم پێیە ئەگەر چەند پرەنسیپێکت هەبێت کە بەڕاستی باوەڕت پێیان هەبێت و ئەوە نیشان بدەیت پرەنیسپەکانت قابیلی گۆڕان نین، قسەکانت کاریگەریی زیاتری دەبێت و حسابی زیاترت بۆ دەکەن.

کەواتە ئەوەت لەبیر بێت نەرمی هەمیشە سیفەتێکی پۆزەتیڤ نییە و هەندێ جار پەرێشان و غەمگینت دەکات و لە ئامانجەکەت دوورت دەخاتەوە. کەواتە سەبارەت بە پرەنسیپەکانی ژیانت لەگەڵ هیچ کەسێکدا چەند وچوون مەکە و هەمیشە بەپێی پرەنسیپەکانی خۆت مامەڵە بکە بۆ ئەوەی ژیانت ئاسانتر و خۆشتر بێت.

(4)

## سندوقی ڕەشی بیرۆکە
دنیای واقیع پەیوەندیی بە هەست و ئارەزووەکانتەوە نییە

یەکەمین فڕۆکەی (جێت (Jet)ی مەدەنی کە بە مەبەستی ئابووری و گویزانەوەی گەشتیاری ئاسایی (British De Havilland Comet) بوو لە ساڵانی (١٩٥٣-١٩٥٤) دروستکرا. ئەم کۆمەڵە فڕۆکە مەدەنییە ڕووداوی سەیروسەمەرەیان بەسەرهات، بۆ نموونە: یەکێک لە ئاسمان پارچە پارچە بوو، یەکێکیتر کەمێک دوای هەڵسانی لە فڕۆکەخانە کەوتەخوارەوە، دانەیەکی تر کاتی تێپەڕین بەسەر دورگەی (ئیلبا (Elba) دا ڕێک بوو بە دوو لەتەوە، دانەیەکی تر کەوتە ناو دەریاوە. لە هەموو ئەم ڕووداوانەدا هەموو گەشتیاران و دەستەی فڕۆکەکە هەر هەموویان مردن، تەنانەت پسپۆڕانیش نەیانتوانی هۆکاری کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکان بدۆزنەوە. بەم پێیە دووبارە مۆڵەتی فڕین بۆ ئەم جۆرە فڕۆکانە دەرچوو، توانیان دەست بە ئیشی خۆیان بکەنەوە، بەڵام دووبارە چەند دانەیەک لەم فڕۆکانە کەوتنەخوارەوە، بۆیە بڕیاردرا لێکۆڵینەوەی زیاتریان لەسەر بکرێت.

سەرەنجام پسپۆڕان توانیان کێشەی تەکنیکی ئەم جۆرە فڕۆکانە بدۆزنەوە. لە ڕاستیدا درزێک هێندەی تاڵە موویەک لە گۆشەی پەنجەرە چوارگۆشەکانی ئەم جۆرە فڕۆکانەدا هەبوو کە هەتا ژێر سکی فڕۆکەکە درێژببۆوە و

لە خێرایی زۆردا دەبووە هۆی ئەوەی فڕۆکەکە ببێت بە دوو لەتەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گەشتیاران لە پەنجەرەی چوارگۆشە بترسن و پەنجەرەی هێلکەییان پێ باش بێت. هەڵبەتە ئەم رووداوە بووە هۆی ئامادەکردنی سندوقێک بە ناوی "سندوقی رەش" کە هەموو زانیارییەکانی فڕین لەناو خۆیدا خەزن دەکات و قـــەت لەناو ناچێت. سندوقی رەش پێشنیازی پسپۆڕێک بوو بـــە ناوی دەیـــڤد وارین (David Warren) ئەم سندوقە زانیاری بێشومار تۆمار دەکات، لە بابەتی قسەکردنی فڕۆکەوانەکان لەگەڵ بورجی چاودێری و لەگەڵ یەکتری و یارمەتییەکی زۆری دۆزینەوەی هۆکاری ئەو رووداوانە دەدات کە تووشی فڕۆکەکە دەبن.

لە راستیدا دەبێت فڕۆکە بەوردییەکی زیاترەوە دروست بکرێت، چونکە لـە حاڵـەتی روودانـــی هــەر هەڵەیەکی بچووکدا ئەنجامەکانی زۆر گـەورە دەبێت و قـەرەبوو نـاکرێتـەوە. باشە ئـەوەم لـە یـادە فڕۆکـەوانێک بـە نـاوی ساڵینبەرگەر(Sullenberger) دوای نیشتنەوەیەکی ناچاری لە کەناری رووباری (هادسن (Hudson) رایگەیاند: "هەموو ئەزموون و فێربوون و یاساکانی ئێمە لە زانیاری ئاسمانیدا لە مردنی کەسێک یان چەند کەسێکەوە سەرچاوە دەگرێت."

لە راستیدا لەگەڵ هەر کەوتنەخوارەوەیەکدا، فڕۆکەوان و گەشتیاران ئەمنییەتێکی زیاتر ئەزموون دەکەن، چونکە پسپۆڕان لەگەڵ هەر کەوتنەخوارەوەیەکدا بیر لە چاکردن و گۆڕینی شێوازی دروستکردنی فڕۆکەکان دەکەنەوە. من

دەمەوێ لەم بنەمایەوە دەستەواژەی "سندوقی رەشی مێشک" بەکاربێنم، لە راستیدا دەتوانیت ئەم بنەمایە بۆ زۆر بواری ژیانی خۆت بەکاربهێنیت. هەروەها کتێبێکی (ماسیو سەیەد (Mathew Syed) یش بەهەمان ناونیشان و ناوەڕۆک هەیە و داواتان لێدەکەم بیخوێننەوە.

بەباوەڕی من مرۆڤ رێک بەپێچەوانەی پیشەسازیی ئاسمانییەوە ئیش دەکات، بەو مانایەی ئاسایی دەرس لە هەڵەکانی خۆی وەرناگرێت و بە دوای رێگایەکدا دەگەڕێت پاساویان بۆ بهێنێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک پشکێک بە بەهای ١٠٠ دۆلار بکڕێت و لەناکاو بەهاکەی دابەزێت بۆ ١٠ دۆلار، کەسەکە بەو ئەنجامە ناگات کە کڕینی ئەو پشکە هەڵە بووە، بەڵکو هەوڵدەدات ئومێدی خۆی بپارێزێت و خۆی هیوادار بکات کە بێگومان بەهاکەی دووبارە بەرز دەبێتەوە.

یان لەوانەیە پەلاماری کارمەندێک یان راوێژکارێک بدات کە کڕینی ئەو پشکە پێشنیازی ئەو بووە، تەنانەت هەندێ کەس بۆ نەهێشتنی ئەو نیگەرانییەی لە زیانەکانیانەوە سەرچاوەی گرتووە پەنا بۆ مەشروب و مادەی هۆشبەر دەبەن و تەنیا کەسانێکی کەم هەن کە واقیع قبووڵ دەکەن و بەدوای رەگوڕیشەی کێشەکانیاندا دەگەڕێن. بۆ ئەوەی بمانەوێ کەسێکی چاوکراوە بین و واقیع قبووڵ بکەین پێویستمان بە دوو پێوەر هەیە:

١-توانای قبووڵکردن و راهاتن لەگەڵ ئەسڵی رووداوەکاندا.

٢ -هەبوونی شێوازی بیرکردنەوەی سندوقی رەش.

لەوانەیە لە ژیانتدا ئـەوەت بەسـەر هاتبێت کە چەکی پـارەکـەت رەت بکرێتەوە یـان ئیمەیلێکی پڕ رەخنـەت لە بەرپرسەکەتەوە بۆ بێت، بەڵام ئەو خاڵەی لە هەموو ئەم رووداوانـەدا دەبێت لەبیرت بێت ئەوەیە کە هیچ رێگایەک نییە بۆ ئەوەی هەڵەکانت بگەڕێنیتەوە بۆ رابردوو، "واتە بۆ ئەو کاتەی هەڵەکەت نەکردووە". هەرچەندە جگەرە بکێشیت یان مەشروب بخۆیتەوە ناتوانیت کاریگەری هەڵەکانت لە ژیانتدا کەم بکەیتەوە. بەم پێیە کاتێک غودەیەکی شێرپەنجە لە بەدەنتدا هەبێت بیرنەکردنەوە لێی نابێتە هۆی ئەوەی شێرپەنجەکەت تیمار بێت.

یەکێک لە دەروونزانە دیارەکان بە ناوی (پۆڵ دۆڵێن (Paul Dolan) کە لە کۆلیجی ئابوورییە لە لەندەن، لێکۆڵینەوەی لەسەر چەند کەسێک کـردووە کە کێشیان زیـاد دەکات، بەڵام تەرکیز لەسەر چەند بابەتێک دەکەن کە پەیوەندی بە قەڵەوییەوە نییە و ئەسڵەن سەبارەت بە زیادبوونی کێشی خۆیان بیرناکەنەوە. باشە ئەوانە لەبەر چ هۆیەک دەبێت مێشکی خۆیان لە ئەسڵی مەسەلەکە دووربخەنەوە؟ لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە ئەو ئیشە ئاسانترە لە کەمکردنەوەی کێش. بەهەرحاڵ قەڵەوی ئیشی بەوە نییە تۆ بایەخی پێبدەیت یان نا، لە راستیدا ئیشی بەوە نییە کە لە مێشکی تۆدا چی دەگوزەرێ و بەپێی بنەما و پرەنسیپی خۆی گەشە دەکات.

بەڕای برتراند راسڵ (Bertrand Russell) بیرکاریزانی

بەناوبانگ و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ، هیچ شتێک لە ماوەیەکی زۆردا لەوە ماندووکەرتر نییە هەمیشە لە خۆمان وردبینەوە و هەوڵبدەین لەگەڵ واقیعدا خۆمان بگونجێنین و هەڵەکانی خۆمان قبووڵ بکەین، بەڵام ئەگەر بتوانین واقیعی بین و کێشمەکێشی دەروونیمان بخەینەلاوە ئارامی و شادییەکی لەڕادەبەدەر و بێکوتایی بەدەست دەهێنین. هەڵبەتە من زۆر هاوڕانیم لەگەڵ دەستەواژەی شادیی بێکۆتاییدا، چونکە بەڕای من شتێکی ئاوا لە دنیای واقیعدا نییە. بەهەرچاڵ من تاڕادەیەکی زۆر هاوڕای راسلم کە خۆفریودان ئەو دەرفەتەمان ناداتێ ژیانێکی باشمان هەبێت، هەڵبەتە قبووڵکردنی واقیع لە هەلومەرجێکدا بە قازانجی ئێمە بێت زۆر ئاسانە، بەڵام دەبێت فێر بیت کە واقیع قبووڵ بکەیت، تەنانەت کاتێک بەقازانجیشت نییە. راسل بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی نموونەیەکی هێناوەتەوە کە بەم شێوەیەیە:

"ئەگەر هیچ کام لە دەقەکانی نووسەرێکی شانۆگەری سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەستناهێنێت، دەبێت ئەوە قبووڵ بکات کە شانۆگەرییەکانی باش نەنووسیوە و بەڕاستی بەرهەمەکانی باش و مایەی سەرنج نین".

هەڵبەتە لەوانەیە تۆ شانۆنامەنووس نەبیت، بەڵام دەتوانیت لە ژیانی خۆتدا رووبەڕووی نموونەی لەو شێوەیە بیتەوە، بۆ نموونە لەوانەیە تۆ هیچ توانایەکت نەبێت بۆ فێربوونی زمانی بیانی، وەرزشکار یان سیاسەتمەدارێکی بەتوانا نەبیت. بەهەرحاڵ دەبێت لەگەڵ واقیعدا خۆت بگونجێنیت و

قبووڵی بکەیت. باشە قبووڵکردنی کەموکووڕی و نوقسانی و هەڵە چۆن لە ژیاندا یارمەتیمان دەدات؟ ئێمە ئاسایی هەڵەکانی کەسانیتر باشتر لە هەڵە و کەموکووڕییەکانی خۆمان دەبینین و دەستنیشانیان دەکەین (لە راستیدا لەبەر ئەوەیە هەمیشە بەدەست کەسانی ترەوە بێتاقەت دەبین، بەڵام ئاسایی لە خۆمان رازین.) بەم پێیە باشترین ئیش ئەوەیە هاوڕێیەکی باش بدۆزینەوە کە متمانەمان پێی هەبێت و دڵنیابین کە ئەو هەمیشە راستییەکانمان پێدەڵێت و داوای راوێژی لێبکەین. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار مێشکمان زۆر سەرکێش دەبێت و رێز لە قسە و بۆچوونی کەس ناگرێت. بەهەرحاڵ بەدرێژایی رۆژگار فێردەبیت رێز لە بۆچوونی کەسانی تریش بگریت.

سەرەڕای توانای قبووڵکردنی واقیع پێویستت بەوە هەیە شێوازی بیرکردنەوەی سندوقی رەشیش قبووڵ بکەیت، بەو شێوەیە هەرکاتێ بەنیازیت بڕیارێکی گەورە بدەیت، لەسەر کاغەزێک چی لە مێشکتدا دەگوزەرێت و پێت وایە بڕیارەکەت چ شتێکی لێدەکەوێتەوە بینووسە، کەواتە دوای جێبەجێکردنی بڕیارەکەت و لە حاڵەتی سەرنەکەوتنیدا، دووبارە سەیری نووسینەکەت بکە و رێک ئەوە دیاریی بکە چ شتێک تۆی بەهەڵەدا بردووە و چ تەسەورێکی هەڵە بووەتە هۆی ئەوەی ئەو بڕیارە بدەیت. بەباوەڕی من ئەو ئیشە زۆر ئاسانە و بە دەرس و پەند وەرگرتن لە بڕیارە هەڵەکانمان چونێتی

ژیانیشمان باش دەکەین.

بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەر نەتوانیت هەڵەکانت بزانیت، ناتوانیت بە باشی لە خۆت و دەوروبەرت تێبگەیت. دەتوانم ئاوا مەبەستەکەم دەربڕم ئەگەر منداڵێک ڕۆیشتنی ڕاست و دروست فێرنەبێت، دووبارە دەکەوێت. کەواتە پێداگری لەسەر هەڵەکانت مەکە.

ئەوەت لەبەرچاو بێت کە شێوازی بیرکردنەوەی سندوقی ڕەش تەنیا بابەتی تایبەتی ناگرێتەوە، بەڵکو لە مەسەلە گەورەکان و دنیای ئابووریشدا کاریگەری هەیە، لە ڕاستیدا ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە دەبێت ببێت بە میتۆدێکی ستاندارد بۆ دیاریکردنی سیاسەتی گشتی کۆمپانیاکان و سیاسەتمەداران.

هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بڵێم توانای قبووڵکردنی هەڵەکان و شێوازی بیرکردنەوەی سندوقی ڕەش خۆی لەخۆیدا بۆ سەرکەوتن بەس نییە و دەبێت بەکردەوەش هەڵەکانت ڕاست بکەیتەوە و بۆ ئایندەت بەرنامەڕێژییەکی ڕاست و دروستت هەبێت. هەروەکو چۆن هاوکارەکەی "وارین بیفیت (چارلی مەنگەر(Charlie Munger) باوەڕی وایە: "ئەگەر بوەستیت هەتا کێشەیەکی بچووک و قابیلی چارەسەر ببێت بە کێشەیەکی گەورە کە قابیلی چارەسەر نییە، لەو حاڵەتەدا شایانی هەموو ڕەخنە و سەرزەنشتێکیت."

هەروەها ئەلێکس هێلی (Alex Haley) باوەڕی وایە

نابێت بوەستیت هەتا ئەنجامی هەڵەکانت یەخەت دەگرێت، هەمیشە مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکە، بزانە ئەگەر تۆ واقیع بخەیتە لاوە واقیع تۆ ناخاتە لاوە و ئەنجامی ئیشەکانت توندتر یەخەت دەگرێت.

کەواتە تەنانەت ئەگەر ئەو راستیانەشت قبووڵ بێت کە بە قازانجت نین، لەوانەیە لە سەرەتاوە ناخۆش بێت کە قبووڵی بکەیت هەڵەت کردووە، بەڵام دڵنیابە بەهای ئەوەی هەیە و لە حاڵەتی قبوولکردنی هەڵەکانتدا لە داهاتوودا ژیانێکی باشترت دەبێت. باوەڕت بەوە هەبێت کە ژیان هەمیشە دادپەروەرانە مامەڵەمان لەگەڵ ناکات و دۆزینەوەی رێگای راست هەمیشە شتێکی ئاسان نییە. بەهەرحاڵ هیچ کەسێک لە دنیادا نییە کە هەموو ئیشەکانی حسابکراو و لۆجیکی بێت و هەڵەکردن مایەی شەرمەزاری نییە، بەڵکو دەبێت کاتێک شەرم بکەین کە بەدوای رەگوڕیشەی هەڵەکانماندا نەچین و دژی کەموکووڕییەکانمان شەڕ نەکەین، وێڕای ئەمەش ئەوەت بیر نەچێت کێشەکان وەکو شەراب نین هەتا تەمەنیان زیاتر بێت باشتر و نایابتربن.

(5)

## دژی بەرهەمهێنان و تازەگەری

**بۆچی ئەو کەسانەی زۆر جەخت لە پارێزگاری لە کاتی خۆیان و باش بەکارهێنانی دەکەنەوە بە ئاسانی بەفیڕۆی دەدەن؟**

روون و ئاشکرایە خێرایی ئۆتومبێل زۆر زیاترە لە رۆیشتنی مرۆڤ، بەپێ یان جوولەی گالسیکە. ئەگەر بتەوێت بە گالیسکە بەگردێکدا سەرکەویت، ئەوپەڕی خێراییت (١٦) کیلۆمەتر دەبێت لە سەعاتێکدا، بەڵام بە ئۆتومبێل بەلای کەمەوە بە خێرایی (١٦٠) کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا دەتوانیت بە ئاسانی بە شارێکانی ئەڵمانیادا بڕۆیت. وێڕای ئەوەش ئەگەر لە ترافیکدا یان لە کاتی گڵۆپی سووردا بوەستیت، دەتوانیت حسابی ئەوە بکەیت خێرایی مامناوەندیت بە درێژایی ئۆتومبێل لێخورینەکەت لە سەعاتێکدا چەند بووە؟

باشە تۆ چۆن خێرایی مامناوەندی حساب دەکەیت؟ بە ئەگەرێکی زۆر سەیری کیلۆمەتری ئۆتومبێلەکەت دەکەیت و بەسەر ئەو ماوەیەدا دابەشی دەکەیت کە بەڕێوە بوویت. هەڵبەتە هەندێ ئۆتومبێلیش هەن خۆیان خێرایی مامناوەندی بە درێژایی رێگاکە حساب دەکەن و دەیخەنە بەردەستت. دەبێت بڵێم ئۆتومبێلەکەی من خێرایی مامناوەندی دوا سەفەرمی حساب کردووە کە بریتییە لە (٤٨) کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا، بەڵام ئەم شێوازە حسابکردنە هەڵەیە، چونکە دەبێت کۆمەڵێ شتی تریش لەبەرچاو بگیرێت، وەکو:

١- ئەو سەعاتانەی دەبێت ئیش بکەیت بۆ ئەوەی

ئوتومبێلێک بکڕیت.

٢- ئەو سەعاتانەی لە ترافیک وەستاویت.

شایانی باسە قەشەیەکی کاسۆلیک لە ئەمریکا بە ناوی (ئیڤان ئیلچ (Ivan Illcch) لەسەر ئەم مەسەلەیە لێکۆڵینەوەی کردووە و بە حسابکردنی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە خێرایی مامناوەندی ئوتومبیلی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دەرکەوتووە، (٦) کیلۆمەتر بووە لە سەعاتێکدا کە تەقریبەن ئەوەندەی رۆیشتنی مرۆڤێکی ئاساییە بەپێ. هەڵبەتە ئەم حسابکردنە هی حەفتاکانی سەدەی بیستە کە ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکا (٤٠٪) کەمتر بووە لە ئێستا و ئوتومبیلی کەمتر بە شەقامەکاندا هاتوچۆیان کردووە، بەڵام حاڵی حازر ئەو خێراییە دەبێت کەمتر بێت لە (٦) کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا.

ئیڤان ئیلچ ئەم بابەتەی بە دژی پێشکەوتن و بەرهەمهێنان ناوبردووە و مەبەستی ئەوە بووە لەوانەیە لە یەکەم روانینیدا وادیار بێت تەکنەلۆجیا کاتمان بۆ دەگەڕێنێتەوە، بەڵام بە روانینی ورد و حسابی ورد تێدەگەیت کە هیچ سوودێک نابینیت، کەواتە دەبێت هۆشت لای ئەو جۆرە تەڵەیە بێت و هەوڵ بدەیت پێوەی نەبیت.

بۆ نموونە: ئیمەیل لەبەرچاو بگرە، دەتوانیت لە ماوەی چەند چرکەیەکدا ئیمەیلەکانت بنێریت و سەیر بکەیت بزانیت ئیمەیلی تازەت بۆ هاتووە یان نا. وێڕای ئەوەش زۆربەی ئیمەیلەکان بە خۆڕایین و ناچار نیت بۆ ئەم خزمەتگوازییە

پارە بدەیت، بەڵام ئەمە تەواوی مەسەلەکە نییە، لەوانەیە ڕۆژانە ڕووبەڕووی ناوی زۆر ببیتەوە و ناچار بیت فلتەریان بکەیت، وێڕای ئەوەش هەندێ جار ئیمەیلی لابەلات بۆ دێت و ناچاریت هەموویان بخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی بزانیت کامیان سوودی هەیە و کامیان زیادەیە، باشە ئێستا حسابی ئەوە بکە چەندە کاتت بۆ ئەمە بەفیڕۆ دەچێت، وێڕای ئەوەش دەبێت خەرجی ئینتەرنێت و کارەبا و ئەپدەیتی مۆبایل یان کۆمپیوتەرەکەشت ڕەچاو بکەیت. من حسابم کردووە بۆ وەرگرتنی ئیمەیلێکی بەسوود یەک دۆلار دەدەم، ئەمەش ڕێک هەمان خەرجییە کە لە ڕابردوودا بۆ نامەیەکی کاغەزی دەمدا.

کۆڕێک لەبەرچاو بگرە کە بۆ کڕیاران یان بەڕێوەبەران گیراوە و چەند بابەتێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت و ئەوەی کۆڕەکەی گرتووە مەبەستی ئەوەیە لەسەر کاغەز چەند شتێک ئاراستەی ئامادەبوان بکات یان لەسەر شاشە نیشانیان بدات. هەروەکو دەزانیت ساڵی ١٩٩٩ (پاوەرپۆینت) لە بازاڕدا ناسێنرا و زۆربەی ئەو کەسانەی کە کۆنفرانسەکەیان گرت کاتی خۆیان بۆ ئامادەکردنی سلاید و دیاریکردنی ڕەنگی لاپەڕەکان و شێوەی فۆنتەکان تەرخانکرد، باشە دوای ئەم هەموو هەوڵە و دروستکردنی ئەنیمەیشن و وێنە جیاجیاکانی (پاوەرپۆینت) پێشەکی چ شتێکیان دەسکەوت؟ هیچ شتێک. سەرەڕای ئەوەش کاتێک ئامێرێک لای هەموان بێت و هەموان سوودی لێ ببینن بە خێرایی کاریگەری خۆی لە دەست

دەدات و تەنیا شتێک کە بۆ شارەزای سلاید دەمێنێتەوە ئەو ماندووبوونەیە کە لە ئیشکردن و کات بەفیڕۆدانەوە سەرچاوەی گرتووە. لە راستیدا بەڕێوەبەران کاتێکی زۆر بۆ فێربوونی پاوەرپۆینت و دروستکردنی سلاید تەرخان دەکەن. لەوانەیە هەندێک ئەوە بە ئامرازێکی باش بزانن بۆ خستنەڕووی کۆنفرانسەکە، بەڵام بە رای من بەکارهێنانی تەنیا کات بەفیڕۆدانە.

هەندێ جار ئامێری جیاواز کە بۆ ئیسراحەتی ئێمە دروستکراوە زیانی وامان پێدەگەیەنێت کە قابیلی خۆلێلادان نییە و خۆمان لێی بێئاگاین. لەوانەیە بایۆلۆجیستەکان مانای دژە پێشکەوتن باشتر تێبگەن، چونکە ئەم دیاردەیە ساڵانێکی زۆر لە سروشتدا هەبووە، بۆ نموونە: تاوسی نێر پەڕی درێژ و جوانی هەیە، بەڵام ئەگەر بکەوێتە بەردەمی رێوییەک کە بیەوێ بیخوات، ئایا ئەو پەڕانە بەکەڵکی دێن یان رێگەی راکردنی لێدەگرن و راکردنی قورس دەکەن؟ هەڵبەتە هەرچەندە پەڕی تاوس درێژتر و گەورەتر بێت زیاتر سەرنجی مێیەی تاوس بەلای خۆیدا رادەکێشێت، بەڵام بەهەمان رادە ئەگەری راوکردنی لەلایەن ئاژەڵی دڕندەوە زیاتر دەکات. شایانی باسە بە درێژایی ساڵانێکی زۆر لە نێوان جوانیی تاوسی نێر و توانای راکردنیدا لە دەستی باڵندە راوچییەکان هاوسەنگی هەبووە. هەروەها ئەم بابەتە بە نیسبەت ئەو باڵندانەشەوە کە دەنگیان خۆشە راستە. لە راستیدا هەتا دەنگیان خۆشتر بێت ئەو ئەگەرە زیاتر دەبێت

کە بە ئاسانی بکەونە داوی باڵندە راوچییەکانەوە.

کەواتە تۆ دەبێت دژی ئەو حاڵەتانە بیت کە بە دژی پێشکەوتن لێک دەدرێنەوە، هەڵبەتە دەستنیشانکردنی ئەو حاڵەتانە ئێشێکی زۆر قورس نابێت، بۆ نموونە من تەنیا یەک لاپتۆپم هەیە لە ماڵەوە و ئینتەرنێتی ماڵەوەم نییە. وێڕای ئەوەش هەوڵدەدەم ئەپلیکەیشنی زۆر لەسەر مۆبایلەکەم دابەزێنم و هەتا ئەو کاتەی بەباشی ئیش دەکەن ئەپدەیتیان نەکەم، دەبێت دان بەوەدا بنێم جگە لە مۆبایل و لاپتۆپەکەم هیچ ئامرازێکی ئەلیکترۆنی تر لە ماڵەکەمدا نییە. لە راستیدا من بەکارهێنانی تەلەفزیۆن، رادیۆ، پلەی ستەیشن و سەعاتی زیرەکم بە تەواوی خستۆتە لاوە. بە رای من بیرۆکەی ماڵی زیرەک بەڕاستی ترسناکە و مایەی نیگەرانییە. چونکە من حەزدەکەم خۆم گڵۆپەکانی ماڵەکەم بکوژێنمەوە و هەڵیان بکەم، وێڕای ئەوەش سویچی کۆنی گڵۆپەکانی ماڵەکەم بە هیچ جۆرێک قابیلی هاککردن نین، ئەمەش تا رادەیەکی زۆر نیگەرانی و بێتاقەتیم کەم دەکاتەوە.

ئایا ئەو کاتەت لەبیرە کامێرای دیجیتاڵی بۆ یەکەمجار کەوتە بازاڕەوە؟ کەسانێکی زۆر سەبارەت بەم مەسەلەیە رەزامەندیان دەربڕی، چونکە ئەوانە ئیتر ناچارنەبوون بەردەوام فیلمە ئەنەلۆگە گرانەکان بکڕن و ماوەیەکی زۆر دان بەخۆیاندا بگرن بۆ ئەوەی کامێرای ماڵەوە پیشانیان بدات. سەرەڕای ئەوەش فیلمەکانی تۆ دیاریکراو نەبوو، هەرچەندت پێخۆش بوو بۆت هەبوو وێنە بگریت. لەوانەیە

وابێته بەرچاو ئیشی فۆتۆگرافەر تاڕادەیەکی زۆر ئاسانە، بەڵام لە راستیدا کامێراش نموونەیەکی دیاری دژە پێشکەوتنە، بەو بەڵگەیەی ئێمە وێنەیەکی بێشومار لەناو میمۆری مۆبایل و کۆمپیوتەرەکەماندا سەیڤ دەکەین، کە تەنانەت کاتی ئەوەشمان نییە بۆ یەک جاریش سەیریان بکەین و گوڵبژێریان بکەین، بەڵام بەردەوام باک ئەپیان دەکەین و لە فەزایەکی هەوردا سەیڤیان دەکەین، کە ئاستی جیاوازمان دەخەنە بەردەست، بەڵام مەسەلەکە تەنیا لێرەدا کۆتایی نایەت قەبارەی وێنەکانمان بەردەوام زیاد دەکات و ناچارین هاردێک بەکاربێنین کە زیاتر بگرێت یان ئینتەرنێتێک بکڕین کە خێرایی زیاتر بێت، بۆ ئەوەی بتوانین دەرەقەتی ئەپلۆدی وێنەکانمان بێین لەسەر فەزایەکی هەور.

لە کۆکردنەوەی ئەمانەدا، دەبێت بڵێم ئاسایی وەکو هۆکارێک بۆ پێشکەوتن و ئیسراحەت تەکنەلۆجیا دەرخواردی ئێمە دەدەن، بەڵام زۆرجار تەکنەلۆجیا هیچ کاریگەرییەکی پۆزەتیڤ لەسەر شێوازی ژیانمان دانانێت، لە راستیدا بە رای من ئەم قسەیە هەڵەیە کە ئێمە بەبێ تەکنەلۆجیا ناتوانین ئیشوکاری خۆمان بکەین، هەوڵ بدە لە جیاتی بەردەوام بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی بەبیانووی ئاسانترکردنی ژیانتەوە خراونەتە بەردەستت، مێشکی خۆت بخەیتەکار و بە تەگبیر و بیرۆکەی راست کاروباری خۆت بەرەو پێشەوە بەریت.

(6)

## هونەری نێگەتیڤی ژیانێکی باش

### هیچ ئیشێکی هەڵە مەکە، چاوەڕێی ڕووداوی باش بە

فڕۆکەوانەکان دەبن بە دوو بەشەوە: فڕۆکەوانە کۆن و پێشڕەوەکان و فڕۆکەوانە بوێر و بێپەرواکان، بەڵام هیچ فڕۆکەوانێک لە دنیادا نییە کە هەم ماوەیەکی زۆر خەریکی ئەو پیشەیە بێت و هەم بوێر و بێپەروا بێت. من وەکو فڕۆکەوانێکی تازەکار ئاسایی هەمیشە ئەم دەستەواژەیە لە مێشکی خۆمدا دووبارە دەکەمەوە، دەبێت ئەوەش بڵێم فڕۆکەوانێکی کۆن و بە ئەزموونم لە فڕۆکەوانێکی بوێر و بێپەروا پێ باشترە.

دەبێت دان بەوەدا بنێم کاتێک لەناو فڕۆکە یەک ماتۆڕییە کۆنەکەمدا دادەنیشم بە دوای خۆنواندن و ئیشی سەرسوڕهێنەرەوە نیم و تەنیا ئامانجم ئەوەیە بەسەلامەتی فڕۆکەکە بگەیەنمە شوێنی مەبەست. باشە ئەو ڕوودۆخانەی کە لەوانەیە ببنە هۆی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە تەواو ڕوون و ئاشکران: فڕین لە باروودۆخی ئەتمۆسفیری نەگونجاودا، فڕین لە کاتێکدا کە زۆر ماندوویت، چێک نەکردنی تەنکییەکانی سووتەمەنی فڕۆکەکە و چێکە ڕۆتینەکانی فڕۆکەکە.

لە بواری سەرمایەگوزاری لە بۆرسەشدا لەوانەیە هەندێ کەس حەزیان لەوە نەبێت ریسک بکەن و پارەکەی خۆیان ڕووبەڕووی لە دەستدان بکەنەوە، بەڵام بەهەرحاڵ ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە بۆرسەدا سەرمایەگوزاری دەکەن

و پارەیەکی زۆر لە بۆرسەدا لە گەڕدایە. هەروەها هەندێک لە سەرمایەگوزاران زاراوەیەک بەکاردەهێنن بەناوی رووی باشی پارە و رووی خراپی پارە: رووی باشی پارە هەموو سوود و ئەنجامە پۆزەتیڤەکانی سەرمایەگوزاری دەگرێتەوە و رووی خراپی پارە هەموو ئەنجامە نێگەتیڤەکان و بارودۆخی وەکو مایەپووچبوونی ئەو کۆمپانیایەش لە خۆدەگرێت کە تۆ پشکەکانت لێکڕیوە. ئەم زاراوەیە دەکرێت بۆ فڕۆکەوانیی و فڕۆکەش بەکاربهێنرێت. لە راستیدا هەموو تەرکیزی من پێش دەستپێکردنی سەفەرەکە و بە درێژایی فڕینەکە لەسەر خاڵ و ئەگەرە نێگەتیڤەکانە، بیردەکەمەوە چۆن دەتوانم بەر بە روودانیان بگرم و خاڵ و ئەگەرە پۆزەتیڤەکان بەشێکی بچووک لە مێشکم سەرقاڵ دەکەن. لەوانەیە بپرسیت خاڵە پۆزەتیڤەکانی فڕینێک چییە؟ دیمەنی زنجیرە چیای ئەلّب کە بەفر دایپۆشیوە یان شێوە جیاوازەکانی پەڵە هەورەکان و پێشکەشکردنی سەندەویچێک لەناو فڕۆکەکەدا لە خاڵە پۆزەتیڤەکانی گەشتێکی ئاسمانین، بەڵام پێویستم بەوە نییە هەموو تەرکیزی خۆم بخەمە سەر خاڵە پۆزەتیڤەکان و بەدەستهێنانیان، چونکە لە حاڵەتی رێگری لە روودانی رووداوە ناخۆشەکاندا رووداوە خۆشەکان خۆیان بەرەو رووومان دێن.

یەکێک لە سەرمایەگوزارە دیارەکان بە ناوی چارڵز ئیلیس (Charles Ellis) باوەڕی وایە ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە یاریکەرانی ئەماتۆری تێنسیش راستە. کەسە ئەماتۆرەکان بەپێچەوانەی پرۆفیشناڵەکانەوە کە دەتوانن تۆپەکە بخەنە

هەر جێگایەکی گۆڕەپانەکەوە لە حسابی خۆیاندا گەلێ هەڵە دەکـەن. ئەمـاتـۆرەکان جـاری وایـە تۆپەکە دەدەن بە شەبەکەکەدا یان هەڵیدەدەن بۆ دەرەوەی گۆڕەپانی یارییەکە. بەم پێیە یاریی پڕۆفیشناڵەکان لەگەڵ یاریکەرێکی ئەماتۆری تێنسدا جیاوازییەکی زۆری هەیە. لە ڕاستیدا کەسانی پڕۆفیشناڵ دەتوانن بۆ خۆیان ئیمتیاز بە دەست بهێنن و ئیدارەی هەلومەرجەکە بدەن، بەڵام کەسانی ئەماتۆر هەمیشە هەڵە دەکەن و ئیمتیازەکانیان لەدەستدەدەن. ئەمەش بەو مانایەیە ئەگەر ڕکابەرەکەت ئەماتۆر بێت پێویستت بەوە نییە زۆر خۆت ماندوو بکەیت بۆ ئەوەی یارییەکە ببەیتەوە، تەنیا ئەوەی پێویستە بیکەیت ئەوەیە هەڵە نەکەیت، کەواتە باشتر وایە بە وریاییەوە یاریی بکەیت و هەتا دەتوانیت تۆپەکە هەڵنەدەیت بۆ خاڵە کوێرەکانی گۆڕەپانەکە، بەڵام ئەگەر ڕکابەرەکەت پڕۆفیشناڵ بێت دۆخەکە تەواو دەگۆڕێت، چونکە ئەویش بەوریاییەوە یاری دەکات و لوولت دەکات و ناتوانیت ئیمتازی لێ بەدەست بهێنیت. بەڵام لە یارییەکی تێنسی ئەماتۆردا براوە ئەو کەسەیە کە ئیمتیازی کەمتر لەدەست بدات و هەڵەی کەمتر بکات.

کەواتە تەرکیز لەسەر کێشەکان و ئەگەری سەختییەکانی بەردەمت وەکو ئیمتیازێک حسابی بۆ دەکرێت. لە ڕاستیدا فەیلەسووفانی یۆنانی و ڕۆمی زاراوەی ڕوانینی نێگەتیڤیان بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بەکاردەهێنا کە لەو حاڵەتەدا زیاتر تەرکیزت لەسەر حاڵەتە نێگەتیڤەکان دەبێت.

ئـەگـەر بـمـەوێت ڕوونـتـر ئایدیـۆلـۆجیای تێڕوانینی نێگەتیڤت بۆ باسکەم، دەبێت بڵێم ئەو کەسانەی هەڵگری ئـەم ئایدیۆلۆجیایەن بـاوەڕیـان وایـە تـۆ ناتوانیت بڵێیت تایبەتمەندییەکانی خودا چییە، بەڵکو تەنیا دەتوانیت ئەو تایبەتمەندیانە بژمێریت کە هی خودا نین. کەواتە ئەگەر بمانەوێت ئەم ئایدیۆلۆجیایە بەسەر کتێبەکەی خۆماندا بگشتێنین، دەبێت بڵێین ئێمە ناتوانین بێچەندوچوون باسی ئەوە بکەین ئەو شتانە چین کە دەبنە هۆی ژیانێکی باش بەڵکو تەنیا دەتوانین باسی ئەو حاڵەتانە بکەین کە لە ژیانێکی باش بێبەشمان دەکەن.

بـە درێـژایـی (٢٥٠٠) ساڵی ڕابــردوو، فەیلەسووفان، پزیشکان، کۆمەڵناسان، ئابووریناسان و فیسیۆلۆجیستان هەمیشە هەوڵیان داوە پەی بـەوە ببەن چ شتێک دەبێتە هـۆکـاری شـادی و خۆشحاڵی کـەسـەکـان، بـەڵام هێشتا نەیانتوانیوە هـاوڕا بن و پێناسەیەکی ڕاست و دروستی ژیانێکی باش و شاد بخەنەڕوو. هەڵبەتە زۆریـان هاوڕان لەوەدا کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕاست و گونجاو یەکێکە لەو فاکتەرانەی مرۆڤەکان ڕازیدەکات و دەبێتە پاڵنەریان. باشە زۆر فاکتەر هەن کە وەکو پێداویستی بۆ هەبوونی ژیانێکی باش دەخرێنەڕوو، بەڵام ئێمە ناتوانین سەدی سەد دڵنیابین کە ئەو خاسیەت و فاکتەرانە بۆ هەموو مرۆڤەکان بە باش حسابیان بۆ دەکرێت و بەختەوەریان دەکات.

بەڵام کاتێک سەبارەت بە کۆمەڵێ مەسەلە قسە دەکرێت کە

دەتوانن ژیانی ئێمە تێکبدەن، دەتوانین بە دڵنیاییەکی زیاترەوە قسە بکەین. ئاشکرایە چەند شتێکی وەکو ئالوودەبوون بە ئەلکهول و مادەی هۆشبەر، سترێسی بەردەوام، دەنگەدەنگی لـەڕادەبـەدەر، ناڕازیبوون لە ئیش، بێکاری، چاوەڕوانیی نابەجێ، پابەندی دارایی، تەنیایی، بایەخدانی لەڕادەبەدەر بەقسەی خەڵک، لەخۆ بێزاربوون، پەرێشانی و تووڕەیی و ئیرەیی، ژیانمان لێ تاڵ دەکـەن. لە راستیدا تۆ پێویستت بە هیچ زانستێک یان خوێندنەوەی هیچ کتێبێک نییە بۆ ئەوەی لەم مەسەلانە تێبگەیت، بە ئاسانی دەتوانیت فاکتەرە وێرانکەرەکان دەستنیشان بکەیت. باشە هەروەکو دەبینیت ناوهێنانی هەندێک هەلومەرج کە دەبێتە هۆی ناڕەحەتی و ئازار بۆت، زۆر ئاسانترە لە ناوهێنانی ئەو شتانەی کە بۆ ژیانێکی باش پێویستت پێیانە، چونکە بەشە نێگەتیڤەکان هەمیشە بەرجەستەتر و روونترن.

بەم پێیە تەرکیز لەسەر ئەو حاڵەتانە بکە کە دەبنە هۆی ئـەوەی خاڵە نێگەتیڤەکانی ژیانت نەمێنن، بە نەمانی ئەو حاڵەتانە خۆشی و بەختەوەری خۆیان دێن بۆ لات. هەڵبەتە هەندێک بارودۆخیش هەن کە کۆنترۆڵیان بە تەواوی لە توانای تۆدا نییە، بۆ نموونە ئەگەر لافاو ماڵەکەت وێران بکات یان شەڕ بەرپا بێت، بێگومان تۆ هیچت لەدەست نایەت، هەر بۆیە باشتر وایە تەرکیزی خۆت نەخەیتە سەر ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندیان بە رووداوی نەخوازراوەوە هەیە.

لەوانەیە بێتە بـەرچاوت کە من هـەندێ لـەو حاڵەتانەم

لەو لیستەی سەرەوەدا باسکرد کە دەتوانن ببنە هۆی بەدبەختی مرۆڤەکان، بەڵام حاڵەتی وەکو: نەخۆشی، تەڵاق، کەمئەندامی، لێکۆڵینەوەی زۆر ئەوەیان نیشانداوە کاریگەری ئەم ڕووداوانە زووتر لەوەی بیری لێدەکەینەوە لەسەر ژیانمان نامێنێت، بۆ نموونە: لە مانگەکانی سەرەتای دوای زیان بەرکەوتنی بەدەن کەسانێکی زۆر لەسەر ئەندامی زیان بەرکەتووی خۆیان تەرکیز دەکەن و خۆیان بە کەسێکی نەگبەت و بەدبەخت دەزانن، بەڵام پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک ڕەفتار و خولق و خوویان دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی ئاسایی و ئیتر تەرکیز لەسەر کەمئەندامی و بێتوانایی بەدەنی خۆیان ناکەن. بەڵام هەندێ حاڵەت هەن هەرگیز کاریگەریان لەسەر ژیانمان لاناچێت، وەکو ئالوودەبوون بە ئەلکهول و مادەی هۆشبەر و باقی حاڵەتەکان کە پێشان وەکو فاکتەری بێچەندوچوونی بەدبەختی ناوم بردن. ئەم جۆرە حاڵەتانە بەجۆرێک نین کە بتوانین خوویان پێوەبگرین و هەرگیز بەلای ئێمەوە ئاسایی و قابیلی بەرگەگرتن نابن. لە ڕاستیدا ئەمانە هەمیشە ژەهری خۆیان لە ژیانی ئێمەدا دەڕێژن و لە ژیانێکی باش بێبەشمان دەکەن.

هەروەها ئەو سەرمایەگوزارانەی ماوەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون وەکو (وارین بیفیت و چارلی مەنگەر) فڕوفێڵی دەروونیی زۆر بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ورەی خۆیان بەرز بکەنەوە و خۆیان لە شکست بەدوور بگرن، یەکێک لە فڕوفێڵەکان هەمان شێوازی ڕوانینی نێگەتیڤانەیە

کە لەسەرەوە بەدرێژی باسم کرد. بەو مانایەی ئەم دوانە لە سەرەتادا لەو باوەڕەدا نین چۆن دەتوانن قازانجی خۆیان بکەنە دوو ئەوەندە، بەڵکو ئەولەویەتیان خۆبەدوورگرتنە لە زەرەر و زیانی لە دەستدانی سەرمایەکەیان. (بیفیت) هەمیشە دەڵێت: "من و چارلی هیچ کاتێک هەوڵنادەین کێشە گەورەکان چارەسەر بکەین، بەڵکو هەوڵدەدەین لە کێشە گەورە و تاقەت پڕوکێنەکان دوور بکەوینەوە، بێگومان بۆ دوورکەوتنەوە لە کێشەکان پێویستت بە هۆش و گۆشێکی زۆر نییە". لە جێگایەکی دیکەدا چارلی دەڵێت: "هەوڵی ئێمە هەمیشە لەسەر ئەو بنەمایە بووە گەمژە نەبین و ئیشی گەمژانە نەکەین لە جیاتی ئەوەی بمانەوێت خۆمان وەکو کەسانی زیرەک نیشان بدەین".

بەم پێیە بەشی سەرەکی ژیانێکی باش پەیوەندی بەوەوە هەیە ئیشی گەمژانە نەکەین و وەکو مەڕ رەفتار نەکەین، باشتروایە لەجیاتی ئەوەی بەردەوام بەدوای بەختەوەریدا وێڵ بین خۆمان لە بەدبەختی بەدوور بگرین. لە راستیدا پێویست ناکات شتێک بۆ ژیانی خۆت زیاد بکەیت، تەنیا دەبێت هەندێک شت لە ژیانی خۆت تەرک بکەیت. هەروەکو (چارلی مەنگەر) بەگاڵتەوە لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند: "تەنیا شتێک کە پێویستە بیزانم ئەوەیە لە کوێ دەمرم و ئیتر پێ ناخەمە ئەوێ."

(7)

## بیتاقەی جینی
### بۆچی ناتوانیت سەرکەوتوو بیت؟

شادی وتەیە، دەشێت لەلای تۆ هەبێت یان نەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت بێگومان دەبێت چەند ئیشێکی تایبەت بکەیت. لە خۆت بپرسە لە ژیاندا تا چەند سەرکەوتوو بوویت و بە ئاواتەکانت گەیشتوویت؟ وەکو "کەسێکی زۆر سەرکەوتوو" نمرە ١٠ بدە بەخۆت، وەکو "کەسێکی تەواو دۆڕاویش" نمرە ١٠ بدە بە خۆت. ئینجا ئەم پرسیارانە لە خۆت بکە:

لە سەدا چەندی سەرکەوتنت قەرزاری جووڵە و بڕیاری راستی خۆتیت؟ بە دەربڕینێکی دیکە بۆ سەرکەوتن تا چەند هەوڵت داوە؟ لە سەرکەوتنتدا تا چەند خۆت بە قەرزاری چانس یان ئەو فاکتەرانە دەزانیت کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تۆ بوون؟ هەوڵ بدە ئەم حاڵەتانە بە رێژەی سەدی بنووسیتەوە، من پێم وایە زۆربەی کەسەکان (٦٠٪) سەرکەوتنیان بە بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونی خۆیان دەزانن و (٤٠٪)یان بە چانسی دەزانن. ئێستا دەمەوێت ئاماژە بۆ قسەیەکی "وارین بیفیت" بکەم:

"وایدابنێ دوو کۆرپەلەی دوانە لە رەحمی دایکیاندا لە گەشەکردندان و هەردووکیان جینی باشی دایک و باوکیان وەرگرتووە، لە هەمانکاتدا فریشتەیەک پێیان دەڵێت بڕیارە یەکێکتان لە ئەمریکا لە دایک بێت و ئەوی ترتان لە بەنگلادش

ئەگەر لە بەنگلادش لە دایک بیت ئیتر ناچار نیت باج بدەیت، ئێستا ئامادەی چەند لە دەرامەتی خۆت لەدەست بدەیت بۆ ئەوەی لە ئەمریکا لە دایک بیت؟"

بیفیت لێرەدا باسی بیتاقەتی جینی دەکات، دەتوانیت لە جیاتی ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا یان هەر وڵاتێکی تری پێشکەوتوو هەڵبژێریت، ئەگەر تۆ لە جیاتی ئەو دوو کۆرپەلەیە بیت وەڵامت چی دەبێت؟

دەتوانم بڵێم نزیکەی (٨٠٪)ی ئەو کەسانەی ئەم پرسیارەم لێکردن ئامادەبوون بەشێکی زۆری دەرامەتیان لە دەست بدەن، بەڵام لە وڵاتێکی پێشکەوتوو لە دایک بن. لە راستیدا شوێنی لە دایکبوون بەلای زۆربەی کەسەکانەوە بایەخی زیاتر بوو لە بڕی دەرامەتیان، کە پێم وایە زۆربەی کەسەکان لە نێوان سەرکەوتنیان و لە دایکبوونیان لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا هەست بە پەیوەندییەکی راستەوخۆ دەکەن.

هەڵبەتە بیتاقەی جینی تەنیا نەتەوەکەت ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو خێزانەی تیایدا لە دایک دەبیت و ئەو شوێنەش کە تیایدا دەژیت گرنگییەکی زۆری هەیە کە هەموو ئەمانە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تۆدایە. هەروەها بەپێی ئەو شوێن و کۆمەڵگایەی تیایدا گەورە دەبیت دەبیتە خاوەنی بەها و رەفتار و بیروباوەڕی تایبەتی کە لەوانەیە یارمەتی پێشکەوتنت بدەن یان رێگەت لێبگرن و ناتوانیت سەبارەت بە هیچ کام لەو لایەنانە شتێکی تایبەتی بکەیت. سیستەمی خوێندنی هەڵە و ئەو مامۆستایانەی بە هەڵبژاردنی خۆت نەبووە دەتوانن

بێتاقەتت بکەن و ئازار بچێژیت و لە ئایندەدا کاریگەریی وێرانکەریان لەسەر پێشکەوتنت هەبێت. هەروەها لەوانەیە کتێبێکی باش بخوێنیتەوە کە ژیانت بگۆڕێت، بەڵام لە ڕێی چ کەسێکەوە بەو کتێبە ئاشنا بوویت؟ لەوانەیە وا وەڵام بدەیتەوە یەکێک لە هاوڕێکانم ئەو کتێبەی بە من ناساندووە و ئەگەر هاوڕێکەم ئەم کتێبەی بە من نەناساندایە هەروا بە نەزانی و گومرایی دەمامەوە.

لەوانەیە زۆر کەس لە ئێوە باوەڕی بە چارەنووس و چانس نەبێت، بەڵام پێویستە مەسەلەیەک لەبەرچاو بگریت: تەنیا (٠٦٪) ئەو خەڵکەی لەسەر زەوی ژیاون لە چاخی نوێدا لە دایکبوون. بە دەربڕینێکی دیکە لە سێسەد هەزار ساڵ پێش ئێستاوە یەکەم نموونەی پیاوی حەکیم (Homosapiens) لەسەر زەوی بینراوە و هەتا ئێستا تەنیا (٠٦٪) هۆمۆساپینەکان ماون و باقییەکەیان بەهۆی نەخۆشی و جەنگ و پیربوونەوە مردوون. باشە گریمان تۆ لە سەردەمی ڕۆمی کۆندا لە دایکبوویتایە و ڕۆژ تا ئێوارە بێگاریان پێبکردیتایە یان لە سەردەمی فیرعەونەکاندا یەکێک بوویتایە لەو کرێکارانەی کە هەرەمیان دروستدەکرد و بەردەوام قامچیت بخواردایە، ئەگەر لەو هەلومەرجەدا بوویتایە توانای ئەوەت دەبوو بەباشی تواناکانی خۆت بخەیتەگەڕ یان هەموو تواناکانت و گەنجیت بەفیڕۆ دەچوو؟

لەوانەیە بەلاتەوە سەرنجڕاکێش بێت بزانیت من و ژنەکەم دوانەیەکمان هەیە "هەڵبەتە نەک دوانەیەکی وەک یەک"

لە ڕاستیدا کوڕی یەکەمم کە چل چرکە زووتر لە کوڕی دووەمم لە دایکبوو، قژی زەرد و چاوی شینە، بەڵام کوڕی دووەمماان قژ و چاوی ڕەشە، ئەگەرچی ئێمە هەوڵمان داوە هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نەکەین و هەردووکیان بە یەکسانی گەورە بکەین، کەچی کارەکتەریان زۆر لە یەکتری جیاوازە. لە ڕاستیدا یەکێکیان زۆر خوێنگەرمە و مامەڵەی خۆشە، بەڵام ئەوی تریان گۆشەگیر و دابڕاوە و زیاتر حەزدەکات تەنیا بێت و ئیشی دەستی دروست بکات.

دەبێت بڵێم پێکهاتەی جینەکانی من و ژنەکەم دوو بوونەوەری تەواو نوێیان هێناوەتە دنیاوە و ئەمەش سەبارەت بە هەموو مرۆڤەکان ڕاستە. لە ڕاستیدا پێکهاتەی ڕێکەوتی جینەکانی دایک و باوکی هەر مرۆڤێک ئەو مرۆڤە دەهێننە دنیاوە کە تەواو جیاوازە لە مرۆڤەکانی تر. لە سەردەمی پاشایەتی لویسی شانزەدا کە بە پاشای خۆر ناسراوە بەلای کەمەوە چوار هەزار کەس هەبوون کە یارمەتی فۆرمەڵەبوونی پێکهاتەی جینیی مرۆڤیان دەدا و بە باپیرانی مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێن، باشە بێگومان ئەو چوار هەزار کەسە بە هەڵبژاردنی ئێمە نەبووە.

لە ڕاستیدا تۆ لە هۆش و ڕوخسار و باڵاتدا قەرزاری جینەکانتی. هەروەها دەبێت دەوروبەر بۆ خستنەڕووی توانا و تایبەتمەندییە دەروونییەکانت فەراهەم بێت، بۆ ئەوەی بتوانیت توانای خۆت پەرەپێبدەیت و بگەیتە پلە باڵاکانی ژیانت. بەم پێیە ئەگەر تۆ دوورەپەرێز یان کۆمەڵایەتی، ئارام

یان توورڕەیت، ساختەچیت یان جێی متمانە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری جینی و دەوروبەرەکەت. کەواتە ئەگەر پێت وایە بۆ سەرکەوتن دەبێت زۆر هەوڵ بدەیت و ئیش بکەیت و هەمیشە سەرقاڵی هەوڵ و کۆششیت، دەبێت ئاگات لەوە بێت کە لە هێز و توانا و ئیرادەتدا بۆ ئیشکردن قەرزاری جینەکانت و ئەو دەوروبەرەیت کە تیایدا گەشەت کردووە.

باشە دووبارە ئەو پرسیارەت لێدەکەمەوە: تۆ لە سەرکەوتنەکانتدا تاچ رادەیەک قەرزاری زەحمەت و بڕیارە راستەکانی خۆت بوویت؟

وەڵامی راستی ئەم پرسیارە لە سەدا سفرە، چونکە هەموو سەرکەوتنەکانت پەیوەندی بەو فاکتەرانەوە هەیە کە بەپێچەوانەی تەسەوری خۆتەوە هیچ دەسەڵاتێکت بەسەریاندا نەشکاوە، لە راستیدا خۆت هیچ سەرکەوتنێکت بەدەست نەهێناوە.

ئەنجام:

یەکەم ئەوەیە هەمیشە خاکێتی خۆت بپارێزە و لە خۆت بایی مەبە، بەتایبەتی کاتێک سەرکەوتنێک بەدەست دەهێنیت. لە راستیدا هەرچەندە سەرکەوتنێکی گەورەتر بەدەست بهێنیت دەبێت خاکیتر بیت، بەداخەوە دەبێت بڵێم ئەم رۆژانە شەرم و حەیا نەماوە و سادەیی و خاکێتی کەس پارەی پێنادات، مرۆڤەکان هەمیشە حەزدەکەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆیان بنوێنن، کەواتە بەلەبەرچاوگرتنی

ئـەم حـاڵـەتـانـەی سـەرەوە باشتر وایـە کـەمێک بێیتەوە سەرخۆت و خۆت کۆبکەیتەوە، هەڵبەتە مەبەستی من ئەوە نییە کەسێکی ژێردەستە بیت. بەڵکو ئەوەیە خەیاڵپڵاو نەبیت و راستییەکان سەبارەت بە خۆت و ژیانت ببینیت، بۆ ئەوەی ژیان هەم بۆ خۆت و هەم بۆ کەسانی دی ئاسانتر بکەیت (ئەم بابەتەم لە بەشی ٥١ ی ئەم کتێبەدا بەشێوەیەکی گشتی وردبینی کردووە).

یەکەم/ هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت هەرچیت هەیە، هەر چییەکی، یان دەتوانیت هەرچییەک بکەیت، ئەنجامی چانسێکی رووتـە، دەبێت بۆ ئەمە سوپاسگوزار بیت، شایانی باسە کەسانی قەدرزان و رازی هەمیشە خۆشحاڵترن.

دووەم/ هەمیشە بەئاوات نەگەیشتنی خۆت بدەرە پاڵ ئەو کەسانەی کە لە ژینگەیەکی خراپدا گەورە بوون یان جینی وێرانکەریان هەبووە، ئەوەت لە بیر نەچێت مەسەلەی باج و خێر و دەسگیرۆیی تەنیا پارە نییە، بەڵکو بەهای مەعنەوی و ئەخلاقی ئەمانە لەوە بەرزترە کە بتوانیت تەسەوری بکەیت.

(8)

## بانگی گومڕاکەری دەروون

## هەستەکانت زۆر بەجدی وەرمەگرە

حاڵی حازر تۆ سەیری چی دەکەیت؟ ئەو شتانە چین بەرامبەرتن؟ هەوڵ بدە زۆر بەوردی وەسفیان بکەیت. ئێستا چ هەستێکت هەیە؟ ئایا تووڕەیت، بێتاقەتیت یان نیگەرانیت؟ بەوردی هەستی خۆت لە جێگایەکدا بنووسە و کەمێک دان بەخۆتدا بگرە ئینجا درێژەی نووسینەکەت بخوێنەرەوە.

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم دڵنیام وەڵامەکانی تۆ تەواو بێچەندوچوون و ورد دەبێت، بە ئەگەرێکی زۆرەوە وەڵام دەدەیتەوە سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەم کتێبەیت و پیتە رەشەکانی بە بەرچاوتدا تێپەڕ دەبن، لەوانەیە بۆ ماوەیەکیش چاوت لەسەر کتێبەکە لابەریت و سەیری ئەملاولای خۆت بکەیت و کەلوپەلی ناو ماڵەکە، گوڵدان و تابلۆکان سەرنجت رابکێشن، بەهەرحاڵ من دڵنیام وەسفی ئەو شتانەی کە ئێستا لەبەرچاوتن بۆ تۆ ئیشێکی زۆر ئاسان دەبێت.

ئێستا دەچینە سەر پرسیاری دووەم، بێگومان هەستەکانت لەناو خەرمانەیەک تەمومژدان، لەوانەیە هەستێکی باشت نەبێت، بەڵام بەوردی دەتوانیت بڵێیت چ هەستێکت هەیە؟ بەدەربڕینێکی دیکە ئایا نارەحەتیت لە تووڕەبوونەوە سەرچاوەی گرتووە، یان لە نائومێدییەوە، یان ئەو هەستەت هەیە کە زیانت پێدەگات؟ وێڕای ئەوە ئاگات لە

سەرچاوەی هەستەکانتە؟ هەروەها ئەگەر هەستێکی باشت هەیە دەتوانیت وەڵامم بدەیتەوە ئەو هەستە باشە ڕێک لە چ شتێکەوە سەرچاوە دەگرێت؟ لەوانەشە حاڵی حازر هیچ جۆرە هەستێکی تایبەتیت نەبێت و نەتوانیت باسی حاڵەتێکی تایبەت بکەیت؟

ئەگەر ڕوونکردنەوەی هەستەکانت بەلاتەوە ئیشێکی قورسە بەهیچ جۆرێک نیگەران مەبە، چونکە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە تێنەگەیشتن و ڕووکەشبوونی تۆوە نییە، لەوانەیە بەلاتەوە سەرنجڕاکێش بێت بزانیت زمانی ئینگلیزی زیاتر لە (٣٠٠) سیفەتی هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی هەستی مرۆڤ. بەدەربڕینێکی دیکە ژمارەی ئەو سیفەتانەی کە بۆ وەسفی خولق و خوومان هەیە لە ژمارەی ئەو ڕەنگانە زیاترە کە ناویان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بە ڕاست و دروستی هەستەکانی خۆمان دەربڕین. سەرەڕای ئەوەی پرۆفیسۆر ئیریک شویتزگێبڵ (Eric Schwitzgebel) لە زانکۆی ستانفۆرد (Stanford) ڕایدەگەیەنێت: "هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت گەڕان و پشکنینی مرۆڤ لە ناخی خۆیدا، نەک تەنیا پڕە لە کەموکووڕی و جێگای متمانە نییە، بەڵکو هەڵەی زۆری تێدا بەرچاو دەکەوێت کە زۆر هەڵە و گومڕاکەرن و ئەمەش سەبارەت بە زۆربەمان ڕاستە"

لەبیرت نەچێت ژیان لە دنیایەکدا کە هەمیشە داوامان لێدەکات پشت بە هەستەکانی خۆمان ببەستین و گوێ لە بانگی دەروونی خۆمان بگرین ئاسانە، بەڵام گومڕاکەرە، ڕێنمایی

تایبەتی من ئەوەیە باشتروایە وەکو قیبلەنما هەستەکانی خۆت بەکارنەهێنیت و بەرەو هەموو ئەو ئاراستانە نەڕۆیت کە هەستەکانت فەرمانت پێدەکەن، چونکە ئەگەر بمانەوێت وەکو قیبلەنما هەستەکانمان بەکاربێنین، دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت قیبلەنمای هەستەکانمان لە جیاتی یەک ئاراستە چەندین ئاراستەیان هەیە کە هەر یەکەیان بەرەو ئاراستەیەکی جیاواز ئاماژە دەکەن و بەردەوام ئاراستەکانیان دەگۆڕن. باشە ئەگەر تۆ وەکو کاپتن سەرنشینانی کەشتییەکەت لەناو زەریایەکدا لەبەردەستدا بێت و بتەوێت کەشتییەکە بگەیەنیتە کەنار، قیبلەنمایەکی ئاوا بەکاردەهێنیت؟ لە ئەنجامدا بۆ دۆزینەوەی ڕێڕەو و ئامانجی ژیانت نابێت قیبلەنمایەکی ئاوا بەکاربێنیت.

بەدەربڕینێکی دیکە پەیڕەویکردنی بانگی دەروونت ژیانێکی خۆشت بەدیاریی بۆ ناهێنێت، ئەوە باوەڕێکی هەڵەیە ئێمە بە گەڕان و پشکنینی دنیای دەروونمان دەتوانین تەواو ئاگاداری ئەوە بین کە چ شتێک لە قازانجی ئێمەیە. سەرەڕای ئەوەش ئێمە ناتوانین بەو شێوەیە ئامانجەکانمان بزانین و بەتەواوی لە مانای ژیان تێبگەین. ڕاستی ئەوەیە لەناو دارستانێکی تاریکدا بۆ گەیشتن بە ڕووبارێکی خەیاڵی کە لە مێشکتدایە ئەگەر دوای بانگی دڵت بکەویت، بێگومان گومڕا و نابووتت دەکات و ئاخری سەر لە زەلکاوی هەست و بیروبۆچوونی بێسەروبەرەوە دەردەهێنیت.

ئایا هەتا ئێستا وەکو بەرپرسی وەرگرتنی ئیش لەگەڵ داواکاراندا بۆ ماوەی نیو سەعات چاوپێکەوتنت کردووە؟ ئەگەر وەڵامت بەڵێ بێت، بێگومان لەو حاڵەتەدا رووبەڕووی کێشەیەک بوویتەتەوە کە لە کۆتاییدا باسی دەکەین.

بۆ نموونە وایدابنێ ماوەی نیو سەعات لەگەڵ یەکێک لە داواکاراندا چاوپێکەوتنت کردووە و بڕیار وایە رای خۆت سەبارەت بەو بابەتە دەربڕیت. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان نیشان داوە ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانەی ئیش وکار و بڕیاردان لەسەر بنەمای ئەوە تەواو بێسوود و گەمژانەیە، باشتروایە لە جیاتی ئەوەی کاتی خۆت بەقسەکردنەوە بە فیڕۆ بدەیت، لە سیڤییەکەی بکۆڵیتەوە و بزانیت بە درێژایی ژیانی لەچەند ئیشدا سەرکەتوو بووە. مەبەستی من لە هێنانەوەی ئەم نموونەیە ئەوەیە گەڕان و پشکنین لە دنیای دەروونماندا وەکو چاوپێکەوتنی ئیش وکار وایە لەگەڵ خۆماندا کە ناتوانین هێندە پشتی پێ ببەستین، بەڵکو دەبێت سەیرێکی رابردوومان بکەین و بزانین ئەو رووداوە خراپانە چین کە بەردەوام لە ژیانماندا دووبارە بوونەتەوە و بە دیدێکی واقیعبینانە سەیری مەسەلەکان بکەین و هەوڵ نەدەین مامەمەڵەیەکی کەسی بکەین و بەپێی هەستی خۆمان سەیری رووداوەکان بکەین.

لەوانەیە ئەو پرسیارەت لا دروست بێت بۆچی گەڕان و پشکنین لە دنیای دەروونماندا تا ئەو رادەیە ناجێگیرە و جێی متمانە نییە؟ لەبەر دوو هۆ یەکەم: ئەوەیە گوێگرتن

له بانگی دەروونت یارمەتیت نادات بۆ ئەوەی ئاگاداری هەستی کەسانی تر و هۆکاری راستەقینەی رووداوەکان بیت. لەڕاستیدا بۆ سەرکەوتن و بەختەوەری لە ژیاندا دەبێت بتوانیت بیروبۆچوونی کەسانی تر بخوێنیتەوە و واقیع بین بیت. دووەم: ئەوەیە کەسەکان هەمیشە حەزدەکەن لە هەموو هەلومەرجێکدا هەمیشە فەرمان بدەن و هیچ کەسێک لە دژیان نەوەستێتەوە، باشە لەوانەیە ئەو هەلومەرجە هەستێکی باش لای تۆ دروست بکات، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگریت تەنیا قسەکردن لەگەڵ خۆتدا بەهیچ جێگایەکت ناگەیەنێت، چونکە کەسێک نییە لە هەڵەکانت ئاگادارت بکاتەوە یان هەلومەرجێکت بۆ نایەتە پێشەوە بۆ ئەوەی هەست بە هەڵەکانت بکەیت.

لەبەرئەوەی هەستەکانی ئێمە زۆر جێگای متمانە نین، باشتر وایە زۆر بەجدی وەریان نەگرین، بەتایبەتی هەستە نێگەتیڤ و وێرانکەرەکانمان. فەیلەسووفە یۆنانییەکان ئەم توانایە بە ئەتاراکسیا (Atraxia) ناو دەبەن کە ئەم زاراوەیە لە زمانی یۆنانیدا بە مانای ئارامی دەروون و سیستەمە. ئەو کەسەی لە بواری "ئەتاراکسیا"دا گەیشتبێتە پلەی ئوستاد دەتوانێت تەنانەت لە هەلومەرجی زۆر خراپیشدا هەستەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات. قۆناغی دوای (ئەتاراکسیا)، ناوی ئەپاتیا (Patia) یە کە بەمانای ریشەکێشکردنی سەراپای هەستەکانە و بێگومان گەیشتن بەم پلەیە کاریکردە نییە. چونکە بەڕای من هیچ مرۆڤێک نییە لەم سەر زەوییەدا کە

بتوانێت هەموو هەستەکانی بەتەواوەتی ریشەکێش بکات یان تەنانەت کۆنترۆڵیان بکات، ئەم چاوەڕوانییە لە تۆش ناکرێت، بەڵام باشتر وایە لە پەیوەندییەکانتدا سەرلەنوێ چاو بە دەنگی دەروونتدا بخشێنیتەوە.

بۆ نموونە من وەکو خۆم بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ هەستەکانمدا دەکەم وەکو ئەوەی هی من نەبن و لە جێگایەکی دیکەوە هاتبنە زەینمەوە و بڕیارە بارگە و بنەیان کۆبکەنەوە و بگەڕێنەوە بۆ شوێنی یەکەمجاریان. ئەگەر بمەوێت وەکو نموونەیەک ئەم مەسەلەیەت بۆ شرۆڤە بکەم، دەبێت بڵێم من خۆم وەکو کەپرێکی گەورە دەبینم کە تیایدا هەموو جۆرە باڵندەیەک لەسەری دەنیشنەوە و ئازادانە دەجووڵێن و لە شەقەی باڵ دەدەن، هەندێکیان بەخێرایی هەڵدەفڕن و هەندێکی تریان ماوەیەکی زیاتر دەمێننەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەموویان کەپرەکە بەجێدەهێڵن.

من هەندێک لە باڵندەکانم زۆر بەدڵە و هەندێکیانم بە دڵ نییە، بەڵام کاتێک وێنەی کەپر و باڵندە بۆ وێناکردنی هەستەکانم بەکاردەهێنم، چیتر زۆر بایەخ بە هەستەکانم نادەم، چونکە دەزانم هیچ کام لە باڵندەکان پەیوەندییان بە منەوە نییە، هەندێکیان تەحەمول ناکرێن، بەڵام ئەم مەسەلەیە زۆر نیگەران و تووڕەم ناکات، چونکە دەزانم هیچ کام لەو باڵندانە نامێننەوە و بە زوویی کەپرەکە بەجێدەهێڵن. تەنانەت من هەر یەکێ لە هەستەکانم بە جۆرێک باڵندە چواندووە، بۆ نموونە ئیرەیی لە مندا وەکو چۆلەکەیەکی بەهاتوهاواری

سەوز وایە و ستریس وەکو کەوێک لای من دەردەکەوێت. تۆش دەتوانیت هەستەکانی خۆت وێنە بکەیت و هەریەکێ لەوانە بدەیتە پاڵ باڵندەیەک یان ئاژەڵێک.

بێگومان ئەزموون ئەوەی فێرکردوویت ئەگەر هەوڵ بدەیت هەستە نێگەتیڤەکانی خۆت سەرکوت بکەیت، تەنیا ئەوانەت لەلای خۆت بەهێزتر کردووە، بەڵام ئەگەر بە ئارامی و خوێنساردی لەگەڵ هەستە نێگەتیڤەکاندا مامەڵە بکەیت، ئەنجامێکی باشترت دەستدەکەوێت. ئەگەر وێنەی کەپر و باڵندە بەلای تۆوە هێندە سەرنجڕاکێش نییە، دەتوانیت وێنەیەکیتر بەکاربهێنیت، بەڵام هەمیشە ئەوەت لەیاد بێت کە فشار و جدی بوون لە شەڕی هەستەکانت رزگارت ناکەن، بەڵکو دەبێت بە ئاسانی و قۆشمەییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، بۆ ئەوەی بتوانیت لە شەڕیان رزگار بیت.

شایانی باسە هەندێک لە هەستەکان وەکو خۆبەگەورەزانین، نیگەرانی و ئیرەیی هەندێک جار بەڕادەیەک توند و ژەهراوی دەبن کە ناتوانین تەنیا بە پێکەنین و گاڵتە لەشەڕیان رزگار بین و بۆ نەهێشتنیان پێویستمان بە پارۆمەتری زیاتر هەیە کە لە بەشەکانی (٢٤،٢٩،٣٢)دا بەتەواوەتی باسم کردوون.

بەهەرحاڵ، ئەو پرەنسیپە هەمیشە و لە هەموو هەلومەرجێکدا راستە، کە نابێت متمانە بە هەستەکانی خۆت بکەیت، تەنانەت دەتوانیت بەشێوەیەکی بێچەندوچوونتر سەبارەت بە ناوەڕۆکی سەندویچە ماکدوناڵدەکەت رای خۆت دەربڕیت نەک سەبارەت بەو هەستەی لە کاتی خواردنیدا

لەلات دروست دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەی خۆتەوە هەست و بیروبۆچوونی کەسانی دی بەجدی وەربگرە، چونکە لەو حاڵەتەدا دەتوانیت پێشبینی رەفتار و جووڵەی ئەوان بکەیت و بە بەراوردکردنی خۆت لەگەڵ خولق و خووی مرۆڤەکانی تردا لە دڵیاندا جێگەی خۆت بکەیتەوە و سوود لە یارمەتییان وەربگریت.

(9)

## تەڵەی راستگۆیی

## بۆچی سەبارەت بە پەیوەندییەکانت لەگەڵ کەسانیتر پێویستت بە راوێژکارێکە؟

ئایا حەز بە کەسانی روون و راستگۆ دەکەیت؟ هەڵبەتە دەبێت وابێت، چونکە ئەو کەسانەی روونن رێک ئیشی تۆ دەستنیشان دەکەن و هەرگیز لە نێوان ئاسمان و زەویدا ناتهێڵنەوە. ئەمانە هەست و بیروباوەڕی خۆیان زۆر بە روونی دەخەنەڕوو، دیارە ئامانجیان چییە و چاوەڕێی چیت لێدەکەن. ئەم کەسانە ئاگری ژێر کا نین و بە ئاسانی دەتوانیت پەیوەندییان لەگەڵ دروست بکەیت و ئەم پەیوەندییە ئاسایی بەلای تۆوە مایەی خۆشحاڵی و کاریگەر دەبێت. شایانی باسە ئەمڕۆ سیمیناری زۆر سەبارەت بە سەرکەوتن و پێشکەوتن دەکرێت و لە هەموو ئەمانەدا قسە لەسەر پێویستیی سەرڕاستی و راشکاوی دێتە ئاراوە. هەروەها لە زۆربەی ئەو کتێبانەدا کە سەبارەت بە سەرکردایەتیی کارامە و راست نووسراون، بەلای کەمەوە بەشێکی بۆ روونکردنەوەی ئەم خاسیەتە و گرنگییەکەی تەرخانکراوە. دەبێت بڵێم هەروەکو چۆن زۆر گەمژانەیە لەسەر تابلۆیەکی ساختەی پیکاسۆ سەرمایەگوزاری بکەین، سەرمایەگوزاریی مادی و مەعنەویش لەسەر کەسانی درۆزن و ئاگری ژێرکا بێ ئەنجام دەبێت.

بـەڵام قسەکانی ئێمە تا چ رادەیــەک راسـت و جێی متمانەن؟ وایدابنێ لەگەڵ هاورێکەت کە ناوی "لیزا"یە کاتتان دیاریکردووە بۆ نانی نیوەڕۆ، ئەو بیست دەقە درەنگتر دەگات و روخساری زۆر پەرێشان و شێواو دێتە بەرچاو، پاشان داوای لێبووردنت لێدەکات و بەدەنگێکی بەرز کە خەڵکی ناو رێستۆرانەکە گوێیان لێبێت، پێت دەڵێت حاڵی زۆر خراپە و ناتوانێت نانت لەگەڵ بخوات، بەڵام پێی باشە لەگەڵت دانیشێت و ئەو خواردنە داوا بکەیت کە بەدڵتە. تۆ بەم قسانەی زۆر نارەحەت دەبیت و پێی دەڵێیت ئەگەر حەزی لە خواردن نییە باشتر وایە ریستۆرانەکە بەجێبهێڵن و کەمێک پیاسە بکەن، بەڵام ئەو بە زۆر، تۆ لەسەر کورسییەکە دادەنیشێنێتەوە و داوات لێدەکات داوای خواردنەکەت بکەیت. لەم کاتەدا ئەو کەسانەی لەسەر مێزی تەنیشتی ئێوە نان دەخۆن چەقۆ و چەتاڵەکانیان دادەنێن و بە سەرسوڕمانەوە سەیرتان دەکەن. پاش ماوەیەک بێدەنگی لیزا وەسفی سەر و شکڵ و شێوازی جلوبەرگەکەت دەکات، هەڵبەتە لەو باوەڕەدایە سەعاتەکەی دەستت لەگەڵ جلەکانتدا ناگونجێت، پاشان هەرچەندە داوای لێکردوویت هیچی بۆ بانگ نەکەیت و خۆت بە تەنیا نان بخۆیت، ئەو خواردنەوەیەی داوات کردووە دەنێت بەسەرێوە و بەیەکجار چۆڕبڕی دەکات و دەڵێت: "ببوورە هەرچەندە هەستم بە تینوێتی نەدەکرد، بەڵام زۆرم تینوو بوو". پاشان سەر دەخاتە سەرمێزەکە و پرخەی خەوی دێت، خەڵکەکەش بە نیگای گاڵتەپێکردنەوە زەق زەق سەیرتان دەکەن. پێنج

دەقە دوای ئەوەی شیرینی و میوەی دوای خواردن دێت، لەپڕ خەبەری دەبێتەوە و باوێشکێکی درێژ دەدات و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەڵێت: "من زۆر خەوخۆشم، هەمیشە خەوم لێدەکەوێت"، شیرینی و میوەکەی تۆ رادەکێشێتە بەردەمی و بەدەست دەستدەکات بەخواردنی و باسی ئەوە دەکات خواردن بەدەست زۆر خۆشە، ئینجا باسی ئەو خەونە دەکات کە دوێنێ شەو دیویەتی و هەمووی بێسەروبەر و ساختەیە، لە کاتێکدا تۆ هیچ لەزەتێکت لە خواردنەکە و دانیشتن لەگەڵ لیزا نەدیوە ناچاریت پارەیەکی زۆریش بدەیت.

لەوانەیە لیزا و کەسانێکی وەکو ئەو زۆر راستگۆ و بێغەل و غەش دیاربن، بەڵام گومانی تیانییە بە رەفتاریان بێتاقەت دەبیت و هیچ چێژێک لە هاوڕێتیان نابینیت. لە کتێبی (ئاوێنە)ی فەیلەسووفی ئینگلیزسایمۆن بلاکبورن (Simon Blackburn)دا چیرۆکی رێوڕەسمی ناشتنی چارلز داروین (Charles Darwin) لە شەقامی وێستمنستەر(Westminster) باسکراوە. لەم کتێبەدا هاتووە ولیەم کوڕە گەورەکەی داروین لە ریزی یەکەمی کڵێسا دانیشتبوو، لەناکاو بایەکی سارد لە پەنجەرەی کڵێساکەوە هاتە ژوورەوە، لەبەرئەوەی سەری ولیەم سفر بوو، لەو زستانە ساردەدا زۆر ئازاری دا، بەڵام ولیەم بیریکردەوە لەوانەیە بێئەدەبی بێت لەبەرچاوی هەموان بچێت پەنجەرەکە دابخات و بەدرێژایی رێوڕەسمەکە بێدەنگ بوو.

لـەوانـەیـە بـەلاتـەوە جێگای پرسیار بێت مەبەستم لە گێڕانـەوەی ئـەم چیرۆکە چیبوو؟ ئـەوەی لە هەمووومان چاوەڕوان دەکرێت تاڕادەیەک خۆمان کۆنترۆڵ بکەین و لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی شتی خراپ و نالەباردا نەتەقینەوە و هەتا رادەیـەک خۆمان بگرین و هەرچی بەخەیاڵماندا دێت دەرینەبڕین. هەڵبەتە لە دیجیتاڵ میدیادا خەڵک کەمتر هەوڵدەدەن خۆیان بگرن و ئاسایی هەموو بیروبۆچوونی خۆیان بۆ بەرامبەرەکانیان دەردەبڕن و هەستدەکەن ئەمە یەکێکە لە نیشانەکانی هاوڕێیەتی و سەرڕاست بوونیان بۆ کەسی بەرامبەر، بـەڵام دەبێت ئـەوەت لەبەرچاو بێت کە راستگۆیی لە هەموو هەلومەرجێکدا راست نییە، نەک هـەر راسـت نییە، لەوانەیە لـەبـەرچـاوی کەسانێک وەکو بێئەدەبیش لێک بدرێتەوە و خەڵک لێت دوور بکەونەوە. بەم پێیە راستگۆیی لە هەموو هەلومەرج و حاڵێکدا باش نییە. لەڕاستیدا هەندێ جار ئێمە خۆشمان لەگەڵ خۆمان راستگۆ نین و رێک نازانین چی لە مێشکماندا دەگوزەرێ، هەروەکو لە بەشی پێشوودا باسم کـرد، هەستەکانی دەروونـمـان جێی متمانە نین و ناتوانین پشتیان پێببەستین. هەندێ جار بیرۆکەی دژبەیەک لە مێشکماندا هەیە و ناتوانین لە خۆمان تێبگەین. بەم پێیە عەقڵ دەڵێ وا پێویست دەکات هەندێ جار بێدەنگ بین و هەرچی لە مێشکماندایە هەڵینەڕێژین. هەڵبەتە راستگۆیی لە پەیوەندی عاشقانە و هاوڕێتیدا لە پێشی پێشەوەیە، بەڵام لە ئاشنایەتی ئاسایی و لە کۆمەڵگادا

لەوانەیە ئەم رەفتارە دەردەسەریت بۆ دروست بکات.

وێڕای ئەوەش راستگۆیی لەڕادەبەدەر لەوانەیە وەکو گەمژەیەکی عەیارە بیست و چوار نیشانت بدات، ناتوانیت ناوی سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوو، جەنەڕاڵ یان زانایەکی گەورە بهێنیت کە هەست و بیروبۆچوونە زۆر تایبەتەکانی بۆ کەسانی دیکە باس بکات. لەڕاستیدا رێز و شایستەیی کەسانێک لای کەسانی دی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە خاوەنی قسە و بەڵێنی خۆیان بن، نەک ئەوەی سەبارەت بە هەستە زۆر تایبەتەکانیان گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی دی بکەن.

هەروەکو دەزانیت خانەکان، پێکهێنەری بەشەکانی لەشی مرۆڤن و هەر خانەیەک بەرگی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەرکی ئەوەیە خانەکە بپارێزی و شتی خراپ و زیانبەخشی لێ دوور بخاتەوە کە دەیانەوێ بچنە ناوییەوە، ئەو بەرگە ئەوە دەستنیشان دەکات ئەو مولوکولانە کامانەن کە بۆیان هەیە بچنە ناو خانەکەوە و ئەوانەی بۆشیان نییە کامانەن. ئێمە دەتوانین ئەم مەسەلەیە بەقەبارەیەکی گەورەتر ببینین، بۆ نموونە هەموو گیاندارەکان پێستیان هەیە و ناتوانیت هیچ ئۆرگانیزمێک بدۆزیتەوە پێستی نەبێت، چونکە لەو حاڵەتەدا بەخێرایی لەناو دەچێت و ناتوانێت بژی. ئەگەر بمانەوێ لە گوتەیەکی دەروونزانییەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین، هەندێک رایان وایە راستگۆیی بەمانای خستنەلاوەی هەموو سنوورەکان و بانگهێشتی کەسەکانە بۆ ئەوەی بێنە ناو فەزا زۆر تایبەتەکانی مێشکتەوە، بێگومان ئەوسا شتەکان لە دژی

خۆت بەکاردەهێنن و وەکو کەسێکی لاواز و گەمژە دێیتە بەرچاو.

جەنەڕاڵ ئایزەنهاوەر(Eisenhower) لەماڵەوە و لە شوێنی ئیشەکەی بە دوو شێوە رەفتاری دەکرد. هەروەکو یەکێک لە رۆژنامەنووسانی گۆڤاری تایمز باسی کردووە، ئایزەنهاوەر خودی دووەمی هەبوو، بەڵام زۆربەی خەڵک وەکو راستگۆ و سەرڕاست سەیریان دەکرد و تەسەوریان وابوو هەرچی لە مێشکیدایە بۆ خەڵکی باس دەکات. لەڕاستیدا خودی دووەمی زۆر تۆکمە و پشت بەخۆبەستوو دەهاتە بەرچاو کە هیچ گومانێکی لای کەس نەدەهێشتەوە و بێتاقەتی و گومڕایی و گومانەکانی تایبەت بوو بە خودی یەکەمی کە هەمیشە لەبەرچاو نەبوو.

بـەڕای منیش تۆ دەبێت خـودی یەکەمت لـە دەفتـەری بیرەوەرییە تایبەتەکانت و خەونەکانتدا جێگەبکەیتەوە و بەخودی دووەمتەوە لەناو خەڵکدا دەرکەویت، هەڵبەتە دەبێت هەمیشە لەسەر قسە و بەڵێن و ئیشەکانت سەقامگیر بیت و خۆت لە فریودانی کەسانیتر و قسەی جۆراو جۆر بەدوور بگریت، بۆ ئەوەی لەبەرچاوی ئەوانی دی قبووڵکراو بیت، بەڵام پێویست ناکات شتە تایبەتەکانی خۆت بدرکێنیت.

لەوانەیە نموونە هێنانەوە لەسەر خۆم سەبارەت بە خودی دووەم هێندە بەلاتەوە خۆش نەبێت، لەم حاڵەتەدا دەتوانیت وەکـو وڵاتـێک تـەسـەوری خـۆت بکـەیت، کـە وەزیرێکی دەرەوەی هەیە و سیاسەت بۆ دەرەوە دادەڕێژێت. بێگومان

رازی نابیت وەزیری دەرەوە هەرچی لە وڵاتدا دەگوزەریَ بۆ وڵاتانی دیکەی باس بکات. بەڵکو پێویستیت بە کەسێکە کە جێی متمانە بێت و بتوانیت حساب بۆ قسەکانی بکەیت. واتە کەسێک بێت لە پڕوپاگەندە بەدوور بێت و رەفتاری زۆر پیشەییانە و بە ئەدەب بێت. هەروەها تۆ وەکو سەرۆک کۆمار کە دڵت وەکو وڵاتێک وایە دەبێت رەفتاری وەزیری دەرەوە بخەیتە ژێر چاودێرییەوە و لە کاتی پێشێلکردنی یاساکاندا لایبەریت و کەسێکیتر بخەیتە شوێنی.

هەر زوو لەوە تێدەگەیت سنووردانان بۆ ژیانت نەک تەنیا لە فاکتەرە وێرانکەرەکانی دەرەوە دەتپارێزێت، بەڵکو توانا و دەسەڵاتیشت سەقامگیر دەکات و یارمەتیت دەدات بزانیت چی دەکەیت و چۆن هەنگاو دەنێیت، وێڕای ئەوە ئەگەر هاوڕێیان و هاوکارانت داوات لێدەکەن لەگەڵیاندا راستگۆ بیت، هەرگیز بەوە فریو نەخۆیت و بزانە تۆ سەگ نیت کە هەمیشە لەبەردەمی خاوەنەکەتدا کلکەلەقیَ بکەیت، بەڵکو تۆ مرۆڤیت و پێویستت بە رێزی بەرامبەر هەیە.

(10)

## بنەمای پێنج چرکە

### چاکەی بچووک و دەردەسەریی گەورە

وایدابنێ کەسێک داوای لێکردوویت چاکەیەکی بچووکی لەگەڵ بکەیت، ئایا ئاسایی بەبێ بیرکردنەوە بەدەم داواکەیەوە دەچیت؟ یان پێش ئەوە هەموو لایەنەکانی بابەتەکە لەبەرچاو دەگریت؟ لەلایەکی ترەوە ئایا ئاسایی داواکەی رەتدەکەیتەوە و خۆت لەو جۆرە ئیشانە بۆ کەسانی دی بەدوور دەگریت؟ دواجار ئایا هەتا ئێستا ئەوە روویداوە لەو جۆرە بڕیارانە پەشیمان بووبیتەوە؟

من چەند ساڵێک پێش ئێستا بڕیارمدا ئەم جۆرە پرسیارانە لە هاوڕێکانم بکەم، دەبێت ئەوەش بڵێم من چاکەی زۆرم لەگەڵ کەسانی دەوروبەرم کردووە، لە رێکەوتن بۆ کۆڕگرتنەوە بگرە هەتا نووسینی وتار و چاوپێکەوتنی ئیشوکار، لە زۆربەی ئەم هەڵوێستانەدا تەسەورم دەکرد ناچارم چاوپۆشی لە کاتی خۆم بکەم و کات بۆ ئەو کەسانە تەرخان بکەم، سەرەڕای ئەوەش لە ئەنجامی ئیشەکەش رازی نەبووم، بەدەربڕینێکی دیکە چاکەم لەگەڵ کەسانێک کردووە، بەڵام خۆم بەو ئەنجامە نەگەیشتووم کە ویستوومە.

باشە ئێمە بۆچی دەبێت هەمیشە هەوڵ بدەین رای پۆزەتیڤی کەسانی تر بەلای خۆماندا رابکێشین؟ لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا بایۆلۆجیستەکان هەوڵیان دا تێبگەن بۆچی

ئەو ئاژەڵانەی هیچ جۆرە نزیکایەتییەکیان لەگەڵ یەکتریدا نییە هەندێ جار هەوڵدەدەن یارمەتی یەکتری بدەن، بۆ نموونە بۆچی مەیموونە شەمپانزییەکان لە مۆزدا لەگەڵ یەکتری دەبنە شەریک؟ بۆچی مەیموونی بابۆن هەوڵدەدات مووی بابۆنەکانی تر ریک بخات؟ کاتێ سەبارەت بە مرۆڤ و ئاژەڵی هاوخوێن قسە دەکرێت، دەبێت بڵێم ئەمانە جینی هاوبەشی زۆریان لەگەڵ یەکتری هەیە و هاوکارییان لەگەڵ یەکتری هەوڵدانە بۆ پاراستنی جینەکانیان، تەنانەت ئەگەر ئەم هەوڵدانە بە مانای لە دەستدانی یەکێک لە ئەندامانی خێزان بێت، بەڵام ئەو ئاژەڵانەی لە رووی خوێنەوە هیچ نزیکایەتییەکیان لەگەڵ یەکتریدا نییە بۆچی یارمەتی یەکتری دەدەن؟ بە دەربڕینێکی تر بۆچی ئەو ئاژەڵانە هەندێ جار واز لە بەشی خۆیان دەهێنن بۆ ئەوەی ئەوانی تر شاد بکەن؟ بۆ نموونە بۆچی مەیموونێک مۆزەکەی خۆی لەگەڵ یەکێکی دیکەدا بەش دەکات؟ بۆچی مەیموونێکی شەمپانزی دەبێت دەستەکانی بجووڵێنێت و بڕێکی زۆر کالۆری بسووتێنێت بەمەستی دەرهێنانی ئەسپێ لەسەری شەمپانزییەکی دیکەدا، کە نزیکایەتیان نییە و تەقریبەن غەریبەن بە یەکتری؟ لەوانەیە ئەم پرسیارانە مایەی پێکەنین بن، بەڵام ئەوەت لەبەرچاو بێت ئەم پرسیارانە بە هیچ شێوەیەک سادە و گەمژانە نین.

ئەگەر بمەوێت بەشێوەیەکی تیۆری وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، دەبێت زانای ئەمریکیی ناودار رۆبەرت ئەکسلرۆد (Robert Axelrod) بێنمەوە یاد کە چەند بەرنامەیەکی

کۆمپیوتەری جیاوازی نووسی بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتریدا رکابەری بکەن و هەر بەرنامەیەک ستراتیجی تایبەتی هەبوو بۆ رووبەڕوونەوەی رکابەرەکەی، پاش ماوەیەک رکابەری یەکێک لە بەرنامەکان کەوتە پێش بەرنامەکانی ترەوە، ئەکسلرۆد ئەو بەرنامەیەی ناونابوو "لێتدا کەواتە دەیخۆی" ستراتیجی ئەم بەرنامەیە بەم شێوەیە بوو:

١-سەرەتا دەست بەهاوکاری بکە.

٢-رەفتاری رکابەرەکەت بکە بە نموونە و بەهەمان شێوە درێژە بە پێشبڕکێکە بدە.

بەم پێیە ئەگەر دوای هاوکاری کەسانی دی ئەو کەسە هاوکاری کردیت دەتوانیت بە هەمان شێوە لەسەر رێگاکەی خۆت بەردەوام بیت، بەڵام ئەگەر کەسی دیاریکراو سەرەڕای هاوکاری و نیەتی خێری تۆ دەستیکرد بە خراپەکاری و نیازی وابوو خراپ بەکارت بهێنێت، باشتر وایە هاوکارییەکەت رابگریت و بەم شێوەیە دەتوانیت لەسەر باقی رێگاکە بەردەوام بیت.

ئەم رەفتار و شێوازی بیرکرنەوەیەش بە روونی لای ئاژەڵان دەبینرێت کە پێی دەڵێن "لە بەرامبەردا وەرگرتن" بۆ نموونە مەیموونی شەمپانزی بە ئومێدی لە بەرامبەردا وەرگرتن لەگەڵ مەیموونێکی دیکەدا خواردنەکەی بەش دەکات، ئەگەر نەتوانێت لە بەرامبەردا خواردن وەربگرێت ئیتر چاکەی لەگەڵ ناکات.

هەڵبەتە دەبێت ئـەوە لەبەرچاو بگریت کە بنەمای لە بەرامبەردا وەرگرتن تەنیا سەبارەت بەو بوونەوەرانە راستە کە یادەوەریی درێژخایەنیان هەیە، پاش ماوەیەک مەیموونێکی شەمپانزی دەتوانێت چاکەی بەرامبەر بداتەوە کە ئەوەی لەبیر بێت مەیموونێکی دیکە چاکەی لەگەڵ کردووە، دەبێت ئەوەش بڵێم تەنیا مرۆڤ و مەیموونی وەکو شەمپانزی و گۆریلا و بابۆن ئەم سیفەتەیان هەیە، هەڵبەتە مەیموونەکان بە ئاگاییەوە ئەم رەفتارە ناکەن، بەڵکو لەگەڵ پەرەسەندندا، ئەم رەفتارە وەکو یەکێک لە غەریزەکانی ئەوانی لێهاتووە، تەنانەت لەلای مرۆڤیش ئارەزوو بۆ چاکەکردن و وەرگرتنی چاکەی بەرامبەر هەیە.

لە راستیدا ستراتیجی "لێتدا کەواتە دەیخۆی" کە جووڵە و چالاکی بە دنیا دەبەخشێت و ئێمە رۆژانـە یارمەتی کەسانێکی زۆر دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین چەند ئیمتیازێکمان دەستبکەوێت و ئاستی ژیانمان بەرز بکەینەوە.

بەڵام ئاگات لەوە بێت کە ئەم ستراتیجە مەترسی زۆری هەیە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک چاکەی لەگەڵ کردیت لەوانەیە ئەوە لای تۆ وەکو ئەرکێکی لێبێت کە بێگومان دەبێت پاداشتی چاکەکەی بدەیتەوە، لە راستیدا بوار بەو کەسە دەدەیت لەبەر چاکەیەکی بێبەها بتکات بە ئامێری دەستی خۆی، سەرەڕای ئەوە ئاسایی بەبێ بیرکردنەوە و ئارەزوو بەخێرایی دوای ئەم ستراتیجە دەکەوین، کە دەشێت

مەترسی زۆری هەبێت بۆمان و دواتر پەشیمان بینەوە. هەڵبەتە ئێمە ئاسایی پاساو بۆ ئیشە هەڵەکانی خۆمان دەهێنینەوە و هیچ رەخنەیەک لە خۆمان و لە بڕیارەکەی خۆمان ناگرین، تەنانەت ئەوەشمان لەبیردەچێت چەندە لە کاتی خۆمان بۆ چاکەی بێبەرهەم بەفیڕۆ دەدەین، لە راستیدا ئێمە سەرکەوتنمان لە مشتومڕدا زیاتر لە هەموو شتێک حەز لێیە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کات سنووردارە، کەواتە باشتر وایە بە مشتومڕ بەفیڕۆی نەدەین و واقیعبین بین.

سەرەڕای ئەوەش من لەوە تێگەیشتووم وەڵامدانەوەی بەپەلە و بێ بیرکردنەوەی ئەو داواکاریانەی لێمان دەکرێن، دەربڕی کاردانەوەیەکی بایۆلۆجیشن. چارلی مەنگەر پرەنسیپێکی هەیە کە دەڵێت: ئەگەر تۆ ٩٠٪ بە نەخێر وەڵامی ئەو داواکاریانە بدەیتەوە کە لێت دەکرێن، شتێکی ئەوتۆ لە دەست نادەیت. وێڕای ئەوەش مەنگەر رایدەگەیەنێت: ئەگەر داوای شتێکی لێکرا یەکسەر بە بەڵێ وەڵام ناداتەوە، بەڵکو پێنج چرکەیەک دەوەستێت و کەمێک لە مێشکی خۆیدا تاوتوێی دەکات، ئەگەر بەلایەوە وەکو داوایەکی نالۆجیکی هاتەبەرچاو، رەتیدەکاتەوە و ئامادەیە بەهای نەفرەتەکەشی بدات، تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا لە جیاتی ئەوەی نەفرەتت لێبکەن خۆشەویستتر دەبیت و کەسەکان لە زەینی خۆیاندا، وەکو کەسێکی بەتوانا و تۆکمە ستایشت دەکەن.

دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا سینسا (Seneca) فەیلەسووفی ئیتالی باوەڕی وابوو: "هەموو ئەو کەسانەی بەلای خۆیاندا راتدەکێشن، لە خۆت دوورت دەخەنەوە".

بەم پێیە هەندێ کات خراپ نییە بە نەخێر وەڵامی کەسەکان بدەینەوە، بێگومان هەندێ جار بەوە وزەی مادی و مەعنەوی خۆمان دەپارێزین.

## (11)
## هەڵەی تەرکیز

**بۆچی ئەگەر لە کەنارەکانی دوورگەی کاریبی بژیت زیاتر هەست بە بەختەوەری دەکەیت؟**

وایدابنێ زستانە و لە نیویۆرک دەژیت، شەقامەکان پڕن لە بەفر و قوڕ و لیتە، خەریکی پاکردنەوەی جامەکانی ئوتومبیلەکەتی، لەناکاو با هەڵدەکات و دەموچاوت بە بەفر دادەپۆشرێت و پێڵاوەکانت پڕ دەبێت لە بەفر و قوڕ ولیتە و دەسـت و پەنجەت لە سـەرمادا دەتـەزێت، سەرەنجام دوای هەوڵێکی زۆر دەتوانیت جامەکانی ئوتومبیلەکەت پاک بکەیتەوە و دەرگاکەی بکەیتەوە، لەسەر کوشنی چەرمی ئوتومبیلەکەت دانیشیت، زۆرت سەرمایە و خەریکە رەق دەبیتەوە، دەست دەخەیتە سەر سوکانەکە، بەڵام لە سەرمادا ناتوانیت هەستی پێبکەیت و کۆنترۆڵی بکەیت، لە سەرمادا هەڵم لە دەمت هەڵدەسێت. باشە لە دۆخێکی ئاوادا، پێت وانییە باشتر بوو ماڵت لە کەناری مەیامی بوایە و لە کەشوهەوای خۆش چێژت ببینیایە؟ وەڵامەکەت بە ژمارە لە سفرەوە لە "بەلامەوە جیاوازی نەبوو" هەتا دە "بێگومان خۆشحاڵتر بووم" لە گۆشەیەکی کتێبەکەدا بنووسە و درێژەی بابەتەکە بخوێنەوە.

زۆربـەی کەسەکان لـە نـێوان "٤ تـا ٦"دا وەڵامـی ئەم پرسیارەی سەرەوەیان داوەتەوە.

ئێستا وایدابنێ لە شوێنی پارککردن دەرچوویت و بەرەو شوێنی ئیشەکەت دەڕۆیت، لە یەکێک لە شەقامە سەرەکییەکان تووشی ترافیکێکی خراپ دەبیت و لە ئەنجامدا نیو سەعات درەنگتر دەگەیتە شوێنی ئیشەکەت، دواتر بەرپرسەکەت سەرزەنشتت دەکات و بە دڵشکاوی دەچیتە ژوورەکەت و کۆمپیوتەرەکەت دادەگیرسێنیت و سەیر دەکەیت دنیایەک ئیمەیلی قوڕت بۆ هاتووە. بەهەرحاڵ دوای تێپەڕبوونی هەموو شتە ناخۆشەکان لە شوێنی ئیشەکەت، بڕیار دەدەیت بچیتە بازاڕ شت بکڕیت و دوای گەڕانەوەت بۆ ماڵەوە، ئەو خواردنە دروستدەکەیت کە حەزت لێیەتی، دوای نانخواردن لەسەر قەنەفە پاڵ دەدەیتەوە، پاش بینینی ئەو فیلمەی حەزت لێیەتی دەخەویت.

باشە ئێستا دوای تەسەوری ئەو ڕووداوانەی لەسەرەوە باسکران، پرسیارەکەم دووبارە دەکەمەوە: هەست دەکەیت چەندە خۆشحاڵتر بوویت ئەگەر لە جیاتی نیویۆرک لە کەنارەکانی مەیامی بژیایتایە؟

زۆربەی کەسەکان دوای ئەوەی دووەم جار ئەم پرسیارەیان لێکراوە بەچەند نمرەیەک لە نێوان "٠ تا ٢" وەڵامیان داوەتەوە.

دەبێت بڵێم من ماوەی دە ساڵ لە کەنارەکانی مەیامی ژیاوم، هەروەها پێش و دوای جێهێشتنی مەیامی لە سویسرا ژیاوم و دەبێت بڵێم لە سویسرا هەمیشە لەگەڵ بەفر و

گەردەلوولدا راهاتووم، بەڵام هیچ کاتێک مەیامیم لە سویسرا پێ باشتر نەبووە.

بەم وتەیە دەڵێن هەڵەی تەرکیز، بە دەربڕینێکی دیکە هیچ شتێک زۆر گرنگ نییە، مەگەر ئەوەی زۆر بیری لێبکەیتەوە و مێشکی خۆتی پێوە سەرقاڵ بکەیت، هەروەکو دانێل کانمان (Daniel Kahneman) باوەڕی وایە هەرچەندە زیاتر لەسەر شتێک تەرکیز بکەین کاریگەری لەسەر ژیانمان زیاتر دەبێت و بە روونی هەستی پێدەکەین. ئەگەر بیرت بێت لە سەرەتای ئەم بەشەدا زیاتر تەرکیزم لەسەر دۆخی کەشوهەوا کرد، کە نیویۆرک زیاتر کەشوهەوایەکی ناخۆش و ساردی هەیە، لە کاتێکدا کەشوهەوای مەیامی زۆر خۆشە و هەتاوە. باشە ئەگەر لەم حاڵەتەدا لێت بپرسم حەزدەکەیت لە کام شار بژیت، بەدڵنیاییەوە زیاتر تەرکیزت لەسەر خۆشی کەشوهەوای مەیامییە و وەکو شارێکی خۆشەویستی خۆت بۆ ژیان هەڵیدەبژێریت.

پاشان یەک رۆژی تەواومان لەبەرچاوگرت. لە چوونە سەر ئیشی بەیانی زووەوە بگرە تا گەڕانەوە بۆ ماڵەوە و ئەو خواردنەی حەزت لێیە و لە حاڵەتی دووەمدا باری کەشوهەوا تەنیا بەشێکی بچووکی بەسەرهاتەکەی بۆ خۆی تەرخانکردبوو. دەتوانین کاتێکی زیاتریش لەبەرچاو بگرین. بۆ نموونە مانگێک یان ساڵێک، لەم حاڵەتەدا دۆخی کەشوهەوا تەنیا بەشێکی بچووکی ژیانت دەگرێتەوە و لەوانەیە بەگشتی لە ژیانت لە نیویۆرک رازی بیت.

زاڵبوون بەسەر هەڵەی تەرکیزدا یەکێکە لە خاڵە گرنگەکان بۆ شادبوون بە ژیانێکی باش و لەو ڕێگەیەوە دەتوانیت لۆجیکیانەتر بیر بکەیتەوە لە بڕیاری بێهوودە خۆت بەدوور بگریت. ئێمە کاتێک مەسەلە و ڕووداوە گرنگەکان وەبیر دێنینەوە زۆرجار حەزدەکەین تەرکیز لەسەر لایەنێک و فاکتەرێکی تایبەتی بکەین و فاکتەرەکانیتر لەبەرچاو نەگرین. بۆ نموونە لەوانەیە یەکێک نیازی کڕینی ئۆتومبیلێکی هەبێت و بیەوێت ئۆتومبیلە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتری بەراورد بکات. ئەو کەسە لەوانەیە تەرکیزی تەنیا لەسەر ڕووکەشی ئۆتومبیلەکە بێت و سەرنجی ئەو خاسیەتانەیتر نەدات کە دەبێت لە ئۆتومبیلێکی باشدا هەبن. لە ڕاستیدا تەرکیزی لەڕادەبەردەر لەسەر ڕووکەشی ئۆتومبیلەکە هەڵەی تەرکیزە و زیاتر لەوەی پێویستە بایەخ بە ڕووکەشی ئۆتومبیلەکە دەدەیت.

ئێستا دەبێت چی بکەین بۆ ئەوەی تووشی ئەو هەڵەیە نەبین؟ ڕێنمایی من ئەوەیە هەوڵ بدەیت بیری خۆت فراوان بکەیت و مەسەلەی زیاتر لەبەرچاو بگریت، هەڵبەتە لەوانەیە دەربڕینی ئەو مەسەلانە کارئاسانی بێت، بەڵام بێگومان ئیشکردن پێی لە هەموو حاڵەتەکاندا قورس دەبێت. ڕێگەم پێبدە زیاتر مەبەستەکەم ڕوون بکەمەوە.

بۆ نموونە منداڵێک لەبەرچاو بگرە کە تازە پێی گرتووە و تەنیا دەتوانێت تەرکیز لەسەر ئەو شتانە بکات کە لەبەر چاویدان. ئەگەر من یەکێک لە یارییەکانی لە کوڕە

بچووکەکەم دووربخەمەوە، یەکسەر دەستدەکات بە قیژە قیژ و وەها ڕەفتار دەکات وەک ئەوەی دنیا ئاخر بووبێت. تەنانەت سەرەڕای ئەوەی یاریی منداڵانی زۆرە و ئەوەی من لێی دوور دەخەمەوە لە یارییە خۆشەویستەکانی نییە. لە ڕاستیدا ئێمە دەبێ فێربین زۆر لەسەر ئەو مەسەلانە تەرکیز نەکەین کە کاریگەریی خێرا و ڕاگوزەریان هەیە لە ژیانماندا. بۆ نموونە چەندین جار ئەوە ڕوویداوە لە گەرمای هاویندا دەرگای سەلاجەم کردۆتەوە، بەڵام هیچ خواردنەوەیەکی ساردی تیا نەبووە، بەڵام لەم کاتانەدا دەست ناکەم بە هاتوهاوار و تووڕەبوونی خۆم بەسەر ئەوانیتردا هەڵنارێژم، چونکە بە ئاسانی دەتوانم تەرکیزی خۆم لەسەر ئاوی سارد یان ساردی لابەرم. لە ڕاستیدا نەبوونی خواردنەوەی سارد ناتوانێت کاریگەرییەکی زۆر وێرانکەری لەسەرم هەبێت و ژیانم نابووت بکات.

بەداخەوە ئێمە زۆر کات زۆر تەرکیز لەسەر شتی بێبایەخ دەکەین و لە لەبەرچاوگرتنی ماوەیەکی زەمەنی زۆر خافڵ دەبین. لە ڕاستیدا ئەگەر ماوەیەکی زەمەنی زۆر لەبەرچاو بگرین هەست دەکەین هەندێ مەسەلە تا چ ڕادەیەک بێبایەخە و بێهوودە کاتی خۆمانیان بۆ بەفیڕۆ نادەین.

لەوانەیە هەمیشە بیر لەوە بکەیتەوە ئەگەر ئیشێکی ترت هەبوایە یان لە جێگایەکی دیکە بژیایتایە، وەزعێکی باشترت دەبوو. تەنانەت لەوانەیە بیر لەوە بکەیتەوە ڕەنگی پێست و قژت لەوەدا ڕۆڵیان هەبووە کە بە ئاواتەکانت نەگەیت،

بەڵام دەبیَ ئەوە قبووڵ بکەیت ئەم مەسەلانە زۆر بایەخیان نییە و وەکو ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە ناتوانن ژیانی تۆ بگۆڕن، کەواتە هەمیشە هەوڵ بدە دیدێکی فراوانت هەبێت و تەنیا هەست و هۆشت لەسەر ئەوە نەبێت کە لەبەرچاوتە. بەدەربڕینێکی دیکە لەوانەیە حاڵی حازر کۆمەڵێک مەسەلە زۆر گرنگ بێنە بەرچاوت، بەڵام لە ئایندەدا وەکو خاڵێکی بچووک دێنە بەرچاوت کە بوون و نەبوونیان لە ژیانی تۆدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت. هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت تەنیا لە حاڵێکدا دەتوانیت بەختەوەر و شاد بیت کە لە ئایندە بڕوانیت و لە حاڵی حازردا بژیت.

بیرمە دواجار کە چوومە پاریس لە ئوتێلی شەنگری لا (Shangri-La) دابەزیم، پیاوێکم بینی بەردەوام سەرکۆنەی خزمەتکار و بەرپرسانی پێشوازی هوتێلەکەی دەکرد، تەنیا لەبەرئەوەی پەنجەرەی ژوورەکەی بەرامبەر بورجی ئیڤڵ نییە و لە ژوورەکەیەوە ناتوانێت بورجی ئیڤڵ ببینێت دەیگوت: "هەموو سەفەرەکەتان لێتێکدام و ئێوەش سەبەبکارن".

من سەرم بادا، ئایا بەڕاستی بینینی بورجی ئیڤڵ لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە ئەوەندە گرنگ بوو، کە ئەو هەموو هاتوهاوارەی لەسەر بکات؟ بە رای من لەباری سیسەم بۆ خەوێکی خۆش و حەوانەوە مەسەلەیەکی گرنگتر بوو، بەهەرحاڵ ئەگەر ئەو پیاوە پێی بخستایەتە دەرەوەی هوتێلەکە، دەیتوانی بە ئاسانی بورجی ئیڤڵ ببینێت، بەڵام ئەو پیاوە کە بەهۆی هاتوهاوارەوە سوورهەڵگەڕابوو، لە

تووڕەییدا خەریکبوو دەتەقییەوە گوێی بەو مەسەلەیە نەدەدا. لە راستیدا هەڵەی تەرکیز، چاو و گوێی داخستبوو، نەیدەتوانی بیر لە شتێکی دیکە بکاتەوە.

هەڵەی تەرکیز سەبارەت بە پارە دەگاتە بەرزترین ئاستی، پێت وایە چەندە بەختەوەر بوویت ئەگەر ملیۆنێر بوویتایە؟ هەروەکو دەزانیت (وارین بیفیت) یەکێکە لە هەرە دەوڵەمەندەکانی سەر زەوی، جارێکیان ژیانی خۆی لەگەڵ هاووڵاتییەکی ئاساییدا بەراورد کردبوو، رایگەیاند بوو جیاوازییەکی زۆر لە نێوان چۆنێتی ژیانی ئەو و کەسێکی ئاساییدا نییە. بیفیت هەمیشە هەوڵدەدات بە سادەیی بژی و دۆشەکی ئاسایی بۆ سیسەمەکەی بەکاردێنێت. سەرەڕای ئەوەش جلوبەرگی گرانبەها ناکرێت و خواردنی گرانبەهاش ناخوات. هەروەها مێز و کورسی ژووری ئیشەکەی تەواو ئاسایی و سادەن و لە ساڵی (١٩٦٣)وە تا ئێستا شوێنی ئۆفیسەکەی نەگۆڕیوە. ئۆفیسەکەی لە (ئۆماها (Omaha) لە نیبراسکا (Nebraska) لە بینایەکی تەواو ئاساییدایە، ئەگەر بتەوێت ژیانی ئەو لەگەڵ ژیانی خۆتدا بەراورد بکەیت هەست دەکەیت ژیانی هیچی زیاتر نییە لە ژیانی کەسێکی ئاسایی.

لەوانەیە جیاوازی بیفیت تەنیا ئەوە بێت کە فڕۆکەیەکی مەدەنی تایبەتی هەیە، کە بەهەرحاڵ سەفەرکردن پێی ئەوەندە جێی ستایش نییە، چونکە دەبێ دان بەوەدا بنێم کورسییەکانی ئەوەندە بچووکن ئەشکەنجەت دەدەن، هەڵبەتە ئەم مەسەلەیەش ئەوەندە گرنگ نییە، چونکە لەوانەیە بیفیت

تەنیا یەک لەسەر دەی ژیانی لەناو فرۆکەکەیدا بەسەر بەرێت. بەهەرحاڵ هەوڵ بدە ژیانی خۆت بە تەرکیز لەسەر مەسەلە هیچەکان وێران نەکەیت.

(12)

## هەندێ جار شتی زۆر دەکڕیت

## بۆچی دەبێت قەبارەی کڕینمان کەم بکەینەوە و ئەزموونمان زیاد بکەین؟

بە بینینی ئۆتومبیلەکەت چەندە چێژ دەبینیت؟ لە سفرەوە تا دە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەرەوە. ئەگەر ئۆتومبیلت نییە، لەم پرسیارەی سەرەوەدا خانووەکەت بخەرە شوێنی، تەنانەت ئەگەر خانووشت نییە، دەتوانیت لاپ تۆپ، پاسکیل یان شتێکی دیکە بخەیتە شوێنی. لە تاقیکردنەوەیەکی دەروونزانیدا نۆربێرت شوارز (Norbert Schwarz) و دانیێڵ کۆنمان (Daniel Kohneman) و تینگ شی (Jing xu)، ئەم پرسیارەیان لە ماتۆڕسواران کرد و وەڵامەکانیان لەگەڵ بڕی ئەو پارانەدا بەراورد کرد کە دابوویان بە ماتۆڕەکانیان، بۆیان دەرکەوت خاوەن ماتۆڕەکان هەرچەندە پارەی زیاتریان دابێت بە ماتۆڕەکانیان زیاتر خۆشیاندەوێت و چێژی زیاتر لە سواربوونی دەبینن. ئەگەر بمەوێت نموونەیەکی تر بهێنمەوە دەبێت بڵێم (BMW7) بەراورد بە فۆردی ئیسکۆرت (Ford Escort)، چێژێکی زیاتر بە کڕیارانی دەدات، نەک لەبەرئەوەی مواسەفاتی زیاتری هەیە بەڵکو تەنیا لەبەرئەوەی گرانترە و ئەوانەی هەیانە پارەی زیاتریان پێداوە. بەدەربڕینێکی دیکە هەرچەندە دەگمەنتر بێت باشترە. ئەگەر کەسێک پارەیەکی زیاتری دابێت بە

هۆکارێکی گوێزانەوە یان هەر شتێکی دیکە بە بەها لە قەڵەمی دەدات و چێژ لە بینینی دەبینێت.

ئێستا دەمەوێت پرسیارێکی جیاوازتان لێبکەم:

کە دوا سەفەرت بە ئۆتومبیلەکەت کرد تا چەند لێی رازیبوویت؟ لەو تاقیکردنەوەیەدا کە لەسەرەوە باسکرا دەروونزانان ئەم پرسیارەیان لە خاوەنی ماتۆڕە لۆکسەکان کرد و دووبارە وەڵامەکانیان لەگەڵ ئەو پارەیەدا بەراورد کرد کە دابوویان بە ماتۆڕەکانیان، سەبارەت بە پرسیاری دووەم هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ماتۆڕەکە و رەزامەندیی خاوەنەکانیاندا لەو سەفەرەی پێیان کردبوو، بەدینەدەکرا. وێڕای ئەوەش زۆربەیان باسی ئەوەیان دەکرد هیچ لە سەفەرەکەیان رازی نەبوون و ترافیک لێی تێکداون.

وەڵامەکانی بەشدارانی تاقیکردنەوەکە بۆ پرسیاری یەکەم ئەوە نیشاندەدات هەرچەندە پارەی زیاتریان دابێت بە ماتۆڕەکە و لۆکستر بێت هەستێکی خۆشتریان هەیە. لە کاتێکدا وەڵامی پرسیاری دووەم ئەوە نیشاندەدات هیچ پەیوەندییەک لە نێوان چێژبینین لە سەفەرەکە و نرخی ماتۆڕەکەدا نییە. لەوانەیە ئەو پرسیارەت لەلا دروست بێت، ئاخر چۆن شتی وادەبێت؟

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم بە ئاسانی مێشکت تەنیا تەرکیزی لەسەر خودی ماتۆڕەکە و ماهیەتەکەیەتی، بەڵام سەبارەت بە پرسیاری دووەم تەواو بیر لە شتی جیاواز دەکەیتەوە، بۆ نموونە تەلەفۆنێکی ناوەخت کە لە

کۆمپانیاکەتەوە کراوە، یان ترافیک یان شۆفێرێکی گەمژە کە لەبەردەمتدایە. لە راستیدا کاتێک بەدیاریکراوی بیر لە ئۆتومبیلەکەت دەکەیتەوە هەست بە خۆشحاڵی و رەزامەندیی دەکەیت، بەڵام کاتێک لێی دەخوڕیت لەوانەیە ئەو هەستەت نەبێت کە ئەمەش دیسان دەگەڕێتەوە سەر هەڵەی تەرکیز کە لە بەشی پێشوودا بەتەواوی بۆم باسکردن.

هەڵبەتە نابێت ئەم مەسەلەیە تەنیا بدەینە پاڵ هۆکاری گواستنەوە. هەڵەی تەرکیز کاریگەری لەسەر هەموو کڕین و سەرمایەگوزارییەکانت دەبێت. بەدەربڕینێک کاتێ بیر لە (X) دەکەیتەوە سەبارەت بەو کاریگەرییەی (X) دەتوانێت لە ژیانتدا هەیبێت زیادەڕەوی دەکەیت. ئیتر ئەو (X)ە هەر شتێک یان هەر کەسێک بێت، بۆ نموونە ڤێلایەک، تەلەفزیۆنێکی پلازمای گەورە، کاتێک بیر لەو پارەیە دەکەیتەوە کە پێت داوە، شانازیی بە خۆتەوە دەکەیت کە ئەو کەسە یان ئەو شتەت لەبەردەستدایە، بەڵام ئەگەر تەرکیز لەسەر قسەی رۆژانە یان بەکارهێنانی ئەو شتە بکەیت، هەست دەکەیت ئەوانەی پێشوو کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە لەسەر خۆشحاڵیت. تەنانەت بەجۆرێک دژی پێشکەوتنت لێک دەدرێنەوە و لە کۆتاییدا هەوڵدان بۆ هێشتنەوە و پاراستنیان بارت قورس دەکەن و بەدبەختت دەکەن.

لەوانەیە باوەڕکردن بە شتێکی ئاوا بەلاتەوە قورس بێت. لەو حاڵەتەدا باشتر وایە نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە: وایدابنێ کۆشکێکی رازاوەت لە کەناری شارە کەشوهەوا خۆشەکان

کرێیوە و بە درێژایی سێ مانگی یەکەم تیایدا دانیشتوویت و بە هەر پانزە ژووری کۆشکەکەت خۆشحاڵ بوویت و هەموو شتێک بەلاتەوە جوان و سەرنجڕاکێشە، بەڵام دوای سالێک کۆشکەکەت هەموو جوانی و سەرنجڕاکێشییەکی یەکەمجاری لەدەستدەدات و ئیتر لەبەرچاوت ئەوەندە جوان و سەرنجڕاکێش نییە و سەرقاڵی چەند بابەتێکی گرنگتریت. بێگومان کۆمەڵێ مەسەلە لە دنیای دەرەوەی تۆ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و ئیتر ناچار نیت لە بینایەکی کرێ لەناو شاردا بژیت، ئێستا خاوەنی باخێکی رازاوە و کۆشکێکی پانزە ژووریت. بێگومان خانوویەکی ئاوا گەورە بەتەنیا خۆت ناتوانیت پاکی بکەیتەوە و ناچاریت باخەوانێک و پاکەرەوەیەکی بۆ بگریت. سەرەڕای ئەوەش لە شار دوور کەوتوویتەتەوە، لە جیاتی بڕینی ماوەیەکی بیست دەقەیی هەتا کتێبفرۆشیی ناوەندی شار، دەبێت یەک سەعات بەڕێگەوە بیت تا دەگەیت، ئەگەر بتەوێت بە باشی سەیری مەسەلەکە بکەیت، هەستدەکەیت کۆشکەکەت کۆمەڵێ سەرئێشەی بۆ دروستکردوویت و لەوانەیە لە شادی و بەختەوەریشتی کەمکردبێتەوە.

هەڵبەتە ئەم نموونەیە تەواو خەیاڵی بوو، بەڵام لە ژیانی واقیعیشدا شتی وام دیوە. یەکێک لە هاوڕێکانم کەشتییەکی هەبوو، بەڵام ماوەیەکی زۆر بەرگەی نەگرت و خێرا فرۆشتی. لەوانەیە ئەو ئیشەی هاوڕێکەم گەمژانە بێتە بەرچاوت، بەڵام مرۆڤ هەر کاتێک بەر بەزەرەر بگرێت قازانجی کردووە.

هاوڕێکەم باوەڕی وایە باشترین ڕۆژەکانی خاوەنی کەشتییەکی خۆشگوزەرانی دوو ڕۆژە. ئەو ڕۆژەی دەیکڕێت و ئەو ڕۆژەی دەیفرۆشێت.

هەروەکو دەبینیت دەبێت باشی و خراپی هەر شت و هەر کەسێک لەبەرچاو بگریت و تەنیا خەرجی مادی و مەعنەوی کە بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتە یان ئەو کەسە دەیدەیت چاوت کوێر نەکات. هەڵبەتە کۆمەڵێ مەسەلەش هەن هەرچەندە پارەیان تێدا خەرج بکەین قازانج دەکەین و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار قەت پەشیمان نابینەوە، وەکو ئەزموون وەرگرتن، ئەگەر ئەزموونێکی چێژ بەخشت هەبێت، دڵ و مێشکت بەرەو لای دەفڕێت. کەواتە باشتر وایە لە جیاتی شت و کەسەکان تەرکیز لەسەر ئەزموون بکەیت. دەبێت ئاگامان لەوە بێت ئەزموون بۆ ئێمە خەرجییەکی کەمتری دەوێت و ئاسایی دژی پێشکەوتنمان لێک نادرێتەوە. ئەزموون لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و سەفەر لەگەڵ خێزان و تێکەڵاوی لەگەڵ هاوڕێیاندا بەدەستدێت. هەڵبەتە بۆ بەدەستهێنانی هەندێک ئەزموون پێویست دەکات خەرجی زۆر بکەیت، وەکو سەفەر بەدەوری دنیادا یان سەفەر بۆ بۆشایی ئاسمان. ئەگەر کەسێک دەرەقەتی خەرجی ئەم جۆرە سەفەرانە بێت، باشتر وایە پارەکانی لەم ڕێگایەدا خەرج بکات نەک ئەوەی بڕوات کۆمپانیای ئوتومبیلی پۆرش (Porcshe) دابنێت.

تەنانەت لە هەندێ کاتدا دەشێت ئیشکردنیش ئەزموونێکی باڵا بێت بۆت. هەندێ کات ئیشەکەت یارمەتیت دەدات بۆ

ئەوەی مێشکت زیاتر لەسەر خۆی بێت و فکرت روونتر و لۆجیکیتر بێت. هەروەها ئیشکردن فێرت دەکات لەگەڵ کەسانی دی ئیش بکەیت و بۆ ماوەیەکی زۆر تەرکیزت بپارێزیت. هەڵبەتە لەوانەیە ئیشکردن لەگەڵ کەسانی دی ئەوەندە بەلاتەوە خۆش نەبێت و بە ئاسانی گیرۆدەی دڵەڕاوکیٚ و قسەی پووچ بیت و واز لەوە بهێنیت.

ئەم مەسەلەیە یەکێکە لەو هۆکارانەی منی بەرەو نووسین برد. من حەزم لە نووسینە و زۆر کات لەبەر دڵی خۆم هەندیٚ شت دەنووسم. حەزم لە کتێب خوێندنەوەشە و لە بینین و خوێندنەوەی کتێبی تازە زۆر چێژ دەبینم و بەردەوام بۆنی دەکەم، بەڵام لەگەڵ کڕینی کتێبی تازەدا ئیتر واز لە وردبوونەوە لە کتێبە کۆنەکە دەهێنم و دەچم بەلای کتێبە تازەکەوە.

بە باوەڕی من هیچ ئیشێک لەوە گێلانەتر نییە کە چەندین سەعات بۆ ئیشێک تەرخان بکەیت کە چێژی لیٚ نابینیت، بەڵام پارەیەکی زۆرت لێی دەستدەکەوێت و ئەو پارەیە دەدەیت بە شتی بێکەڵک و هیچ. وارین بیفیت بە شێوەیەکی تر ئەم مەسەلەیە دەردەبڕێت: "ئیشکردن لەگەڵ کەسانێکدا کە هیچ ئاسوودە نیت لەگەڵیاندا و تەنیا لەبەر خاتری پارە ئیشیان لەگەڵ دەکەیت، وەکو زەماوەندێک وایە لەبەر خاتری پارە کە بەهەرحاڵ بیرۆکەیەکی خراپ و گێلانەیە، بەڵام ئەگەر ئێستا پارەت هەیە و لەبەر پارەی زیاتر خۆت دەخەیتە نارەحەتییەوە، گومانت نەبێت تۆ شێتێکی عەیار بیست و چواریت."

ئێستا کە سەبارەت بە هاوسەری قسە هاتە ئاراوە باشتر وایە خاڵێکت بۆ باس بکەم. هاوسەری دەشێت خۆی ئەزموونێکی باش بێت بۆت. ئەوەت لەبیر بێت پەیوەندییەک کە ناتوانێت بەختەوەرت بکات تەواو گێلانە و بێکەڵکە، نابێت بەبیانووی نەبوونی بژاردەیەکی باشتر یان لەبەر قسە و رای کەسانیتر بچیتە ژێر باری. لە راستیدا بۆ هیچ شتێک نابێت پەلە بکەیت، دیارە ئەوە راستە لە هەموو پەیوەندییەکاندا رۆژانی ناخۆشیش هەیە، بەڵام هەمیشە ئەوەت لەیاد بێت نابێت رۆژە ناخۆشەکان لە رۆژە خۆشەکان زیاتر بن و زۆر جار هەست بە ناخۆشی بکەیت. بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەر هەوری گەردەلوول دەرکەوت هەوڵ بدە ببینیت کێشەکە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و لەگەڵ یەکتری پێکبێن، بەڵام ئەگەر هەوڵەکانتان نەگەیشتە ئەنجام، کاتی ئەوەیە کۆتایی بە پەیوەندییەکەتان بێنن. هەڵبەتە دەزانم لەوانەیە بەلاتەوە قورس بێت واز لە یەکێک بهێنیت کە ساڵانێکی زۆر لەگەڵیدا ژیاویت، بەڵام چارەیەکی ترت نییە و هەرچی زووتر بەر بە زەرەر بگریت قازانجت کردووە.

لە کۆکردنەوەی قسەکانمدا دەبێت بڵێم سەبارەت بە بەها و رۆڵی کالاکان لە باشکردنی ژیانتدا زیادەڕەوی مەکە و لە گرنگی ئەزموون غافڵ مەبە. هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت چێژ و خەیاڵی باش کە لە کڕینی شتێکەوە دەستت دەکەوێت بە زوویی لەناو ژیانی رۆژانە و کێشەکانیدا ون دەبێت، بەڵام سەبارەت بە ئەزموون ئەم بابەتە تەواو جیاوازە و

ئەزموونەکانت قەت کۆن و بێکەڵک نابن. لەوانەیە ئێستا مەسرەفت کردبێت و خاوەنی ئوتومبیلی لیمۆزینی گرانبەها بیت، بەڵام ئاگات لێبێت خۆت ون نەکەیت و بە ئاگاییەوە بەکاری بێنە و چێژی لێ ببینە. لەوانەیە هەموو ڕۆژێک پاکی بکەیتەوە و بیکەیت بە ئاوێنە، یان لەوانەیە خەیاڵت لەسەر شتێکی وەکو پێڵاوی پاژنەبەرزی سوور بێت و هەموو شەوێک خەونی پێوە ببینیت، بەڵام بەهەرحاڵ هەوڵبدە لۆجیکی بیت و تووشی هەڵەی تەرکیز نەبیت. هەمیشە ماوەی زەمەنی درێژخایەن لەبەرچاو بگرە و بزانە ئایا ئەو شتە لە درێژخایەندا سوودی دەبێت بۆت یان نا.

## (13)
## پـــــارە، پاراستنی ئازادی

گریمان خۆر خەریکە پشتت دەسووتێنێت و لە جێگایەکی گەرم و تاقەتپڕوکێندا گیرت خواردووە. قوڕگ و زمانت وشک بووە و دوو رۆژە تەنانەت یەک قومیش ئاوت نەخواردۆتەوە و لەسەر زەوی پەلەقاژە دەکەیت بەو هیوایەی خۆت بگەیەنیتە ئاوی مێرگێک کە لە دووریی چەند کیلۆمەترێکەوە دەیبینیت، لەم حاڵەتەدا ئامادەیت چەند پارە بدەیت بۆ ئەوەی کەسێک ئاوت بداتێ؟

ئێستا وایدابنێ پارەت داوە و کەسێک ئاوی داوە پێت، بەڵام تا رادەیەکی زۆر تینوێتیت نەشکاوە. لەم حاڵەتەدا ئامادەیت چەند پارە بدەیت بۆ بتڵی دووەم و سێهەم؟

بێگومان ئەگەر تۆ کەسێکی خۆڕاگری بەهێز و بەدەسەڵات نەبیت بۆ سەرکوتکردنی پێداویستییە بەدەنییەکان ئامادەی هەموو سامانی خۆت و تەواوی ماف و ئیمتیازی خانەنشینی و ماڵەکەشت بدەیت بەو کەسەی لە تینوێتی رزگارت دەکات، بەڵام بۆ بتڵی دووەم ئەوەندە ئارەزوومەند نابیت و لەوانەیە تەنیا سەعاتەکەت بدەیت و بۆ بتڵی سێهەم لەوانەیە هەر هێدفۆنەکەتی بدەیتێ، بەڵام بۆ جاری چوارەم لەوانەیە ئامادە نەبیت تەنانەت گۆرەوییەکانیشتی بدەیتێ. ئابووریناسان بۆ روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەستەواژەی (کەمبوونەوەی سنووری بەکەڵکهاتن) بەکاردەهێنن. بەو مانایەی هەر بتڵێکی

زیادە بە نیسبەت بتڵی پێش خۆیەوە سوودی کەمترە و ئیتر ناتوانێت وەکو یەکەم بتڵ مایەی ڕەزامەندیت بێت بۆ ئەوەی پارەی زیاتری پێبدەیت و دوای ماوەیەک ئیتر ئامادە نیت هیچ پارەیەک بدەیت بەو کاڵایە یان بەو خزمەتگوزارییە. ئەم بابەتە تەقریبەن سەبارەت بە هەموو شتەکان لەوانیش جلوبەرگ و خواردن و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان راستە. تەنانەت سەبارەت بە خودی پارەش دەتوانیت ئەمە بەکاربهێنیت. لەم بارەیەوە پرسیارێکی کۆن هەیە کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا لای مرۆڤ هەبووە.

تۆ پێویستت بە بڕێکی چەند پارەیە بۆ ئەوەی تەواو تێر بیت لێی و قەناعەت بکەیت و هەست بکەیت لەوە زیاتر هیچ کاریگەرییەکی لەسەر باشکردنی ژیانت نابێت؟ بێزەحمەت پێش ئەوەی باقی کتێبەکە بخوێنیتەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەرەوە و لە گۆشەیەکی کتێبەکەدا بینووسە.

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان نیشانداوە ئەگەر هەژار بیت، پارە رۆڵێکی گرنگ لە ژیانتدا دەبینێت. بێگومان نەهامەتی دارایی و دەسکورتی لەڕادەبەدەر بە نەگبەتی و بەدبەختی رووت حساب دەکرێت، ئەگەر تۆ دەرامەتێکی مامناوەندیت هەبێت، بە بڕی (٣٨) هەزار دۆلار لە ساڵێکدا، پارەی زیادە ئەوەندە بەلای تۆوە گرنگ نییە و سەرسامت ناکات. ئەگەر دەرامەتت لە (٧٥) هەزار دۆلار زیاتر بێت، ئیتر دەرامەتی زیاتر کاریگەری لەسەر شادی و خۆشحاڵیت نییە. هەروەها بۆ پارەی زیاتریش راستە. ئێستا تەسەوری ژیانی

ملیاردێرێک بکە لە بەیانی هەتا ئێوارە. باشە تەنانەت کەسانی دەوڵەمەندیش ددانیان دەشۆن. ئەوانیش ئاسایی بەدەست بێخەوی یان خەوزڕانەوە دەناڵێنن و ئاسایی لەماڵەکانیاندا شەڕی قورس دەقەومێ. هەروەها وەکو هەموو مرۆڤەکان پیری و مردن و ترس ئەزموون دەکەن. وێڕای ئەوەش ناچارن لەگەڵ کەسانی زۆردا مامەڵە بکەن و وەڵامی رای گشتی بدەنەوە. هەروەها داوەتنامەی زۆریان بۆ دەچێت کە دەبێت یەک بەیەکیان بخوێننەوە و وەڵامی پێویستەکان بدەنەوە. باشە هەبوونی حەوزێکی گەورە لە باخی ماڵیاندا دەتوانێ ئەو هەموو بەدبەختییەی دێنە رێیان چارە بکات؟

لە تاقیکردنەوەیەکی بەناوبانگدا کە ساڵی ١٩٧٨ کراوە لێکۆڵەران رادەی رەزامەندی براوەکانی یانسیبی لۆتێری (Lottery) یان لە ژیانی خۆیان هەڵسەنگاند و بۆیان دەرکەوت تەنیا چەند مانگ دوای دەرچوونی یانسیبەکە، براوەکان شەوق و زەوقی سەرەتایان نییە و لە رووی ئاستی رەزامەندییەوە وەکو پێشوویان لێهاتۆتەوە.

ئابووریناسی بەناوبانگ ریچارد ئیستەرلین (Richard Easterlin) لە لێکۆڵینەوەیەکدا ئاستی رەزامەندی خەڵکی لە ژیانیان لە ساڵی (١٩٤٦)دا بە نیسبەت ساڵی (١٩٧٠)ەوە هەڵسەنگاندووە، بۆی دەرکەوتووە ئەگەرچی ئاستی ژیان لە ساڵی ١٩٧٠دا بەپێی سێ دەیەی پێش خۆی گەشەیەکی بەرچاوی کردووە (لە ساڵی ١٩٧٠ دا تەقریبەن هەموو هاووڵاتیانی ئەمریکا ئۆتومبیل و سەلاجە و غەسالە

و ئاوی گەرم-یان هەیە)، بەڵام ئاستی رەزامەندیان لە ژیان گۆڕانکارییەکی بەرچاوی پێوە دیار نییە. هەروەها ئیستەرلین ئەم لێکۆڵینەوەیەی لە هەژدە وڵاتی تردا کرد، بەڵام ئەنجامەکان یەکسان بوون و هیچ جیاوازییەکی بەرچاو نەبوو. بە دەربڕینێکی دیکە ئاستی رەزامەندی خەڵک لە ژیانیان لە ساڵی (١٩٧٠) دا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ساڵانی دوای دووەم جەنگی جیهاندا نەبوو. لە ئەنجامدا مادە و باشبوونی چۆنێتی کاڵاکان هیچ پەیوەندییەکیان بە ئاستی رەزامەندی ئێمەوە نییە لە ژیان کە بەم ریسایەش دەڵێن پارادۆکسی ئیستەرلین. لە راستیدا لە کاتێکدا کە پێداویستییە سەرەتاییەکانمان دابین بێت زیادەی دەرامەت و سوودی داراییمان هیچ کاریگەرییەکی نابێت لەسەر ئاستی شادی و رەزامەندیمان لە ژیان، بەم پێیە بۆچی ئێمە هەمیشە حەزدەکەین ببینە ملیۆنێر و هەموو ئەو بنەمایانە پێشێل دەکەین کە چەندین جار تاقیکراونەتەوە و وەڵامی خۆیان وەرگرتووە؟ لە وەڵامدا دەبێت بڵێم سامان گۆتەیەکی رەها نییە، بەڵکو نیسبییە. بهێڵە با روونتر مەبەستەکەم روون بکەمەوە. گریمان تۆ و شەریکەکەت گرێبەستێکی زۆر باش و بەسوودتان لەگەڵ کڕیارانتاندا ئیمزا کرد. ئێستا کام لەم دۆخانەی خوارەوەت پێباشە؟

١- تۆ دە هەزار دۆلار سوودی خۆت هەڵدەگریت لە کاتێکدا شەریکەکەت هیچی بەنیسب نابێت.

٢ - تۆ پانزە هەزار دۆلار سوودی خۆت وەردەگریت و شەریکەکەت بیست هەزار دۆلار.

ئەگەر تۆ وەکو عامی خەڵک بیت بێگومان پێت باشە بژاردەی یەکەم هەڵبژێریت تا ئەوەی ببینیت هاورێکەت لە تۆ زیاتر قازانجی کردووە. هەرچەندە لە حاڵەتی دووەمدا پارەی زیاتریشت دەستدەکەوێت.

گریمان زەوییەکی باشت کڕیوە و تیایدا خانوویەکت دروستکردووە کە خانووەکە زۆر جوان و کەشخەیە و ژووری زۆری هەیە، ساڵێک دوای ئەوە کەسێک زەوییەکەی تەنیشتت دەکڕێت و وەکو تۆ خانوویەکی تێدا دروست دەکات کە لە خانووەکەی تۆ جوانتر و باشترە و خانووەکەی تۆ لەبەرامبەریدا وەکو گەنجینەیەک وایە. لەم بارودۆخەدا فشاری خوێنت بەرزدەبێتەوە و ئاستی ڕەزامەندیت لە ژیان کەم دەبێتەوە تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا کە باری ژیانت هێشتا باشە.

لە ئەنجامدا پارە و سامان گۆتەیەکی نیسبییە و هەمیشە ئاستی دەرامەت و سامانت لەگەڵ کەسانی تر و رابردووی خۆتدا بەراورد دەکەیت. بە دەربڕینێک ئەگەر تۆ ساڵانە پەنجا هەزار دۆلار دەرامەتت هەبێت و ئەم شێوازە بۆ نیوەی قۆناغی ئیشکردنت بەردەوام بێت، پاشان لە قۆناغی دووەمی ئیشکردنتدا حەفتاو پێنج هەزار دۆلار وەربگریت، لە کۆتاییدا هەستی شادییەکی زیاترت دەبێت بەنیسبەت حاڵەتێکەوە لە قۆناغی یەکەمدا حەفتاو پێنج هەزار دۆلار

دەرامەتت هەبێت، پاشان دابەزێت بۆ شەست هەزار دۆلار. تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا کە لە حاڵەتی دووەمدا ناوەنجی دەسکەوتت بەنیسبەت یەکەمەوە زیاترە.

باشـە، هەندێک کـەس بـاوەڕیـان وایـە هـەرئـەوەی کە دەرامەتت لە ژێر خەتی هەژاریدا نییە و دەتوانیت پێداویستییە سـەرەکـی و سـەرەتاییەکانی ژیانت دابین بکەیت، دەبیٚ شوکری خوا بکەیت، لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە، بەڵام بەهەرحاڵ بزانە خۆت دەتوانیت بڕیار بدەیت کە پارە و سامانەکەت دەبێتە هۆی خۆشحاڵیت یان بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی غەمگینیت.

چەند بنەمایەک کە سەروکاریان لەگەڵ پارە و سامان هەیە، خراپ نییە لێرەدا بیانخەمەڕوو.

خاڵی یەکەم

پارە بێبەها و هیچە، لەوانەیە چەندین جار لەسەر هەمان پـارەی بێبەها لەگەڵ بەرپرسەکەت مشومڕت کردبێت و تەنانەت ئیشەکەی خۆشت گۆڕیبێت. ئاسایی کاتیٚ بە بەرپرسەکەت دەڵێیت: پێویستم بە تۆی ساختەچی و پارە پیسەکەت نییە. پاشەکەوتت ئەوەندەیە بەشی چەند مانێگێکی بێکاریت بکات و نەکەویتە قەیرانی داراییەوە. لەم حاڵەتەدا دەتوانیت بە ئاسانی لە شەڕی بەرپرسەکەت رزگار بیت. تەنانەت گرنگتر لە سەربەخۆیی دارایی کە پاشەکەوتەکەت بەدیاری بۆت دەهێنێت، دەتوانیت کاتێک تەرخان بکەیت بۆ

بیرکردنەوە لە چاکردنی شێوازی ژیانت، بەم پێیە ئەگەر هەتا ئێستا پارەت پاشەکەوت نەدەکرد و هەمیشە بەفیڕۆت دەدا، باشتر وایە شێوازی ژیانی خۆت بگۆڕیت و تا رادەیەکی زۆر خەرجی ناپێویست کەم بکەیتەوە. هەرچەندە ئاستی خەرجیت کەمتر بێتەوە زووتر دەگەیتە سەربەخۆیی دارایی، بەهەرحاڵ هەستێکی خۆشت دەبێت کە بزانیت هەمیشە پارەت لەبەردەستایە و هەندێک لە سەرمایەی خۆتت بۆ رۆژی رەش هەڵگرتووە.

خاڵی دووەم

ئەوەیە ئەگەر دەسکەوتت کەمێک سەرکەوت یان دابەزی مەشڵەژێ، لەوانەیە نرخی ئەو پشکانەی لە بۆرسە کڕیوتە ئەمڕۆ لە سەدا یەک زیاد یان کەم بکات، بەڵام نابێ لەمەدا هەست بە نیگەرانی بکەیت. بەگشتی زۆر بیر لە پارە و سامان مەکەرەوە، چونکە ئاسایی بەیەکجار مایەپووچ نابیت.

خاڵی سێهەم

ئەوەیە هەرگیز خۆت لەگەڵ توێژی خۆشگوزەران و دەوڵەمەندی کۆمەڵگەدا بەراورد مەکە، چونکە ئەو مەسەلەیە غەمگینت دەکات، تەنانەت ئەگەر ناتوانیت واز لە بەراورد بێنیت، باشتروایە خۆت لەگەڵ کەسانێکدا بەراورد بکەیت کە لە تۆ هەژارترن، بەڵام باشترین بژاردە و رێنمایی من ئەوەیە بەهیچ جۆرێک خۆت لەگەڵ کەسانی تردا بەراورد مەکە.

خاڵی چوارەم

ئەگەر ئێستا دەوڵەمەندیت خۆت ون مەکە. هەندێ جار سامان، کەسانی دی بەرچاوتەنگ دەکات. کڕینی کەشتی رابواردن کاتێ پارەت زۆرە، ئیشێکی زۆر ئاسانە، هەموو کەسێ دەرەقەتی دێت. بەم پێیە ئەگەر دەوڵەمەندی هەوڵ بدە بە قەناعەت بیت و بە دەستبڵاوی لەڕادەبەدەر خۆت و کەسانی تر بێتاقەت مەکە.

بەگشتی کاتێ ئاستی دەرامەتت لە سەروو هێڵی هەژارییەوە بێت و پاشەکەوتێکی باشت هەبێت، ئیتر پارە بە فاکتەرێکی چارەنووسساز بۆ ئاستی خۆشحاڵی و رەزامەندیت لە ژیان حساب ناکرێت. بەم پێیە باشتر وایە تەرکیز لەسەر کۆمەڵێک مەسەلەی تر بکەیت و بەردەوام سەرقاڵی کەڵەکردنی پارە و سامان نەبیت، ئاگات لێبێت لە نێوان بەختەوەریی راستەقینەی مرۆڤ و پارەدا هیچ پەیوەندییەک نییە.

(14)

## بازنەی رکابەری

## بۆچی گرنگە سنووری خۆت بزانیت؟

کەس ناتوانێت لافی ئەوە لێبدات هەموو نهێنییەکانی جیهان دەزانێت، لەبەرئەوەی ئەم جیهانە پڕە لە ئاڵۆزی کە مێشکی مرۆڤ ناتوانێت لە هەموو وردەکارییەکانی تێبگات. تەنانەت ئەگەر کەسێکی خاوەن بڕوانامە بیت تەنیا دەتوانیت لە بەشێکی بچووکی راز و رەمزەکانی بوون تێبگەیت و ئەم بەشە بچووکە دەتوانێت پەڕوباڵی فڕینت بێت و بتگەیەنێت بە خەونەکانت، بەڵام تەنانەت ئەگەر لە دۆزینەوەی ئەم کلاورۆژنە بچووکە خافڵ بیت هەمیشە لە چالایی و کێشەکاندا نقووم دەبیت و هەرگیز ناتوانیت بفڕیت.

وارین بیفیت، ئەو شارەزاییانەی هەر مرۆڤێک بۆ رێکخستنی ژیانی فێری بووە ناو دەنێت بازنەی رکابەری، بێگومان هەرچەندە شارەزایی زیاتر بەدەستبهێنیت ئەم بازنەی رکابەرییە گەورەتر دەبێت. هەڵبەتە کۆمەڵێک مەسەلەش هەن ئێمە هەرگیز ناتوانین لێیان تێبگەین، بەڵام لەوانەیە لە بێخەوە ئیشمان بەو بابەتانە نەبێت و لە پێشکەوتنماندا کاریگەرییان نەبێت. بۆیە وارین بیفیت باوەڕی وایە، باشتر وایە سنووری خۆمان بزانین و نەیبەزێنین، هەڵبەتە گرنگ نییە سنوورەکانت فراوان بن یان بچووک بن، گرنگ ئەوەیە باش بزانیت تا کوێیە. چارلی مەنگەر هاوکاری بیفیت باوەڕی

وایە دەبێت ئاگات لەوە بێت لە چ بوارێکدا توانات هەیە و بە باشترین شێوە خاڵە پۆزەتیڤەکانی خۆت بەکاربهێنیت، بەڵام ئەگەر بتەوێت لە ئیشێکدا سەرکەوتوو بیت کە بە هیچ شێوەیەک شارەزاییت تێیدا نییە، بێگومانماندوو و پەرێشان دەبیت و هیچی پێناکەیت، تۆم واتسۆن (Tom Watson) دامەزرێنەری (IBM) باشترین نموونەی ئەم بابەتەیە. باوەڕی وایە بە هیچ شێوەیەک لە هەموو بوارەکاندا زیرەک و شارەزا نییە، بەڵکو تەنیا لە هەندێ مەسەلەدا راست و دروست ئیش دەکات، بۆیە تەنیا تەرکیزی لەسەر ئەو بوارانەیە.

کەواتە باشتر وایە لە کاتی هەڵبژاردنی پیشەکەی خۆتدا زۆر بایەخ بەو بابەتە بدەیت، لەبەرئەوەی ئەگەر هەموو تەرکیزی خۆت بخەیتە سەر ئەو بوارەی شارەزاییت تیایدا هەیە، بێگومان ئەنجامێکی باشترت دەستدەکەوێت. هەروەها بە نیسبەت خۆتەوە هەستێکی باشترت دەبێت، چونکە سەرکەوتن لە ئیشەکەتدا هەستی گەورەیی و بەتواناییت پێدەبەخشێت، وێڕای ئەوەش کارامەییەکی باشترت دەبێت و پێویست ناکات بۆ هەر ئیشێکی بچووک لەو بوارەدا کە حەزت لێیە ماوەیەکی زۆر بیر لە شێواز و هەڵسەنگاندنی بکەیتەوە. ئەگەر لەگەڵ خۆتدا مکوڕ و راستگۆ بیت، ئیتر ناکەویتە ژێر کاریگەریی قسەی کەسانی ترەوە و هەموو داوایەکی نالۆجیکی قبووڵ ناکەیت.

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کاتێک نابێت سنووری خۆت ببەزێنیت. باشم لە یادە چەند ساڵێک پێش ئێستا خاوەنکارێکی دەوڵەمەند و سەرکەوتوو پێشنیازی یەک ملیۆن یۆرۆی بۆ کردم بۆ ئەوەی ژیاننامەی بنووسم. ئەم ئۆفەرە زۆر ئیغراکەر بوو، بەڵام من قبووڵم نەکرد، چونکە لە بواری نووسینەوەی ژیاننامەدا شارەزاییەکی قووڵم نییە. جگەلەوەش نووسینی ژیاننامەیەکی باش پێویستی بە چاوپێکەوتنی زۆر لەگەڵ خاوەنی ژیاننامەکە و لێکۆڵینەوەی فراوان هەیە و پێویستی بە شارەزایی جیاواز هەیە کە بۆ نووسینی رۆمان و چیرۆکی واقیعی پێویستن. بە زمانێکی سادە من شارەزایی و توانای نووسینی ژیاننامەم نییە و بێگومان گێژ دەبم و سەرم لێتێک دەچێت و لە کۆتاییدا کتێبێکی قۆڕی لێدەردەچێت.

لە کتێبی هۆشی ریسک (Risk Intelligence) ی دیلان ئیڤانس (Dylan Evans) دا باسی ژیانی یاریکەرێکی تاوڵە کراوە کە بە ئەنقەست هەڵە دەکات بۆ ئەوەی بزانێت بەرامبەرەکەی کاردانەوەی چی دەبێت و سوود لە هەڵەکانی ئەم دەبینێت؟ ئەگەر یاریکەرەکەی بەرامبەری یارییەکی باشی هەبوایە، یەکسەر یارییەکەی تێکدەدا و لەگەڵ یاریکەری بەقوەتدا یاریی نەدەکرد، بۆئەوەی لە قوماردا نەدۆڕێت. بەدەربڕینێکی دیکە یاریکەری چیرۆکەکەمان رازێکی دەزانی کە زیاتر قورماربازان لێی بێخەبەرن: دەیزانی چ کاتێک گرەوکردن پڕمەترسییە و بە زیانی تەواو دەبێت. لە راستیدا سنووری خۆی دەزانی و بەباشی ئاگای لە تواناکانی خۆی

بوو، ئەگەر یاریکەرانێک لەو بەتواناتر بوونایە هەوڵیدەدا لە یاریکردن لەگەڵیاندا خۆی بدزێتەوە.

لەوانەیە تۆ حەز بەوە نەکەیت خۆت لە قاڵب بدەیت و بتەوێت بازنەی شارەزایی و زانیارییەکانت فراوانتر بکەیت. ئەگەر حاڵی حازر توانیوتە بەباشی دەرەقەتی ئەو ئیشانە بێیت کە خراونەتە ئەستۆت، خراپ نییە قۆناغی پێشکەوتووتر تاقیبکەیتەوە، بەڵام ئەگەر لەو سنوورەشدا کە بۆ خۆتت داناوە کێشەت هەیە یان حەز ناکەی ئەزموونی تازەتر بەدەستبهێنیت و لە بەرامبەر قسە و نیگەرانییەکانی کەسانی تردا بوەستیت و ریسک بکەیت. هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت کە هەر شارەزاییەک پێگەی خۆی دەوێت و کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە مامۆستایەکی گەورەی شەترەنج لەوانەیە نەتوانێت ستراتجێکی گونجاو بۆ کارگەیەک یان کۆمپانیایەک دابنێت. هەروەها لەوانەیە دکتۆرێکی شارەزای نەشتەرگەری دڵ نەتوانێت ببێتە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیەک. بڕیار نییە بەڕێوەبەری سوپەرمارکێتێک بتوانێت ببێتە بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی گەورە.

## تۆ چۆن سنووری خۆت دیاریی دەکەیت؟

لەوانەیە زۆر کەس باسی ئەوە بکەن لە بوارە جیاوازەکاندا زانیارییەکانیان لە ویکیپیدیاوە بەدەستدەهێنن و لەو ڕێگەیەوە ئاستی شارەزایی و زانیارییەکانیان زیاد

دەکەن، کە بەڕای من ڕێگایەکی گونجاو نییە، چونکە کاتێکی زۆری دەوێت و شایانی باسە دێبی مێڵمان (Debbie Millman) نەخشەسازی سەرکەوتووی ئەمریکایی باوەڕی وایە ناتوانیت چاوەڕێی دەسکەوتی بە بەها لە گۆتەیەکی زەمانبەر بکەیت.

جگەلەوەش گەڕانی لەڕادەبەدەر لە ئینتەرنێتدا ئالوودەت دەکات و ئیتر ناتوانیت لە لاپ تۆپەکەت یان موبایلەکەت دوور بکەویتەوە. بیرمە وتارێکم سەبارەت بە ئالوودەبوانی یاریی کۆمپیوتەری، زنجیرەی تەلەفزیۆنی و شتی لەو بابەتە خوێندۆتەوە. دەبێت بڵێم ئالوودەبوانی لەم شێوەیە چەندان سەعات بۆ گۆتەیەکی بێبەها بەفیڕۆ دەدەن. هەڵبەتە ئالوودەبوون تەنیا پەیوەندی بە شتی نەگەتیڤەوە نییە. هەندێک کەس ئالوودەی گۆتەی پۆزەتیڤ دەبن، وەکو بیل گەیتس (Bill Gates) کە چەندین سەعات سەرقاڵی نووسینەوەی بەرنامەی کۆمپوتەری بوو، یان ستیڤ جۆبز (Steve Jobs) کە چەندین سەعاتی بۆ دیزاینی بەرهەمەکانی ئەپڵ تەرخان دەکرد. وارین بیفیت پارەی ڕۆژانەی خۆی لە سەرمایەگوزاری لە بۆرسەدا خەرجکرد. لەو کاتەدا تەمەنی تەنیا دوانزە ساڵ بوو، لەوە بەدواوە ئالوودەی سەرمایەگوزاری بوو لە بۆرسەدا. بێگومان ئەمڕۆ کەس ناڵێت گەیتس و جۆبز و بیفیت تەمەنی گەنجییان بە فیڕۆدا. بە پێچەوانەوە ئەمانە کاتێکی زۆریان بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی عەمەلی تەرخان کرد و بە ئەنجامیش گەیشتن.

کەواتە ئالوودەبوون هەمیشە زیانبەخش نییە و هەندێ جار دەتوانێت سوودبەخش بێت بۆت.

بۆچی دیاریکردنی سنووری توانا گرنگییەکی زۆری هەیە و رازی سەرکەوتنی ئەو کەسانەی سنووری خۆیان دەزانن لە چیدایە؟ بێگومان بەرنامەنووس (پرۆگرامەر)ێکی قووڵ، شارەزایی زیاتری لە بەرنامەنووسێکی ئاسایی نییە، بەڵکو دەتوانێت کێشەکان لە ماوەیەکی زۆر کەمتردا لە بەرنامەنووسێکی ئاسایی چارەسەر بکات، کە لای ئەو درێژە دەکێشێت. بێگومان بەرنامەنووسێکی قووڵ لە هەڵفڕین بەسەر لقە جیاوازەکاندا خۆی بەدوور گرتووە و هەموو کاتەکەی خۆی لە شارەزاییەکدا خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی بەوپەڕی خێراییەوە ئیش بکات.

هەڵبەتە وەکو لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا باسکرا، ناتوانیت هەمیشە بەدرێژایی ژیانت لەسەر یەک رێڕەو برۆیت و چاوەڕێ بکەیت بگەیتە مەنزلی مەبەستەکەت. لەوانەیە هەلومەرج بەگشتی بگۆڕێت، لەوانەیە گەردەلوولێکی ترسناک لە ژیانتدا رووبدات و هەموو شتێک بگۆڕێت، بەڵام ئەگەر پشت بە شارەزایی خۆت ببەستیت و لە سنووری خۆت دەرنەچیت، دەتوانیت لەبەرامبەر گەردەلوولە ترسناکەکاندا بوەستیت و بیگۆڕیت بە شەماڵی ئارامی. هەڵبەتە مەبەستم ئەوە نییە دەگەیتە ئارامی هەمیشەیی، بەڵام بەلای کەمەوە لە رێڕەوی خۆت لانادەیت و دەتوانیت بە ئامانجەکانت

بگەیت. بەدەربڕینێکی دیکە ئەگەر لە سنووری توانای خۆت دەرنەچیت، تاڕادەیەکی زۆر لە وەهمی هەڵەتێگەیشتن سەبارەت بە خۆت رزگار دەبیت. هەڵبەتە دەتوانیت لە هەندێ شوێندا ریسک بکەیت، بەڵام دەبێت ئاگات لەوە بێت لەوانەیە شتی وات بەسەر بێت کە پێشبینی نەکراو بن.

لە کۆکردنەوەی بابەتەکەدا دەبێت بڵێم:

هیچ کاتێک لەبەر بێتوانایی سەرکۆنەی خۆت مەکە و هەمیشە سەرنجی خاڵی لاواز و بەهێزی خۆت بدە. ئەگەر دەستوپێ سپیت باشتر وایە خۆت بەوەوە خەریک نەکەیت فێری سەمای سالسا (Salsa) بیت، یان ئەگەر منداڵەکەت ناتوانێت ئەسپ لە مانگا جیا بکاتەوە، قەت نابێتە هونەرمەندێکی باش، یان ئەگەر تاقەتی بینینی پوریشت نییە، خەیاڵی کردنەوەی رێستۆرانێکی گەورە لەسەری خۆت دەرکە. لە راستیدا زۆر ئیش هەیە بۆ کردنیان دروست نەبوویت و دەرەقەتیان نایەیت، بەڵام ئەو مەسەلانە ئەسڵەن گرنگ نین. هەوڵ بدە تەرکیز لەسەر یەک بوار بکەیت، ئەو بوارەی توانایەکی زۆرت تیایدا هەیە و دەتوانیت سەرکەوتوو بیت. ئەگەر بتوانیت پەی بە تواناکانی خۆت ببەیت و گەشەیان پێبدەیت، ئەوا چوارچێوەی ژیانی خۆتت ناسیوە و دەزانیت چیت لە خۆت و چواردەوری خۆت دەوێت. هەمیشە هەوڵدەدەیت حەوزێکی بچووک بەڵام قووڵ بیت تا دەریاچەیەکی فراوانی تەنک، بە دەربڕینێکی دیکە لە

جیاتی فێربوونی رووکەشی شارەزایی جیاواز، لە پیشەیەکدا ببە بە مامۆستا و ئەوە بزانە هەر دەقەیەک بۆ ئەو بوارەی شارەزاییت تیایدا هەیە لە هەزار دەقە باشترە کە بۆ ئیشی بێسەروبەرە و بێسوود بەفیڕۆی دەدەیت.

(15)

## گرنگی بەردەوامی

## بۆچی ئەو کەسانەی ژیانێکی قورس و یەکڕیتمیان هەیە زۆرجار لە کەسانی سەرکێش سەرکەوتووترن؟

بـازاڕی بۆرسـە لـەبـەرچاوبگرە چـالاک و دەڵاڵـەکانی قۆپچەی یەخەیان کردۆتەوە، قۆڵی کراسەکانیان هەڵکردووە و سـەرقاڵی هـاتـوهـاوارن، بـە شـێـوەیـەک هـاوار دەکـەن دەڵێی بڕیاری مردنیان دەرچووە، پاشان بە تووڕەیییەوە تەلەفۆنەکانیان دەکێشن بەسەر مێزەکەیاندا وەک ئەوەی بیانەوێ بیشکێنن و قسە لەگەڵ یەکتری دەکەن کە ئەمڕۆ بڕیارە کام پشک قازانج بکات و بەهای کام پشک دابەزێت. ئەمە ئەو وێنەیەیە کە ڕاگەیاندنەکان لە بازاڕی بۆرسەدا پیشانیان داوە.

ئێستا دیمـەنێکی دیکـە لـەبـەرچـاو بگـرە کـە تیایدا کۆمپانیایەکی بچووک لە نهۆمی چـواردەی هەوربڕێکدا لە (ئۆماها) لە نبراسکا، نبراسکا یەکێکە لە بچووکترین و بێبایەخترین ویلایەتەکانی ئەمریکا. لەم نووسینگەیەدا هیچ هێڵێکی ڕاستەوخۆ، کۆمپیوتەر، ئیمەیل یان هۆکارێکی دیکە نییە. تەنیا مێزێکی کۆن و تەلەفۆنێک بەرچاو دەکەوێت. ئەم نووسینگەیە شوێنی ئیشکردنی وارین بیفیتە و نزیکەی پەنجا ساڵە هەموو ڕۆژێک لەوێیە، وەکو دەزانیت وارین

بیفیت یەکێکە لە سەرکەتووترین سەرمایەگوزارانی بۆرسە لە هەموو قۆناغەکاندا.

ئێستا بارودۆخی وارین بیفیت لەگەڵ چالاک و دەلالەکانی بۆرسەدا بەراورد بکە کە بەردەوام بەملاو بەولادا رادەکەن و عارەق دەڕێژن و ئاخ هەڵدەکێشن. وارین بیفیت بە سەروقژی ماش و برنجییەوە کەسێکی بێدەنگە کە لەوانەیە زیاتر لە هەموو ئەوانە قازانجی کردبێت کە لە بۆرسەدا ئیشیان کردووە، بەڵام هەرگیز گەرم نەبووە و سوورنەبۆتەوە. لە راستیدا لە نێوان ریسککردن و سەرمایەگوزاریدا جیاوازییەکی بەرچاو هەیە.

بەڵام جیاوازیی سەرەکی لە نێوان وارین بیفیت و چالاک و دەلالەکانی بۆرسەدا چییە؟

چالاک و دەلالەکانی بۆرسە بەردەوام هەوڵدەدەن بە کڕین و فرۆشتنی خێرای پشکی کۆمپانیا جیاوازەکان قازانجێکی زۆر بکەن بە نسیبی خۆیان یان سەرمایەگوزارەکانیان. ئەو کۆمپانیایانەی پشکەکانیان لە بۆرسەدا دەخەنەڕوو لەوانەیە کۆمپانیایەکی دیزاینی کەلوپەلی کۆمپیوتەربن لە کالیفۆرنیا یان مس لە پیرۆ. بەهەرحاڵ بەهای پشکی کۆمپانیاکان هەرچییەک بێت بەرز و نزمی هەیە و هەمیشە قازانج ناکات.

سەرمایەگوزارانی کۆن و شارەزا تەنیا پشکی چەند کۆمپانیایەکی کەم ئامادە دەکەن کە تەواو دەسەڵاتیان بەسەریاندا هەیە و لەگەڵ جەو و بۆچوونی کەسانی تردا جووڵە ناکەن. ئەمانە سەرمایەگوزاریی درێژخایەن دەکەن

و بۆ ئـەوەی کرێیەکی کەمتر بدەن هەتا بتوانن کڕین و فرۆشتنی زۆر ناکەن. وارین بیفیت و چارلی مەنگەر تەنانەت ئیتر بۆ سەرمایەگوزاری بە دوای کۆمپانیای تازەدا ناگەڕێن، بەڵکو ئارام دەگرن تا دەرفەتی سەرمایەگوازاری بەرەو لایان دێت و سـوودی لێوەردەگرن. یەکێک لە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانی نزیک لە وارین و مەنگەر دەڵێت: "ئەوان تەنیا لەسەر کورسییەکانیان دادەنیشن و سەبر دەکەن تا کۆمپانیایەک پێشنیازیان بۆ دەکات پشکەکانی بکڕن".

کەواتە کێ سەرکەتووترە؟ سەرمایەگوزارەکان یان ئەو کەسانەی لە بۆرسەدا ریسک دەکەن؟ لەوانەیە لە هەموو هەلومەرجێکدا قـازانـج و زەرەرت بەنیسب بێت، بـەڵام زۆربـەی براوەکانی دنیای بۆرسە سەرمایەگوزارەکانن. لەوانەیە ئەو پرسیارەت لەلا دروست بێت، بۆچی دەبێت بەو شێوەیە بێت؟ لە راستیدا سەرمایەگوزارانی شارەزا و پڕۆفیشناڵ ئامانجی درێژخایەن بۆ خۆیان دیاریی دەکەن. بـەڵام چـالاک و دەڵاڵەکانی بۆرسە ئامانجیان ئەوەیە لە مامەڵەدا حەقدەستێکی باشیان دەستبکەوێت و زۆرجار بیر لە قازانج و زەرەری کڕیار ناکەنەوە.

مێشکی ئێمە حەزی لە سەرمایەگوزارییە لەو بوارانەدا کە خێرا ئەنجام بدات بەدەستەوە و زۆرجار بیر لە قازانجی درێـژخـایـەن نـاکـاتـەوە. وێـڕای ئـەوەش ئـاسـایـی مـرۆڤ کاردانەوەی خێرا و نالۆجیکی سەبارەت بە بەرزی و نزمی بەها هەیە کە ئەمە سەبارەت بە هەواڵ و گۆڕانکارییەکانیش

راستە. خاڵی سەرنجڕاکێش لەوێدایە ئاسایی ئێمە ئەوە لەبەرچاو ناگرین کە ئەو گۆڕانکارییانە هەمیشەیین. هەروەها پێمان خۆشە لە جیاتی سەبرکردن بە خێرایی کاردانەوە نیشان بدەین و لە هیچ نەکردن لە بەرامبەر هەلومەرجەکاندا پر زەمان لێدەبڕێت.

ئایا دەزانیت پڕفرۆشترین کتێبەکانی مێژوو چی بوون؟ مەبەستم لەو کتێبانە نییە کە حاڵی حازر پڕفرۆشن، ئەو کتێبانەش نییە کە زیاتر لە باقی کتێبەکان لە جامخانەکاندا دەیانبینین، بەڵکو مەبەستم لەو کتێبانەیە کە هەمیشە چاپدەکرێنەوە، وەکو ئینجیل، کتێبە بچووکە سوورەکەی ماو، قورئان، مانیفێستی کۆمۆنیزم، لۆردی ئەڵقەکان، شازادەی بچووک. لەوانەیە ئەم کتێبانە داهاتی زۆریان نەبووبێت، بەڵام لە رووی ژمارەی ئەو جارانەوە کە چاپکراون و رادەی تیراژیان بە پڕفرۆشترین کتێبەکان لە قەڵەم دەدرێن و بە جورئەتەوە دەتوانم بڵێم هەر کام لە دەزگا بەناوبانگەکانی چاپ بەلای کەمەوە جارێک چاپی کردوون. هەروەها ئەم بابەتە سەبارەت شتە سەرنجڕاکێشە گەشتوگوزارییەکان و گۆرانی و بەرهەمەکانی دیکەش راستە. سەرکەوتووترین ئۆتومبیل لە هەموو سەردەمەکاندا تۆیۆتا کرۆلا (Toyota Corolla) یە کە بەرهەمهێنانی لەساڵی (١٩٦٦) ەوە هەتا ئێستا بەردەوامە و ئێستا نەوەی یانزەهەمی دەخرێتە بازاڕەوە. دەبێت ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو بگیرێت ئەوەی کرولا دەکات بە سوپەرستار فرۆشتنی زۆری نەبووە لە

یەکەم ساڵی بەرهەمهێنانیدا، بەڵکو ئەو ماوەیەیە کە ئەم ئۆتومبیلە توانیویەتی لە بازاڕدا بمێنێتەوە و ڕۆڵەکەی تەواو نەبێت.

ئەم سەرکەوتنە درێژخایەنە ئاسایی پێویستی بەو فاکتەرانە هەیە کە وەکو (Baking Powder) بیکینگ پاودەر بۆ کێک ئیش دەکات. بە دەربڕینێکی دیکە لە ماوەیەکی زەمەنی درێژخایەندا دەبنە هۆکاری پێشکەوتنی ئیشەکە و بەرهەمەکەی. بوار بدە مەبەستەکەم بە نموونەیەک سەبارەت بە سەرمایەگوزاری روونتر باس بکەم:

ئەگەر تۆ ١٠ هەزار دۆلار بە سوودی ٥٪ سەرمایە گوزاری بکەیت دوای ساڵێک ٥٠٠ دۆلارت وەکو سوود لە بەردەستدا دەبێت. لەوانەیە بەلاتەوە بڕێکی کەم و بێبەها بێت، بەڵام ئەگەر سوودەکەشت لەگەڵیدا دووبارە سەرمایەگوزاری بکەیت، دوای ١٠ ساڵ پارەکەت دەبێت بە ١٦ هەزار دۆلار و دوای ٢٠ ساڵ دەبێت بە ٢٦ هەزار دۆلار. تەنانەت ئەگەر زیاتر سەبر بکەیت و ماوەی ٥٠ ساڵ بیهێڵیتەوە دەبیتە خاوەنی ١١٥ هەزار دۆلار. لە راستیدا هێڵی بەرزبوونەوەی سەرمایەکەت ئاسۆیی نابێت، بەڵکو تصاعدی دەبێت. (واتە زیادکردنی ژمارەکان (دوو دوو یان سێ سێ) بۆ نموونە ٣-٥-٧-٩...) هەڵبەتە مێشکی ئێمە بەشێوەیەکی غەریزی لەو بابەتانە بێزار دەبێت کە زۆر درێژە دەکێشن، وێڕای ئەمەش بەقورسی لە گەشەی تەساعودی تێدەگات.

بەم پێیە دەبێت رازی بەردەوامی فێربین و هۆشیار بین کە سەرکەوتنی درێژخایەن وەکو دروستکردنی کێک وایە بە (بیکینگ پاودەر) کە لەوانەیە هێواش و ماندووکەر بێت، بەڵام هەرچەندە سەبر بکەین ئەنجامێکی باشترمان دەستدەکەوێت.

هەروەکو دەزانیت سەدەی ئێمە سەدەی چالاکی و گەشە و پەرەسەندنی پیشەسازی و ئارەزووی پێشکەوتنە، تەنانەت زۆر کەس باوەڕیان وایە لەم سەردەمەدا کە سەردەمی رکابەری و هەوڵ و تێکۆشانە، مرۆڤ دەبێت هەمیشە لە گۆڕاندا بێت و لە وەستان و ژیانی زەلکاوئاسا خۆی بەدوور بگرێت، چونکە تەنیا لەم حاڵەتەدا دەتوانێت لەگەڵ کەسانی دیدا رکابەری بکات. هەروەها زۆر کەس ئەوەیان قبووڵە ژیانێکی باش، پڕە لە جموجوڵ و سەرکێشی و هەوراز و نشێو. ئەم جۆرە کەسانە لە دانیشتن لە یەک جێگا بێزارن و هەمیشە سەفەر دەکەن یان خانووەکانیان دەگۆڕن، بەڵام من وەکو خۆم باوەڕم وایە ژیانێکی باش هەمیشە پڕ نییە لە گۆڕانکاری. لە راستیدا هەرچەندە لە ژیاندا ئارامی زیاترت هەبێت بەرهەمت زیاتر دەبێت. تەنانەت بێرتراند راسڵ، بیرکاریزانی بەناوبانگ کە بەنیسبەت سەردەمی ئێمەوە لە ئارامییەکی زیاتردا دەژیا، هاوڕای منە و دەڵێت:

"ژیانی زۆربەی کەسانی سەرکەوتوو زیاتر ئارام و بێزارکەر بووە و خاڵی بووە لە هەژان، تەنیا لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا هەژان و خاڵی وەرچەرخانیان ئەزموون کردووە". سوکرات فەیلەسووفی بەناوبانگی یۆنانی زۆربەی

ژیانی لەگەڵ زانتیپی (Xanthippe) ژنیدا بە ئارامی بەسەر بردووە و بۆ زۆربەی رۆژەکانی تەمەنی بەرنامەیەکی وەکیەک و ماندووکەری هەبووە. جگەلەوەش کانت هەرگیز شانزە کیلۆمەتر زیاتر لە شوێنی ژیانی کۆنیگزبێرگ (Konigsberg) دوورنەکەوتۆتەوە. داروین دوای سەفەرێک بەدەوری دنیادا باقی رۆژەکانی تەمەنی لە ماڵێکدا بەسەر برد. بەگشتی ئەزموون ئەوەی نیشانداوە ژیانێکی ئارام و دوور لە سەرکێشی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی پیاوانی گەورە و ژیانی ئەوان بە پێچەوانەی تەسەوری گشتییەوە هێندە هەژێنەر و مایەی سەرنج نییە.

هەڵبەتە ئەم رێسایە سەبارەت بە ژنانی گەورەش راستە و ناتوانیت پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان سەرکەوتن و نائارامیدا بدۆزیتەوە.

لە ئەنجامدا کەمتر لە چڵێکەوە هەڵفڕە بۆ چڵێکی دیکە. لە بەرامبەر ئەمەدا هەوڵ بدە زیاتر بەردەوام بیت و لە بواری توانای خۆت (کە لە بەشی ١٤ دا بە درێژی باسکراوە) دەرمەچۆ. هەروەها ئەگەر کەسێکت دۆزییەوە کە بژاردەیەکی باش بوو بۆت وەکو هاوسەر یان جێگایەکی باشت دۆزییەوە بۆ ژیان یان پێشنیازی ئیشێکی باشیان بۆ کردیت هەوڵبدە دەستی پێوە بگریت و بیپارێزیت، هەرگیز بە دوای شوێنی تازەدا مەگەڕێ و ئاگات لەوە بێت بەردەوامی و شێوازی بیرکردنەوەی درێژخایەن دوو گۆتەی بەهادارن کە زۆرجار لێیان خافڵ دەبین. هەربۆیە با هەوڵبدەین تەرکیز

لەسەر ئەم مەسەلانە بکەین، هەروەکو مانگەر باوەڕی وایە هەوڵمەدە هەمیشە و لە هەموو ئیشێکدا شارەزا و دەگمەن بیت. تەنیا هەوڵ بدە تەرکیز بکەیت و لەسەر ئیشی خۆت بەردەوام بیت.

(16)

## ستەمی بانگی دەروونی

**ئەو ئیشە بکە کە دەتوانیت بیکەیت**

**نەک ئەوەی خەونی پێوە دەبینیت.**

ئەنتۆنی ساڵی (٢٥١ز) لەدایکبوو. کوڕی خاوەن موڵکێکی دەوڵەمەندی میسر بوو، بەڵام بەداخەوە کە تەمەنی بوو بە هەژدە ساڵ دایک و باوکی مردن. کاتێک بۆ ڕێوڕەسمی دایک و باوکی چووبووە کڵێسا رستەکانی ئینجیل کاری تێکرد:

"ئەگەر دەوڵەمەندیت ئەو سەروەت و سامانەی هەتە لەگەڵ هەژاراندا بەشی بکە. ئەگەر خشڵ و موڵک وماڵەکەت بفرۆشیت و تەرخانی بکەیت بۆ هەژاران، لە بەهەشتدا ناز و نیعمەتێکی زۆر بۆ خۆت دابین دەکەیت، کەواتە دوای من بکەوە و پەیڕەوی فەرمانەکانم بکە".

بەم پێیە ئەنتۆنی هەرچی موڵک و ماڵی هەبوو فرۆشتی و کەوتە بیابان بۆ ئەوەی وەکو دەروێشێک بژی و ئیتر هەرگیز نەچۆوە بەلای بابەتی مادی و کەڵەکەکردنی ساماندا. ژمارەیەک لە خەڵکی میسر کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەوەوە و ویستیان ڕێگاکەی بگرنەبەر و وردە وردە ژمارەیان زیادیکرد و گروپێکیان لە دەروێشان پێکهێنا کە بە جیا دەژیان و بەرەبەرە ئەو لقەیان لە مەسیحییەتدا کرد بە باو کە پێی دەڵێن تەرکی دنیا، ئەمڕۆ ئەنتۆنی وەکو باوکی راهیبانی مەسیحی ناسراوە.

هەزار ساڵ دوای ئەوە ڕووداوێکی هاوشێوەی ئەمە بەسەر کوڕی یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی ئیتالیادا هات کە دیزاینەری جلوبەرگ بوو. فرانسیس ئەسیسی (Francis of Assisri) هەموو تەمەنی لە ناز و نیعمەتدا ژیابوو، بەڵام لەناکاو خەونێک بووە هۆی ئەوەی ژیانی بگۆڕێت و هەموو سامانەکەی و جلوبەرگەکەی خستە خزمەتی هەژارانەوە و باقی تەمەنی وەکو دەروێشێک ژیا و خەریکی پاکردنەوەی کڵێساکان بوو. بەرە بەرە کۆمەڵێک لێی کۆبوونەوە و ئەویش لقی فرانسیسکان (Franciscan Order) ی دامەزراند.

لە ڕاستیدا هەندێک باوەڕیان وایە خواوەند فرانسیس و ئەنتۆنی بانگ کردووە. ئەم دوانە چارەیەکی تریان نەبووە، جگەلەوەی فەرمانی خواوەند جێبەجێبکەن. هەروەها ڕووداوی هاوشێوەی ئەمانە بەسەر پۆڵ (Paul) و ئۆگەستین (Augustin) و پاسکاڵ (Pascal) هات و ژیانی ئەمانەش گۆڕانکاریی لەناکاو و پێشبینینەکراوی بەسەردا هات.

ئەمڕۆش ژمارەیەک خەڵک هەمیشە بەدوای ئەو ڕووداوانەوەن کە ژیانیان بگۆڕێت و بەرەو لای خۆی بانگیان بکات. هەرکاتێک لاوێک ئەم بابەتەم لەگەڵ باس دەکات لێوی خۆم دەگەزم، لەبەرئەوەی بانگکردن پەیوەندی بە کۆمەڵێک کەسی تایبەتەوە هەیە لە مەسیحییەتدا و حاڵی حازر مانایەکی ئەوتۆی نییە.

هەڵبەتە ئەو کەسانەی کە چاوەڕێن (وەحی)یان بۆ بێت و بیانخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، دژی ئەو پرەنسیپانە نین

کە حوکمی دنیا دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵ دەدەن لەگەڵ ڕەوت و بۆچوونی خەڵک بڕۆن و باوەڕیان وایە لەناخی هەر مرۆڤێکدا باشی و باوەڕی قووڵ هەیە کە دەبێت بگاتە قۆناغی گەشەکردن. بەهەرحاڵ بەلای منەوە زۆر سەیرە بۆچی ئەو کەسانە هەتا ئەو رادەیە گوێ لە بانگی دەروونیان دەگرن و چاوەڕێی ئەوەن ئیلهامی شتێکیان بۆ بێت. هەروەکو پێشان باسکرا پەیڕەوی لە بانگی دەروونی دەتوانێت مەترسی بۆ مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا بێنێت، چونکە ئەو گۆتەیە پڕە لە هەڵەتێگەیشتن و مامەڵەی هەڵە.

جۆن کەنەدی تۆڵ (John Kennedy Tool) هەستیکرد بۆ ئەوە لەدایکبووە ببێتە نووسەرێکی شارەزا. لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا بە هیوای چاپکردنی، دەستنووسەکانی نارد بۆ دەزگای چاپی سیمۆن و شوشتەر (Simon and Schuster) هەستیکرد رۆمانەکەی دەبێتە یەکێک لە باشترین و پڕخوێنەرترین رۆمانەکانی سەدە، بەڵام دەزگای چاپی سیمۆن و شوشتەر رۆمانەکەیان بۆ چاپ نەکرد، بەڵام نائومێد نەبوو بڕیاریدا رۆمانەکەی بنێرێت بۆ چەند دەزگایەکی دیکە، بەڵکو یەکێکیان رازی بێت و چاپی بکات، بەڵام هەموو دەزگاکان دەستیان بە روویەوە نا و چاپیان نەکرد. ئیتر هیچ متمانەی بەخۆی نەما و دەستیکرد بە عەرەق خواردنەوە. شەش ساڵ دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٦٩) دا، کاتێک لە بیلۆکسی (Biloxi) لە ویلایەتی میسیسیپی (Mississipi) سەرقاڵی چاکردنەوەی ئۆتومبیلەکەی بوو، بیرۆکەیەکی بۆ هات، سۆندەیەکی بەست

بە ئەگزۆزی ئۆتومبیلەکەیەوە و سەرەکەی تری خستە ناو ئۆتومبیلەکەیەوە، پاشان سەرکەوت و دەرگاکانی داخست و بەو شێوەیە خۆی کوشت.

دوای خۆکوشتنی دایکی بڕیاریدا بە هەر نرخێک بێت ڕۆمانی کوڕەکەی چاپ بکات و سەرەنجام ڕۆمانی یەکێتی گەمژەکان (Confederacy of Dunces) لە ساڵی (١٩٨٠) دا چاپکرا و ڕەخنەگران بە شاکاری ئەدەبی ئەمریکی لە قەڵەمیان دا و لە هەمان ساڵدا تۆل خەڵاتی پوڵیتزەر (Puliter Prize)ی وەرگرت بۆ باشترین ڕۆمانی ساڵ و تەقریبەن یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دانە لە ڕۆمانەکە فرۆشرا.

بێرتراند راسل باوەڕی وایە "خۆهەڵکێشان و بایەخدانی لەڕادەبەدەر بە خود یەکێکە لە هۆکارەکانی ناڕەزایی و پەرێشانیی کەسەکان."

بە رای من ئەگەر پێت بوترێت پێشان بانگهێشت کراویت و هەڵبژێردراویت، خۆت و ئیشەکانت زۆر بە گرنگ و بە بەها سەیر دەکەیت.

ئەوەت لەبەرچاو بێت ئەگەر وەکو جۆن کەنەدی تۆل هەموو شتێک ببەستیتەوە بە ئامانجەکەتەوە و بیکەیت بە قوربانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت لە حاڵەتی شکست و ناکامیدا ئیتر ناتوانیت درێژە بە ژیان بدەیت. ئەگەر تۆل ڕۆمانەکەی زۆر بە گرنگ و شاکار نەزانیایە و وەکو

ئەزموونێک سەیری بکردایە، ئەگەری ئەوە زۆر بوو بژی و هەرگیز بیری لە خۆکوشتن نەدەکردەوە.

هەڵبەتە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت دەبێت عاشقی ئامانجەکەت بیت بە ئارەزوویەکی زۆرەوە شوێنی بکەویت، بەڵام دەبێت تەرکیزت تەنیا لەسەر ئامانجەکەت بێت و زۆر بیر لە سەرکەوتن نەکەیتەوە. بۆ نموونە من حاڵی حازر سەرقاڵی نووسینی ئەم کتێبەم کەواتە باشتر وایە لە جیاتی ئەوەی تەسەور بکەم بە نووسینی ئەم کتێبە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب وەردەگرم تەرکیز لەسەر ئەوە بکەم ئەمڕۆ بەلای کەمەوە دەبێت بەشێک تەواو بکەم.

ئەو باوەڕەی کە وەحی و ئیلهام خۆشحاڵت دەکات و لەشت سووک دەبێت تەواو هەڵەیە و ئەو کەسانەی کوێرانە بە دوای سەرکەوتنەوەن لە بواری ئیشەکەی خۆیاندا، ئاسایی هەست بە شادی و خۆشحاڵی ناکەن، ئەوانە ئاسایی بەرەو گومڕایی پەلکێش دەکرێن، چونکە زۆربەی ئیلهامی دەروونیی مرۆڤ واقیعبینانە نییە و گێلانەیە. لە راستیدا ئەگەر تەنیا ئامانجی تۆ ئەوە بێت کە رۆمانێک بنووسیت ببێتە رۆمانی سەدە یان ریکۆردی جیهانی بشکێنێت یان هەژاری و بەدبەختی بۆ هەمیشە لە دنیادا ریشەکێش بکات، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت چانسێکی زۆرت نییە، ئەمەش پەرێشان و غەمگینت دەکات. ئەگەر کوێرانە دوای بانگی دەروونت بکەویت بێگومان گردەنشین دەبیت و دەکەویت.

هەوڵ بدە هیچ کاتێک نەکەویتە داوی چیرۆکی

هەڵبژاردنەکانەوە. بەو مانایەی بە شێوەیەکی سەرەکی چیرۆکی کەسانێک باس دەکرێت کە پەیڕەوی ئیلهام و بانگی دەروونی خۆیان کردووە و گەیشتنە ئەنجام و چیرۆکی کەسانی فاشیلیان لەپشت وێرانەکانی مێژووەوە ناشت.

ماری کوری (Marie Curie) لە تەمەنی پانزە ساڵیدا بڕیاریدا ببێتە زانا و لە کۆتاییدا توانی دوو خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت، یان پیکاسۆ (Picasso) کە لە قوتابخانەی هونەر وەرگیرا و لە رەسم و تابلۆدا شۆڕشێکی بەرپاکرد. لە کتێب و بەڵگەنامەی زۆردا ئاماژە بۆ ئەم چیرۆکانە دەکرێت، بەڵام هەمیشە چیرۆکی ئەو کەسانەی وەکو پیکاسۆ و کوری بەدوای بانگی دەروونیاندا چوون، بووە بە خۆڵەمێش و لەبیرچوونەتەوە. بۆ نموونە زانایەک کە هیچ کەسێک جگەلە دایکی و ژنەکەی کڕیاری لێکۆڵینەوەکانی نییە یان پیانۆژەنێکی بلیمەت! کە دواجار لە گوندێکی چەپەک و دوورەدەستەوە سەرهەڵدەدات و هەموو رۆژێک ناچارە لەگەڵ کۆمەڵێک نەزان و گەمژەدا مامەڵە بکات. هەموو ئەم کەسانەی دوای بانگی دەروونیان کەوتن، بەڵام حاڵی حازر بە گومناوی و بەدبەختی دەژین و تەنانەت لە رۆژنامە ناوچەییەکانیشدا ناویان بەرچاو ناکەوێت.

لەوانەیە هەندێ کەس لافی ئەوە لێبدەن چارەیەکیان نییە و بێگومان دەبێت ئیشێکی تایبەت بکەن. لەوانەیە ئەم قسانە وەهمی بن، بەڵام لە راستیدا ئەگەری ئەوەش هەیە قسەکانیان راست بێت. راوچییەکانیش بژاردەیەکی تریان نەبوو یان

کۆیلەکان لە میسری کۆن. کۆیلەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش بژاردەیەکی تریان نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ جۆرەها ئازادی بۆ مرۆڤ فەراهەم بووە، کەسێک ئەم قسانە بکات و بڵێت بانگی دەروونم ڕێگای هەڵبژاردنی لێگرتووم و فەرمانی پێداوم ژیانم بۆ گیتار تەرخان بکەم، بێگومان قسەکانی هیچە و خەریکە پاساو بۆ هەڵەکانی خۆی دەهێنێتەوە.

تەنانەت ئەگەر بانگی دەروونیت بۆ ئیشێک هانیدایت کە بەبێ بیرکردنەوە و حساب بەدوایدا بچیت، ئەوەت لەیاد بێت کە دز و تیرۆریستەکانیش لەسەر بنەمای هەمان بنەما ئیشەکەیان کردووە و بە ئەنجامیش گەیشتوون. ناپلیۆن لەکاتی داگیرکردنی وڵاتاندا هەستێکی وای هەبوو. کەواتە ئەوەت لە یاد بێت کە بانگی دەروونیمان هەمیشە بۆ بابەتی دروست و ئەخلاقی هانمان نادات، بۆیە باشتر وایە زۆر گوێ بە بانگی دەروونیمان نەدەین چونکە بانگی دەروونی جگەلە مەیلی نەست شتێکی دیکە نییە. باشتر وایە ژیانمان لەسەر پێدراوەکان و واقیع بنیات بنێین نەک لەسەر بنەمای شتی وەهمی. ئێمە ئاسایی لەو ئیشانەی تیایدا بووینەتە مامۆستا چێژ دەبینین. هەڵبەتە ئێمە پێویستمان بە تەئیدی کەسانی ترە و ئینێرژی و ورەی لێ وەردەگرین و لە کاتێکدا کەسانی دی گوێمان پێنادەن تووشی نیگەرانی و نائومێدی دەبین. هەروەکو جۆن گرەی (John Gray) فەیلەسووفی بەناوبانگی ئینگلیزی باوەڕی وایە: "هیچ کەسێک وەکو ئەو کەسانەی ئەوانی تر توانایان بە ڕەسمی ناناسێن غەمگین و پەرێشان نابن."

(17)

## زیندانیی ناوبانگی باش

## چۆن باکمان بە رای کەسانی دی نەبێت و بە پێی پێوەرەکانی خۆمان رەفتار بکەین؟

تۆ کام لەم دوو حاڵەتەی خوارەوەت بەلاوە پەسەندە؟

١-زیرەکترین مرۆڤی دنیا بیت، بەڵام لە روانگەی کەسانیترەوە گەمژەترین کەس دیار بیت.

٢-گەمژەترین مرۆڤی دنیا بیت، بەڵام کەسانیتر وەکو زیرەکترین کەس تەسەورت بکەن.

کاتێک بۆب دیلان (Bob Dylan) لە ساڵی (٢٠١٦) دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرت، تا چەند حەفتەیەک بە رەسمی دانی پیدا نەدەنا و بە هیچ جۆرێک لەم بارەیەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ هیچ رۆژنامەیەک یان تۆڕێکی هەواڵدا نەدەکرد، وەڵامی تەلەفۆنی پەیامنێران و ئەو کەسانەشی نەدەدایەوە کە بۆ پیرۆزبایی پەیوەندییان پێوە دەکرد. ئەم رەفتارەی بووە هۆی ئەوەی رەخنەی توندی لێبگرن. بەڕاستی مرۆڤێک چەندە دەتوانێت لەخۆبایی و نمەک بە حەرام و ئیهمال بێت؟ سەرەنجام بۆب دیلان قفڵی بێدەنگی شکاند و لە رۆژنامەیەکی ئینگلیزیدا رایگەیاند:

"من زۆر خۆشحاڵم و شانازیی بە خۆمەوە دەکەم کە ئەم خەڵاتەم وەرگرتووە." بەڵام شێوەی قسەکردنی تەواو دەستکرد بوو، دەتگوت کەسێک قسەکانی پێدەڵێت و ئەویش

دەیلێتەوە. تەنانەت لە ڕێوڕەسمی وەرگرتنی خەڵاتەکانیشدا ئامادە نەبوو، مایەی سەرسوڕمان بوو بۆچی هەتا ئەو رادەیە گوێ بە گەورەترین و گرنگترین خەڵات نادات؟

(Grigori Perelman) ساڵی (١٩٦٦) لەدایکبووە، گەورەترین بیرکاریزانە کە لە ژیاندا ماوە. لە ساڵی (٢٠٠٢) دا یەکێک لەو حەوت بابەتە بیرکارییانەی شیکارکرد، کە وەکو بابەتەکانی هەزارەی سێهەم ناسراون، قابیلی شیکار نین و شەشەکەی تر هێشتا شیکار نەکراون. گریگۆری بۆ وەرگرتنی میدالی فیدلز (Fields Medal) کاندید کرا کە بەجۆرێک وەکو خەڵاتی نۆبڵ لە بواری بیرکاریدا لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام خەڵاتەکەی قبووڵ نەکرد. تەنانەت خەڵاتە چەند ملیۆن دۆلارییەکەشی قبووڵ نەکرد. هەرچەندە باری دارایی باش نەبوو، بێ ئیش بوو، لەگەڵ دایکیدا لە سان پترسبۆرگ لە ئەپارتمانێکی بچووکدا دەژیا. لە راستیدا بیرکاری تەنیا شتێکە کە بەلایەوە گرنگە و بەلایەوە هیچ گرنگ نییە کەسانیتر سەبارەت بە خۆی و دەستکەوتەکانی چۆن بیردەکەنەوە.

کاتێک من دەستم بە نووسین کرد زۆر بەلامەوە گرنگ بوو بیروبۆچوونی کەسانیتر سەبارەت بە کتێبەکانم بزانم و بە رای پۆزەتیڤ خۆشحاڵ دەبووم و بە رای نەگەتیڤ تێکدەشکام. هاندان و چەپڵەلێدانم بە نیشانەی سەرکەوتنم دەزانی، بەڵام ئێستا کە لە دوای تەمەنی چل و پێنج ساڵی گەیشتوومەتە فەلسەفەکەی بۆب دیلان و تێگەیشتووم

کە درککردن و ڕای کەسانیتر هیچ کاریگەرییەکی لەسەر چۆنێتی ئیشەکانم نابێت. لە ڕاستیدا چۆنێتی کتێبەکانی من نە بە هاندانی ئەوان باشتر دەبێت و نە بەگاڵتەپێکردنیان دێتەخوارەوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە منی لەو زیندانە ڕزگار کرد کە ساڵانێکی زۆر بۆ خۆمم دروستم کردبوو.

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ لای ئەو دوو پرسیارەی لە سەرەتادا کردم، کە وارین بیفیت بەشێوەیەکی تر دەیکات:

"ئایا حەزدەکەیت عاشقترین کەسی دنیا بیت، بەڵام خەڵک بەچاوی کەسێکی ئیهمال و بێهەست سەیرت بکەن؟ یان حەزدەکەیت کەسێکی خائین بیت، بەڵام هەموان بە چاوی کەسێکی مرۆڤدۆست و بە ئەمەک سەیرت بکەن؟"

لە ڕاستیدا یەکێک لە گرنگترین پێوەرەکان بۆ ژیانێکی باش، توانای جیاکردنەوەی بیروبۆچوونی کەسانیترە لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونەدا کە ئێمە سەبارەت بە خۆمان هەمانە.

تۆ چۆن خۆت هەڵدەسەنگێنیت؟ بیروبۆچوونی کەسانیتر سەبارەت بە تۆ چۆن فۆرمەڵە دەبێت؟ هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت منداڵەکانت ئەو شتانەت لێوە فێردەبن کە زیاتر لە هەموو شتێک جەختیان لێدەکەیتەوە. ئەگەر بەردەوام تەرکیز لەسەر ئەوە بکەیت و جەختی لێبکەیتەوە خەڵکی سەبارەت بە خۆت و منداڵەکانت چۆن بیردەکەنەوە و بەردەوام ئەمەیان پێ بڵێیت، دواجار منداڵەکەت دەبێت بە کەسێک کە هەمیشە پێویستی بە هاندان و دەستخۆشی کەسانیترە، بەڵام زۆر

گرنگیدان بە رای کەسانیتر لە ژیانێکی ئارام و ئاسوودە دوورت دەخاتەوە.

ئەمڕۆ بەلای زۆربەی کەسەکانەوە ئەوە زۆر گرنگە کە خۆیان بەباشترین شێوەی شیاو نیشان بدەن و گۆڕینی ئەم باوەڕە کەمێک قورسە، بەڵام پێت وایە بەلای باووباپیرانمانەوە کە لە کۆندا دەژیان و خەریکی راو و شکار و پەیداکردنی خواردن بوون کام بابەتە گرنگ بووە؟ رازیبوونی ناوەکی یان رازیبوون و پەسەندکردنی دەرەکی؟ لەو رۆژگارەدا ژیانی تاکەکان زۆر بەیەکترییەوە وابەستە بووە و ئەوان نەیاندەتوانی ئەو مەسەلەیە نادیدە بگرن کەسانیتر لەبارەیانەوە چۆن بیردەکەنەوە، چونکە ئەگەر رای زۆربەی خێڵ لەبارەیانەوە نەگەتیڤ بوایە، لە خێڵەکە دەردەکران و نەیاندەتوانی بە تەنیا بژین.

شارەکانی سەرەتا و شارستانییەتی مرۆڤ تەقریبەن ١٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا بنیاتنراون. بەهۆی ژمارەی دانیشتوانەوە ئیتر ئەو توانایە نەبوو کە هەموو کەسێک هەموو خەڵکی شارەکەی بناسێت، بەڵام دیسان کەسانێک هەوڵیاندەدا رای پۆزەتیڤی ئەوانیتر بەلای خۆیاندا رابکێشن و بەهۆیەوە ناوبانگ و متمانەیەکی باش لەناو ئاشناکانیاندا بۆ خۆیان بەدەستبێنن و هەندێک هەوڵیاندەدا بەهۆی پڕوپاگەندەوە هاوڕێ و ئاشنا بۆ خۆیان پەیدا بکەن. لەو کاتە بەدواوە پڕوپاگەندە دنیای داگیرکرد، چونکە ئاسایی باشترین شێوازە بۆ راکێشانی وەرگر بەبێ سەرئێشە.

ئەگەر لەداهاتوودا لەگەڵ هاوڕێکانتدا دیدارت هەیە، حسابی ئەوە بکە چەندە کاتتان بە قسەکردن سەبارەت بە کەسانیتر بەسەردەبەن.

هەڵبەتە ئەم بابەتە گەلێک هۆکاری هەیە، بۆچی ئێمە تاڕادەیەکی زۆر بایەخ بە رای کەسانیتر دەدەین. لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بێت کە رای کەسانیتر یارمەتی کامڵبوونمان دەدات، بەڵام ئەمڕۆ لەوانەیە ئەم قسەیە هێندە لۆجیکی نەبێت. بە رای من رای کەسانیتر هەمیشە لەو شتە بێبایەختره کە لە مێشکی خۆماندا تەسەورمان کردووە. کەواتە دەبێت بڵێم ئەگەر تۆ زۆر بایەخ بە ناوبانگ و متمانە و رووکەشی خۆت دەدەیت بە بچووکترین قسە هەڵدەگەڕێیتەوە، مێشکت هێشتا لە قۆناغی دەوری بەرددایە. ئەگەر کەسێک بە رای خۆی تەنانەت بتباتە بەرزترین عەرش یان داتبەزێنیَ بۆ تەڵەزگە، دەبێت ئەوەت لەبەرچاو بێت ناتوانێت لە ژیانی تۆدا کاریگەرییەکی ئەوتۆ دروست بکات و نابێت بوار بدەیت لە هەلومەرجێکی ئاوادا هەستت بەسەرتدا زاڵ بێت و ژیان لە خۆت تاڵ بکەیت، بەم پێیە خۆت لەبیرکردنەوە لە قسە و رای کەسانیتر رزگار بکە. بە پێویستی دەزانم بە باسکردنی سیَ هۆکار بۆت بسەلمێنم بۆچی ئەمە باشترین شتە کە تۆ دەتوانیت بیکەیت:

یەکەم:

لێدانی دڵت بەرز نابێتەوە و تووشی پەرێشانی نابیت. دەبێت ئەوەت لەبەرچاو بێت کە بە درێژایی کات ناتوانیت

متمانەی خۆت بەبێ هیچ کێشە و لەکەیەک بپارێزیت. بیفیت لەم بارەیەوە قسەی جانی ئینیلی (Gianni Agnelli) بەڕێوەبەری پێشووی فیات (Fiat) دەهێنێتەوە:

"کاتێک دەچیتە تەمەنەوە، کەسانیتر بەشێوەیەک رەفتارت لەگەڵ دەکەن کە شایستەی ئەوەیت".

به دەربڕینێکی دیکە ناتوانیت بۆ ماوەیەکی زۆر خەڵک بەگێل بزانیت و کڵاو بکەیتە سەریان. دواجار دەستەکەت کەشف دەبێت.

دووەم:

تەرکیز لەسەر رای کەسانیتر و پاراستنی متمانەت لە لایان لە شادی و خۆشی راستەقینە بێبەشت دەکات، لە جیاتی ئەوەی بەدوای ئارەزووەکانی خۆتدا بچیت، هەمیشە دوای ئەوە دەکەویت چی بکەیت بۆ ئەوەی کەسانیتر لێت رازی بن.

سێیەم:

حسابکردن بۆ قسەی کەسانیتر کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم گەیشتن بە بەختەوەریی راستەقینە لە ژیاندا

لە راستیدا ئەگەر تۆ هەموو تەرکیزی خۆت بخەیتە سەر ئەو بابەتە کە کەسێک لە دنیای دەرەوە ئیمتیازت بداتێ و بەرزت بکاتەوە شتێکی زۆر زیان بەخشە و هەتا ئەمڕۆ بەهاو گرنگی نەبووە. بە رای دەیڤد برۆکس (David Brooks) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خەڵکیان کردووە بە ریکلامکەری عەقڵی براندە جیاوازەکان کە بەردەوام لە تویتەر، فەیسبووک

و ئینستاگرام هەوڵدەدەن کارەکتەرێکی دەروونی زۆر باڵاتر لـەوەی هەیە نمایش بکەن. برۆکس بـاوەڕی وایـە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مرۆڤیان کردووە بە رۆبۆتێکی چاوەڕوانی لایـک. لە راستیدا لایکەکانی ئینستاگرام و فەیسبووک، فۆڵۆەرەکان و بۆچوونی کەسانیتر وەکو تۆڕێکی جاڵجاڵۆکە ئیش دەکەن ئەگەر تۆ بکەویتە ئەو تەڵەیەوە، ئیتر رزگاربوون لێی قورسە و ئەو داوانەی پێیانەوە دەبێت بواری جووڵەت لیٚ زەوت دەکەن.

لە کۆکردنەوەی بابەتەکەدا دەبێت بڵێم هەرگیز لە رەخنە و تیر و توانجی کەسانیتر رزگـارت نابێت و هەمیشە کەسانێک هەن لە پاشملە باست بکەن و پڕوپاگەندەت بۆ بکەن. هەندیٚ جار دەستدەکەن بە دەستخۆشی و ستایش و هەندیٚ کاتیش دەتدەنە بەر رەشەبای رەخنە و ناتوانی کۆنترۆڵیان بکەیت، بەڵام خۆشبەختانە پێویستت بەوە نییە گویٚ بە قسەکانیان بدەیت. ئەگەر تۆ سیاسەتمەدارێک، ئەکتەر یان گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ نیت کە پارە و سامانت لە رێگەی ریکلامەوە بەدەست بهێنیت، ئیتر نابێت نیگەرانی پاراستنی متمانە و ناوبانگت بیت، بۆ ئەوەی خۆشەویست بیت خۆت بدەیت بە ئاو و ئاگردا. هەمیشە لە گۆگڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدوای ناوی خۆتدا مەگەڕیٚ، لە جیاتی ئەوە هەوڵ بدە ئاستی ژیانت بەرزبکەیتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە بەشێوەیەک مەژی ئەگەر دوای چل ساڵ لە ئاوێنەدا سەیری خۆتت کرد خۆت نەناسیتەوە، لەسەر بابەتی هیچ

خۆت تێکشکاو و پەرێشان مەکە. بیفیت دەڵێت:

"ئەگەر ئیشێک بکەم و لەگەڵ حەز و ئارەزوومدا بێتەوە و کەسانیتر دەستخۆشیم لێنەکەن، هەست بە شادی و خۆشحاڵی دەکـەم، بـەڵام ئەگەر ئیشێک تەنیا لەبەر رای پۆزەتیڤی کەسانیتر بکەم و خۆم لێی رازی نەبم، بێگومان هەست بە بێتاقەتی و غەمباری دەکەم."

بەم پێیە هەوڵ بدە بەپێی حەز و ئارەزووی خۆت ئیش بکەیت، هەروەها تەرکیز لەسەر ئەو رەخنە و قسانە مەکە کەسانیتر لە دژت دەیکەن، بە رەخنەیەک دەستەوئەژنۆ دامەنیشە و بە ستایشێک مەچۆرە ئاسمان.

(18)

## کۆتایی مێژووی وەهم
## تەنیا دەتوانیت خۆت بگۆڕیت،
## نەک خەڵکی تر

هەموو جارێک کە لە فڕۆکەخانەی زیوریخ (Zurich) پیاسە دەکـەم، هەست بە هەندێک گۆڕانکاری بچووک دەکەم کە تیایدا روویداوە. بۆ نموونە مێز و کورسییەکانی کافیتریاکە گۆڕاوە، یان تابلۆیەکی ریکلامی گەورەیان تازە داناوە، یان مێزی بەرپرسی قبوولکردن گۆڕاوە. جاریوایە بەرپرسانی فڕۆکەخانە پارکی ئوتومبیلەکان نوێدەکەنەوە و گەیتەکانی پشکنین دەگۆڕن. تەقریبەن نزیکەی سی ساڵە مانگی یەکجار دەچمە ئەوێ و هەموو جارێک گۆڕانکاری و حاڵەتی تازە دەبینم. هەمیشە دایکم و ئەو کاتەم دێتەوە یاد کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ ئەودا سەردانی فڕۆکەخانەی زوریخم کرد. ئەو زەمانە منداڵێکی بچووک بووم دەستم بە دەستی دایکمەوە بوو، چاوەڕێبووم باوکم لە سەفەرێکی ئیش بگەڕێتەوە. بیرمە باوکم لە پلەکانی فڕۆکەکە هاتەخوارەوە و دەستی بۆ ئێمە راوەشاند.

ئێستا کە دۆخی ئەو کاتەی فڕۆکەخانەکە لەگەڵ حاڵی حازردا بەراورد دەکەم، تێدەگەم هەموو شتێک گۆڕاوە و هیچ شتێک لە شوێنی پێشووی نییە. ئەو زەمانە فڕۆکەخانەی زوریخ کلۆتین (Zurich-Kloten)، تەنیا یەک هۆڵی بچووکی

هەبوو، لە ڕێی بڵندگۆوە فڕین و ناوی ئەو کەسانەی کە خەریک بوو لە فڕین بەجێبمێنن بە زمانی ئەڵمانی، ئینگلیزی، فەرەنسی دەخوێنرایەوە، بەڵام ئێستا فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی زوریخ خاوەنی فرۆشگایەکی گەورەیە کە سێ باندی گەورەی هەیە. من دڵنیام تۆش دەتوانیت ناوی چەند جێگایەک بهێنیت کە بە درێژایی ماوەیەکی زەمەنی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. چەندان گۆڕانکاری کە لەوانەیە لەبەر چاوت نەبووبێت و هێندە سەرنجی ڕانەکێشابێت.

تۆ سەبارەت بە خۆت چۆن بیردەکەیتەوە؟ بە دەربڕینێکی دیکە بەدرێژایی ژیانت تا چەند گۆڕانکاریت بەسەردا هاتووە؟ هەوڵبدە ٢٠ ساڵی ڕابردوو بهێنیتەوە یادت و بیربکەرەوە لەو ماوەیەدا سەرقاڵی چ ئیشێک بوویت و ئامانجەکانت چی بوون؟ کارەکتەر و خولق و خووت چۆن بووە، ئەو شتانە چی بوون لات بەهایان هەبوو لەگەڵ ئەوانەی بێبەهابوون. پاشان خۆت لەگەڵ ئێستات بەراورد بکە، لە سفرەوە هەتا ١٠ خاڵ بدە بە خۆت (بەبێ گۆڕانکاری) و (گۆڕانکاریی تەواو).

من ئەم پرسیارەم ئاراستەی ژمارەیەک لە هاوڕێکانم کرد، زۆربەیان گوتیان لە ماوەی ئەو ٢٠ ساڵەدا گۆڕانکاریی زۆریـان دیـوە لـە بـواری بـاوەڕ، بۆچـوون، دڵخۆشی و ڕقلێبوونەوە، ئاسایی نمرەی (٢-٤) یان دابوو بەم پرسیارە. هەڵبەتە ئەم کەسانە گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا هاتبوو، بەڵام بە ڕای خۆیان زۆر پرەنسیپ و تایبەتمەندییان وەکو ٢٠ ساڵ پێشتر بوو، گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبوو.

پرسیاری دواتر ئەمەیە: پێت وایە لە ٢٠ ساڵی داهاتوودا چەندە گۆڕانکاریت بەسەردا دێت؟

زۆربەی هاوڕێکانم نمرەی (٠-١)یان داوە، بە دەربڕینێکی دیکە ئەوان باوەڕیان وانەبوو ورە و خولْق و خوویان لە ئایندەدا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، یان ئەگەر گۆڕانکاریشی بەسەردا بێت بە ئەگەرێکی زۆرەوە بێبایەخە و دەکرێت چاوپۆشی لێبکرێت. ئایا مایەی سەرنج نییە کە وەکو فڕۆکەخانەکان و وێستگەکانی شەمەندەفەر گۆڕانکارییەکی ئەوتۆمان بەسەردا نایەت؟ ئایا دەشێت ئەمڕۆ دوا رۆژ بێت کارەکتەری تۆ کاملْتر بێت و دوای ئەوە هیچ گۆڕانکارییەک نابینین؟ هەڵبەتە وا نابێت و یەکێک لە دەروونناسەکانی زانکۆی هارڤارد (Harvard) بە ناوی دانیێل گیلبەرت (Daniel Gilbert) ئەم هەڵەیەی ناوناوە هەڵەی کۆتایی. بەو مانایەی ئێمە وادەزانین هەموو شتێک بە بێ گۆڕانکاری و بەجێگیری دەمێنێتەوە، بەڵام لە راستیدا ئێمە لە ئایندەدا بەو رادەیە گۆڕانکاریمان بەسەردا دێت کە لە رابردووەوە هەتا ئێستا بەسەرماندا هاتووە. دیارە زۆرجار ئەوە روون نییە ئێمە بە چ ئاراستەیەک دەگۆڕێین، بەڵام بێگومان ئەو مرۆڤەی ئێستا نابین و کارەکتەر و بەهاکانمان گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

ئێستا داوات لێدەکەم تەرکیزی خۆت لەسەر کارەکتەر و بەهاکانت لابەرە و بایەخ بەو بابەت و شتانە بدە کە ٢٠ ساڵ پێش ئێستا حەزت لێیان بووە. ئەو فیلمەی حەزت لێبووە چی

بووە؟ ئایا ئێستاش حەزت لەو فیلمەیە؟ خۆشەویستترین هاوڕێکانت لە ٢٠ساڵی رابـردوودا کێ بوون؟ ئایا هێشتا پەیوەندیت لەگەڵیان هەیە؟ چ کەسانێک ئەفسانەت بوون و شێتانە دەتپەرستن؟ ئایا هێشتا بـاوەڕت پێیان هەیە و بایەخیان پێدەدەیت؟ سەرەتا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە و ئینجا باقی ئەم وتارە بخوێنەرەوە.

گیلبەرت سەبارەت بە شێوازی حسابکردنی رادەی ئەم گۆڕانکارییانە لەلای کەسەکان، میتۆدێکی هەبوو کە هێندەش شارەزایانە نییە. دوو پرسیاری لەو کەسانە کرد کە بەشداری ئەزموونەکەیان کرد:

١- ئەو گروپی مۆسیقایەی ١٠ ساڵ پێش ئێستا بەلاتەوە خۆشەویست بووە کامەیە و ئەگەر ئەمڕۆ بتەوێت بچیتە کۆنسێرتیان ئامادەی چەند بدەیت بە بلیتەکەیان؟

٢- ئـەو گروپی مۆسیقایەی ئێستا لات خۆشەویستە کامەیە و پێت وایە ئەگەر ١٠ ساڵی داهاتوو کۆنسێرت بکات ئامادەی چەند پارە بدەیت بۆ ئەوەی بچیتە کۆنسێرتەکەیان؟

ئەو کەسانەی بەشداری ئەم راپرسییەیان کردووە وەڵامی سەرنجڕاکێشیان داوەتەوە. زۆربەی کەسەکان پێیان وابووە لە ئایندەدا ئامادەن پـارەی زۆر بـدەن بۆ ئامادەبوون لە کۆنسێرتی ئەو گروپی مۆسیقایەی ئێستا خۆشیان دەوێت، بەڵام حەزیان لەوە نەبووە پارە بدەن بە کۆنسێرتی ئەو گروپی مۆسیقایەی پێشان خۆشیان ویستووە. ئەم راپرسییە ئەوەی سەلماند هەڵەی کۆتایی لە مێشکی زۆربەی کەسەکاندا

هەیە و بڕیار و بۆچوونەکانمان ئاسانتر لەوەی کە بیری لێدەکەینەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

ئەم بابەتە دوو لایەنی باش و خراپی هەیە. لایەنی باشی ئەوەیە کە دەتوانیت تاڕادەیەک گۆڕانکاری لە کارەکتەری خۆتدا بکەیت. هەڵبەتە جینەتیک و فاکتەری دەوروبەر تاڕادەیەک دەستت دەبەستن، بەڵام بەهەرحاڵ خراپ نییە ئەگەر بەختی خۆت تاقیبکەیتەوە. هەوڵبدە ئەو کەسانە بکەیت بە نموونەی خۆت کە پەسەندیان دەکەیت، بەڵام لە هەڵبژاردنی نموونەکەتدا هەتا دەتوانیت وردبە.

لایەنی خراپ ئەوەیە ناتوانیت کەسانی تر بگۆڕیت، تەنانەت ناتوانیت هاوسەرەکەت یان منداڵەکانیشت بگۆڕیت، چونکە ئەو پاڵنەر و هەستەی پێویستە بۆ گۆڕانکاری دەبێت لە ناوەوەی مرۆڤەوە هەڵ بقوڵێت نەک لە دەرەوە. تەنانەت لێکۆڵینەوەی لۆجیکی لەم بارەیەوە بێئەنجامە و کەسەکان زیاتر لە دژت دەوەستنەوە.

هەربۆیە من پێشنیازت بۆ دەکەم لەو دۆخە دوور بکەوەرەوە کە ناچاریت کەسێک بگۆڕیت، چونکە لە حاڵەتی ڕەچاوکردنی ئەم بنەمایەدا تاڕادەیەکی زۆر لەو بەدبەختیانە بەدوور دەبیت کە لەوانەیە تووشت ببن و تاڕادەیەکی زۆریش کات و خەرجی مادی و مەعنەویت بەفیڕۆ نادەیت.

ئەگەر بمەوێت خۆم بکەم بە نموونە دەبێت بڵێم من هەرگیز ئیش بە کەسێک ناکەم کە ناچار بم کارەکتەر و ڕادەی توانای بگۆڕم، چونکە دەزانم دەرەقەتی ئەو ئیشە

نایەم. هەروەها لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە خولق و خوویان لـەگـەڵ منـدا ناگونجێت شـەریکایەتی نـاکـەم، هەرچەنده لەوانەیە هاوبەشی لەگەڵیاندا سوودێکی زۆرم پێبگەیەنێت. هەروەها پێشنیازی بەڕێوەبردنی کۆمپانیایەک قبووڵ ناکەم کە پێویستە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ستافی کارەکەیدا بکەم.

کەسانی هۆشیار و سەرکەوتوو لە ئابووری و ئیشیاندا هەمیشە ئەم بابەتە لەبەرچاو دەگرن. بیرمە سەروەختێ یەکێ لە فرۆکەخانەکان کە لە باشووری خۆرئاوای سویسرا بوو دروشمێکی بەم ناوەڕۆکە هەبوو "وەرگرتن لەبەرخاتری ئامانج و بـاوەڕ و راهێنان بۆ فێربوونی شـارەزایـی." بە رای من تـەواو راست و بەجێ بوو، چونکە ئێمە ناتوانین کەسێک کە لە ناخەوە فێڵباز و ساختەچییە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕین، ئەگەر ئەم کەسە بێتە ناو ژیانی تایبەتی یان ئیشکردنمانەوە، بێگومان کێشەمان بۆ دروست دەکات، بەڵام دەتوانین کەسانی باش فێر بکەین و شارەزایان بکەین و دڵنیا بین بە باشترین شێوە ئیش دەکەن.

بەلای منەوە زۆر مایەی سەرنجە چۆن هەندێک کەس لە حسابکردن بۆ ئەم بابەتە غافڵ دەبن. یەکێک لە هاوڕێکانم کەسێکی زۆر کۆمەڵایەتییە و مامەڵەی خۆشە، لەگەڵ ژنێکی جوان و دەروون نەخۆشدا زەمـاوەنـدی کـرد، پێی وابوو دەتوانێت لە کەسێکی گۆشەگیر و بێدەنگەوە بیکات بە کەسێک کە عاشقی چوونە میوانی و قسەکردن بێت لەگەڵ کەسانی تـردا، بـەڵام پاش ماوەیـەک هـەوڵ و کێشمەکێش

نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک و لە کۆتاییدا لەیەک جیابوونەوە. ئەم جیابوونەوەیە لە رووی مادی و مەعنەوییەوە زۆر لەسەر هاوڕێکەم کەوت.

بنەمایەکی دیکە ئەوەیە: "هەمیشە لەگەڵ کەسانێکدا ئیش بکە کە کارەکتەریانت قبووڵە و دەتوانیت متمانەیان پێبکەیت" هەروەکو چارلی مەنگەر دەڵێت: "زۆر گرنگە لەگەڵ کەسانێکدا هەڵسوکەوت بکەیت کە متمانەت پێیانە و ئەو کەسانەی کارەکتەریان لەگەڵ تۆدا ناگونجێت بخەیتەلاوە".

تۆ چۆن لە شەڕی ئەو کەسانە خۆت رزگار دەکەیت کە وەکو ژەهر ئیش دەکەن و هەموو وزە و توانات وێران دەکەن؟ من و ژنەکەم لە دوا رۆژی هەر ساڵێکدا پارچە کاغەزێک هەڵدەگرین و ناوی ئەو کەسانەی لەسەر دەنووسین کە وەکو ژەهراوی دێنە بەرچاومان و ئیتر تەحەمولیان ناکەین، پاشان ئەو پارچە کاغەزە دەسووتێنین، ئەم بابەتە لە خێزانەکەی ئێمەدا وەکو نەریتێکی لێهاتووە.

(19)

## بچووکترین مانای ژیان

## ئەو ئامانجانەی قابیلی بەدیهێنانن و ئەوانەی مەحاڵن

کاتێک نووسەری گەورە تێری پێرس (Terry Pearc) پەیوەندی کرد بە هاوڕێکەیەوە رووبـەڕووی ئەم پەیامە بۆوە:

"سڵاو، من گیریم و دوو پرسیارم لێت هەیە: ١- تۆ کێیت؟ ٢-چیت دەوێت؟ "

پاش ماوەیەک بێدەنگی، سکرتێرەکە دووبارە قسەی کرد و وتی:

"ئەگەر پێت وایە ئەم پرسیارانە زۆر بێبایەخن دەبێت بڵێم ٩٥٪ ی ئەو کەسانەی لەم دنیایەدا ژیاون هەرگیز وەڵامێکی گونجاوی ئەم دوو پرسیارەیان نەداوەتەوە، تۆ چۆن وەڵامی (تۆ کێیت؟) دەدەیتەوە؟ زۆربەی کەسەکان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ناوی خۆیان دەڵێن. هەندێ جار زانیاری لەم بابەتەش بە من دەڵێن: ئیشیان، ژمارەی منداڵەکانیان، یان خاسیەتی ئاکاریان. ئەم وەڵامانە، ئەوەنین کە من مەبەستمە، هەرچەندە هەڵە نین، بەڵام تۆ ناتوانیت ناسنامەی خۆت بەیەک رستە بڵێیت. تەنانەت ناسنامەی تۆ لە پەرەگرافێکیشدا جێی نابێتەوە. بە چاوپۆشی لەوەی کێیت و چ پێگەیەکت هەیە، بەلای کەمەوە کتێبێکی هێندەی رۆمانێک پێویستە بۆ ئەوەی بەتەواوی باست بکات و بە باشی وردەکاریی کارەکتەری تۆ بەیان بکات.

لەبەرئەوەی ژیانی ئێمە لایەنی زۆر و بێکۆتایی دەگرێتەخۆی، ناتوانین تەنیا لەیەک رستەدا کورتی بکەینەوە. هەڵبەتە ئێمە هەمیشە هەوڵدەدەین خۆمان کورت بکەینەوە و لەوە خافڵ دەبین هەندیٚ راستی لەبەرچاو بگرین. لە راستیدا ئەو وێنەیەی ئێمە لە خۆمانی پیشان دەدەین، وەکو وێنەکانی کتێبی کۆمیدی وان کە زۆر سادە و راستەوخۆ دروستکراوە و وردەکارییەکانی تێدا رەسم نەکراوە. هەروەکو لە بەشی (٢٢)ی ئەم کتێبەدا دەیبینیت، هەندیٚ جار مێشکی ئێمە راستییەکان دەگۆڕێت و ئێمە لەگەڵ خۆشماندا درۆ دەکەین، کەواتە دەبێت پێت بڵێم باشتر وایە هەرگیز دوای وەڵامی پرسیاری (تۆ کێیت؟) نەکەویت، چونکە تەنیا کاتی خۆت بەفیڕۆ دەدەیت؟

بەڵام سەبارەت بە پرسیاری دووەم: (چیت دەوێت؟) بە پێچەوانەی پرسیاری یەکەمەوە ئەم پرسیارە هەتا رادەیەکی زۆر قابیلی وەڵامدانەوەیە و بۆ ئێمە زۆر پێویستە کە بزانین لە ژیانی خۆماندا چیمان دەوێت و بە نیازین چۆن بەدەستی بهێنین. ئامانجی تۆ لە ژیاندا چییە؟ لە راستیدا چۆن مانای ژیان لێک دەدەیتەوە؟ هەڵبەتە مانای ژیان خۆی لە خۆیدا دەشێت گومڕاکەر بێت. لەبەر ئەوەی کردوومە بە دوو بەشەوە: ١- مانای گەورەتری ژیان. ٢-مانای بچووکتری ژیان.

ئەگەر تۆ لە هەوڵدایت بۆ دۆزینەوەی مانای گەورەتری ژیان، دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەیتەوە:

١- ڕۆڵی ئێمە لەسەر زەوی و ئیکۆسیستەمی زەوی چۆنە؟

٢-هۆکاری هەبوونی بوونەوەرەکانی جیهان چییە؟

٣- لە پشت ژیانی مرۆڤەوە چ مانا و چەمکێک خۆی حەشار داوە؟

هەڵبەتە لای کەلتور و نەتەوە جیاوازەکان بە شێوازی جیاواز وەڵامی ئەم پرسیارانە دراوەتەوە.

لە چینی کۆن و ئەمریکای باشوور خەڵکی باوەڕیان وابوو زەوی کیسەڵێکی زۆر گەورەیە. یان باوەڕ بەوەی خودا لە شەش ڕۆژدا جیهانی دروستکردووە و لە ڕۆژی هەستانەوەدا هەموو شتێک لەناو دەچێت کە لە مەسیحیەتدا هەیە. بە پێچەوانەی ئاینە جیاوازەکانەوە، زانست هیچ وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی سەبارەت بە مانای گەورەتری ژیان پێنییە. هەموو ئەو شتەی زانست سەبارەت بە دنیا پێمان دەڵێت ئەوەیە جیهان بەبێ ئامانج و بەبێ پەیڕەوی لە بنەمایەکی تایبەتی هەتا ئەو کاتەی بە ڕێژەی پێویست مادە و وزە بێت پێشدەکەوێت و هیچ ئامانجێکی قابیلی تێگەیشتن و گشتی لە پشت پەرەسەندنی جیهانەوە نییە. لە بێخەوە لە ڕووی زانستییەوە، دنیا بێمانایە، بەم پێیە باشتر وایە زۆر گوێ بە مانای گەورەتری ژیان نەدەین، چونکە لەو حاڵەتەدا تەنیا کاتی خۆمان بەفیڕۆ دەدەین.

بەڵام باشتروایە بیر لە ئامانج و بەرنامەکانمان بکەینەوە، چونکە ژیانێکی باش بەبێ بوونی ئامانج نابێت. سینکا

(Seneca) دوو هـەزار ساڵ لەمەوبەر بـاوەڕی وابـوو: "باشتروایە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆت لەسەر شتێک چڕ بکەیتەوە و مێشکی خۆت بە پرسیاری بێمانا و بێسەرو بەرەوە ئاڵۆز نەکەیت".

هەڵبەتە هیچ گەرەنتییەک نییە تۆ سـەرەڕای هـەوڵ و کۆششەکانت بە ئامانجەکانی خۆت دەگەیت و ژیانێکی باشت دەبێت، بەڵام ئەگەر هیچ ئامانجێکت نەبێت، نەگبەتی و بێئەنجامیت مسۆگەرە و بێگومان دێتە ڕێت.

ئامانجەکانت زۆر گرنگن. بۆ نموونە توێژەرانی ئەمریکا چەند توێژینەوەیەکیان لەسەر کۆمەڵێ خوێندکاری ١٧ و ١٨ ساڵ کرد و پرسیاریان لێکردن بەدەستهێنانی سامان و گەیشتن بە ئاوات تا چەند بەلایانەوە گرنگە؟ دەیانتوانی لە نمرە (١-٤) وەڵامی (بێبایەخە) و (زۆر گرنگە) بدەنەوە. چەند ساڵێک دوای ئەوە توێژەران دووبارە بانگیان کردنەوە و سەبارەت بە دەرامەتیان پرسیاریان لێکردن و ئەوەی هەتا ئێستا تا چەند لە ژیانی خۆیان رازین. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەرکەوت هەرچەندە لە قۆناغی لاویدا بەرزەفڕ بـوون و پـارە بـەلایـانـەوە گرنگ بـووە، حاڵی حازریش دەرامەتێکی زیاتریان هەیە و ئەم ئەنجامە زانایانی زۆر خافڵگیر کرد، چونکە هەتا ماوەیەکی زۆر پێیان وابوو مرۆڤ تەنیا وەڵامی پاڵنەرە دەرەکییەکان دەداتەوە.

لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا، ئەو خوێندکارانەی دوای تەواوکردنی خوێندن بەدوای ئیشی پڕ دەرامەتدا گەڕابوون

و توانیبوویان ئەو ئیشە پەیدا بکەن کە مەبەستیانە، زیاتر لە ژیانی خۆیان رازیبوون. ئەو کەسانەی پارە بەلایانەوە گرنگ بوو، بەڵام نەیانتوانیبوو ئیشێکی گونجاو بۆ خۆیان پەیدا بکەن، زۆر لە ژیانی خۆیان ناڕازی و تووڕەبوون. لەوانەیە تۆ وابیربکەیتەوە کە پارە دەتوانێت بەختەوەریت بە دیاریی بۆ بهێنێت، بەڵام وانییە چونکە سامانی زۆر بەلای ئەو کەسانەوە کە پارە و سامانیان نەکردووە بە ئامانجی سەرەکی خۆیان بە هیچ جۆرێک مایەی خۆشحاڵی و شانازیی نییە. لە راستیدا سەروەت و سامان مەسەلەیەکی پێویست نییە بۆ بەختەوەری. گرنگ ئەوەیە لە ئامانجەکانی خۆت تێبگەیت و لەگەڵ خۆتدا راستگۆ بیت.

بۆچی ئامانجداری لە ژیاندا گرنگییەکی زۆری هەیە؟ لەبەرئەوەی کەسانی خاوەن ئامانج هەوڵێکی زیاتر دەدەن و سوورن لەسەر گەیشتن بە ئامانجی خۆیان، وێڕای ئەوەش بوونی ئامانج و سەقامگیری، بڕیارەکانی تری ژیان ئاسانتر دەکات، دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت بەدرێژایی رێڕەوی ژیان دووڕیانی زۆرمان دێتەڕێ کە دەبێت لەناویاندا رێگا راستەکە هەڵبژێرین کە بە ئامانجمان دەگەیەنێت. مایەی سەرسوڕمان نییە ئەو کەسانەی لە ژیانیاندا رۆڵی پارەیان زۆر بە گرنگ لێکداوەتەوە، ئیشی پڕ دەرامەتی وەکو پزیشکی و پارێزەری و راوێژکاریان هەڵبژاردووە.

بەم پێیە رێنمایی من ئەوەیە کە لە ژیانتدا ئامانجت هەبێت، بەڵام لێرەدا دوو بابەتی گرنگ هەیە کە باسکردنیان خراپ

نییە. یەکەم: دەبێت واقیعبینانە ئامانجەکانی خۆت دەستنیشان بکەیت. بۆ نموونە ئەگەر کورتەباڵا و قەڵەو بیت بێگومان ناتوانیت ببیتە یاریزانێکی باسکەی پڕۆفیشناڵ. هەروەها خەیاڵی چوونە سەر مەریخ، بوون بە سەرۆک کۆمار یان بوون بە ملیاردێر لەسەری خۆت دەرکە، چونکە ٩٩٪ی ئەو ڕووداوانـەی کە دەبێت بۆ گەیشتنە ئامانجی تۆ ڕووبدەن لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تۆن و ئامانجە ناواقیعییەکان وەکو ژەهرێک ئیش دەکەن کە هەموو شادی و خۆشییەکانت لەناو دەبەن.

کەواتە باشتر وایـە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت ماوە دیاری بکەیت. بۆ نموونە بڕیار بدە لە ئایندەدا دەوڵەمەند بیت، بەڵام بیر لەڕادەی دەوڵەمەندییەکە مەکەرەوە، ئەگەر بە ئامانجەکەت گەیشتیت و بۆ نموونە بوویتە ملیاردێر زۆر باشە، بەڵام ئەگەر نەبوویت بە ملیاردێر و دەرامەتێکی باشت هەبوو، دەتوانیت قەناعەت بە خۆت بکەیت کە هیچ نەبێت وەزعت لە خەڵک بە گشتی باشترە. تەنانەت پێویست ناکات ئەمە بە شێوەیەکی هۆشیارانە بکەیت، چونکە مێشکت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بارودۆخێک فەراهەم دەکات کە هەست بە ڕەزامەندیی بکەیت.

دەبێت ئەوەت لەبەرچاو بێت کە دەستنیشانکردنی ئامانج زۆر گرنگە، بەڵام هێشتا زۆر لە مرۆڤەکان سەبارەت بە ئامانجەکانی خۆیان بەڕاستی و دروستی بیرناکەنەوە و

بە سووربوونەوە بڕیار نادەن کە لە ژیاندا چییان دەوێت و ئامانجیان چییە. کەواتە ئەوەت لەبەر چاو بێت کە ئەو ئامانجانە بۆخۆت دیاری بکەیت کە قابیلی وەدیهاتن بن و بزانە ڕێڕەوت لە ژیاندا چییە و بەرەو کوێ دەچیت و بەهەڵە و پەڵە دووبارە مەگەڕێرەوە بۆ بازنەی یەکەم.

## (20)

## دوو خود

## بۆچی ژیانت وەکو ئەلبوومێک نییە؟

دەمـەوێت تۆ وەکـو دوو کـەس بناسێنم کە بە باشی دەیانناسیت. خودی ئەزموونگەر و خودی یادەوەریساز.

خودی ئەزموونگەرت بەشێکە لە خودئاگات کە خەریکی شیکردنەوەوە و بەدەستهێنانی ئەزموونە لە حاڵی حازردا. بۆ نموونە خودی ئەزموونگەری تۆ حاڵی حازر سەرقاڵی خوێندنـەوەی ئـەم کتێبەیە و پـاش مـاوەیـەک شایەتی داخستنی کتێبەکە لەلایەن تۆ و سەرقاڵبوونت دەبێت بە ئیشێکی دیکەوە وەکو خواردنـەوەی کوپێک قـاوە. خودی ئەزموونگەری تۆ تەنیا پەیوەندی بە جووڵە و کاردانەوەکانی تۆوە نییە لە حاڵی حازردا بەڵکو سەروکاری لەگەڵ هەست و بیرکردنەوەشتدا هەیە لە کاتی ئەرکەکانتدا. لە راستیدا خودی ئەزموونگەری تۆ، دۆخی بەدەنی تۆ وەکو ماندوێتی، ئازاری ددان یان سترێس لەگەڵ مەسەلەکانی تری دەوروبەر و ئەو رووداوانەی لەو کاتەدا روویانداوە پێکەوە دەبەستێ و وەکو ئەزموونێک لە مێشکتدا سەیڤی دەکات.

تۆ چـۆن حاڵی حـازر پێناسە دەکـەیت؟ دەروونـزانـان باوەڕیان وایە کە ئاسایی حاڵی حازری هەر مرۆڤێک سێ چرکە درێژەدەکێشێت و پێش ئەوە دەداتە پاڵ رابردوو. لە راستیدا ئەگەر بمانەوێت ئەو کاتەی خەوتووین لەبەرچاو

بگرین و هەر ساتەی بە سێ چرکە لەبەرچاو بگرین بە درێژایی بیست ڕۆژ هـەزار ساتی جیاوازمان دەبێت. بە دەربڕینێکی دیکە ئێمە بە درێژایی ژیانمان نزیکەی نیو ملیار سات ئەزموون دەکەین.

کاریگەریی بینینی شتەکان و مرۆڤەکانت لەسەر دەبێت و کۆمەڵێ بابەت دێتە مێشکتەوە. پێت وایە پاش ئەوەی ئەو بابەتانە دێنە مێشکتەوە چییان بەسەر دێت؟ لە ڕاستیدا بەشێکی بەرچاویان بە شێوەیەک کە قابیلی گەڕانەوە نییە لە مێشکتدا دەسڕێنەوە. دەتوانیت ئەم بابەتە لەسەر خۆت تێست بکەیت. بۆ نموونە بیست و چوار سەعات سەرقاڵی چ ئیشێک بوویت؟ ئایا دەتوانیت بەبێ ئەوەی فشار لە مێشکت بکەیت بیڵێیت کە ڕێک سەرقاڵی چی بوویت؟ مایەی سەرنجە بزانیت ئێمە بەشێکی زۆر لەو شتانەی ئەزموونمان کردووە و لـەو ڕووداوانــەی بەسەرمان هـاتووە لەبیری خۆمان دەبەینەوە.

کەسی دووەم کە باشترە بیناسیت، خودی یادەوەریسازی تۆیە کە وەکو خودی ئەزموونگەرت، بەشێکە لە خودئاگات و سەرقاڵی کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندن و ریزبەندی ئەو حاڵەتانەیە کە خودی ئەزموونگەرت پێی سپاردووە و لە مێشکت دەرینەکردۆتە دەرەوە. ئەگەر لە بیست و چوار سەعاتی ڕابردوودا ڕووداوێکی تایبەتیت بەسەرهاتبێت بۆ نموونە باشترین و خۆشترین کێکی عومرت خواردبێت، ئەوسا بە ئەگەرێکی زۆرەوە خودی بیرەوەریسازت ئەوەی

لە مێشکتدا تۆمار کردووە و بە ئاسانی دەتوانیت ئەو کێکە بە یاد بهێنیتەوە.

ئێستا ڕێگەم پێبدە جیاوازی نێوان خودی ئەزموونگەر و خودی بیرەوەریسازت بە ئاراستەکردنی پرسیارێک بۆ شیبکەمەوە:

## ئایا تۆ خۆشحاڵیت؟

بە پەلە وەڵامی ئەم پرسیارە مەدەرەوە. سەرەتا کەمێک بیربکەرەوە، ئینجا وەڵامی بدەرەوە. ئەگەر ئەم پرسیارە ئاراستەی خودی ئەزموونگەرت بکەیت، بێگومان وەڵامەکەی لەسەر بنەمای دۆخی ئێستات دەبێت. خودی ئەزموونگەرت بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ڕۆحیت لە چەند ساتێ پێش ئەوەدا وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کە هیوادارم وەڵامی خودی ئەزموونگەرت بۆ ئەم پرسیارە پۆزەتیڤ بێت و وەکو من هەستێکی باشت هەبێت.

بە هەرحاڵ ئەم پرسیارە ئاراستەی خودی بیرەوەریسازت بکە، خودی بیرەوەریسازت بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی گشتی ژیانت و ئەو ڕووداوانەی لەسەردەمی مناڵییەوە هەتا ئێستا بەسەرت هاتوون وەڵامی پرسیارەکە دەداتــەوە و تەنیا سەروکاری لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا نییە کە ئێستا بەسەرت هاتوون.

بەداخەوە هەردوو خودەکە ئاسایی وەکو یەک وەڵامی پرسیارەکە نادەنەوە. توێژەران لە تاقیکردنەوەیەکدا، گرووپێک

لە خوێندکارانیان کرد بە دوو دەستەوە کە پشوویانە.

دەستەی یەکەم هەمیشە لە کاتی جیاوازدا و لە پشوودا ئەو پەیامانەیان وەردەگرت کە داوای لێدەکردن لە حاڵی حازردا دۆخ و هەستی خۆیان باس بکەن. دەستەی دووەم لە کۆتایی پشوودا پرسیار و هەڵسەنگاندنیان ئاراستە دەکرا. بەم تاقیکردنەوەیە توێژەران لەوە تێگەیشتن خودی ئەزموونگەری خوێندکاران، کەمتر لە خودی یادەوەریسازیان هەست بە شادی دەکات. هەڵبەتە مایەی سەرسوڕمان نییە، لەوانەیە تۆ چیرۆکی چاویلکەی شووشە سوورت بیستبێت. ئاسایی مرۆڤەکان بە خۆشی و باشی باسی رابردووی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەم مەسەلەیە شتێکی دیکە دەدات بە گوێماندا، ئەویش ئەوەیە کە یادەوەریی ئێمە ئەوەندە جێگای متمانە نییە و لەوانەیە هەڵەی زۆر لە مێشکماندا روودات و یادەوەریمان بگۆڕێت یان بەلاڕێدا ببات.

لە تاقیکردنەوەیەکدا ئاست و رادەی ئەو هەڵانەی کە لەوانەیە مێشکمان بیکات، حسابکرا. توێژەران سەرەتا داوایان لە خوێندکاران کرد دەست بکەن بە ناو قاپێک ئاودا کە پلەی گەرمی چواردە سانتی گراد بوو. ئەوان بۆ ماوەی یەک دەقە دەستیان لەناو ئاوە ساردەکەدا راگرت و کەسیان بەو حاڵەتە رازی نەبوون. رۆژی دوای ئەوە داوایان لێکرا ماوەی یەک دەقە دەست بخەنە ناو ئاوێکی چواردە پلەوە و پاشان بۆ ماوەی سی چرکە دەست بخە ناو ئاوێکەوە کە پلەی گەرمای پانزە پلەی سانتی گراد بوو، یەکسەر داوایان لێکرا

تاقیکردنەوەی یەکەم یان دووەم بەلایانەوە قابیلی تەحەمول بوو؟ تەقریبەن ٨٠٪ یان باوەڕیان وابوو تاقیکردنەوەی دووەم باشتر بوو لە تاقیکردنەوەی یەکەم، بەڵام ئەگەر بمانەوێت لە روانگەیەکی لۆجیکیەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، دۆخی خوێندکاران لە تاقیکردنەوەی دووەمدا لە تاقیکردنەوەی یەکەم خراپتر بووە، چونکە ماوەی یەک دەقە و نیو دەستیان لەناو ئاوی ساردا بووە، کەواتە چۆن ئەوان باوەڕیان وایە تاقیکردنەوەی دووەم قابیلی تەحەمولتر بوو؟ دانیێل کانمان ئەم بابەتە بە زاراوەی لووتکە یان دوا لووتکە روون دەکاتەوە. هەروەکو لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسکرا، ئێمە ئاسایی خاڵی لووتکە و کۆتایی هەر رووداوێک بە مێشک دەسپێرین و مێشکی ئێمە باقی ئەو رووداوانەی کە لە رێیەوە روویانداوە فلتەر دەکات. سەبارەت بەم دوو تاقیکردنەوەیەش هەردوو خاڵەکە لووتکەیەکی یەکسانیان هەبوو (دەستخستنە ناو ئاوێکی چواردە سانتی گراد) بەڵام خاڵی کۆتایی ئەم دوو تاقیکردنەوەیە لەگەڵ یەکتری جیاواز بوون. لە راستیدا خاڵی کۆتایی تاقیکردنەوەی یەکەم (ئاوی چواردە پلە) لە خاڵی کۆتایی تاقیکردنەوەی دووەم (ئاوی پانزە پلە) خراپتر و ناخۆشتر بوو، لەبەر ئەمەیە کە بەشدارانی تاقیکردنەوەکە باوەڕیان وابوو کە تاقیکردنەوەی دووەم بەلایانەوە قابیلی تەحەمولتر بوو.

لە راستیدا هیچ کام لە خوێندکاران سەرنجی ئەوەیان نەدا کە لە تاقیکردنەوەی دووەمدا ماوەیەکی زیاتر دەستیان

لەناو ئاوی ساردا بووە. ئەم بابەتە دەتوانرێت لە حاڵەتی تریشدا بگشتێنرێت، بۆ نموونە ئەوە گرنگ نییە کە تۆ یەک حەفتە پشووت هەبێت یان سێ حەفتە چونکە مێشکت ئیشی بە درێژی ئەو ماوەیە نییە کە لە پشوودا بوویت و تەنیا سەرنجی خاڵی لووتکە و کۆتایی سەفەرەکە دەدات. بەهەمان شێوە چ مانگی یان ساڵێ لە زینداندا بیت، مێشکت لەبیری دەکات. بەمە دەڵێن هەڵەی ناسینی، نادیدەگرتنی درێژی زەمەن. (duration negleet) جیا لە بنەمای لووتکەی ئەخیر ئەمە گەورەترین هەڵەیەکە کە خودی بیرەوەریسازت دەتوانێت بیکات.

لە کاتێکدا کە خودی ئەزموونگەرت ئاسایی راست ئیش دەکات، خودی بیرەوەریسازت هەڵەی زۆر دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیاری زۆری هەڵە بدەین و بە هۆی حسابی هەڵەی خودی بیرەوەریسازمانەوە، زیاتر حەز بە چێژی قووڵ و کورتخایەن وەکو بانجی جامپیینگ (bungee jumping) مان هەیە تا چالاکی ئارامبەخش و بەردەوامی وەکو شاخەوانی و پیادەڕەوی.

کتێبی زۆر لە ژانری سەرکەشیدا نووسراون و بە شێوەیەکی سەرەکی نووسەرانیان پەیامنێرانی شەڕ و بەڵیندەرانی ئەماتۆر و ئەکتەران بوون کە زۆربەیان باوەڕیان وایە ژیان کورتە و حەیفە کە بە بەتاڵی و یەکڕیتمی بەسەری بەرین، تەنیا بەرزی و نزمی زۆرە کە دەتوانێت بمانهەژێنێت و لە ژیانماندا گۆڕانکاری دروست بکات و ژیانی ئارام و بێ

گۆڕانکاری بە ژیانێکی شکستخواردوو دەزانن. لە ڕاستیدا بە باوەڕی من ئەم جۆرە نووسەرانە و وەرگرەکانیان بوون بە تەڵەیەکەوە کە خودی بیرەوەریسازیان بۆی ناونەتەوە. لەوانەیە بەپێ و بەپێی پەتی تەیکردنی پانایی ئەمریکا یان بەخێرایی سەرکەوتن بۆ لووتکەی ئێڤرست لە یادەوەریی تۆدا بە یادەوەرییەکی سەرسوڕهێنەر نیشان بدات، بەڵام دەبێت ئەوەت لەبەرچاو بێت کە ئەوانە وەکو ئەشکەنجەیەکی ڕاستەقینە وان. لە ڕاستیدا ئەمانە بەنرخی ئەشکەنجەدانی خۆیان یادەوەریی باش بۆ مێشکیان دەکڕن.

ئێستا تۆ پێت وایە کامیان گرنگیان زیاترە؟ خودی ئەزموونگەر یان خودی بیرەوەریسازت؟ هەڵبەتە هەردووکیان گرنگن و پێگەیەکی تایبەتیان هەیە و کەس حەزناکات مێشکی لە یادەوەریی باش خاڵی بێت، بەڵام بە هەرحاڵ نابێت فەزڵی خودی بیرەوەریساز بدرێت بەسەر خودی ئەزموونگەردا. هەربۆیە بایەخ بە ژیانی حاڵی حازری خۆت بدە و تەنیا بیر لە دروستکردنی بیرەوەری مەکەرەوە. لەگەڵ خۆتدا بیربکەرەوە کام لەم حاڵەتانەی خوارەوە بەلاتەوە مایەی سەرنج دەبێت. سات بە ساتی ژیانێکی باش یان یەک ئەلبوومی پڕ لە وێنەی سەرنجڕاکێش و هەژێنەر؟

## (21)
## بانکی یادەوەری، ئەزموون بیرەوەری کەڵەکە دەکات

وێنای باشترین رووداو بکە کە دەکرێت لە ژیانتدا رووبدات. لەوانەیە سەفەرێکی درێژ لە کاریبی بە شتێکی نایاب بزانیت یان سەفەر لە رێگای شیریی کاکێشان بەلاتەوە سەرنجڕاکێش بێت یان تەنانەت لە مێشکی خۆتدا تەسەوری خواردنەوەی پەرداخێک لەو خواردنەوەیە بکەیت کە حەزت لێیەتی. ئێستا ئامادەیت چەند پارە بدەیت بۆ ئەوەی خەونەکەت بێتەدی؟

سەرەتا ماوەیەک بوەستە و هەوڵبدە خەون و ئارەزووەکانت بخەیتە سەر کاغەز، پاشان ئەو برە پارەیە بنووسە کە ئامادەیت بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئەزموونە شیرین و چێژبەخشە بیدەیت.

ئێستا وایدابنێ ئەگەر ئاواتەکەت بێتەدی، دوای ئەوە هیچ یادەوەرییەک لەو سەفەرە یان ئەو خانووەی حەزت لێی بووە لە مێشکتدا نامێنێتەوە. لەم حاڵەتەدا ئامادەیت چەند بدەیت بۆ ئەوەی ئاواتەکەت بێتەدی؟ باشە ئەگەر تەنانەت ئەوەشت نەیەتەوە یاد کەشتییەکە کە بەهۆیەوە لە دەریای کاریبیدا سەفەرت کردووە چۆن بووە؟ یان رەنگی کەشتییە ئاسمانییەکەت لە سەفەری فەزادا لەبیر بچێتەوە. ئایا دیسان بەهای ئەوەی هەیە بۆ ئەزموون پارە بدەیت؟ دەبێت ئەوە

بڵێم زۆربەی ئەو کەسانەی ئەم پرسیارەم لێکردوون، لەو باوەڕەدا بوون ئەزموونی باش ئەگەر یادەوەرییەک لە مێشکماندا بەجێنەهێڵێت تەواو بێسوودە و بەهای ئەوەی نییە پارەی تێدا خەرج بکەیت.

لەوانەیە تۆش هەمان هەستت هەبێت، ئێستا وایدابنێ تەنیا یەک ڕۆژ لە سەفەرە سەیرەکەی خۆت بۆ فەزا بێتەوە یاد. ئایا لەم حاڵەتەدا ئامادەی پارەی تیا خەرج بکەیت؟ ئەم پرسیارە لە ماوەیەکی زەمەنی زیاتردا بۆ نموونە یەک مانگ یان ساڵێک یان دە ساڵ وەڵام بدەرەوە.

بەداخەوە هیچ تاقیکردنەوەیەکی زانستی لەسەر ئەم پرسیارە نەکراوە، بەڵام من خۆم بە پرسیار و وەڵام لە هاوڕێ و هاوکارانم لەوە تێگەیشتووم، ئەو ئەزموون و ڕووداوە نموونەییانە بەلامانەوە بەهایان هەیە کە ببن بە یادەوەری، یان بە دەربڕینێکی دیکە بتوانین بیانسپێرین بە یادەوەری. لە ڕاستیدا هەرچەندە یادەوەرییەک لە مێشکماندا بمێنێتەوە، بەهای بەلامانەوە زیاتر دەبێت. بۆ نموونە ئەگەر نەتوانیت هەتا مردن یادەوەرییەک لە مێشکی خۆت دەربکەیت، ئەو بابەتە بەلاتەوە بەهادار بووە، ئەگەر قسەیەک یان ڕووداوێک یەکسەر لە بیربکەیت، نیشانەی ئەوەیە ئەو ڕووداوە یان ئەو قسەیە بەلاتەوە ئەوەندە بایەخی نەبووە. لە ڕاستیدا بەبێ بوونی یادەوەری، ئەو ئەزموون و ڕووداوانەی بەسەرمان دێن تەواو بێبەها و پووچ دەبن. لەوانەیە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە گێلانە و هیچ بێتە بەرچاو،

تۆ پێت باش بێت بە چاوپۆشی لەوەی شتێک لە یادەوەریتدا دەمێنێتەوە یان نا، رووداوی سەیر و سەرنجڕاکێش ئەزموون بکەیت. بەهەرحاڵ هەموو مرۆڤەکان دەمرن و هەموو بیرەوەرییەکانیان بەهۆی مردنەوە لەناودەچن، بەڵام ئەگەر بڕیار بێت مردن یادەوەریمان لە بیرەوەری خاڵی بکاتەوە، چەندە بەلاتەوە گرنگە بیرەوەرییەکانی خۆت هەتا مردن بپارێزیت؟

لەوانەیە سەرنجڕاکێش بێت بزانین ئەو کەسانەی عەقڵیان لە دەستداوە سەبارەت بە خۆیان و کەسانی دی چ هەستێکیان هەیە، بەڵام بە ئەگەرێکی زۆرەوە وەزعی ئەوان بەم جۆرەیە:

ئەوان خێرا سات بە سات کۆمەڵێک رووداویان بەسەر دێت و هیچ بیرەوەرییەک لەو رووداوانە لە مێشکیاندا نامێنێتەوە. زۆر لە زانایان لەو باوەڕەدان ئەو ژیانەی ئاژەڵانیش ئەزموونی دەکەن بەو شێوەیەیە. ئاژەڵان لەو ساتەدا دەژین و تەقریبەن هیچ بیرەوەرییەکیان نییە و هیچیان بیرنایەتەوە کە لە رابردوودا چیان بەسەر هاتووە. تەنانەت هەندێ کات دەتوانیت ئەو پەرستارانە بدۆزیتەوە کە لەگەڵ ئەو نەخۆشانەی عەقڵیان لەدەستداوە زۆر خراپ رەفتار دەکەن و کاتێک دژیان دەوەستیتەوە رووبەڕووی ئەم وەڵامە دەبیتەوە: "ئەمانە هیچیان بیر نایەتەوە، بۆیە غەمگین و پەرێشان نابن". لەوانەیە ئەم وەڵامە تاڕادەیەک راست بێت، بەڵام بێگومان لەو ساتەوەختەدا کە پەرستاران

لەگەڵ نەخۆشەکاندا خراپ رەفتار دەکەن، هەست بە رەفتاری خراپی پەرستاران دەکەن، چونکە خودی ئەزموونیان هێشتا لەناو نەچووە.

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان نیشانداوە کەسەکان لە کاتی بیرکەوتنەوەی ئەزموونە باش و شیرینەکانیاندا هەستێکی باشتریان هەیە. بە تایبەتی کاتەی ئەو بیرەوەرییانە بۆ رابردووی دوور بگەڕێتەوە و بچێتە حاڵەتی نۆستالژیاوە. زۆر لە دەروونناسان ئاوا لێکی دەدەنـەوە کە خراپ نییە هەندێ جار بیرەوەری کۆنمان بەیاد بهێنینەوە و لێیان بکۆڵینەوە، بۆئەوەی هەستێکی باشترمان هەبێت. بەڵام باشتر نییە ئەو کاتە بۆ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی باش و بەهادار تەرخان بکەین؟ بە باوەڕی من حاڵی حازر ئێمە و ئەو کێشانەی رووبەڕوویان بووینەتەوە و ئەزموونیان دەکەین بەنیسبەت بیرەوەری تۆزلێنیشتووی رابردوومانەوە زۆر روونتر و بەهێزترن، بێگومان پێویست نییە پەڕەشووتبازی یان خۆرئاوابوونێکی دڵگیر تاقی بکەینەوە بۆ ئەوەی چێژ لە ژیان ببینین. تەنانەت ئەگەر حاڵی حازر لەسەر کورسییەک دانیشتوویت و سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەم کتێبەیت، خەریکی چێژبینینی لە ژیانت، (هەڵبەتە هیوادارم وابێت)، بە دەربڕینێکی دیکە، تەسەور نەکەیت بۆ گەیشتن بە بەختەوەری و ئەو هەستە، هەردەبێت ئیشێکی لەڕادەبەدەر بکەیت. هەوڵ بدە قـەدری سات بە ساتی ژیانی خۆت بزانیت و لە جیاتی گـەڕان بـەدوای بەختەوەری لە بیـرەوەری تەمومژاوی و

تۆزلێنیشتووی رابردووت، چێژ لەو وەزعە ببینیت کە حاڵی حازر تیایدایت. ئاسایی بە لێکۆڵینەوەی رابردوو شتێکی ئەوتۆمان بە نسیب نابێت.

بۆ نموونە یەکێک لە سەفەرەکانی خۆت بیربهێنەرەوە. ئەو رووداوانەی لەو سەفەرەدا بەسەرتهاتوون چەندیانت بیردەکەوێتەوە؟ بە ئەگەرێکی زۆرەوە خاڵی لووتکە (باش یان خراپ) خاڵی کۆتاییت بەبیردێتەوە (ئەگەر بێتەوە بیرت لە بەشی ٢٠ ی ئەم کتێبەدا سەبارەت بە بنەمای خاڵی لووتکە-کۆتایی قسەمان کرد). هەڵبەتە لەوانەیە دوو یان سێ دیمەنی ترت لە سەفەرەکەت بێتەوە بیر. بەهەرحاڵ هەندێ کەس پێیان وایە کە دەتوانن وەکو فیلم، بیرەوەرییەکانی خۆیان لەگەڵ یەک بە یەکی وردەکارییەکانیدا لە مێشکیاندا تۆمار بکەن و ئەوەیان لەبیر دەچێت کە بیرەوەری، تاک رەهەندی و رووکەش و کورتە و پڕە لە هەڵە. وێڕای ئەوەش مێشکی ئێمە هەندێ جار لە خۆیەوە هەندێ شت دەهۆنێتەوە و دەیخاتە سەر بیرەوەرییەکانمان کە ئەسڵەن راست نین و رێک دروستکراوی مێشکی خۆمانن، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر لە هێنانەوەیادی بیرەوەری هیچمان دەست ناکەوێت، ئێمە لەڕادەبەدەر بەها بۆ یادەوەرییەکانمان دادەنێین و ئاسایی لە ژیان و ئەو دەرفەتانەی بۆمان دێنە پێشەوە خافڵین.

لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا حاڵ و ژیانی حاڵی حازر لای گەنجان گرنگییەکی تایبەتی پەیدا کرد و کەسەکان روویان لە شتی وەکو (LSD) و مادەی بیهۆشکەر کرد. لە

ساڵی (١٩٧١) دا یەکێک لە پڕۆفیسۆرەکانی زانکۆی هارڤارد بە ناوی ریچارد ئەلپێرت (Richard Alpert) پڕفرۆشترین کتێبی خۆی بە ناوی (لە حاڵی حازردا بژی) بڵاوکردەوە. ئەلبێرت کە پاشان نازناوی رام داس (Ram Dass)ی لە خۆی نا، رووی لە بودیزم کرد و رێنماییە کۆنەکانی بودای لەگەڵ کەلتوری ئەوروپادا پراکتیک کرد و دەستیکرد بە فێرکردن و ریکلام بۆ کردنی. هەڵبەتە ئەمڕۆ دروشمی (لە حاڵی حازردا بژی) تاڕادەیەک باوی نەماوە و جێگای خۆی بۆ دەستەواژەی (تەرکیز لەسەر ساتەوەخت بکە) چۆڵ کردووە و ژمارەیەک لە مامۆستایانی یۆگا و مامۆستایان و شارەزایانی ژیان بە شەوق و زەوقەوە جێبەجێی دەکەن.

تەرکیز لەسەر حاڵی حازر زۆر باش و بەجێیە، بەڵام نابێت ئەمە بە مانای بیرنەکردنەوە و بەرنامەدانەڕشتن بۆ ئایندە لەبەرچاو بگیرێت. لەوانەیە ئەم رستەیەت زۆر بیستبێت: "هەموو رۆژێک بەو شێوەیە بژی وەک ئەوەی دوارۆژی تەمەنت بێت". بە باوەڕی من ئەمە گەمژانەترین پێشنیازە کە بتوانیت بۆ کەسانی تری بکەیت و بە ئەگەرێکی زۆر پەیڕەویکردنی ئەم پێشنیازە یەکسەر رەوانەی نەخۆشخانە یان زیندان یان گۆڕستانت دەکات. هەمیشە ئەوەت لەیاد بێت بەشێک لە ژیانی باش پەیوەستە بە کۆکردنەوەی ئەزموون و سەرمایەوە بۆ ئایندە. هەڵبەتە مێشکی ئێمە خۆی لە خۆیدا سەروکاری لەگەڵ رابردوو و ئێستا و ئایندەدا هەیە، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە لەسەر کامیان زیاتر تەرکیز

بکەین. وێڕای ئەمە خراپ نییە بۆ ئایندە بەرنامەڕێژی و ئامانجت هەبێت، بەڵام دەبێت ئەوەت لەبەرچاو بێت بەبێ دروستکردنی ئێستا و بەدەستهێنانی ئەزموون و شارەزایی تەواو، ئایندەیەکیش نابێت. هەر بۆیە زۆر نیگەرانی ئایندە مەبە و هەوڵ بدە زۆرترین سوود لە بارودۆخ و پێگەی ئێستا وەربگریت. لە جیاتی ئـەوەی بە درێژایی سەفەر بـەردەوام کامێرات بەدەستەوە بێت و لەملاوە بچیت بۆ ئەولا، چێژ لە خۆرئاوابوون ببینە و سەیری جوانییەکانی چواردەورت بکە. ئەوەت لەیاد بێت بیرەوەرییەکانت تەنانەت ئەگەر لەبیریش بچن ڕەنگ و بۆ بە ژیانت دەبەخشن و پێویست ناکات ئەوانە لە بانکی یادەوەریتدا سەیڤ بکەیت. ئەوەت لە یاد بێت ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمریت و سەرەڕای هەموو هەوڵەکانت بۆ پاراستنی بیرەوەرییەکانت ئەوانیش، لەگەڵ تۆدا دەمرن.

## (22)

## چیرۆکەکانی ژیان درۆن

### بۆچی تەسەوری هەڵەمان لەبارەی دنیاوە هەیە؟

لەبارەی جەنگی دووەمی جیهانەوە چی دەزانیت؟ لەوانەیە وەڵام بدەیتەوە لە ساڵی (١٩١٤)دا ئازادیخوازانی سربیا، شازادەی ئیمپراتۆریەتی نەمسا و مەجەڕیان لە سەرایڤۆ (Sarajevo) تیرۆر کرد و لە ئەنجامی ئەم رووداوەوە ئیمپراتۆری نەمسا و مەجەڕ لەگەڵ سربیادا جەنگیان راگەیاند و لەبەرئەوەی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا پەیماننامەیان ئیمزا کردبوو لە حاڵەتی دەسدرێژی بۆ سەر وڵاتە هاوپەیمانەکەیان داکۆکی لێبکەن، لە ماوەی چەند رۆژێکدا هەموویان کەوتنە ناو زەلکاوی جەنگەوە. هیچ کام لەم وڵاتانە باڵادەستییەکی بەرچاویان سەبارەت بە یەکتری نەبوو، بۆیە هیچ پێشکەوتن و رەفتارێکی بەرچاو لەلایەن هیچ کام لە وڵاتەکانەوە روویندەدا. تەنیا شتێک کە مایەوە ژمارەیەکی زۆری کوژراو و بریندار بوو. تەقریبەن لە ماوەی چوار ساڵدا هەژدە ملیۆن کەس لە جەنگدا گیانیان لەدەست دا.

ئەگەر مێژوونووس نەبیت بە ئەگەرێکی زۆرەوە مامەڵەت لەگەڵ جەنگی یەکەمی جیهاندا بەو شێوەیەی سەرەوە دەبێت، بەڵام ئەگەر مێژوونووس بیت دەزانیت کە ئەو گوزارشت و لێکدانەوەیەی سەرەوە تەواو راست نییە و حەقی تەواو نادات بە بابەتەکە، بەڵکو بابەتی زۆر ئاڵۆزتر لەپشتییەوە

خۆی حەشار داوە، تەنانەت چانس لە ئەنجامی جەنگەکەدا کاریگەری هەبووە. وێڕای ئەوەی هۆکاری ئەوەی بۆچی جەنگ لە سربیا دەستیپێکردووە دیار نییە، چونکە لەو زەمانەدا تیرۆری زۆر کراوە و هیچیان جەنگیان لێنەکەوتۆتەوە و ئەڵمانیا و فەرەنسا بە بیانووی ئەو تیرۆرانەوە بە ئاسانی دەیانتوانی لەگەڵ یەکتریدا جەنگ رابگەیەنن. قەبارە و بڕی ئەو چەکانەی لەو قۆناغەدا بەرهەمهێنراون زۆر زۆر و چاوەڕواننەکراو بوو، ئەو تازەگەرییە جۆراو جۆرەی لە بواری دروستکردنی چەکدا پێش جەنگی یەکەمی جیهان هاتبووە ئاراوە مایەی سەرنج و قووڵبوونەوەیە (تانک، غازی ژەهراوی، ژێردەریایی و پەیدابوونی هێزی ئاسمانی) هەموو ئەمانە لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهاندا بوو، کە هەموویان بوونە هۆی ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهان درێژتر و بەرفراوانتر بێت.

ئاسایی مێشکی مرۆڤ بە کۆمپیۆتەر بەراورد دەکرێت، بەڵام بەڕای من ئەم بەراوردە تەواو هەڵەیە، چونکە کۆمپیوتەر زانیاری خاو بەشێوەی خانە سەیڤ دەکات، بەڵام مێشکی مرۆڤ تەنیا زانیاری خاو سەیڤ ناکات، بەڵکو سەرەتا وەریاندەگرێت و دوایی لە قاڵبی چیرۆکدا سەیڤیان دەکات. بۆچی مێشکی مرۆڤ وادەکات؟ چونکە فەزای مێشکی ئێمە بۆ سەیڤکردن دیاریکراوە. لەوانەیە هەشتا ملیار خانە کە لە مێشکی ئێمەدا هەبێ وەکو ژمارەیەکی زۆر بێتە بەرچاو، بەڵام تەنانەت ئەم قەبارەیەش ناتوانێت هەموو ئەوەی لە

تەمەنماندا رووبەڕووی دەبینەوە لای خۆی سەیڤ بکات. بەم پێیە فیلێک بەکاردەهێنێت کە زۆریش باڵا نییە و هەموو زانیارییەکان دەکات بە چیرۆک.

بەڵام دنیای واقیع سەروکاری لەگەڵ چیرۆکدا نییە. تۆ دەتوانیت لە ماوەی دە ساڵدا بە تەواوی لەو حەوت قاڕەیەی هەن بکۆڵیتەوە و دڵنیام لە هیچ جێگایەکی گۆی زەویدا شوێنەوارێکی چیرۆک و حیکایەت بەرچاو ناکەوێت، لەوانەیە بتوانیت بەرد، ئاژەڵ، گیا و قارچک ببینیت. تەنانەت ئەگەر بە میکرۆسکۆب لە شتەکان بکۆڵیتەوە، رووبەڕووی خانە، گەردیلە، ناوک و دواجار بەشی بچووکی پێکهێنەری ناوک دەبیتەوە و هیچ شوێنەوارێکی چیرۆکت بەرچاوناکەوێت.

ئەگەر لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهاندا بژیایتایە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە لەبەرەی جەنگ ئەو سەنگەرانەت دەبینی کە پڕبوون لە سەرباز و هەموویان کڵاوی سەیرو سەمەرەی ئاسنیان لەسەردا بوو، مەیدانی جەنگیش پڕ بوو لە گرمەی تۆپ و گیزەی گوللە و تەرمی سەرباز و کەلاکی ئەسپ.

بۆچی مێشکی ئێمە حەزی لە چیرۆک هۆنینەوەیە و لە هۆنینەوەی رووداوەکاندا چیرۆکێکی چڕ و رێک و پێک و قابیلی تێگەیشتن بۆ سەیڤکردن لە مێشکماندا بەرهەم دەهێنێت؟ ئاسایی چیرۆکەکان چڕ و کورت و سادەن. وێڕای ئەمەش هیچ خاڵێکی نادیاریان تێدا نییە. ئەم چیرۆکانە پێکەوە گونجاون، بەو مانایەی هیچ جۆرە دوالیزم و رووداوی ناکۆکیان تێدا نابینرێت. قابیلی تێگەیشتنن بەو

مانایەی کە تەواو پێکهاتەی عیلەت و مەعلولیان تێدا ڕەچاو کراوە. بۆ نموونە ئەنجامی (ئەلف) دەبێتە (ب) و ئەنجامی (ب) دەبێتە (پ) و بەم شێوەیە دیارە و لۆجیکیبوونی ڕەوتی ڕووداوەکانی قابیلی تێگەیشتنە.

مێشکی ئێمە تەواو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەم ئیشە دەکـات. نەک تەنیا سەبارەت بە ڕووداوی ڕۆژانـە بەڵکو سەبارەت بە تەواوی ئەو جەنگانەش کە بەدرێژایی مێژوو ڕوویانداوە، گۆڕانکاری لە بازاڕی بۆرسەدا یان مۆدە. مێشکی ئێمە بە هەندێک دەسکارییەوە سەیڤی دەکات. لە ڕاستیدا چیرۆک هۆنینەوە ئەرکی یەکەمی خودی بیرەوەریسازی تۆیە کە لە بەشی پێشووتردا بە درێژی باسم کرد. مێشکت سەبارەت بە خۆشت چیرۆک دەهۆنێتەوە و ئەو چیرۆکە پێت دەڵێت تۆ کێیت، لە کوێوە هاتوویت و بۆ کوێ دەچیت؟ سەرەڕای ئەوەش ئەولەویەت و ئارەزووەکانیشت دیاریی دەکـات و وێنە و تێگەیشتنێک دروسـت دەکـات کە تۆ بۆ ناسینی خۆت تەواو پێیەوە پابەند دەبیت. هەروەها چیرۆکی ژیان و ناسنامەت بە شێوەیەکی چڕ لە مێشکتدا جێی خۆی دەگرێت. بەو مانایەی ئەگەر کەسێک لێت بپرسێت کێیت؟ بە ئەگەرێکی زۆرەوە بە چەند ڕستەیەکی زۆر کورت کە پێشان دەستنیشانکراوە وەڵام دەدەیتەوە. هەروەها چیرۆکی ژیانت و ئەو ڕووداوانــەی بە درێژایی ژیانت ڕوویـانداوە لەگەڵ یەکتریدا گونجاون، بەو مانایەی ئەو ڕووداوانــەی لەگەڵ یەکتری ناکۆکن ئاسایی بە ئاسانی فەرامۆش دەکرێن و تۆ

ئەوانە لە ژیانی خۆت تووڕ دەدەیت و بۆ پڕکردنەوەی خاڵە نادیار و تاریک و ناکۆکەکان ژیانت لە خۆیەوە دەستدەکات بە چیرۆک و خەیاڵ هۆنینەوە. هەروەها بنەمای عیلەت و مەعلول ئاسایی لە چیرۆکی ژیانی تۆدا رەچاو دەکرێت و بۆ هەموو کار و رەفتارەکانی خۆد بەڵگە دادەتاشیت.

بەڵام پێت وایە چیرۆکی ژیانت کە باوەڕت پێی هەیە تا چ رادەیەک لەگەڵ واقیعدا دێتەوە؟ ئەگەر بمەوێت ئەم پرسیارە سەبارەت بەخۆم وەڵام بدەمەوە دەبێت دان بەوەدا بنێم کە چیرۆکی ژیانی من هێندەی ئەو پۆرترێتانەی من کە کوڕە سیَ ساڵەکەم لەسەر دیوار دەیکێشێت لەگەڵ واقیعدا دێتەوە. لەوانەیە ئەو پرسیارە بکەن ئەگەر تەسەوری ئێمە سەبارەت بە خۆمان و ئەو شتانەی بەسەرمان هاتووە لەگەڵ واقیعدا نزیک نەبێت کێشەیەک ڕوودەدات؟ بەڵیَ بە باوەڕی من ئەم مەسەلەیە مایەی دەردەسەرییە و بۆ ئەمەش چوار هۆکار باس دەکەم:

١- ئێمە ئەوەی تەسەوری دەکەین خێراتر دەگۆڕێین و ئەم مەسەلەیە نەک تەنیا سەبارەت بە حەز و ئارەزووەکانی وەکو سەرگەرمی، مۆسیقا و خواردن راستە، بەڵکو سەبارەت بە مەسەلەکانی وەکو سیفەتی تایبەتی و بەهاکانیش کە وادێنە بەرچاو ناگۆڕێن هەر راستە. لە راستیدا لەوانەیە لە بیست یان چل ساڵی داهاتوودا، هەموو ئەو بابەتانەی کە ئەمڕۆ بەردەوام هەوڵیان بۆ دەدەین و ئامادەین هەموو وجودی خۆمانیان بۆ بکەینە قوربانی تاپێیان بگەین، تەواو پووچ و

بیبەها بێنە بەرچاومان و بابەتی تەواو جیاواز و دوور لە مێشکمان ببن بە بەها و باوەڕمان، بۆ نموونە لەوانەیە زۆر حەزت لەوە بێت کە ڤێلایەکت لە کەناری مەیامی هەبێت و هەمیشە بڕێک لە دەرامەتی خۆت پاشەکەوت بکەیت بۆ ئەوەی بتوانیت سەرەنجام ئەو ڤێلایە بکڕیت و پشووەکانت لەوێ بەسەر بەریت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ تەواو بۆچوونت بگۆڕێت و ئیتر حەزت بەوە نەبێت لە کەناری مەیامی ڤێلات هەبێت و لە ئایندەدا سەبارەت بەو هەموو کاتە بێشومارەی لە رابردوودا بۆ ئیشکردن سەرفت کردووە و لە ئەنجامی ئەوەدا تووشی کێشەی بەدەنی و رۆحی زۆر بوویت سەرزەنشتی خۆت بکەیت و هەست بکەیت ڤێلای مەیامی بەهای ئەو هەموو فشارە بەدەنی و رۆحییەی نەبووە.

٢-بەرنامە و نەخشەکانی ئێمە هەمیشە راست دەرناچن و چانس لە ژیانی ئێمەدا رۆڵێکی گەورەی هەیە. ئەوەت لەبەرچاو بێت بابەتی وەکو رووداوی ئۆتۆمبێل، شێرپەنجە، رووداونی شەڕ و مردن تەواو لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەیە و ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان بەسەریاندا نییە. هەڵبەتە لە رابردوودا خەڵک زیاتر باوەڕیان بە چانس و چارەنووس هەبوو، بە ئاسانی ئەوەیان قبووڵ دەکرد، بەڵام ئێستا مرۆڤ چارەنووس وەکو شتی پڕوپووچ سەیر دەکات، بەڵام بە رای من چانس و چارەنووس بۆ ژیانێکی باش پێویستن.

٣- ئەو چیرۆکەی مێشکمان سەبارەت بەو شتانەی لە ژیانماندا روویانداوە دروستی دەکات، هەندێ جار بڕیاری ئێمە رووبــەڕووی کێشە دەکاتــەوە، چونکە گوزارشت و لێکدانەوەی هەڵە و ئاراستەکردن و لابردنی هەڵەکانمان دەبێتە هۆی ئەوەی گوێ بە هەڵەکانمان نەدەین و دەرس و پەندیان لێ وەرنەگرین.

٤-ئێمە هەمیشە خۆمان باشتر، سەرکەوتووتر و زیرەکتر لەوەی هەین تەسەور دەکەین. لە راستیدا خودی ماستاوچی دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە خۆمان زۆر باڵاتر لەوەی هەین لەبەرچاو بگرین و چەند ریسکێک بکەین کە لەوانەیە بۆمان زۆر ترسناک و گەمژانە بێت.

لە کۆتاییدا دەبێت بڵێم ئێمە ئاسایی تەسەوری هەڵەمان سەبارەت بە خۆمان و رابردوومان و تواناکانمان هەیە و تەسەور دەکەین کارەکتەرمان قابیلی تێگەیشتنە و خاڵییە لە ناکۆکی و ئاڵۆزی. بەم پێیە لە بڕیاری ناڕاستی کەسانی دی تووڕە مەبە چونکە خۆشت بڕیاری ناڕاست سەبارەت بە خۆت دەدەیت. تەنیا کەسێک دەتوانێت بڕیاری راست لەبارەی تۆوە بدات کە چەندان ساڵە لە نزیکەوە دەتناسێت و لەوەی کە لەگەڵ تۆدا راستگۆ بێت هیچ ترسێکی نییە، وەکو هاوسەرەکەت یان هاوڕێیەکی دێرینت. تەنانەت دەتوانیت دەفتەرێکی بیرەوەریت هەبێت و هــەموو ئــەو رووداوە گرنگانەی رۆژانە بەسەرت دێن تیایدا بینووسیت، بێگومان ئەگەر سێ ساڵ دوای ئــەوە دەفتــەری بیرەوەرییەکانت

بکەیتەوە و سەیری بکەیت، ئەوسا لەو بابەتانەی پێشان تیایدا نووسیوتە تووشی سەرسوڕمان دەبیت و ناکۆکی و کەموکووڕی و خاڵی تاریکی زۆری تێدا دەبینیتەوە. وێڕای ئەوە ئەگەر واقیعبینانە سەیری خۆت بکەیت بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئارەزووەکانت چانسێکی زیاترت دەبێت.

(23)

## هەڵەی مردنی باش

## بۆچی پێویست ناکات نیگەرانی دواساتەکانی ژیانت بیت؟

بێگومان ئەم رستەیەت زۆر بیستووە: "کاتێک لەسەر پێخەفی مردن بووم، سەیری رابردووم دەکرد". لەوانەیە خوێندنەوەی ئەم رستەیە وەکو چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش بێتە بەرچاو، بەڵام بە کردەوە تەواو گەمژانە و ساویلکانە دێتە بەرچاو. لەبەرئەوەی ئاسایی مرۆڤ لە کاتی مردنیدا ئەوەندە هۆش و گۆشی نییە کە بیەوێ بە یادەوەریی رابردووی هەست بە نارەحەتی یان خۆشحاڵی بکات. ئاسایی سێ هۆکار کە زیاتر لە هەموو شتێک دەبنە هۆی مردنی مرۆڤ بریتین لە: جەڵتەی دڵ، جەڵتەی مێشک، شێرپەنجە.

بێگومان حاڵەتی یەکەم و دووەم تۆ ئەوەندە دەرفەتت نابێت کە بپەرژێیتە سەر بیرکردنەوەی فەلسەفی و یادەوەریی رابردوو. لە زۆربەی حاڵەتەکانی تووشبوونی شێرپەنجەدا هەتا قورقوراگەت، دەرمانی ئارامبەخشت دەرخوارد دەدەن کە توانای بیرکردنەوەی روون و راستەوخۆت لێ زەوت دەکات. وێڕای ئەمەش ئەوانەی تووشی نەمانی عەقڵ و ئەلزهایمەر بوون ناتوانن لەسەر پێخەفی مردن بە روونی بیربکەنەوە، لەبەرئەوەی هێزی بیرکردنەوە و یادەوەرییان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ناتەواوە. تەنانەت ئەگەر کات و هۆشیاری تەواوت بۆ ئەو چالاکییە هەبێت یادەوەرییەکانت

(هەروەکو لە بەشی پێشوودا ئاماژەی بۆ کرا) هێندە لەگەڵ واقیعدا نایەتەوە لەبەرئەوەی خودی بیرەوەریسازی تۆ لەو رووداو و بەسەرهاتانەی بەسەرت هاتووە دەخالەت دەکات و چیرۆکی بێسەر و بەریان لێ دروست دەکات.

لە بنچینەدا باشتر وایە سەبارەت بە ساتەکانی مردنت و سەعاتەکانی کۆتایی کە لە دنیادا بەسەری دەبەیت ئەوەندە نیگەران نەبیت، لەبەرئەوەی بێگومان لەگەڵ ئەوەدا کە ئێستا لە مێشکی خۆتدا تەسەورت کردووە زۆر جیاوازی دەبێت و ئاسایی ئەو هەستانەی لەو ساتانەدا دەتبێت تەواو جیاواز و جیایە لە هەموو هەستەکانت کە بە درێژایی ژیانت هەتبووە. بیرکردنەوە لە ساتەکانی کۆتایی ژیانت زۆرجار بە جێگایەکت ناگەیەنێت و تەنیا توانای تەرکیز و بیرکردنەوەت بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باش و نموونەیی تێکدەدات.

دانیێل کانمان لە رێگەی ئەزموونی جیاوازەوە ئەوەی سەلماندووە کە بیرەوەریی و یادەوەریی ئێمە پڕە لە کەموکووڕیی و چیرۆکی ساختە. یەکێک لە هەڵە باوەکانی یادەوەریی ئێمە هەڵەی بایەخنەدانە بە ماوەی زەمەنی. لە راستیدا ئەو مەسەلەیەی کە هەر رووداو و هەلومەرجێکی جیاواز چەندە درێژەی کێشاوە و تا چ رادەیەک بەردەوام بووە و لەگەڵ ئەوەدا کە مێشکی ئێمە تۆماری کردووە وەکو یەک نین، بەهەمان شێوە کە پێشان لەم کتێبەدا باسکرا، مێشکی تۆ هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو پشووانەدا ناکات و لە رووی باشتربوون و خراپتربوونەوە هەستی پێناکات

ئەگەر پشووەکە سێ هەفتە یان یەک هەفتە درێژەی کێشا بێت. لە راستیدا بڕیاردانی تۆ سەبارەت بە هەلومەرج و چۆنییەتی پشووەکان تەنیا پەیوەندی بە خاڵی کۆتایی پشووەکەوە هەیە. بێگومان فیلمێک کە سەراپای پڕبووە لە دیمەنی هەژێنەر دێتەوە یادت، بەڵام ئەگەر حەزت لە کۆتاییەکەی یان بەشی کۆتایی نەبێت وەکو فیلمێکی خراپ و قسەی قۆڕ سەیری دەکەیت. هەروەها ئەم بابەتە سەبارەت بە ئاهەنگ و کۆنسێرت و کتێب و پەیوەندییەکانیش راستە.

لەوانەیە ئەو پرسیارەت لا دروست بێت ئایا ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە بڕیاردان لە ژیانی خۆشمان راستە؟

باشتر وایە بۆ دەسکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارە، ژیانی (ئانا) لەبەرچاو بگرین:

ئانا شووی نەکرد و هیچ منداڵێکی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کچێکی خۆشحاڵ بوو، چێژی لە ئیشەکەی دەبینی. پشووەکانی بە باشترین شێوە بەسەر دەبرد و گەلێ هاوڕێی هەبوو کە چێژی لە هاوڕێیەتییان دەبینی، بەڵام لە تەمەنی سی ساڵیدا بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو و پێشبینی نەکراو لە رووداوێکی ئۆتومبیلدا مرد. ئێستا (١ تا ٩) نمرە بدە بە ناخۆشی و خۆشی ژیانی ئانا و (٥) خاڵیش وەکو ناوەڕاست.

پاش ئەوەش ژیانی کەسێکی دیکە بە ناوی (بەرتا) لەبەرچاو بگرە. بەرتاش شووی نەکرد و هیچ منداڵێکی نەبوو. ئەویش وەکو ئانا چێژی لە ئیشەکەی دەبینی و گەلێ هاوڕێی هەبوو کە کاتەکانی دەستبەتاڵی بەوان پڕ دەکردەوە،

هەڵبەت پێنج ساڵی کۆتایی ژیانی جیاوازییەکی بەرچاوی هەبوو لەگەڵ ژیانی رابردوویدا، بەڵام بەهەرحاڵ بەرتا هەوڵی دەدا ئەوپەڕی چێژ لە ژیانی خۆی ببینێت و هەست بە شادی بکات و لە کۆتاییدا لە تەمەنی سی و پێنجساڵیدا بە رووداوی ئۆتومبیل مرد.

باشە (١ تا ٩) نمرە بدە بە خۆشی و ناخۆشی ژیانی بەرتا. گروپێک لە توێژەران لە ئەمریکا ئەم دوو چیرۆکەیان خستە بەردەستی گروپێک لە خوێندکاران و زۆربەی خوێندکاران باوەڕیان وابوو کە ژیانی ئانا زۆر باشتر و چێژبەخشتر بووە لە ژیانی بەرتا، بەڵام لە راستیدا بڕیارەکەیان ناڕاستە، چونکە هەردوو ژنەکە تەواو لە ژیان رازی بوون و هەتا تەمەنی سی ساڵی هەردووکیان خۆشحاڵ و بەختەوەر بوون، هەڵبەتە بەرتا پێنج ساڵ زیاتر لە ئانا ژیا و هەرچەندە وەکو سی ساڵی رابردووی لە ژیانی رازی نەبوو، بەڵام بە گشتی خۆشحاڵ بوو، هەستی بە بەدبەختی نەدەکرد. کەواتە ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی لۆجیکی سەیری مەسەلەکە بکەین، ژیانی بەرتا زۆر لە ژیانی ئانا باشتر بووە، بەڵام بۆچی خوێندکارەکان ئەوەیان لەبەرچاو نەگرت کە بەرتا پێنج ساڵ زیاتر لە ئانا ژیاوە؟ زانایان وەڵامی ئەم پرسیارە بە روونکردنەوەی کاریگەری جەیمس دەین (James Dean effect) دەدەنەوە. دەین لە کاتێکدا لە لووتکەدا بوو لە رووداوێکی ئۆتومبیلدا تیاچوو، لەو کاتەدا تەمەنی تەنیا بیست و چوار ساڵ بوو. لەوانەیە ئەگەر تەمەنێکی زۆری

هەبوایە و سەرکەوتوو نەبوایە، ئەو کاتە ژیانی زۆر ناخۆش و بێتام بوایە، کەسەکان باوەڕیان وابوو.

ئێستا جارێکیتر نمرە بدەن بە ئانا و بەرتا بەو جیاوازییەوە کە ئانا لە تەمەنی شەست ساڵیدا و بەرتا لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا بە رووداوی ئۆتومبیل تیاچووە مەسەلەکانی تر وەکو خۆیان ماونەتەوە.

کەسە بەشدارەکان لە تاقیکردنەوەکەدا وەکو تاقیکردنەوەی یەکەم باوەڕیان وابوو ژیانی ئانا باشتر بووە، خاڵی سەرنجڕاکێش لەوێدا بوو کە ئەو سی ساڵەی خرابووە سەر تەمەنی هەر یەکێکیان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بەشدارانی تاقیکردنەوەکە نەبوو، ئەوان وەکو تاقیکردنەوەی یەکەم نمرەیان دا بە ژیانی ئانا و بەرتا. لە راستیدا دەتگوت هیچ بایەخێکی نەبووە کە ئانا و بەرتا سی ساڵ بژین یان شەست ساڵ. ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە زۆر هەڵە و گومڕاکەرە و نیشانەی هەڵەی گوێنەدانە بە ماوەی زەمەنی.

بەگشتی ئێمە لە هەڵسەنگاندنی رادەی سەرنجڕاکێشی و بەختەوەری کەسانیتردا زۆر لاواز ئیش دەکەین و لە بەڵگەکانماندا هەڵەی زەق و بنەڕەتی بەرچاو دەکەوێت. وێڕای ئەوە ئەم مەسەلەیەت لەبەرچاو بێت کە بەئەگەرێکی زۆرەوە تۆ وەکو جەیمس دەین بە لاوی نامریت و بە درێژایی ماوەیەکی زەمەنیی درێژ توانا بەدەنی و دەروونییەکانت بەرەبەرە کەم دەبێتەوە، دوای ئەوەش رازیبوونت لە ژیان و هەستی بەختەوەریت بەرەبەرە ئاوا دەبێت. لە هەلومەرجێکی

ئاوادا بڕیارت لەسەر ژیانت چۆن دەبێت؟ ئایا ناڕەحەتی و ناخۆشییەکانت بیروڕات سەبارەت بە ژیانت بە گشتی ناگۆڕێت؟

تۆ کام لەم حاڵەتانەی خوارەوەت پێ باشترە؟

١- ژیانی باش و پڕ لە رووداوی خۆش کە چەند رۆژی کۆتایی بە ناڕەحەتی و ناخۆشی و مردن کۆتایی بێت؟

٢-ژیانێکی پڕ لە دەردەسەری و کێشە کە دواجار بە مردنێکی خێرا و بێئازار کۆتایی بێت؟

هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت کە پیری و مردن بەهایە کە ئێمە بۆ ژیان دەیدەین، وەکو پارەی وەسڵێکی دوورودرێژ دوای خواردنێکی خۆش. هەڵبەتە دەبێت دان بەوەدا بنێم من هیچ کاتێک ئامادە نیم پارەیەکی زۆر بۆ فاست فوود بدەم، بەڵام ئەگەر ریستۆرانێکی نمرە یەک هەبێت کە خواردنەکانی زۆر باش و تەندروست بن و لەگەڵ خەڵکانی باشدا بچم ئامادەم پارەیەکی زۆر بدەم.

(24)

## گێژاوی بەزەیی بەخۆداهاتنەوە

## بۆچی نغرۆبوون لە رابردوودا رەفتارێکی گەمژانەیە؟

(کانیۆ) لێبووکێک بوو لە سێرکێک ئیشی دەکرد و پاش ماوەیەک هەستیکرد ژنە جوانەکەی کە لە هەموو کەسێک و شتێک زیاتر خۆشی دەویست خیانەتی لێکردووە و پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی تردا هەیە. لەم بابەتە زۆر بێتاقەت بوو، لە گۆشەیەکی سێرکەکەدا دەستەوئەژنۆ دانیشت. چەند سەعاتێکی تر سێرکی هەبوو، کەواتە دەبوو بەر بەفرمێسکەکانی بگرێت و روخساری بە ماکیاج و نەخش و نیگار داپۆشێت. دەیزانی بینەران بە بێئارامییەوە چاوەڕێی دەکەن بۆ ئەوەی بێتە سەر شانۆ و بە جووڵەکانی سەرقاڵیان بکات. نەیدەتوانی بەرنامەکەی دوابخات کە بڕیاربوو چەند سەعاتێکیتر دەستپێبکات. بە هەرحاڵ دوای خۆخواردنەوە، چووە سەر شانۆ و لە کاتێکدا بەردەوام دەگریا، گۆرانییەکی غەمگینی چڕی بە ناوی جلەکانت لەبەرکە (vesti la giubba).

ئەم گۆرانییە کە لە ساڵی (١٩٨٢) دا گوترا، یەکێکە لە هەستیارترین گۆرانییەکان کە تا ئێستا ناسراوە و کەسانێکی زۆر لاساییان کردۆتەوە و هەمیشە لەلایەن رەخنەگرانەوە دەستخۆشییان لێکراوە. ئەگەر لە یوتوبدا بۆ (vesti la giubba) بگەڕێیت، مۆسیقایەکی غەمگین دەبیستیت کە

زۆر کارت تێدەکات. هەروەها ئەگەر لە یوتوبدا بۆ پاڤارۆتی (Pavarotti) بگەڕێیت، گۆرانی کانیۆ-ی لێبووک دەبیستیت، ئەمیش زۆر جوان و کاریگەرە و بێگومان پێتخۆش دەبێت.

بە جورئەتەوە دەتوانرێت بگوترێت گۆرانییەکەی کانیۆ خاڵی وەرچەرخانی لە مۆسیقا و ئۆپێرادا هێناوەتە ئاراوە. لـە هەشتاکانی سـەدەی بیستدا گـروپـی میراکڵ (The Miracles) گۆرانییەکیان بە ناوی (فرمێسکەکانی لێبووکێک بە وەرگرتنی لە چیرۆکی کانیۆ خستە بازاڕی مۆسیقاوە، کە ئاستێکی بەرزی فرۆشتنی تۆمارکرد، هەرچەندە وەکو جوانی و راقێتی ئۆپێرا نەبوو، هێندەی ئۆپێرا هەست و سۆزی نەدەگەیاند بەبینەر.

بەهەرحاڵ لەوانەیە تۆ هێندەی من گوێگرتن لە (vesti la giubba) کارت تێنەکات و فرمێسک لە چاوانتدا قەتیس نەبێت. هەرچەندە ئـەم گۆرانییە زۆر کـاری لە من کرد، بەڵام دەبێت بڵێم ئەگەر رەفتاری کانیۆ بـەردەوام بێت و کاتێکی زۆر خەفەت بخوات بێگومان کێشەی زۆری بۆ دروست دەبێت، بە دەربڕینێکی دیکە بەزەیی بەخۆداهاتنەوە وەڵامێکی خراپ و بێسوودە بۆ ئەزموون و سەختییەکانی ژیان کە دێنە ریمان، چونکە بەزەیی بەخۆداهاتنەوە نابێتە هۆی هیچ گۆڕانکارییەک بەڵکو وەزعەکە خراپتر دەکات. دەتوانم بەزەیی بەخۆداهاتنەوە بە گێژاوێک بچووێنم کە بـەردەوام بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە و زیاتر بـەرەو قووڵایی ئاوەکە دەمانبات. زۆرکەس هەمیشە وەکو قوربانی

سەیری خۆیان دەکەن و هەستدەکەن هەموو دنیا لە دژی ئـەوان یەکیگرتووە و بەنیازە بەدبەختیان بکات. ئەمانە بەم جۆرە بیرکردنەوەیە نەک تەنیا خۆیان بەڵکو کەسانی چواردەوریشیان دەخەنە نارەحەتییەوە، بۆیە ئەو کەسانە وردە وردە لێیان دووردەکەونەوە.

یەکەمجار کە ئەم هەستەم لە خۆمدا بەدیکرد، هەوڵم دا خۆم لەم مەرگەساتە رزگار بکەم. ئەگەر کەوتیتە بیریکەوە هەوڵ مەدە بە هەڵکۆڵینی زیاتر لە خۆتی قووڵ بکەیت.

چارلی مەنگەر جاریکیان چیرۆکی کەسێکی باسکرد کە بـەردەوام دەستەیەک کارتی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت کە چەند شتێکیان لەسەر نووسرابوو، کاتێک یەکێک دەستی بە سکاڵا لە دۆخێک دەکرد و باسی ئەو ناخۆشیانەی دەکرد کە بەسەریهاتووە، یەکێک لە کارتەکانی دەردەهێنا و دەیدایە دەست کەسەکە، ئەم رستانە لەسەر کارتەکە نووسرابوو:

"من بە بیستنی چیرۆکەکەی تۆ زۆر بێتاقەت بووم و قەت کەسێکم نەدیوە نەهامەتی وەکو ئەوەی تۆی بەسەر هاتبێت. بێگومان لە ژیانتدا نەهامەتی زۆر ناخۆش و خراپ هاتۆتە رێت."

هەڵبەتە لەوانەیە ئەم رستانە عاقڵانە بێنەبەرچاو، تارادەیەک کەسەکە ئارام بکەنەوە، بەڵام دەبێت ئەوەت لەبەر چاو بێت بەم جۆرە قسانە هەر بەراستی ستەم لەو کەسە دەکەیت، چونکە دەبیتە هۆی ئەوەی هەستی بەزەیی بەخۆداهاتنەوە لای بەهێز بێت، ئەو هەستەی هیچ ئەنجامێکی بۆی نابێت.

ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە هەستی بەزەیی بەخۆداهاتنەوە لەم چەند دەیەی دواییدا لەناو خەڵکدا رەواجی پەیدا کردووە و خەڵک بەردەوام رووبەڕووی چەند مەسەلەیەک دەبنەوە کە ئەم هەستەیان تێدا دەبزوێنێت و هەستدەکەن ستەمیان لێکراوە، هەڵبەتە ئەم هەستە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتیش هەیە، بەو شێوەیەی کە خەڵکێکی زۆری کۆمەڵگایەک خۆیان بە قوربانی ئەو رووداوانە دەزانن کە لە چەند سەدەی رابردوودا روویانداوە و کاریگەریی ئەو رووداوانە بە هۆکاری بەدبەختی حاڵی حازری خۆیان دەزانن. لە راستیدا ئۆرگان و کەسانی زۆر لە سەرانسەری دنیادا هەن کە بەردەوام هەوڵدەدەن مەسەلەکانی دنیا لە حاڵی حازردا ببەستنەوە بە رەگ و ریشەی مێژووییەوە و بەردەوام خەریکی شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم مەسەلانەن کە ئەگەر ئەو رووداوانە لە رابردوودا روویان نەدایە ئێستا ژیانی ئێمە بە چ شێوەیەک دەبوو. هەڵبەتە قەت ناتوانرێت مێژوو لە ژیانی مرۆڤ جیابکرێتەوە، بۆ نموونە هەتا ئەمڕۆ زۆر لە رەشپێستەکانی ئەمریکا ئازار دەدرێن و نیشانەکانی مێژووی کۆیلایەتی ئەو وڵاتە هێشتا لە ژیانی حاڵی حازری رەشپێستەکاندا بەرچاودەکەوێت. هەروەها کاریگەرییەکانی کۆلۆنیالیزم هێشتا لە قارەی ئەفریقا نەسڕاوەتەوە و هەندێ شت کە رەگ و ریشەی مێژووییان هەیە لە ژنان و پیاوان و کۆچەران روودەدات کە تاڕادەیەک، گوزارشت لە رابردوو و رەگ و ریشەی مێژوویی دەکات.

بەهەرحاڵ ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە بە هیچ جێگایەکت ناگەیەنێت و تەنانەت لەوانەیە لەناوت بەرێت. حسابی ئەوە بکە دەبێت چەند سەدە بگەڕێیتەوە بۆ دواوە بۆ ئەوەی رەگ و ریشەی هەر رووداوێک بدۆزیتەوە؟ یەک سەدە؟ دوو سەدە؟ پێنج سەدە؟

پێنج سەد ساڵ پێش ئێستا باپیرانی ئێمە لەسەر ئەم زەوییە دەژیان و لەوانەیە ئازار و ئەشکەنجە درابن. ئێستا دەتوانیت بێیت ئەم مەسەلەیە بکەیتە بیانوو، بەدوای نەوەکانی ئەو کەسانەدا بگەڕێیت کە باپیرانی تۆیان ئەشکەنجە داوە و تۆڵەیان لێ بسێنیتەوە، بەڵام ئەمە ئێستا چ سوودێکی هەیە؟ کەواتە باشتروایە لە جیاتی بیرکردنەوە لە رابردوو، بیر لە حاڵی خۆت بکەیتەوە و رێگا بۆ حاڵی خۆت ئاسان بکەیت.

هەڵبەتە وەکو پێشان وتم دۆزینەوەی رەگ و ریشەی کێشەکان تەنیا لایەنی کۆمەڵایەتی نییە بەڵکو هەندێ جار لایەنی تایبەتیشی دەبێت، بەو شێوەیەی کەسەکان بەردەوام لە مێشکی خۆیاندا بە رابردووی خۆیاندا دەچنەوە و هەندێ حاڵەت بەیاد دەهێننەوە کە هەستدەکەن لە فۆرمەڵەبوونی کارەکتەری ئێستایان و ئەو رووداوانەی بەسەریان هاتووە و دێت کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و هەیە و زۆر جار بووەتە هۆی بەدبەختیان. ئەم شێوازە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەیە لە رابردوو، لە دوو روانگەوە کێشە دروست دەکات:

١-بە کەمتەرخەم زانینی کەسانیتر بە تایبەتی دایک و باوک، بە باوەڕی من مێژووی بەسەرچوونی هەیە، بەدەربڕینێکی دیکە ئەگەر ئێستا تۆ لە سەرەتای چلساڵیدایت و هێشتا دایک و باوکت بە کەمتەرخەم دەزانیت لەسەر ئەو شتانەی لە ژیانتدا بەسەرت هاتووە، کارەکتەرێکی زۆر ناکامڵ و کاڵت هەیە.

٢-لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشاندەدەن تەنانەت بەسەرهاتە زۆر خراپەکان کە لە مناڵیدا بەسەر هەندێ کەس دێن وەکو مردنی دایک و باوک، تەڵاق، بایەخ پێنەدان یان ئازاری سێکسی، پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان بە سەرکەوتن یان رازیبوونی ئەو کەسانەوە نییە لە گەورەییاندا. مارتین سێلیگمان (Martin Seligman) بەڕێوەبەری پێشووی ناوەندی دەروونناسانی ئەمریکا، لە زۆر کەسی کۆڵیوەتەوە و بەو ئەنجامە گەیشتووە دۆزینەوەی بچووکترین کاریگەری کە هەلومەرجی سەختی مناڵی لەسەر ژیانی ئێستای ئەو کەسانە دایناببێت کە لێیان کۆڵراوەتەوە زۆر قورسە و هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە لەسەر ئەوەی بەسەرهاتەکانی مناڵی کارەکتەری کەسەکانی لە گەورەییدا گۆڕیبێت. هەڵبەتە تۆ دەتوانیت جین و بارودۆخی جینەتیکت بە هۆکاری ناکامیت بزانیت، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگریت بەو ئیشە هیچت دەستناکەوێت.

کەواتە ئەوەت لەبیر بێت بۆ پاراستنی سەلامەتی دەروونیت باشتروایە بەزەیی بەخۆداهاتنەوە بخەیتەلاوە و

ئەوەت قبووڵ بێت کە ژیان کامڵ و بێ کەموکورتی نییە. هەر وەکو فەیلەسووفی رۆمای کۆن باوەڕی وایە:

"هەندێ جار کێشەکان وەکو بەدەنێکی رەق بەرەو لای تۆ فڕێدەدرێن و بەرت دەکەون، بەڵام دەبێت ئەوە فێربیت، بەهۆی کاریگەریی ئەو بەرکەوتنانەوە لە رێگەی خۆت لانەدەیت و درێژە بە رێگاکەی خۆت بدەیت."

لەڕاستیدا نابێت لەبەرئەوەی رۆژێک کەسێک بێتاقەت و غەمگینی کردوویت، هەتا هەتایە خەفەت بخۆیت و غەمگین بیت، دەتوانیت بۆ باشبوونی دۆخی ژیانت شتێک بکەیت، باشتروایە دەستبەکاربیت، بەڵام ئەگەر هیچت لەدەست نایەت باشتروایە لەگەڵ هەلومەرجەکەدا خۆت بگونجێنیت، ئەوەت لەیاد بێت کە گلەیی و گازندە لە ژیان و ئەو دۆخەی تیایدایت تەنیا کات بەفیڕۆدانە، وێڕای ئەوەش بەردەمی پێشکەوتنت دەگرێت، یەکەم: لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ بۆ خۆت نەکەیت، دووەم: بەیادهێنانەوەی بیرەوەریی خراپی رابـردوو هەمیشە حاڵت خراپتر دەکات و وزە و توانات دەبات. چارلی مەنگەر باوەڕی وایە:

"هـەر کاتێک هەستتکرد کەسێک یان دۆخێک دەیەوێت ژیانت تێک بدات، ئەوە خۆتی کە دەبیتە هۆکاری تێکدانی، چونکە ئەگەر هەمیشە وەکو قوربانی سەیری خۆت بکەیت، ژیان بەلاتەوە قورس دەبێت و دەرفەتەکانی داهاتووشت لە دەست دەدەیت".

(25)

## ڕێبازی چێژ یان بەها؟

## بایەخدان بە شتی مەعنەوی یان چێژەکانی ژیان؟

ئەم چالاکیانەی خوارەوە تا چ ڕادەیەک دەبێتە هۆی شادی و خۆشحاڵیت؟ (٠ تا ١٠) بە (حەزت لێی نییە)، (زۆرت حەز لێیە و ناتوانیت هیچ بکەیتە جێگرەوەی) نمرەیان بدەرێ:

*خواردنی ئەو شوکولاتەیەی حەزت لێیە. *شەڕکردن لە پێناوی وڵاتەکەتدا. *بەسەربردنی کاتی بێ ئیشی بەو چالاکیانەی حەزت لێیە. *بەخێوکردنی منداڵەکانت. *دروستکردنی نەخۆشخانە لە ئەفریقا. *ڕووبەڕووبوونەوەی گەرمای زەوی. *تەماشای فتبۆڵ. *یارمەتیدانی پیرەژنێک. *بەسەربردنی پشوو لە کاریبی.

زۆربەی کەسەکان نمرەی

(٩ تا ١٠) یان داوە بە خواردنی شوکولاتە، بەسەربردنی پشوو لە کاریبی، تەماشای فتبۆڵ لە تەلەفزیۆنەوە. زۆربەی کەسەکانیش نمرەی (٢ تا ٣)یان داوە بە بەخێوکردنی منداڵ.

ئێستا پرسیارێکی ترتان لێدەکەم:

هەست دەکەیت ئەو چالاکیانەی سەرەوە تا چ ڕادەیەک لە ڕووی مەعنەوییەوە مانا و بەهایان هەیە؟ پاشان لە (٠ تا ١٠) بە (تەواو بێبەها و بێمانان)، (زۆر بەهادار و بە مانان) نمرەیان بدەرێ.

بە ئەگەرێکی زۆرەوە وەڵامەکان پێچەوانە دەبن و بەخێوکردنی منداڵ نمرەیەکی زیاتر وەردەگرێت لە بەسەربردنی پشوو لە کاریبی و یارمەتیدانی پیرەژنێکیش بەنیسبەت خواردنی شوکولاتە و پیسکردنی دەم و پل بەهایەکی زیاتری دەبێت.

ئێستا بە رای تۆ چ شتێک گرنگترە؟ بەدەربڕینێکی دیکە تۆ دەبێت تەرکیز لەسەر بەها ئاکارییەکان بکەیت یان لەسەر خۆشی و خۆشحاڵییەکانی خۆت؟

ئەم پرسیارە تەنیا تایبەت نییە بەم سەردەمەی ئێمە و لە سەدەکانی رابردووشدا هەمیشە زیهنی فەیلەسووفان و توێژەرانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و ژمارەیەکی کەم لە فەیلەسووفان بە چێژخواز (Hedonist) بەناوبانگ بوون و باوەڕیان وابوو ژیانێکی باش بە مانای ئەوپەڕی سوودوەرگرتنە لە دەرفەتەکان بۆ خۆشگوزەرانی و چێژبینین. بە پێی ئەم باوەڕە ئێمە بۆچی دەبێت یارمەتی پیرەژنێک بدەین لە کاتێکدا دەتوانین هەمان دەرفەت بۆ بینینی ڤیدیۆیەکی سەرنجڕاکێش لە یوتوب بەکاربێنین؟

بەهەرحاڵ زۆربەی فەیلەسووفەکان باوەڕیان وایە ژیان لەسەر بنەمای چێژ و خۆشی جۆرە ژیانێکی ئاژەڵانەیە و شایانی مرۆڤ نییە کە بیەوێت وەکو ئاژەڵ رەفتار بکات. ژیانی باش، هەمیشە هاوشانی چێژ و خۆشی نییە و مرۆڤ دەبێت بایەخ بە مانا و بەها باڵاکان بدات کە پێی دەگوترێت ئیدمۆنیا (Eudemonia).

ئیدمۆنیا یان بەها و چێژی باڵا و مەعنەوی بە پێی باوەڕی ئەم فەیلەسووفانە تەنیا ڕێگەی گەیشتنە بە بەختەوەری و ژیانێکی باش. بۆ نموونە دروستکردنی نەخۆشخانەیەک لە ئەفریقا و یارمەتیدانی کەسانیتر بەهایەکی زۆری هەیە کە بەڕای فەیلەسووفانی وەکو ئەرستۆ و ئەفلاتون دەتوانێت ببێتە هۆی شادی و چێژ. وێڕای ئەمە باوەڕیان وابوو خووی باش و ئازایەتی و خاکیێتی و بە ویژدانی ئەو خاسیەتانەن کە تاکەکان بۆ بەدەستهێنانێکی ژیانێکی باش دەبێت لە زاتیاندا بێت. ئـەم چـوار خاسیەتە پاشان لە جێگاکانیتری وەکو کڵێسای کاسۆلیک وەکو ئەو خاسیەتانەی کە دەبێت لە زاتی مرۆڤدا هەبن باسکراون. ئەگەر بمانەوێت بڵێین نەبوونی ئەو خاسیەتانە دەبێتە هۆی پەرێشانی مرۆڤ، دەبێت وایدابنێین سەربازێکی ئینگلیزی کە چەندین ساڵ لە هیندستان دەژیا و ستەمی لە خەڵکی هیندستان دەکرد نابێت خۆشحاڵ بێت، بەڵام مژدەبەرێکی مەسیحیەت کە لە کۆندا لەلایەن مرۆڤ خۆرەکانەوە بەزیندوویی دەخورا دەبێت خۆشحاڵ و ڕازی بووبێت، دیارە کە قسەیەکی ئاوا ڕاست نییە.

پۆل دۆلان (Paul Dolan) ئەو دەروونزانە شارەزایەیە کە لە قوتابخانەی لەندەن ئیش دەکات هـەوڵدەدات ئەم چەمکەمان بۆ شیبکاتەوە، بـوار بـدەن مەبەستەکەم بە باسکردنی نموونەیەک باشتر ڕوون بکەمەوە، هەروەکو چۆن هەر دەنگێک دوو خاسیەتی هەیە: فرێکانس و توان. هەر دەقەیەک کە ئێمە ئەزموونی دەکەین دوو بەشە: بەشێکی

خۆش و چێژبەخش و بەشێکی مەعنەوی و ئەخلاقییە.

لـە راسـتیدا ئێمە بە ئاسانی و بەخێرایی هـەست بە بەشە چێژبەخشەکانی ساتەوەختەکان دەکەین و ئاسایی پێویستمان بە شیکردنەوە و لێکدانەوەیان نییە، بەلام بەشە مەعنەوییەکەی هەر رووداوێک پەیوەندی بە تێگەیشتن و مامەڵەی ئێمەوە هەیە. بۆ نموونە خواردنی شوکولاتە زیاتر لەوەی رەهەندی مەعنەوی هەبێت رەهەندی مادی هەیە، بەلام سەبارەت بە یارمەتیدانی پیرەژنێک بە پێچەوانەوەیە و رەهەندە مەعنەوییەکەی لە رەهەندە مادییەکەی زیاترە.

هەڵبەتە پۆل دۆلان مەبەستی نییە ریزبەندییەکی دیاریکراو بۆ رووداوەکان و ئەزموونەکانی مرۆڤ دیاریی بکات، چونکە باوەڕی وایە هەموو مرۆڤێک خۆی دەتوانێت رەهەندی مادی و مەعنەوی رووداو و بەسەرهاتەکان دیاریی بکات، بەلام بۆ نموونە، بە ئەگەری زۆرەوە خواردنی شوکولاتەیەک لە خوێندنەوەی پەرەگرافێکی ئەم کتێبە چێژبەخشترە و رەهەندێکی مادی زیاتری هەیە، بەلام خۆشبەختانە رەهەندی مەعنەوی کتێب خوێندنەوە لە خواردنی شوکولاتە زیاترە. وێڕای ئـەوەش دەبێت دان بـەوەدا بنێم کە نووسینی ئەم کتێبە ئەوەندە بـەلای منەوە چێژبەخش نەبووە و دەبوو بەردەوام لەوە رابمێنم کە بابەتەکان بە چ شێوەیەک و بەچ ریزبەندییەک دەربڕم، بەلام بەهەرحاڵ هەوڵدان بۆ نووسینی و بیرۆکەکانم لەسەر کاغەز بە شێوەیەک کە هۆشمەندانە و باش بێنەبەرچاو رەهەندێکی مەعنەوی زۆر بەرزی هەیە و

لە رووی مەعنەوییەوە گەشەم پێدەدات.

بە باوەڕی من بۆ گەیشتن بە شادیی پایەدار تۆ پێویستت بە هەردوو رەهەندەکە هەیە و ناتوانیت بەبێ رەهەندی مادی یان مەعنەوی تەسەوری شادی بکەیت.

هۆلیوود هەموو ساڵێک چوارسەد تا پێنج سەد فیلم بەرهەم دەهێنێت و پارەیەکی زۆر لەم پیشەسازییەدا لە گەڕدایە و مایەی سەرسوڕمان نییە کە توێژەران لەوە دەکۆڵنەوە بۆچی زۆربەی خەڵک حەزیان لە سینەمایە. لە سەردەمانێکدا بیرۆکەی دروستکردنی ئەو فیلمانەی کە تەنیا لایەنی چێژ و سەرگەرمییان هەبوو، رەواجی پەیداکرد و دەرهێنەران تەنیا بیریان لەوە دەکردەوە کە بینەرانیان بهەژێنن و سترێس و بێتاقەتیان بۆ نەقڵ نەکەن. بە دەربڕینێکی دیکە بینەرانیان لە واقیعی ناخۆش و بەئازار دوور دەخستەوە و بە بەکارهێنانی ئەکتەری رووخۆش و چیرۆکی سەرنجڕاکێش و کۆتایی فەنتازی هەوڵیان دەدا بینەران بەرەو هۆڵەکانی سینەما رابکێشن، بەڵام فیلمە غەمگینەکانی وەکو (ژیان جوانە و عەقڵێکی جوان)یش کە لە دروستکردنیاندا بەهیچ جۆرێک رەهەندی چێژ حسابی بۆ نەکرابوو، سەرکەوتوو بوون و هەمیشە وەکو فیلمی نایاب و مایەی پەسەندی بینەران باسیان دەکرا و سەرنجی رەخنەگرانیشیان بەلای خۆیاندا رادەکێشا. دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی بۆ پەسەندکردن رەهەندی مەعنەویش پێویستە. تەنانەت فیلمێکی غەمگین کە پارەیەکی زۆر بۆ دیکۆر و جلوبەرگی ئەکتەرانی خەرج

نەکراوە، دەکرێت باش بێت و مایەی سەرنج بێت لە کاتێکدا بایەخ بە لایەنی مەعنەوی درابێت.

بایەخدان بە رەهەندی مەعنەوی لە بازاڕی ئیشوکاریشدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە و ئەو گەنجانەی بەدوای ئیشدا دەگەڕێن زۆرجار ئامادەن بە کرێیەکی کەم لە پڕۆژە جیاوازەکاندا بەشداری بکەن، چونکە بەو ئیشە هەست بەوە دەکەن سوود و بەهایان هەیە. هەڵبەتە لەوانەیە ئیشپێکردنی کەسانی تازە بە کرێی کەم بە قازانجی کاروکاسپی تازە و بە زیانی کۆمپانیا گەورەکان بێت، چونکە کەسانی تازە ئاسایی ئەزموونێکی ئەوتۆیان نییە و لەوانەیە تاڕادەیەک زیان لە متمانەی کۆمپانیاکە بدەن. ئەم مەسەلەیە سەبارەت هونەرمەندانیش راستە و زۆرجار حەزدەکەن زۆر لەسەر بەرهەمەکانیان ئیش بکەن بۆ ئەوەی باسیان بکرێت و دەستخۆشییان لێبکرێت، لە جیاتی ئەوەی بەرهەمی زۆر و بێبەها بۆ فرۆشتن بخەنە بەردەستی کڕیاران و لەبەرامبەردا پارە وەربگرن.

من پێشنیازت بۆ دەکەم لە نێوان رەهەندی مادی و مەعنەویدا هاوسەنگی رابگرە لە زیادەڕەوی خۆت بەدوور بگرە. ئەوەت لەبیر بێت ئەگەر زۆر شوکولاتە بخۆیت، زۆر تەماشای تەلەفزیۆن بکەیت، ئاخری لێیان دەتەکیتەوە، بێگومان ئەگەر بیست و چوار سەعاتەش یارمەتی خەڵک بدەیت بەبێ ئەوەی کاتێک بۆ چێژی خۆت لەبەرچاو بگریت

ماندووت دەکات. بەم پێیە باشتر وایە بایەخ بە هەردوو ڕەهەندەکە بدەین. ئەگەر ئیشێکی باشت بۆ کەسێک کرد باشتر وایە وەکو خەڵات پارچەیەک شوکولاتە بدەیت بە خۆت و ئەوە بزانیت شایانتە.

(26)

## بازنەی کەرامەت-(1)

## بەڵام ئەگەر نا

ساڵی (١٩٣٩) کەمێک دوای ئەوەی ئەڵمانیا دەستدرێژی کردە سەر خاکی پۆڵەندا و کەڕەنای دووەم شەڕی جیهان لێدرا، بەریتانیا دەستیکرد بە ناردنی سەرباز بۆ کەناڵی دەریایی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا. ئامانجی بەریتانیا ئەوە بوو لەبەرامبەر هێرشی ئەڵمانیادا بۆ سەر فەرەنسا داکۆکی لێبکات کە لە ئان و ساتدا بوو. ساڵێک دوای ئەوە لە مایسی (١٩٤٠) دا (٣٠٠) هەزار سەربازی بەریتانیا لە شارێک بە ناوی دەنکیرک (Dunkirk) لە باکووری فەرەنسا جێگیر بوون، لە مانگی داهاتوودا هێزەکانی ئەڵمانیا هێرشیان کردە سەر بەلجیکا و پاش ئەوە هاتنە ناو خاکی فەرەنساوە، هێزەکەی بەریتانیا گەمارۆدرا و ئومێدی هەڵاتنیش نەبوو، لەم کاتەدا ئەفسەرێکی ئینگلیز بروسکەیەکی کرد بۆ لەندەن و وتی: " بەڵام ئەگەر نا".

ئەگەر ئینجیلت بە تـەواوی خوێندبێتەوە بێگومان لە چاوتروکانێکدا لە مەبەستی ئەوەی سەرەوە تێدەگەیت کە لە پەیمانی کۆن (دانیال ١٨:٣)دا باسکراوە (نەبوخوزنەسر) پاشای بابل دوا مەرجی بۆ سێ جولەکە دانا:

"ئەگەر وێنەی خواکەم نەپەرستن دەتانخەمە ناو کوورەوە تا دەسووتێن"

پاشان دەرفەتێکی دانیَ بۆ ئەوەی بیربکەنەوە و لە وەڵامدا وتیان: "ئەی پاشا، ئێمە لە هەڕەشەی تۆ ناترسین، چونکە ئەگەر شایستە بین و شایانی ئەوە بین بە زیندوویی بمێنینەوە، خوداکەمان خۆی لە شەڕی تۆ رزگارمان دەکات، با ئەوەش بزانی جەنابی پاشا خوداکەی تۆ ناپەرستین و کڕنووش بۆ ئەو پەیکەرەش نابەین کە دروستتکردووە. کەرامەتمان ناخەینە ژێرپیَ."

بەهەرحاڵ پەیامی ئەفسەرە بەریتانییەکە بەم شێوەیە بوو:

"دۆخەکە زۆر جێگای ئومێد نییە و ئێمە تەواو گەمارۆ دراوین، تەنیا یەک موعجیزە دەتوانێت لەم دۆخە رزگارمان بکات، بەڵام سوورین لەسەر ئەوەی بەرگری بکەین و تەسلیم نەبین، ئیتر هەرچیمان بەسەردێت بابێت".

رستەی "بەڵام ئەگەر نا" هەموو مانای سەرەوە لە خۆی دەگرێت و نیشاندەری پەیمانێکی تەواوە.

چەند رۆژێک دوای ئەوە بەریتانییەکان لە چالاکییەکی پارتیزانیدا توانیان (٣٣٨) هەزار سەربازی فەرەنسی و بەریتانی بە هەشت سەد کەشتی ماسیگرتن و بازرگانی و گەشتوگوزار لە شاری دەنکیرک دەربکەن و ئەو چالاکییە بەناوی موعجیزەی "دەنکیرک"ەوە ناسراو هەتا ئێستاش لەسەر زمانی خەڵکە.

لەبەرئەوەی کەسانێکی کەم هەن کە بەتەواوی ئینجیلیان خوێندبێتەوە، زۆربەی کەسەکان لە تێگەیشتنی مانا و گرنگی رستەی "بەڵام ئەگەر نا" تیاماون. ئەگەر بمەوێت هاوتایەکی

ئەمڕۆی بۆ بدۆزمەوە دەبێت ڕستەی "مەگەر بەسەر لاشەی مندا بڕۆیت" بەکاربێنم.

من سەبارەت بە کۆمەڵێ مەسەلە لە ژیانمدا ئەم دیدگایەم هەیە کە لەبارەیەوە زۆر یەکلاکەرەوەم و لەگەڵ هیچ کەسێکدا لەبارەیانەوە دەرگای گفتوگۆ ناکەمەوە. ئەم مەسەلانە کۆمەڵێ پرەنسیپ دەگرنەخۆ کە من تەواو باوەڕم پێیانە و بە پێویستی نازانم لەگەڵ کەسێکدا گفتوگۆیان لەسەر بکەم. بۆ نموونە: ئەگەر رقم لە ئیشێک یان مەسەلەیەک بێت ناتوانم تەنیا لەبەرئەوەی پارەیەکی زۆرم بۆ پێشنیاز کراوە قبووڵی بکەم. بە دەربڕینێکی دیکە پارە لە بڕیارەکانمدا رۆڵی یەکەمی نییە، وێڕای ئەوە هیچ کاتێک وێنەی منداڵەکانم لە دیجیتاڵ میدیا دانانێم و قەت بەخراپە باسی خێزانەکەم و هاوڕێکانم و کەسیتر ناکەم تەنانەت ئەگەر موبەڕیڕی ئەمەشم هەبێت. بە دەربڕینێکی دیکە هەروەکو لە چەند بەشی پێشتردا بۆم روونکردنەوە، مرۆڤ دەبێت سنووری تواناکانی خۆی بزانێت، دەبێت بەها بۆ ناسنامە و کارەکتەری خۆی دابنێت و سنوورێک بۆ رەفتار و بیروبۆچوونەکانی دیاریی بکات کە من پێی دەڵێم بەزنەی کەرامەت و لەبەشی سێهەمدا باسم کردووە، مرۆڤ دەبێت لەبەرامبەر سێ جۆر هێرشدا پارێزگارییان لێ بکات:

١-مشتومڕی بێسوود. ٢-مەترسی زۆر و زیانی گەورە.
٣-پەیمان بەستن لەگەڵ کەسانی گڵاو و ناپاکدا.

بواربدە زیاتر ئەم سێ جۆرە هێرشە روون بکەمەوە.

سەرەتا لەبارەی مەترسی مشتومڕی بێسوودەوە قسەت بۆ دەکەم و لە دوو بەشی داهاتوودا سەبارەت بە دوو هەڕەشەکەیتر قسە دەکەم.

ئەگەر بازنەی وزە و توانای ئێمە ئەوەندە گرنگ نییە، بازنەی کەرامەتمان بەو شێوەیە نییە و گرنگە. مەسەلەی گرنگ ئەوەیە سنوورێک بۆ ناسنامە و کارەکتەری خۆت دابنێیت و لەبەرەی خۆت زیاتر پێ ڕانەکێشیت.

هەڵبەتە دیاریکردنی سنوورێک بۆ ناسنامە و بیروباوەڕ لە هەندێک کاتدا لەگەڵ ڕۆح و زاتی ڕۆشنگەریدا نایەتەوە و لەگەڵ هەندێ مەسەلەدا کە بە باش لێک دەدرێنەوە ناکۆکە، وەکو بیری کراوە و لۆجیک. وێڕای ئەوە ئایا سەرسەختی و کەللەڕەقی لە هەندێ مەسەلەدا نابێتە لەمپەر لەبەردەم پێشکەوتن و گەشەکردنی تواناکانماندا؟ لە وەڵامدا دەبێت بڵێم بەڵێ، بەڵام نابێت لە هەموو مەسەلەکاندا بچەمیتەوە و بە ئاسانی بیروباوەڕی خۆت بگۆڕیت، چونکە سەرسەختی و پابەندبوون بە پرەنسیپەکانتەوە پێویستە، بۆ ئەوەی ژیانێکی باشت هەبێت. دەبێت بۆ خۆت کۆمەڵێ پرەنسیپت هەبێت و هەوڵی ئەوە نەدەیت کەسانیتر بۆ ئەو پرەنسیپانە ئاراستە بکەیت و قەناعەتیان پێبکەیت، چونکە ئەگەر وانەبیت هەرگیز ئارامی نابینیت و ناتوانیت لەسەر هیچ بابەتێک سەقامگیر بیت، هەمیشە کەسێک پەیدا دەبێت زۆر بەدەنگی بەرز قسە بکات و بە زمان لووسی و یاریی بە وشە، پرەنسیپ و بیروباوەڕەکانت بخاتە ژێر پرسیارەوە.

لەوانەیە ئەو پرسیارەت لا دروست بێت، چۆن دەتوانین سنووری ناسنامە و بیروباوەڕی خۆمان دیاریی بکەین؟ دەبێت بڵێم ئەو سنوورە بە یەکجار و بە ویستی خۆمان دیاریی ناکرێت، بەڵکو بەرە بەرە وەکو فۆرمەڵەبوونی کریستاڵ لە ناخی ئێمەدا فۆرمەڵە دەبێت، تەنانەت فۆرمەڵەبوونی تەواوەتی بەلای زۆربەی مرۆڤەکانەوە هەتا تەمەنی میانەساڵی درێژە دەکێشێت. لە راستیدا ئەم رەوتە، قۆناغێکی پێویستە بۆ گەیشتن بە کامڵبوونی عەقڵی و بۆ گەیشتن بە کامڵبوونی عەقڵی پێویستت بەوە هەیە زۆر مەسەلە تاقی بکەیتەوە، وەکو ئەو ئەنجامانەی لە بڕیارە هەڵەکانتەوە سەرچاوە دەگرن، کە بە درێژایی ژیانت داوتن، لە بابەتی نائومێدییەکان، شکستەکان و قەیرانە مادی و مەعنەوییەکان. هەروەها دەبێت ئەوە دەستنیشان بکەیت، ئەو پرەنسیپانە کامانەن لە ژیانتا کە قابیلی مشتومڕ و گۆڕان نین و سەبارەت بە کام مەسەلانە ئامادەیت لەگەڵ کەسانی تردا گفتوگۆ بکەیت. هەڵبەتە کۆمەڵێک کەس هەن هەرگیز بیروباوەڕ و پرەنسیپی جێگیر و لە گۆڕاننەهاتوویان نییە. ئەم کەسانە وەکو ئەو بینایانە وان کە پایەیان نییە، هەر بۆیە زۆر ناسکن و زوو زیانیان پێدەگات، بە بچووکترین لەزرین و دڵەڕاوکێ وێران دەبن.

بەم پێیە پێویستە پرەنسیپەکانی خۆت بزانیت و سنووریان بۆ دابنێیت و قەت لێیان پاشگەز نەبیتەوە. ئەوەت بیرنەچێت هەرچەندە سنووری پرەنسیپەکانت بچووکتر و سنووردارتر

بێت ئاسانتر دەتوانیت داکۆکیان لێبکەیت لەبەر دوو هۆکار:
١- هەرچەندە زیاتر پرەنسیپ بۆ خۆت دابنێیت، ئەگەری ئەوەی یەکێک لەو پرەنیسپانە لەگەڵ پرەنسیپێکی دیکەتدا ناکۆک بێت زیاترە، بۆیە ناتوانیت بگەیتە هەموو ئەولەویاتەکانت.
٢- هەرچەندە ژمارەی پرەنسیپ و ڕێسا نەگۆڕەکانت کەمتر بن، ئاسانتر دەتوانیت ئیلتیزام بە باوەڕەکانی خۆتەوە بکەیت و داکۆکیان لێبکەیت.
تۆ دەبێت وەکو ئەو وادە و بەڵێنانەی بە کەسانیتری دەدەیت، پابەندی ئەو وادە و بەڵێنانەش بیت کە بەخۆتی دەدەیت، ئەوە دیاریی بکەیت ئەو مەسەلانە چین کە بەلاتەوە قابیلی مشتومڕ نین و ئینکار ناکرێن، دەبێت لەم بارەیەوە تەواو روون و سەرڕاست بیت، بەڵام مەسەلەیەکت لەبەرچاو بێت:
ناتوانیت هەمیشە هەموان رازی بکەیت، بێگومان هەندێ کات بە داکۆکی لە پرەنسیپەکانت کەسانێک لێت زویر دەبن، بە تایبەتی ئەو کەسانەی خۆشت دەوێن و ناتەوێت بێتاقەتیان بکەیت، بەڵام چارە نییە هەروەکو چۆن هەندێ کات تۆش لە ئەنجامی قسە و بیروبۆچوونی کەسانیتر بێتاقەت دەبیت، دەبێت رووبەڕووی ئەو هەستە ببیتەوە چونکە ڕێگەی هەڵاتن نییە و لە راستیدا هەستی خەم و بێتاقەتی باجێکە تۆ بۆ داکۆکی لە پرەنسیپەکانت دەیدەیت. هەمیشە ئەوەت لە مێشکدا بێت کە تەنیا سەگ دەتوانێت

بەبێ هیچ نارەزاییەک خزمەتی خاوەنەکەی بکات. لە راستیدا هـەروەکو چۆن بۆ دروستکردنی بـازنـەی شـارەزایـی و تواناکانت کاتێکی زۆرت دەوێت، بۆ دروستکردنی بازنەی باوەڕ و بیروبۆچوونەکانیشت دەبێت بەرگەی هەزاران زام و جنێو و قسەی ناخۆش بگریت.

لەوانەیە هەندێک بپرسن: ئایا بەهای ئەوەی هەیە؟

بە باوەڕی من ئەم پرسیارە لە بێخەوە هەڵەیە، چونکە نابێت بە هیچ شێوەیەک نرخ و بەها لەسەر بیروباوەڕەکانت دابنێیت. هەروەکو مارتین لوسەر (Martin Luther) دەڵێت: "ئەگەر کەسێک نەتوانێت شتێک بدۆزێتەوە کە ئامادە بێت لە پێناویدا گیانی ببەخشێت شایانی ئەوە نییە بژی".

من بـاوەڕم وایـە کـەس بەبێ بـیـروبـاوەڕی سەقامگیر ناتوانێت بژی.

(27)

## بازنەی کەرامەت-(2)

## ئەگەر لە دەرەوە تێکشکایت

لە (١٩٦٥/٩/٩)دا فڕۆکەوانی لاوی ئەمریکی جەیمس ستۆکدەیل (James Stokdale) بە فڕۆکە جەنگییەکەی لە فڕۆکە هەڵگری (USS) (ئۆریسکانی)یەوە بەرەو ڤێتنام فڕی. لە گەڕانەوەیدا کە بۆردمانێکی ئاسایی بنکەی کۆمۆنیستەکانی کردبوو، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت بەسەر شوێنی چەکی دژە فڕۆکەدا فڕی، بۆیە لەناکاو لێی دراو کورسییەکەی فڕێیدایە دەرەوە. خۆی بەم شێوەیە رووداوەکە دەگێڕێتەوە: "لە بەرزیی نزیکەی هەزار پێوە فڕێدرامە دەرەوە و پەڕەشووتەکەم کرایەوە. لەم کاتەدا سەیری خوارەوەم کرد و هەستمکرد خەریکە لەسەر شەقامی سەرەکی شارۆچکەیەک دەنیشمەوە. میلیان لێ هێنامەوە و تەقەیان لێدەکردم". ستۆکدەیل دوای نیشتنەوەی یەکسەر بەدیل گیرا و بردیان بۆ ئوتێلێکی بەدناو بە ناوی هانۆی هیلتۆن (Hanoi Hilton) لەوێ چەند سەربازێکی دیکەی ئەمریکاش بەدیل گیرابوون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردن. ستۆکدەیل تەقریبەن حەوت ساڵ و نیو لە زیندان مایەوە و چوار ساڵ لە زیندانی تاکەکەسیدا بوو، هەتا سەرەنجام شەڕی ڤێتنام کۆتایی هات.

ستۆکدەیل دەیتوانی هاوکاریی ئەفسەرە ڤێتنامییەکان بکات و چەند شتێک لە دژی وڵاتەکەی خۆی دەربڕێت، لەو کاتەدا وەکو زیندانییەکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد و تووشی ئازار و ئەشکەنجە نەدەبوو، بەڵام هەرگیز تەسلیم نەبوو، لێگەڕا بە کەیفی خۆیان ئازار و ئەشکەنجەی بدەن، نەک لەبەرئەوەی نیشتمانەکەی خۆشدەویست و باوەڕی بە شەڕەکە هەبوو، نەخێر تەنیا هەستیکرد لەو حاڵەتەدا کەرامەتی دەشکێ و کارەکتەری هیچ بەهایەکی نامێنێت، بۆیە بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی بەرگری کرد، لەبەرئەوەی لە ناخەوە نەڕوخابوو، توانی ئازایانە بەرگری بکات.

جارێکیان ڤێتنامییەکان بڕیاریان دا بیگوێزنەوە بۆ زیندانێکیتر. بڕیار بوو بە ناوەڕاستی شاردا بیبەن، بۆ ئەوەی لە کامێرای ئاژانسە نێودەوڵەتییەکاندا بە جوانی و پاک و خاوێنی دەرکەوێت و ئەوە نیشان بدات ڤێتنامییەکان بە باشی مامەڵە لەگەڵ دیلەکاندا دەکەن و خواردنیان باشە. پێش ئەوەی دەربچن ستۆکدەیل پەلاماری کورسییەکی دا و کێشای بەسەری خۆیدا و هەموو سەر و دەموچاوی بوو بە خوێن. بەو حاڵەوە ڤێتنامییەکان نەیاندەتوانی بە ناوەندی شاردا بیبەن و وەکو شانۆگەری نیشانی بدەن، بۆیە وازیان لێ هێنا، لەم بارەیەوە دەڵێت:

"لەم کاتەدا لەسەر عەردەکە کەوتم و دەستم کرد بە گریان، هەڵبەتە گریانەکەی من گریانی خۆشی بوو، چونکە

ئەو جورئەتەم هەبوو نەمهێشت وەکو شانۆگەری نیشانم بدەن و بۆ مەبەستی خۆیان بەکارمبێنن."

ئەگەر بمانەوێت لە دەرەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین لەوانەیە گەمژانە بێتە بەرچاو. لەوانەیە باشتر بوایە ستۆکدەیل بە قسەی ڤێتنامییەکانی بکردایە. لەو حاڵەتەدا ژیانی لەو ماوەیەدا ئاسانتر دەبوو بۆ نا؟ ملکەچی فەرمانەکان بە، وەکو مەڕ رەفتار بکە و رووبەڕووی زوڵم و زۆر مەبەرەوە. تەنانەت کەسیش سەرزەنشتی نەدەکرد و دەیتوانی بڵێت بەرگەی ئازار و ئەشکەنجەی نەگرتووە و ناچاربووە ملکەچی فەرمانەکانیان بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ملکەچ نەبوو بۆ سووکایەتی و لە بەرامبەر داخوازی ئەفسەرە ڤێتنامییەکاندا بەرگری کرد.

هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت ئەگەر بەها و هێڵە سوورەکانت بۆ کەسانیتر دیاریی نەکەیت، دەتکەن بە کەرەسەی یاریی بەدەستی خۆیانەوە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکارت دەهێنن و لە ئەنجامدا ناتوانیت درێژە بە ڕێڕەوی خۆت بدەیت و بەرەبەرە توانات لەدەست دەدەیت. کەواتە هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت ئەگەر نەرم بیت و لە دەرەوە فشارت بخەنە سەر و بچەمیتەوە، بەزوویی لە ناخیشەوە تێکدەشکێیت.

رۆمانی زۆر سەبارەت بە بەرگری و ملکەچنەکردنی کەسانی شۆڕشگێر لە ئەدەبی زینداندا هەیە. لە رۆمانی (گـولاگ ئەرچیپیلاگۆ)، (Gulag Archipelago)ی ئەلیکساندەر سۆلجنتسین-ەوە بگرە هەتا (گۆرانی مردوان)،

(Song of the dead) ی ئیلی ویسیل (Ellie Wiesel).
له رۆمانی (ئەگەر ئەمە پیاو بێت (If This a Man)ی پریمۆ لیڤی-یەوە هەتا (مرۆڤ بە دوای مانادا دەگەڕێ)، (Mans Search for Meaning) ی ڤیکتۆر فرانکل. هەڵبەتە ئەم رۆمانانە بە باشی ناخوێنرێنەوە و حەقی خۆیان پێنادرێت. بەو مانایەی گوایە کارەکتەرەکان لەم رۆمانانەدا بەدوای شێوازی رزگاربووندا دەگەڕێن لە هەلومەجی سەخت و تاقەتپڕوکێندا، وێڕای ئەوەی رزگاربوون لەو حاڵەتانەدا زیاتر پەیوەندی بە چانسەوە هەیە. لە زیندانی ئوشویتز (Auschwitz) هیچ رێگایەک بۆ هەڵاتن نەبوو، تەنیا ئەو کەسانە لەو زیندانە رزگار بوون کە لە مانگەکانی کۆتایی دووەم جەنگی جیهاندا هێنرابوونە ئەوێ. هەمیشە ئەوەت لەبەرچاو بێت کە تەنیا زیندانیان و دیلە ئازادکراوەکان توانیویانە بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسنەوە و بیخەنە بازاڕەوە، بێگومان ئەوانەی لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراون بیرەوەرییەکانیشان لەگەڵ خۆیاندا بردۆتە گۆڕەوە. ستۆکدەیل بەختی هەبوو کە لە کاتی نیشتنەوەیدا بە پەڕەشووت بە گوللەی سەربازانی ڤێتنام نەکوژرا یان لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست نەدا.

بەڵام لە هەموو ئەو ئەدەبیاتەی سەبارەت بە دیل و زیندانییەکان نووسراون دەتوانین یەک بنەمای سەرەکی هەڵبهێنجین: ئەوانەی هیوایان بە ژیان هەبوو، بەرگریان کرد بەختێکی باشتریان هەبوو بۆ مانەوە و رزگار بوون لە چنگی ئەشکەنجەدەران. دواجار دیلەکانی ئوشویتز ئازادبوون و

بەهەرحاڵ قۆناغی زیندان و جەنگ کۆتایی دێت و لە کۆتاییدا تەنیا ئەو کەسانەی لەبەرامبەر ناخۆشییەکاندا سەریان شۆڕ نەکرد، چ لە ناخەوە و چ لە دەرەوە سەرسەختی خۆیان پاراست، سەرکەوتوو دەبن کە دووبارە تامی ئازادی بچێژن.

هەڵبەتە بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئێمە رووبەڕووی ئەو بارودۆخە سەختە نابینەوە کە دیل و زیندانییەکان لە رابردوودا دیویانە. بۆ نموونە ئەگەری ئەوە کەمە ئەشکەنجە بدرێین یان بمانخەنە زیندانی تاکەکەسییەوە یان بماننێرن بۆ سیبریا و لەوێ لە سەرمادا رەق بینەوە، بەڵام رۆژانە رووبەڕووی ئەو کەسانە دەبینەوە کە هەوڵ دەدەن کەرامەت و ئیرادەمان بخەنە ژێر پرسیارەوە، رووبەڕووی پرەنسیپە سەرەکییەکانمان ببنەوە و گاڵتە بە بیروباوەڕ و بیروبۆچوونەکانمان بکەن. هەڵبەتە هەندێ جار ئەم هێرشانە بە ئاشکرا نین و کۆمەڵگە بە ئارامی بیروباوەڕ و بیروبۆچوونەکانی خۆیمان ئاراستە دەکات، بە شێوەیەک هەندێ جار خۆشمان هەست بە مەبەستەکەی ناکەین. بە شێوازی وەکو ریکلام، فشاری کۆمەڵایەتی، ئامۆژگاریی بەردەوام و هەمەلایەنە، پڕوپاگەندە، مۆدە و قانوون دەخزێتە ناخ و بیروبۆچوونەکانمانەوە، وەکو ئەو تیرانە وان کە هەموو رۆژەکانی حەفتە ئێمە و بازنەی بیروبۆچوونەکانمانیان کردووە بە ئامانج و هەوڵدەدەن زیانمان پێبگەیەنن. هەڵبەتە ئەو تیرانە نابنە هۆی مردنمان، بەڵام زیان بە کەرامەت و

متمانەمان دەگەیەنن و لە رووی سۆز و عاتیفەوە وەکو بوومەلەرزە لیمان دەدەن.

لەوانەیە بپرسیت بۆچی کۆمەڵگە تیرەکانیمان ئاراستە دەکات و هەوڵ دەدات کارەکتەر و کەرامەتمان پێشێل بکات؟ چونکە خەم و باوەڕی خۆی هەیە و دەیەوێ یەکپارچەیی کۆمەڵگە بپارێزرێت. لە راستیدا کۆمەڵگە هیچ بەهایەک بۆ بیروبۆچوونی تاک دانانێت و کەسانی تایبەت وەکو هەڕەشەیەک لەسەر خۆی حساب دەکات. بە تایبەتی ئەگەر بیروبۆچوونەکانی لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونانەدا ناکۆک بێت کە دەیەوێت دەرخواردی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگەی بدات. لە راستیدا تاک کاتێک بە ئارامی دەژی کە لە بەرامبەر رێسا گشتییەکاندا ملکەچ بێت. بەڵام هەوڵ بدە هەرگیز تەسلیمی خواستی کەسانیتر نەبیت و سووربە لەسەر بیروبۆچوونەکانت. لە راستیدا دیواری بیروبۆچوونەکانت پارێزگاری لە بەڵینەکانت دەکات و نابێت بوار بدەیت لە هیچ هەلومەرجێکدا بکەویتە بەرهێرش. لەوانەیە پرەنسیپ و ئامانجی باڵات هەبێت، بەڵام ئەگەر نەتوانیت داکۆکییان لێبکەیت هیچ بەهایەکیان نییە، چونکە بە ئاسانی دەگۆڕێن و تۆ پابەند نیت پێیانەوە.

خراپترین هێرش بۆ سەر کەرامەت و کارەکتەرت کە بە ئەزموون رووبەڕوویان دەبیتەوە فیزیکی نین، بەڵکو بە زمان دەکرێن بۆیە بوار بدە بۆ داکۆکیکردن لە خۆت فێری تاکتیکێکت بکەم:

وایدابنێ تۆ لە کۆبوونەوەیەکی ئیشدایت و یەکێک لەناکاو سووکایەتییەکی خراپت پێدەکات، لە وەڵامدا بڵێ: وتت چی و ناچاری بکە قسەکەی دووبارە بکاتەوە، زۆربەی جار دەبینیت ئەو کەسە شەرم لە دووبارەکردنەوەی قسەکەی دەکات و ئیتر قسە ناکات. هەروەکو چۆن سەرۆکی سربیا ئەلیکساندەر فوچی سووکایەتی رۆژنامەنووسێکی لە وێب سایتەکەی خۆیدا بینی و لە چاوپێکەوتنێکدا داوای لە رۆژنامەنووسەکە کرد ئەو قسانەی لە وێب سایتەکەیدا کردبووی بەدەنگی بەرز بۆ رۆژنامەنووسەکان بخوێنێتەوە، ئەو رۆژنامەنووسە شەرمەزار بوو، لەو هۆڵە چووە دەرەوە کە بۆ چاوپێکەوتنەکە دانرابوو.

هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت ئەو کەسانە لە ئەدەب و سینەماشدا سەرنجی خەڵک رادەکێشن کە ناسنامە و کارەکتەرێکی سەقامگیریان هەیە وەکو تۆد ئەندرسۆن (Todd Anderson) لە کۆمەڵگەی شاعیرە مردووەکان (Dead Poets Society)دا کە لەسەر مێزەکەی خۆی وەستا بۆ ئەوەی داکۆکی لە مامۆستاکەی خۆی بکات یان سوکرات کە ئامادەنەبوو لە هیچ هەلومەرجێکدا واز لە دەرس وتنەوەکەی بهێنێت تەنانەت فەرمانی کوشتنیشی بۆ دەرچوو بە ئاسوودەییەوە جامە ژەهرەکەی خواردەوە بۆ ئەوەی مل بۆ داواکارییەکەی پاشا نەدات.

بە نیسبەت زۆربەی خەڵکەوە بازنەی کەرامەت مەسەلەی مردن و ژیان نییە بەڵکو شەڕێکە بۆ پارێزگاری لێکردنی، من زۆر لەگەڵ ئەو رایەدا نیم و باوەڕم وایە مرۆڤ هەتا دەتوانیت لەسەر بیروبۆچوونی خۆی سوور بێت، بەهەرحاڵ ئەگەر لە کۆتاییدا ناچار بوو واز لە بۆچوونەکانی بهێنێت، کارێک بکات کە رکابەرەکەی یان ئەو کەسەی ناچاری دەکات واز لە بیروبۆچوونەکانی بهێنێت گەورەترین باج بدات. دڵنیابە کە پابەندبوون بە بیروباوەڕەوە یەکێکە لە رێگا سەرەکییەکانی بەختەوەری و ژیانێکی باش.

(28)

## بازنەی کەرامەت- (3)

## مامەڵە لەگەڵ شەیتاندا

زنجیرە چیای ئەڵب هەمیشە وەکو کۆسپێک وابووە لە نێوان وڵاتانی باکوور و باشووری ئەوروپادا، چەندان سەدە هاتوچۆی خەڵک و شمەکی قورس کردووە و تەقریبەن کردوویەتی بە مەحاڵ. هەڵبەتە کەسانێکی سەرکەش هەبوون کە هەوڵیان داوە بە زنجیرە چیای ئەڵبدا تێپەڕن. تەقریبەن ئاسانترین ڕێگا ڕێگای گۆتهارت (Gotthard Pass) بوو کە بە ناوەڕاستی زنجیرە چیای ئەڵبدا لە نێوان هەردوو کانتۆنی (ئۆری و تیچینۆ)ی سویسرادا تێدەپەڕی. بە هەرحاڵ تێپەڕبوون بەم ڕێگایەدا ئەوەندە ئاسان نەبوو، دۆڵێکی قووڵ لەناو ڕێگاکەدا بوو کە تێپەڕبوونی دەکرد بە مەحاڵ. لە سەدەی سیانزەدا بڕیار درا لەو شوێنەدا پردێک دروست بکرێت.

خەڵکی ناوچەکە هەوڵێکی زۆریان دا بەڵام لە دروستکردنی پردەکەدا سەرکەوتوو نەبوون و هیچیان پێ نەکرا، تا سەرەنجام سەرۆکی یەکێک لە ئەنجومەنە ناوخۆییەکان بە ناوی لاندمان (Landmann) نائومێد بوو وتی: "کەواتە لێگەڕێن شەیتان لێرەدا پرد دروست بکات."

سەرەنجام شەیتان گەیشت و چەند پێشنیازێکی دانێ. ڕازی بوو لەسەر دروستکردنی پردەکە، بەڵام مەرجێکی

بۆ ئیشەکە دانا. مەرجەکەی ئەوەبوو رۆحی یەکەم کەس کە بەسەر پردەکەدا تێپەڕ دەبێت بۆ ئەو بێت. خەڵکی ناوچەکە پێشنیازەکەیان قبووڵ کرد و پلانێکیان بە خەیاڵدا هات. پلانەکە ئەوەبوو دوای دروستکردنی پردەکە لەلایەن شەیتانەوە، بزنێک بەسەر پردەکەدا بەرن. ئەم ئیشەیان شەیتانی تووڕەکرد و بووە هۆی ئەوەی بڕیار بدات پردەکە بڕوخێنێت، بەڵام لەناکاو دەنگێک لە پشتی شاخەکەوە هات کە تەرکیزی شەیتانی نەهێشت و بووە هۆی ئەوەی ئەو بەردەی بۆ روخاندنی پردەکە هاویشتبووی بەر پردەکە نەکەوێت. پیرەژنێک خەریکی سوینی خاچێک بوو بە یەکێک لە بەردەکانی شاخەکەدا. ئێستاش دەتوانیت ئەو بەردە ببینی کە شەیتان بۆ روخاندنی پردەکە هاویشتویەتی، بەردەکە لە قەراغی یەکێک لە شاڕێکانە کە بەوێدا تێپەڕ دەبێت و هێشتا بە بەردی شەیتان ناودەبرێت.

خەڵکی ناوچەی ئۆری رۆحیان بە شەیتان فرۆشت، بەڵام خۆشبەختانە بە جووڵەیەک کە پیرەژنەکە کردی توانیان بەبێ هیچ دەردەسەرییەک لەو تەڵەزگەیە رابکەن و رزگار بن.

چیرۆکی لەم شێوەیە لە هەموو وڵاتان و کەلتورە جیاوازەکاندا بەرچاو دەکەوێت. هەڵبەتە هەندێک لەم چیرۆکانە وەکو چیرۆکی بەردی شەیتان بەبێ خوێنڕشتن کۆتایی نەهاتووە، وەکو چیرۆکی رۆمانی (وێنەی دوریان گرای) (Dorian Gray) ئۆسکار وایڵد (Oscar Wilde) لەم رۆمانەدا

دۆریان گرای لە بەرامبەر گەنجی و جوانیی هەمیشەییدا ڕۆحی دەخاتە خزمەتی شەیتانەوە. لە ژوورەکەی دۆریان گرایدا پۆرتریتێکی خۆی بە دیواردا هەڵواسراوە کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دەڕزێ و شڕ دەبێت. دۆریان گرای بە بینینی ئەوەی پۆرتریتەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ دەڕزێ شێت دەبێت و لە ناوی دەبات و لە کۆتاییدا خۆی دەکوژێت.

هەروەها ئەفسانەی ناسراوی فاوست (Faustian legend)، ئاماژە بۆ کیماگەرێک دەکات بە ناوی جۆهان گیۆرگ فاوست (Johan Georg Faust) کە ڕۆحی لە بەرامبەر بەدەستهێنانی هەموو ئەو زانستەی لە دنیادا هەیە بە شەیتان دەفرۆشێت. گۆتە ئەم داستانەی کردووە بە شیعر و لە کتێبی ئەدەبی ئەڵمانی قوتابخانە ئەڵمانی زمانەکاندا دەخوێنرێت.

ڕۆحت بفرۆشیت؟ ئەم ڕستەیە چ مانایەکی هەیە؟ لە بنەڕەتدا لە ئاڵوگۆڕی داراییدا چەند مەسەلەیەک هەیە کە لە هەموو کەلتور و قۆناغەکاندا حسابیان بۆ دەکرێت. لە ڕاستیدا هەندێک شت هەن کە قابیلی ئاڵوگۆڕ نین و ناتوانرێت نرخ و بەهایان لەسەر دابنرێت، بەڵام هەندێک کەس هەن کە باوەڕیان وایە هەموو شتێک بە پارە دەکڕدرێت تەنانەت بیروبۆچوون و بیروباوەڕیش. ئەم جۆرە کەسانە باوەڕیان وایە بڕە پارە پێشنیازکراوەکە زۆر بێت کەسەکان دەماریان سست دەبێت و ئامادەن لە پێناوی پارەدا واز لە هەموو شتێک بێنن. ئەم شێوازە فیکر و باوەڕە بە ئاشکرا لە ڕۆمانی

سەردان-ی فریدریک دورنمات (Friedrich Durrenmatt) ڕەنگیداوەتەوە. هەروەها لە شانۆگەرییەکی دورنماتدا ژنێک بە ناوی (کلێر زاکاناسیان) بەڵێن بە دانیشتوانی هەژاری گوندێک دەدات ئەگەر ئەوان دەزگیرانی پێشووی بکوژن، یەک ملیار فرەنکی سویسری پاداشتیان دەداتیٚ و بە ئامانجی خۆشی دەگات. ئێستا ئەم پرسیارەی خوارەوە لە خۆتان بکەن:

ئایا شتێک یان کەسێک ئەوەندە بەلای تۆوە پیرۆزە کە تەنانەت ئامادە نەبیت بە یەک ملیار دۆلاریش بیگۆڕیتەوە؟

وەڵامەکەت لە گۆشەیەکی کتێبەکەدا بنووسە. ئەو شتانە چین لە لیستەکەی تۆدا هەن؟ بە ئەگەرێکی زۆرەوە ژیانی خۆت و خێزانەکەت ئەو شتەیە کە تۆ لە بەرامبەر پارەدا مامەڵەی پیٚ ناکەیت. سەبارەت بە سەلامەتیت چۆنە؟ ئایا تۆ ئامادەیت حەزدەکەیت تووشی نەخۆشی وەکو شێرپەنجەی خوێن یان خەمۆکی بیت، بەڵام دەوڵەمەند بیت؟ ئایا بیروباوەڕەکانت بەهایان هەیە؟ هەڵبەتە هەندێک سیاسەتمەدار هەن دەنگی خۆیان بەو کۆمپانیایانە دەفرۆشن کە پێشنیازی باشتریان بدەنیٚ ئایا تۆش وایت؟ ئەگەر لە رووی داراییەوە لە بارێکی زۆر خراپدا بیت ئامادەیت بیروباوەڕ و پرەنسیپەکانی خۆت بفرۆشیت یان تەنانەت لە بەرامبەر ملیاردێربووندا دەستبەرداریان نابیت؟

هەروەکو لە بەشەکانی پێشوودا باسم کرد، پرەنسیپ و بیروبۆچوون کەم یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی ژیانێکی

باشمان هەبێت. هەروەها باسی ئەوەم کرد ئێمە دەبێت لە بەرامبەر سێ جۆر هێرشدا پارێزگاری لە کەرامەت و پرەنسیپەکانمان بکەین:

١- مشتومڕی بێسوود. ٢- مەترسی زۆر. ٣- پێشنیازی مایەی دڵەڕاوکێ یان مامەڵە لەگەڵ شەیتاندا.

ئێستا بەنیازم سەبارەت بە بژاردەی سێهەم قسەت لەگەڵ بکەم، ئەگەر سنووری کەرامەتت بە باشی دیاریی نەکردبێت هەموو جارێک دەکەویتە گومانەوە. هەمیشە پێشنیازی مایەی دڵەڕاوکێت بۆ دەکرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی سست بیت و لە ڕێڕەوی سەرەکی ژیانت لابدەیت. ئەمە نەک هەر کاتت بە فیڕۆ دەدات بەڵکو کارەکتەر و پشت بەخۆبەستنیشت پێشێل دەکات، هەروەها گورز لە بەها و متمانەت دەدات.

دڵنیام بە درێژایی ژیانت ڕووبەڕووی زۆر پێشنیازی مایەی دڵەڕاوکێ بوویتەتەوە. پرۆفیسۆری زانکۆی هارڤارد مایکڵ ساندڵ (Michael Sandel) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ئەوەی بە پارە ناکڕدرێت) باسی ئەوە دەکات لە پەنجا ساڵی رابردوودا چۆن پرەنسیپ و باوەڕی کەسەکان گۆڕاوە و ئەو مەسەلانەی کە پێشان قابیلی سازش نەبوون، حاڵی حازر بەهای مەعنەویان نییە و بە ئاسانی مامەڵەیان لەسەر دەکرێت. بۆ نموونە ژنێک لە ئەمریکا ئامادە بوو ناوی گازینۆیەک لەسەر ناوچەوانی تاتۆ بکات و لە بەرامبەردا ١٠ هەزار دۆلار وەربگرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت مەسرەفی خوێندنی کوڕەکەی بکات.

ئەمە تەواو بەرەزامەندیی کراوە، بەڵام مەسەلەیەک دەگرێتەوە کە پێشان وەکو تابۆ لێک دەدرایەوە.

ئێستا بەدەنی مرۆڤێک بووە بە بیلبۆردی ریکلام. هەروەها بانکەکان لەسەر بیمەی ژیانی خانەنشینان سەرمایەگوزاری دەکەن و هەرچەندە ئەوان زووتر بمرن بە قازانجی بانکەکانە. نموونەی جۆراوجۆری دیکەش هەیە کە نیشانی دەدات پارە و مادە تا چەند لەناو خەڵکدا رەواجی پەیداکردووە و تووشی رۆچوونی ئەخلاقی کردوون. هەڵبەتە ناتوانیت قەناعەت بە یاسادانەران بکەیت رێگا لە ئیشی گڵاو بگرن، چونکە بەرژەوەندی ئابووریی لە ئارادایە، بەڵکو دەبێت خۆت ئەو جۆرە هێرشانە بەتاڵ بکەیتەوە و بوار نەدەیت لە سنووری پرەنسیپەکانت نزیک ببنەوە.

لە ئەنجامدا دەبێت بڵێم باشتر وایە سنووری کەرامەتت بە قایمی دیاریی بکەیت و رێگە نەدەیت تووشی ئەو ڤایرۆسە بیت کە دەیەوێت دەزگای بەرگری و سنووری کەرامەتت ببەزێنێت. هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت کە ئەو شتانەی لەناو بازنەی کەرامەتتدان هەرگیز قابیلی سازش نین، گرنگ نییە چەندە پارە دەدەن. هەرگیز نەکەویتە داوی مامەڵەی شەیتانەوە، چونکە مەرج نییە وەکو خەڵکی ناوچەی ئۆری بە سەلامەتی لێی دەرچیت.

## (29)
## کتێبی خەم
### چۆن ئیشکردنی بڵندگۆی ناو مێشکت دەوەستێنیت؟

گریمان دەسەڵاتی خولقاندنت هەیە و بڕیارە جۆرێکی نوێ دروست بکەیت، تۆ بەدەنی ئەو بوونەوەرەت هەڵبژاردووە و بڕیارە لە مەیموونێکی شەمپانزی بچێت. ئێستا پێوستە سەبارەت بە هۆش و توانای بیرکردنەوەی بڕیار بدەیت. بۆ نموونە وەڵامی لە بەرامبەر هەڕەشەکانی دەرەوەی خۆی تا چ رادەیەک راست و دروست بێت؟ بە تایبەتی لەو حاڵەتانەدا کە هەڕەشەکە تەواو روون و ئاشکرا نییە بۆ زانینی کەمێک پێویستی بە بیرکردنەوەیە.

ئەگەر ئەو بوونەوەرەی تۆ دەیخولقێنیت بەرامبەر مەترسی و هەڕەشەکانی دەوری توانایەکی کەمی هەبێت، بێگومان تووشی کێشەی هەڵدێران یان خواردنی لەلایەن دڕندەکانەوە دەبێت و لەناو دەچێت. بەڵام ئەگەر بەرامبەر ئەو مەترسیانەی بۆسەی بۆ دەنێنەوە توانایەکی زۆری هەبێت و وریای خۆی بێت، ئەوسا چی روودەدات؟ بێگومان هەمیشە لە جێگایەکدا دەمێنێتەوە و ناترسێت و لەبرسا رەچەڵەکی نابڕێتەوە و دەرفەتی زاوزێ و زۆربوونی دەبێت.

بەم پێیە تۆ پێویستت بە بڕێکی گونجاو لە هێز هەیە، نە ئەوەی گوێ نەدەیتێ و نە ئەوەش زۆر نیگەران بیت. هەڵبەتە کەمێک ترس و وریایی پێداویستی ژیانە، بەڵام

ترسەکە نابێت ئەوەندە زۆر بێت لە کاروکاسپیت بکات و ڕێگای پێشکەوتنت بگرێت.

ئەم بابەتە ڕێک ئەو شتەیە کە بە درێژایی گەشەکردنی هەر بوونەوەرێکی سەر زەوی ڕوودەدات. مرۆڤیش لەم ڕێسایە بەدەر نییە. بۆیە هەندێ کات سترێس و نیگەرانی لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە لەگەڵماندایە. لە ڕاستیدا نیگەرانی بەشێکە لەو ئامرازەی لە مێشکی ئێمەدا جێگیرکراوە و ئێمە بە هیچ جۆرێک ناتوانین لە شەڕی قوتار بین. بە بێ نیگەرانی هیچ کام لە ئێمە ناتوانین لەم سەر زەوییە درێژە بە ژیانمان بدەین، چونکە سترێس یارمەتیمان دەدات بۆ مانەوە و بەشێکە لە وجودی ئێمە کە قابیلی جیابوونەوە نییە.

کەواتە خۆشحاڵ بە کە هەندێ جار تووشی سترێس دەبیت، بەڵام مەسەلەیەک هەیە دەبێت هەمیشە لەبەر چاوت بێت، ڕادەی سترێست دەبێت لەگەڵ مەترسی دەوروبەردا هاوتا بێت، زۆر کات وانییە. بۆ نموونە تۆ ئیتر لە ساڤانا ناژیت هەتا نیگەرانی پڵنگی ددان خەنجەری بیت و لە سەدا نەوەدی نیگەرانییەکانت پووچ و بێمانان، لەبەرئەوەی ئەوەندەش ترسناک نین کە تەسەوری دەکەیت یان بە هەرحاڵ ناتوانیت لە بەرامبەریاندا شتێک بکەیت. بۆ نموونە سترێسی ژیانی دوای مردن یان گەرمبوونی زەوی، جگە لەوەی خەو و خۆراکت لێ حەرام دەکەن هیچ سوودێکیان نییە.

ئەگەر هەمیشە سترێست هەبێت، ژیانت قورس دەبێت و لە تەمەنت کەم دەکاتەوە. بوار بدە بە نموونەیەک لە دنیای

ئاژەڵانەوە باشتر مەبەستەکەم بگەیەنم. باڵندە و ئاژەڵی زۆر لە سروشتدا هەن کە چۆلەکە دەخۆن، وەکو راکۆن، هەڵۆ و داڵ. توێژەران لە کەنەدا بڕیاریان دا بەشێک لە دارستان بە دیوار جیابکەنەوە. بە جۆرێک کە ئەوانەی چۆلەکە دەخۆن نەتوانن بچنە ناوی. بەم شێوەیەش ژیانێکی پارێزراویان بۆ چۆلەکەکان فەراهەم کرد. لە چەند جێگایەکی دیاریکراودا بڵندگۆیان دانا و دەنگی هەڵۆ و داڵ و ئاژەڵە چۆلەکەخۆرەکانی دیکەیان بڵاوکردەوە. ئەو چۆلەکانەی گوێیان لەو دەنگانە بوو بەراورد بەو چۆلەکانەی لە جێگایەکی تر گوێیان لە دەنگێکی ئارام و خۆش بوو، جگە لەوەی ژمارەیەکیان مردن، لە سەدا چلیش کەمتر هێلکەیان کرد و هێلکەکانیان زۆر بچووک بوو، ژمارەیەکی کەمیشیان بوونە جووچک و جووچکەکانیش زۆر بچووک و لاواز بوون، چونکە دایکە و باوکەکانیان جورئەتی ئەوەیان نەبوو بەدوای خواردندا بگەڕێن بۆیان. ئەم تاقیکردنەوەیە ئەوەی نیشان دا مەرج نییە هەڕەشەیەکی راستەقینە لە ئارادا بێت و یەکسەر ژیان بخاتە مەترسییەوە بەڵکو تەنیا هەڕەشەیەکە و هیچی تر.

ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە مرۆڤیش راستە. تەنانەت ترسەکانی ئێمە لە هی باڵندەکان زیاترە و بابەتی زیاتر بۆ ترساندنی ئێمە لە ئارادایە. ترسی زۆر و بەردەوام دەبێتە هۆی ئەوەی لە ژیاندا نەتوانین بڕیاری راست و دروست بدەین، ئەمەش غەمگین و پەرێشانمان دەکات.

ترسەکان بەردەوام لە بڵندگۆیەکی دروستکراوی ناو مێشکمانەوە بڵاودەبنەوە، باشتروایە ئەم بڵندگۆیە بکوژێنینەوە. فەیلەسووفە یۆنانی و رۆمانییەکان هەمیشە باسی ئەوەیان دەکرد، مرۆڤ بۆ دوورخستنەوەی ترس پێویستە ئەم فیڵەی خوارەوە بەکاربهێنێت:

ئەو شتانە دیاری بکە، کە رەفتار و کرداری تۆ کاریان تێدەکات و ئەوانەش کە کاریان تێناکات، پاشان تەرکیزی خۆت بخەرە سەر بەشی یەکەم و ئەوانە فەرامۆش بکە کە ناتوانیت چاکیان بکەیت.

دوو هەزار ساڵ دوای ئەوە فەیلەسووف و تیۆریسینی ئەمریکایی رینۆڵد نایبەر (Reinhold Niebuhr) رایگەیاند: "خودایە هێزێکم پێ ببەخشە تا بتوانم ئەو مەسەلانەی تواناى گۆڕینیانم نییە قبووڵ بکەم و دەرەقەتی ئەو مەسەلانەش بێم کە دەکرێ بە دەستی من بگۆڕێن. هەروەها هۆش و گۆشم بدەرێ جیاوازی لە نێوان ئەم دوانەدا بکەم".

لەوانەیە وتنی ئەمە شتێکی ئاسان بێت، بەڵام بە کردار قورسە، چونکە قبووڵکردنی ئەوەی ئێمە دەرەقەتی گۆڕینی کۆمەڵێ بابەت نایەین بەلامانەوە قورسە.

لەم ساڵانەی دواییدا مەدیتەیشن وەکو رێگایەک بۆ تیماری هەموو ناخۆشییەکان باسدەکرێت. بە تایبەتی تیماری بێتاقەتی و سترێس. ئەگەر رای منت دەوێت من باوەڕم بە مەدیتەیشن هەیە، بەڵام دەبێت ئەوەت لەبەرچاو بێت تۆ تەنیا کاتێک لە مەدیتەیشندایت هەست بە ئارامی

و ئاسوودەیی مێشکت دەکەیت، پاش ئەوە بیر و هەستە ناخۆشەکان دووبارە هێرشت بۆ دێنن.

کەواتە لەگەڵ ڕێزی تەواومدا بۆ ئەم میتۆدە، دەبێت بڵێم هەبوونی ستراتیجی جێگیر باشترین ڕێگایە بۆ تیماری سترێس. لێرەدا ئاماژە بۆ سێ حاڵەت دەکەم کە لای من ئەنجامی باشیان هەبووە:

١-دەفتەرێک تەرخان بکە بۆ نووسینی نیگەرانییەکانت و ناوی بنێ (کتێبی نیگەرانییە گەورەکان) هەمیشە کاتێک تەرخان بکە بۆ نووسینی نیگەرانییەکانت لەو دەفتەرەدا، ئـەمـەش یـانـی دیـاریـکـردنـی بیست دەقــەی ڕۆژانــە بۆ نووسینی هەموو شتەکان. بەدوای ئەوەدا مەگەڕێ بەهانە بۆ نیگەرانییەکانت بهێنیتەوە، تەنیا ترس و نیگەرانییەکانت بنووسە بێ کەم و زیاد. پاشان دەبینیت تا چ ڕادەیەک ئاستی سترێسەکانت کەم بۆتەوە و باقی ڕۆژەکە بە ئیسراحەت و بەبێ نیگەرانی بەسەر دەبەیت. بەم ئیشە مێشکت تێدەگات نیگەرانییەکانی لە جێگایەکدا تۆمار کـراون و پشتگوێ نەخراون. ئەگەر هەموو ڕۆژێک ئەمە بکەیت، وردە وردە تێدەگەیت هەمیشە سەبارەت بە مەسەلە جێگیرەکان هەست بە نیگەرانی دەکەیت و لە کۆتایی حەفتەدا دووبارە سەیری بابەتەکانت دەکەیتەوە، ڕێنماییەکەی بێرتراند ڕاسل پەیڕەو بکە، کە دەڵێت: "کاتێک خۆت لە داوی بیر یان کەڵکەڵەیەکدا دەبینیتەوە باشتر وایە بـەردەوام بیری لێبکەیتەوە، چونکە ئەو بـەردەوام بیرکردنەوەیە لێی سەرەنجام دەبێتە هۆی

ئەوەی ئەو بابەتەت لەبەرچاو بکەویت و ئیتر لەبەرچاوت ئەو بایەخەی پێشووی نەبێت." بە دەربڕینێکی دیکە دەتوانیت خراپترین حاڵەت لەبەرچاو بگریت و بیربکەیتەوە لەو هەلومەرجەدا چیت لەدەستدێت. پاش ئەوە هەستدەکەیت زۆر لە ترسەکانت بێهوودەیە و لەسەر بابەتی هیچ بووە.

٢- هەوڵ بدە هەندێ شتی وەکو خانوو و شمەکی بەهادار دابین بکەیت، ئەمەش یەکێکە لەو شێوازانەی یارمەتیت دەدات نیگەرانییەکانت کەم بکەیتەوە، ئەوەش بزانە گرنگی دابینکردن ئەوە نییە کە لە هەلومەرجی سەخت و لە کاتی ڕووداوی ناخۆشدا دەتوانیت بەکاری بهێنیت، بەڵکو بەهای ڕاستەقینەی ئەوەیە کە دەتوانیت ڕادەی سترێس و نیگەرانییەکانت کەم بکەیتەوە.

٣- تەرکیز لەسەر ئیش و کار و ئەرکی خۆت بکە، لەم حاڵەتەشدا مێشکت مژوڵی ئیش و ئەرکت دەبێت و ئیتر بیر لەو شتانە ناکاتەوە کە ئازارت دەدەن.

بە ڕای من ئەگەر ئەم سێ ستراتیجە بەکاربهێنیت دەتوانیت هەتا ڕادەیەکی زۆر نیگەرانییەکانت کەم بکەیتەوە و ژیانێکی باش و ئارامت هەبێت و لەم حاڵەتەدا دەتوانیت وەکو مارک توەین (Mark Twain) بڵێیت:

"من مرۆڤێکی بە ئەزموونم و شارەزای زۆربەی کێشەکانم، بەڵام زۆربەی ئەو کێشانە هەرگیز ڕوونادەن".

(30)

## بورکانی بیروبۆچوون

### بۆچی تۆ بەبێ دەربڕینی بیروبۆچوون حاڵت باشترە؟

ئایا پێویستە لایەنی کەمی کرێ زیاد بکرێت؟ ئایا پێویستە ڕێگە بە سۆپەرمارکێتەکان بدرێت ئەو خواردەمەنیانە بفرۆشن کە جینیان گۆڕاوە؟ گەرمای زەوی لەلایەن مرۆڤەوە دروستکراوە، یان پڕوپاگەندەی هەندێک لە سیاسەتمەدارانە، کە دەیانەوێت وەکو دۆستی ژینگە خۆیان نیشان بدەن؟ ئایا پێویستە بانگخوازە ئیسلامییەکان لە ئەوروپا دەربکرێن؟ دڵنیام لەبەرئەوەی بایەخ بە سیاسەت دەدەیت، پێشان وەڵامت بۆ هەموو ئەم پرسیارانە ئامادەکردووە و بەبێ یەک چرکە وەستان وەڵامیان دەدەیتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم پرسیارانە وەکو تەسەور دەکرێت ئەوەندە ئاسان نین، بۆ وەڵامدانەوەیان بەلای کەمەوە یەک سەعات پێویستت بە تەرکیزە بۆ ئەوەی بەڵگەبهێنیتەوە و وەڵامێکی مەعقول بدەیتەوە.

مێشکی مرۆڤ بورکانی بیروبۆچوونە و بەردەوام بیروبۆچوونی تازەی لێوە هەڵدەقوڵێت. گرنگ نییە ئەو پرسیارانەی لێمان دەکەن چی بن، ئاسان بن یان قورس، پەیوەندی پێمانەوە هەبێت یان نا، مێشکمان بۆ هەر پرسیارێک وەڵامێک ئامادە دەکات، لەمەشدا سێ هەڵە دەکات:

١-هەندێ جار سەبارەت بە هەندێ بابەت رای خۆمان دەڵێین، کە هیچ زانیارییەکمان لەسەری نییە. بۆ نموونە من لەم دواییانەدا لەگەڵ هاوڕێکانمدا مشتومڕێکم دامەزراندبوو سەبارەت بە ریسوایی وزەبەخشەکان و بەردەوام قسەم لەسەر دەکرد، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێم من شتێک لەبارەی وەرزشی دەستەبژێرەوە نازانم و بایەخی پێنادەم، لەگەڵ کردنەوەی رۆژنامەدا بورکانی بیروچوونەکانت هەڵدەقوڵێت، هەڵبەتە ئەوەش دەزانیت دەبێت پەردەیان پێدا بدەیت و هەروا بیروبۆچوونەکانت دەرخواردی خەڵک نەدەیت.

٢- رای خۆمان لەسەر هەندێک پرسیار دەڵێین وەڵامیان نییە، بەڵام زۆرکەس وەڵامیان دەدەنەوە، وەکو ئەوەی بۆرسە کەی دەڕوخێت؟ ئایا لە دنیایەک زیاتر هەیە؟ هاوینی داهاتوو کەشوهەوا چۆن دەبێت؟ دەبێت بڵێم پسپۆڕانیش وەڵامێکی روونیان بۆ ئەم پرسیارانە پێ نییە، بۆیە بۆ هەموو شتێک بەدوای وەڵامدا مەگەڕێ.

٣-ئێمە وا راهاتووین وەڵامی خێرای پرسیارە قورسەکان بدەینەوە، کە جدین وەکو ئەوانەی لە سەرەتای ئەم بەشەدان، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە.

دەروونزانێکی ئەمریکایی بەناوی جۆناسان هایت (Jonathan Haidt)، لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی زۆری کردووە و لەوە تێگەیشتووە، سەرەتا ئێمە حەزدەکەین لایەنگری مەسەلە قورسەکان بکەین، پاشان بە لۆجیکی

خۆمان ئاراستەیان دەکەین. لە راستیدا ئێمە بە مەبەستی دۆزینەوەی راستییەکان ئەمە ناکەین بەڵکو بە مەبەستی داکۆکی لە مەیلی دەروونیمان لۆجیک بەکاردێنین و بەدوای بەڵگەی لۆجیکیدا دەگەڕێین، کە لەگەڵ بیرۆبۆچوونی ئێمەدا کۆکە و دەرەقەتی ئاراستەکردنیان دێت. لایەنگریی ئێمەش لەو تەئسیرانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لێمان دەکەن و دوو حاڵەت زیاتر نییە: پۆزەتیڤ یان نەگەتیڤ، (حەزدەکەم) یان (حەزناکەم) بۆ نموونە روخسارێک دەبینین، (حەزدەکەم)، باسی تاوانێکی کوشتن دەبیستین (حەزناکەم)، ئەگەر شتێک کاریگەریی پۆزەتیڤ لە مێشکمان بکات، هەموو هەوڵی خۆمان دەدەیـن بۆ ئـەوەی ئاراستەی بکەین و جۆرەها حیکایەت و نموونە بۆ پەسەندکردنی دەهێنینەوە، بەڵام ئەو بیروبۆچوونانەی ئێمە کە لەسەر لایەنگریی کەسی بنیاتنراوە، هەرگیز ناتوانێت وەڵامێکی راست و دروستی پرسیارە ئاڵۆزەکان بداتەوە.

لەوانەیە ئەو بڕیارە هەڵانەی کە لە بیروبۆچوونی کاڵ و کرچەوە سەرچاوەیان گرتووە ئەنجامی زۆر خراپی هەبێت بۆمان، وێڕای ئەوەش پێویست ناکات تۆ سەبارەت بە هەموو بابەتێک بیروڕات هەبێت، ئەم مەسەلەیە و تێگەیشتن لێی دەبێتە هۆی ئەوەی خۆشحاڵ بیت و هەست بە ئاسوودەیی بکەیت، کە ئەمەش بۆ ژیانێکی خۆش و ئارام پێویستە.

ئەگەر رای منت دەوێت دەڵێم باشتر وایە ریزبەندییەک بکەیت و لە مێشکی خۆتدا سەتڵێک دابنێیت بە ناوی (زۆر

ئاڵۆز)، هەر باس و بابەتێک کە پێت دەوترێت و سەرنجت ڕاناکێشێت یان بەلاتەوە ئاڵۆزە و قابیلی وەڵامدانەوە نییە بیخەرە ئەو سەتڵەوە. نیگەران مەبە لەبەرئەوەی ڕۆژانە بابەتی زۆر هەن کە مایەی سەرنجت دەبن و دەتوانیت بیروبۆچوونی خۆتیان لەبارەوە دەربڕیت.

لەم ڕۆژانەدا ڕۆژنامەنووسێک سەبارەت بە بیروبۆچوونی سیاسیم پرسیاری لێکردم. باشە وەکو نووسەرێک دەبێت زانیاریت زۆر بێت و بتوانیت وەڵامی زۆر پرسیار لە بوارە گرنگ و هەستیارەکاندا بدەیتەوە، پرسیارەکان ئەمانە بوون:

*ئایا لە دەستێوەردانی حکومەتی فیدراڵی لە کاروبار و ڕەوتی ئیدارەی ویلایەتەکان ڕازیم؟

*ئایا وەرگرتنی باج بەپێی بەکاربردن دادپەروەرانەتر نییە لە باج بەپێی دەرامەت؟

بەهەرحاڵ سەیری ڕۆژنامەنووسەکەم کرد و وتم: "نازانم".

قەڵەمەکەی هێنایە خــوارەوە و بزەیەکی کاڵەوەبوو بە ڕوخسارییەوە دیار بوو، وەک ئەوەی لە وەڵامەکەم تێنەگەیشتبێت.

"مەبەستت چییە؟ بەڕاستی نازانیت؟".

"نەخێر نازانم. ئەم پرسیارانە لە بواری شارەزایی مندا نییە و نازانم وەڵامیان بدەمەوە".

هەمیشە ئەوەت لەبەر چاو بێت ئەگەر خۆت ناچار نەکەیت بەوەی لەبارەی زۆر مەسەلەوە بیروڕای خۆت دەربڕیت، چەندە ئارامبەخشە و تا چەند هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت

و چ هەستێکی خۆشت پێدەبەخشێت. جگەلەوەش دڵنیابە نەبوونی بیرورِا لەبارەی هەموو مەسەلەکانەوە نیشانەی لاوازیـی تـوانـای بیرکردنەوەی تۆ نییە، بەڵکو نیشانەی هۆشیاری و تێگەیشتنی تۆیە. بەڕای من قەبارەی زۆری زانیاری مایەی کێشە و دەردەسەری نییە بۆ مرۆڤ بەڵکو کەڵەکەکردنی بیروبۆچوونی کاڵ و کرچ و رادەربڕینی بەپەلە تووشی کێشە و دەردەسەریمان دەکات.

پێویستە بەدیقەتەوە ئەو بابەتانە هەڵبژێریت کە حەزت لێیانە و هیچ حسابێک بۆ بیروبۆچوونی رۆژنامەنووسان و کەسانی ناو دیجیتاڵ میدیا مەکە و دەرفەتیان مەدەرێ ئـەوان رێگات بۆ دیاریی بکەن، چونکە ئـەوان بەرپرست نین. لەبواری داخڵکردنی زانیاریدا بۆ ناو مێشکت زۆر بە هەڵبژاردە ئیش بکە و هەرچی حەزت لێی نییە و لە بواری تواناکانتدا نییە لە مێشکی خۆت بیانکەرە دەرەوە، کاتێک بیروبۆچوونت دەپرسن سەبارەت بەو مەسەلانە لەبواری شارەزایی تۆدا نییە، رای خۆت مەڵێ و دڵنیابە رەورەوەی دنیا بەبێ بیروبۆچوونەکانی تۆش دەگەڕێ و ناوەستێت.

بەڵام چ کاتێک دەبێت بیروبۆچوونی خۆت دەربڕیت و دەربڕینی بیروبۆچوون بە چ شێوەیەک دەبێت؟ کاتێک بۆ نووسینی بیروبۆچوونەکانت لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە لەسەر کاغەز تەرخان بکە و ئەوەت لەیاد بێت نووسین رێگایەکی گونجاوە بۆ رێکخستنی بیروبۆچوونەکانت و بیروبۆچوونی پەڕاگەندە کاتێک لەسەر کاغەز دەنووسرێت خۆی لە خۆیدا

روون و ئاشکراتر دەبێت. سەرەڕای ئەوەش باشتر وایە سوود لە بیروبۆچوونی کەسانی تریش وەربگریت. بە تایبەتی ئەو کەسانەی شێوازی بیرکردنەوەیان جیاوازە. ئەگەر لە بیروبۆچوونی خۆت دڵنیا بوویت بۆ کەسانی تریشی باس بکە و هەوڵ بدەن مناقەشەی بیروبۆچوونی یەکتری بکەن، چونکە ئەمە تاکە ڕێگایە کە دەتوانین بەهۆیەوە راستی و دروستی بیروبۆچوونی خۆمان بزانین و کەموکووڕییەکانی چارەسەر بکەین.

بەگشتی چەندە لە بەخێرایی دەربڕینی بیروبۆچوون دوور بکەویتەوە، ژیانێکی باشترت دەبێت تەنانەت لەوانەیە ئەم قسەیەی من بەلاتەوە زیادەڕەوی بێت کە تەقریبەن لە سەدا نەوەد و نۆی دەربڕینی بیروبۆچوونی مرۆڤ ناپێویست و بێبایەخە و تەنیا لە سەدا یەکی گرنگە و پەیوەندی بەتۆوە هەیە. بەهەرحاڵ چ سەبارەت بە مەسەلە تایبەتییەکان و چ سەبارەت بە مەسەلەی ئیش و کار یەکەم شت کە دێتە مێشکتەوە بە دەنگی بەرز رایمەگەیەنە. وایدابنێ بۆ شۆیەکی تەلەفزیۆنی بانگ کراویت و جگەلە تۆ پێنج میوانی تریشی لێیە، بیروبۆچوونی هەموویان لەگەڵ تۆ ناکۆکە. تۆ تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانیت مناقەشەیان لەگەڵدا بکەیت کە بەڵگەی تەواو قەناعەتپێکەرت هەبێت بۆ بیروبۆچوونەکانت.

(31)

## قەڵای عەقڵت

### گەمەی چارەنووس

بەیانییەکی ساڵی ٥٢٣ی زاینی کەسێک لە دەرگای پێشەوەی ماڵەکەی بۆیسوس (Boethius)ی دا. بۆیسوس لەو کاتەدا تەمەنی چل ساڵ بوو، رۆشنبیرێکی زۆر ناسراو و سەرکەوتووبوو. هەروەها زۆر متمانەی بەخۆی هەبوو، لە خێزانێکی خانەداندا لەدایکببوو. دایک و باوکی زۆر بایەخیان بە خوێندنی منداڵەکانیان دەدا و باشترین مامۆستایان بۆ دەگرتن. بۆیسوس لە زەمانی پاشایەتی تیۆدۆریک (King Theodoric) دا بەرزترین پێگەی هەبوو. ژنێکی خوێندەواری هێنابوو، منداڵی عاقڵ و ساغڵەمی هەبوو. حەز و ئارەزووی وەرگێڕان بوو، هەموو کاتی خۆی بۆ وەرگێڕانی کتێب لە زمانی یۆنانییەوە بۆ لاتینی تەرخان دەکرد. (لەو رۆژگارەدا کەسانێکی زۆر بە باشی زمانی یۆنانییان دەزانی و دەیانتوانی نوسخەی ئەسڵی بخوێننەوە.) بەهەرحاڵ سامان، متمانە، پێگەی کۆمەڵایەتی توانای داهێنانی بۆیسوس لە بەرزترین ئاستدا بوو. لەو بەیانییەدا دەسگیرکرا و تۆمەتی ئەوەیان دایەپاڵی لەگەڵ گروپێکی نهێنیدا دژی تیۆدۆریک رێکەوتووە و بەنیازی کوشتنی پاشا بوون. بۆیە فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دەست بەسەر موڵک و ماڵیدا گیرا، لەوانە: پارە، کتێبخانە، خانووەکانی، وێنە و جلوبەرگە

گرانبەهاکانی. دوا کتێبی بەناوی دڵدانەوەی فەلسەفە (Consolation of Philosophy) لە زینداندا نووسی وساڵێک دوای دەسگیرکردنی بە شمشێر لە ملی درا. ئێستا مەزاری بۆیسوس لە کڵێسای سان پیترۆ (San Petro) یە، ٤٢ کیلۆمەتر لە باشووری خۆرئاوای میلانۆوە لە ئیتالیا.

کتێبی دڵدانەوەی فەلسەفە یەکێکە لەو کتێبانەی سەدەکانی ناوەڕاست کە زۆرترین خوێنەری هەبوو، وێڕای ئەوەی بە پێچەوانەی هەموو کتێبە سەرکەوتووەکانی ئەو سەردەمەوە قسەی لەسەر مەسیحییەت نەکردووە، ئەی ئەم کتێبە لەبارەی چییەوە بوو؟

بۆیسوس لە بێتاقەتی و ترسدا، چاوەڕێی ئیعدام بوو لە ناکاو فەلسەفە مێشکی داگیرکرد و کۆمەڵێ بابەتی بۆ روونکردەوە و بووە هۆی دڵدانەوەی، تا ئەو رادەیەی بووە هۆی ئەوەی مەسەلەی ئیعدامەکەی لەبیر بچێتەوە و لەگەڵ بارودۆخی زینداندا رابێت. لەم کتێبەدا بۆیسوس بایەخی بە کۆمەڵێ بابەت داوە کە باسکردنی خراپ نییە:

١-باوەڕ بەچارەنووس بێنە، لە سەردەمی بۆیسوسدا خەڵکی باوەڕیان وابوو، خوایەک هەیە بە ناوی فۆرچونا (Fortuna) کە چەرخی چارەنووس دەسووڕێنێت و بەشی سەرەوەو خوارەوەی چەرخەکە هەمیشە دەگۆڕێت. هەڵبەتە هەندێ کەس کاتێک دەچنە سەرەوەی چەرخەکەوە هەوڵدەدەن بیگرن و لە جووڵەی بخەن بۆ ئەوەی هەمیشە لەسەرەوە بمێننەوە، بەڵام هێزی فۆرچونا بەسەریاندا زاڵ

دەبێت و دووبـارە چەرخەکە دەکەوێتە جووڵە و شوێنی مرۆڤەکە دەگۆڕێت.

٢-هەر شتێکت هەیە لەوانە: سەلامەتی، هاوسەر، مناڵ، هـاوڕێ، خانوو، سامان، نیشتمان، متمانە و پێگەت هەر هەموویان قابیلی لە دەستدانن، وای دابنێ هەموو ئەو شتانەت بە خواستن وەرگرتووە، بۆیە زۆر دڵت پێیان خۆش نەبێت، ئارامی خۆت بپارێزە و خۆشحاڵبە کە چارەنووس بەخشندە بووە لەگەڵت و هەموویانی پێداویت.

٣- ئەگەر تۆش وەکو بۆیسوس سـەروەت و سامان و هەموو شتێکت لە دەست دا، ئـەوەت لە یاد بێت هەمیشە بەختەوەری و رووداوە خۆشەکان لە ژیانتدا بەسەر رووداوە خراپ و ناخۆشەکاندا زاڵ دەبن، بۆیە سکاڵا مەکە، چونکە لەو کاتەدا ئاە و ناڵە بێسوودە.

٤-هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت هیچ کەسێک ناتوانێت فیکر و بیروبۆچوون و کەرەسە عەقڵییەکانت لێ زەوت بکات. لە کاتی زیان و ئەو کارەساتانەدا کە بەسەرت دێن، فیکر و بیروبۆچوونەکانت هەمیشە وەکو سندوقێک وان لە مێشکتدا و ئەمە ئەو قەڵایەی عەقڵتە کە قابیلی داگیرکردن نییە و هەمیشە دەتوانیت سوودی لێوەربگریت. دەتوانیت لە قەڵای مێشکتدا ئازادانە فەرمانڕەوایی بکەیت و کەس ناتوانێت ئەو دەرفەتەت لێ زەوت بکات.

هەڵبەتە دڵنیام تۆ پێشان هەموو ئەم بابەتانەت خوێندۆتەوە و بیستووتە. تەنانەت دەتوانم بە جورئەتەوە بڵێم ئەم بابەتانە

بەلای بۆیسوسیشەوە تازە نەبوون و پێشان لە جێگایەک خوێندوویەتییەوە یان بیستوویەتی. ئەم بابەتانە بنەمای سەرەکی و بنەڕەتی قوتابخانەی رەواقیگەرییە (Stoicism) کە پایەدارِشتنی بۆ سەدەی چوارەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە (تەقریبەن هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی بۆیسوس لە ئەسینا).

لە دوو سەدەی یەکەمی زایندا ئەم فەلسەفەیە لە یۆنان سەری هەڵدا و لە رۆما دووبارە بووە جێگای بایەخ، کەسە بەناوبانگەکان کە پەیڕەوی ئەم قوتابخانەیەیان دەکرد بریتین لە: سینیکا کە (ملیۆنێر) بوو، ئیپیکتیتوس (Epictetus) کە (کۆیلە) بوو، هەروەها مارکوس ئەرلیوس (ئیمپراتۆری رۆمانی). لە راستیدا قوتابخانەی رەواقیگەری لقێکی فەلسەفەیە کە بەشێوەیەکی کرداری وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار سەبارەت بە ژیانی رۆژانە دەداتەوە. بە رای من لقەکانی دیکەی فەلسەفە لەوانەیە لە رووی باڵایی فکر و ئاستی رۆشنبیریی مرۆڤەوە بەرزتر بن، بەڵام وەکو پێویست کرداری نین و وەڵامی ئەو پێداویستیانەی مرۆڤ نادەنەوە کە بەدرێژایی ژیانی رۆژانە دێنە رێی.

بۆیسوس یەکێک بوو لە دوا پەیڕەوەکانی ئەم قوتابخانەیە و دوای ئەو لەگەڵ رەواجی مەسیحییەتدا لە قارەی ئەوروپا ئەم قوتابخانەیە وردە وردە لە مێشکی خەڵکدا کاڵ بۆوە و دوای هەڵهاتنی خۆری سەردەمی رۆشنگەری قوتابخانەی رەواقیگەری بە تەواوی لەبیرکرا و ژیانی تاکە کەسیش لەگەڵیدا لەبیرکرا و ئەم لەبیرکردنە هەتا رۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە.

هەڵبەتە هەندێک کەس لێرە و لەوێ ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە باس دەکەن و تیشکی دەخەنە سەر، وەکو ڤیکتۆر فرانکل کە خۆی لە دۆزەخی نازییەکان رزگاری بووە نووسیویەتی: "دوا ئازادی مرۆڤ لەبەردەمیدا بژاردەی خۆیەتی واتە: هەڵوێستی مرۆڤ خۆی لەبەرامبەر شتەکاندا" قەلای عەقڵ بە شێوەیەکی نموونەیی وەسف دەکات. ئەگەر (پریمۆ لیڤی) بخوێنیتەوە سەرسام دەبیت لە ئاستی بوێری گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی لە سەربازگەی گیراوەکاندا. هەروەها (جەیمس ستۆکدەیل) کە حەوت ساڵی تەمەنی لە زیندانی ڤێتنامدا بەسەر برد، بەسەرهاتەکەیم لە بەشی (٢٧) ی ئەم کتێبەدا باسکردووە.

بەهەرحاڵ بە گشتی زۆربەی مرۆڤەکانی ئەمڕۆ ئاشنای ئایدیا و شێوازی بیرکردنەوەی رەواقییەکان نین. ئیتر زۆربەی خەڵک باوەڕیان بەچارەنووس نییە و بەدبەختییەکانی وەکو بێکاری، برسێتی، شەڕ، نەخۆشی و تەنانەت مردنیش بەوە دەزانن کە لە کێشە و هەڵەیەکی سیستەماتیکەوە سەرچاوەیان گرتووە.

بەڵام بە رای من ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە تەواو هەڵەیە. لە راستیدا هەرچەندە ئەو زەبت و رەبتانەی حوکمی دنیا دەکەن ئاڵۆزتر دەبن، ئەگەری گورز بەرکەوتن لەدەستی چارەنووس زیاتر دەبێت. ئەو گورزانەی کە لەوانەیە تاقینەکرابنەوە و قابیلی پێشبینی نەبن، بەم پێیە بەهای ئەوەی هەیە کە لەسەر کۆمەڵێ ئامرازی مێشک سەرمایەگوزاری

بکەین کە بتوانن لە رووی هەستەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی شکست و ناخۆشی ئامادەمان بکەن. هەڵبەتە پێویست ناکات تۆ بگەیتە پێگە و توانای مادی بۆیسوس بۆ ئەوەی مەسەلە قورسەکان تاقیبکەیتەوە و هەموو شتێک لەدەست بدەیت، بەڵکو یەک قەیرانی دارایی جیهانی دەتوانێت ژیانی هەموو خەڵک بگۆڕێت و سامانیان بەبا بدات، یان گریمان دەزگیرانەکەت یان هاوسەرەکەت لە رێگەی فەیسبووکەوە کەسێکی تر بناسێت و لە ماڵەکە بتکاتە دەرەوە. هەموو ئەم رووداوانــە زۆر خراپ و وێرانکەرن، بـەڵام هیچیان نابنە هۆی مردنی تۆ، وێڕای ئەوەش بێگومانم هەتا ئێستا باش دەرەقەتی گەمەی چارەنووس هاتوویت. حسابی ئەوە بکە دایکی نەنکت چەندە زەحمەتی کێشاوە بۆ ئـەوەی نەنکت بهێنێتە دنیاوە و گـەورەی بکات. هەروەها ئەم بابەتە بۆ نەنکت و دایکت لەبەرچاو بگرە. ئێستا بە رای تۆ ئایا نیگەرانی تۆ لە بەرزی و نزمی پشکەکانت لە بازاڕی بۆرسە لەگەڵ نیگەرانی و زەحمەتی ئەوان بۆ گەورەکردنی نەوەیەک لە خێزان کێشاویانە قابیلی بەراوردکردنە؟

هەمیشە ئەوەت لەبەر چاو بێت کە دنیا پڕە لە ناخۆشی، پشێوی و رووداوەکانی شانس و بەخت و هەموو کاتێک ئەگەری ئەوە هەیە ژیانت بگۆڕێت. وێڕای ئەوەش تۆ خۆشی لە ئۆتومبیلی گرانبەها، حسابی بانکی یان پێگەی کۆمەڵایەتی خۆتدا نادۆزیتەوە. چونکە هەموو ئەمانە دەکرێت لە کەمتر لە چرکەیەکدا لەناو بچن. هەروەکو ئەوە لە بۆیسوس روویدا.

کەواتە ئەوەت لە بیربێت کە شادی و بەختەوەریی راستەقینە هەمیشە لە مێشکتدا هەیە، بەم پێیە دەبێت لەسەر قەڵای مێشکت و بیروبۆچوونەکانت سەرمایەگوزاری بکەیت، نەک لەسەر کۆمەڵێ شت لە وەرشەیەکدا.

## (32)
## ئیرەیی، ئاوێنەیە، ئاوێنەیە بە دیوارەوە

نووسەرێکی زمان زبری ئەمریکی بەناوی گۆری ڤیداڵ (Gore Vidal) لە چاوپێکەوتنێکدا وتی: "کاتێک یەکێک لە هاوڕێکانم لە شتێکدا سەردەکەوێت، شتێک لە ناخمدا دەمرێت." هەڵبەتە ئیرەیی لە زۆربەی مرۆڤەکاندا هەیە، بەڵام زۆرجار هەوڵدەدەن نکۆڵی لیٚ بکەن. تەنانەت هەندیٚ جار ئیرەیی سەراپای وجودمان دەگرێتەوە و بەسەرماندا زاڵ دەبێت. بەڕای من هەستی ئیرەیی یەکێکە لە ژەهراویترین و بێهوودەترین هەستەکان لە مرۆڤدا.

هەڵبەتە بێهوودەیی هەستی ئیرەیی مەسەلەیەک نییە کە بە تازەیی ئاشکرا بووبێت، تەنانەت فەیلەسووفانی کۆنی یۆنانیش لەم هەستە ئاگاداریان کردووینەتەوە. لە ئینجیلیشدا چیرۆکی زۆر سەبارەت بە ئیرەیی و ئەوەی دەتوانێت تا چەند وێرانکەر بێت هەیە، وەکو چیرۆکی هابیل و قابیل. چیرۆکی (بەفری سپی)ش باسی ئیرەیی شاژن دەکات و نیشانی دەدات ئەو چۆن بە شەڕانگێزی دەیەوێت بەفری سپی لەسەر ریٚی خۆی لابەرێت بۆ ئەوەی خۆی جوانترین ژنی دنیا بێت.

بێرتراند راسل خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ، باوەڕی وایە ئیرەیی سەرچاوەی دڵتەنگی و خەمۆکییە و ئاستی رازیبوونی تۆ لە ژیان بە شێوەیەکی هەستپێکراو کەم دەکاتەوە و زاڵبوون

بەسەریدا بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باش پێویستە. ئەگەر بتوانیت هەستی ئیرەیی لە خۆتدا کۆنترۆڵ بکەیت، دەبینیت لە ژیاندا تا چ رادەیەک پێشدەکەویت، بەڵام بەداخەوە لە رەگەوە هەڵکەندنی ئیرەیی لە وجودماندا ئێشێکی ئاسان نابێت.

ئیرەیی نەک تەنیا یەکێکە لە هەستەکانی مرۆڤ بەڵکو لە ئاژەڵیشدا وەکو غەریزە هەیە. ئەو ئەزموونەی کە فرانس دی واڵ (Frans de Waal) و سارا برۆسنان (Sarah Brosnan) لەسەر دوو مەیموونی کاپوچین (Capuchin) کردیان بە جوانی ئەم مەسەلەیە دەسەلمێنێت. ئەوان لە سەرەتادا بۆ ئێشێکی ئاسان یەکی خەیارێکیان دا بە مەیموونەکان. هەردوو مەیموونەکە خۆشحاڵ بوون و بێ هیچ نارەزاییەک خەیارەکەیان خوارد، بەڵام لە قۆناغی دواتردا خەیارێکیان دا بە مەیموونێکیان و ترێیان دا بەوی تر. کاتێک مەیموونی یەکەم بینی هاورێکەی بۆ هەمان ئیش لە جیاتی خەیار ترێی وەرگرتووە، تووڕە بوو، خەیارەکەی لە قەفەزەکەوە فڕێدایە دەرەوە و ئیتر هاوکاری توێژەرەکانی نەکرد.

لە راستیدا ئەو مەسەلەیە زۆر سەرنجڕاکێشە کە هەرچەندە زیاتر خۆمان بە کەسانی دی بەراورد بکەین، هەستی ئیرەییمان زیاتر بەهێز دەبێت و لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئێمە ئیرەیی بە کەسانێک دەبەین کە لە رووی تەمەن و دۆخی ئیش و دەوروبەر و شێوازی ژیانەوە لە خۆمان

بچن. بۆ نموونە یاریکەرانی پرۆفیشناڵی تێنس خۆیان لەگەڵ هاوتاکانیان بەراورد دەکەن و بەڕێوەبەرانی سەرکەوتووش بەهەمان شێوە. نووسەرانیش خۆیان لەگەڵ نووسەران بەراود دەکەن. بە دڵنیاییەوە تۆ هەرگیز خۆت لەگەڵ پاپا بەراورد ناکەیت، بۆیە بە هیچ شێوەیەک ئیرەیی پێنابەیت. هەروەها خۆت بە ئەسکەندەری مەکدۆنی و پاڵەوانانی چاخی بەردین بەراود ناکەیت، چونکە ئەوان لە چاخێکی تەواو جیاوازدا لە تۆ ژیاون، ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە نەهەنگی سپی یان درەختێکی گەورەش راستە هەرچەندە ئەوانە بوونەوەری زۆر بەشکۆن، بەڵام سەرچاوەیەکی گونجاو نین بۆ جووڵاندنی هەستی ئیرەیی لەلای تۆ.

تەنیا ڕێگەچارە بۆ لەناوبردنی ئیرەیی ئەوەیە واز لە بەراوردکردنی خۆت بەکەسانی دی بهێنیت و چێژ لە ژیانێکی بێ کینە و ئیرەیی ببینیت. هەڵبەتە لەوانەیە وتنی ئەم قسەیە ئاسان بێت، بەڵام بە کردەوە ئەوەندە ئاسان نەبێت. هەندێک جار حەز ناکەیت خۆت لەگەڵ کەسانی تردا بەراورد بکەیت، بەڵام هەلومەرجێکت بۆ دێتە پێشەوە یان کەسانی دی رەفتارێک دەکەن کە بەرەو ئەو ئاراستەیەت دەبەن. بۆ نموونە لە زانکۆی کالیفۆرنیا یاسایەک هەیە کە بە پێی ئەو یاسایە دەبێت زانیارییەکانی بڕی مووچەی هەموو توێژەران بخرێتە بەرچاوی هەموان و لە وێب سایتی زانکۆ کەسەکان و توێژەران دەتوانن بڕی مووچەی ئەوانی دی ببینن. ئەگەر تۆ توێژەرێکی ئەو زانکۆیە بیت و مووچەکەت

بەراورد بەوانی تر کەم بێت، بە ئەگەرێکی زۆرەوە هەست بە ناڕەزایی دەکەیت و هێندەی ئەو کاتەی کە بڕی مووچەی هاوکارانت نەدەزانی لە ئیشەکەی خۆت رازی نابیت، بە دەربڕینێکی دیکە شەفافیەت سەبارەت بە بڕی مووچە، تاڕادەیەک خۆشحاڵی و رەزامەندیی لەناو دەبات.

سەرەڕای ئەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و راگەیاندنەکانیش دەبنە هۆی ئەوەی دەستبکەین بە بەراوردکردنی خۆمان لەگەڵ کەسانی تردا. حاڵی حازر ژمارەیەک لە توێژەران و خەڵک بە گشتی باوەڕیان وایە فەیسبووک دەبێتە هۆی سەرلێتێکدان و تووڕەبوونی بەکاربەرانی.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەلایەن لێکۆڵەرانی زانکۆی هەمبۆڵت (Humboldt Univeresty) ەوە سەبارەت بە هۆکاری ئەم مەسەلەیە کراوە و لێکۆڵەران بەو ئەنجامە گەیشتوون بابەتەکانی فەیسبووک دەبێتە هۆی جووڵاندنی هەستی ئیرەیی لەناو بەکاربەرانیدا. لە راستیدا فەیسبووک بە شێوەیەک دیزاین کراوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانی لەیەکچوو یەکتری بدۆزنەوە و دەستبکەن بە بەراوردکردنی بارودۆخی خۆیان و ژینگەیەکی لەباری بۆ دروستکردنی ناڕەزایی و ئیرەیی ئامادەکردووە. رێنمایی من ئەوەیە کە گوێ بە هەندێ بابەتی وەکو لایک و فۆڵۆوەری هاوڕێیان و غەیری ئەوان نەدەیت، چونکە بەراوردکردنی لایک و فۆڵۆوەری خۆت لەگەڵ کەسانی دی دەبێتە هۆی بێتاقەتی و خەمۆکیت. سەرەڕای ئەوەش سەرنج بدە زۆربەی ئەو

رەسمانەی لە فەیسبووک ئەپلۆد دەکرێن دەربڕی ژیانی واقیعی و نۆرماڵی بەکاربەران نین و زۆریان وێنەی پڕ بریق و باقن بۆ خۆبادان بەسەر هاوڕێکانیاندا لە فەیسبووک دادەنێن و خۆیان باشتر لەوە پیشان دەدەن کە لە واقیعدا هەن.

بە رای زۆر لە توێژەران هەتا ئێستا بەراوردکارییەکی ئاوا لەسەر ئاستێکی ئاوا فراوان نەکراوە، وێڕای ئەوەش لە هەندێ شوێندا، ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئیرەیی دەکەن بە ئەپیدیمێک و شێوازی ژیان جۆری جل لەبەرکردن دەکەن بە مۆدە و بە شێوەیەک دەیدەن بە گوێی وەرگردا کە ئەگەر پەیڕەوی ئەو جۆرە مۆدەیە نەکات دەبێتە کەسێکی دواکەوتوو و دەرکراو لە کۆمەڵگە. بەم پێیە بە رای من باشتر وایە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر کەم بکەیتەوە بۆ ئەوەی کەمتر خۆت بە کەسانی تر بەراود بکەیت. هەروەها خۆت لەو گروپانە بە دوور بگرە کە بەردەوام کردوویانە بە نەریت دۆخیان لەگەڵ کەسانی تر بەراورد دەکەن و لە گەمەی چاولێکەریی کەسانیتر دوور بکەوەرەوە.

کەواتە باشتر وایە لەگەڵ کەسانێکدا هەڵسوکەوت بکەیت کە لە رووی ئاستی کەلتوری و مادییەوە هاوشانی خۆت بن، ئەگەر دەوڵەمەند نیت مەبە بە ئەندامی یانەی دەوڵەمەندان. رەنگە وا باشتر بێت ببیتە ئەندامی خۆبەخشی گروپێکی ئاگرکوژاندنەوە و بەوەی بەشداری ئیشی خێر و مەعنەوی دەکەیت خۆشحاڵ و رازی بیت.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئاگات لە هەڵەی تەرکیز بێت کە لە بەشی (١١)ی ئەم کتێبەدا باسم کرد. بۆ نموونە گریمان ئیرەیی بە دراوسێکەت دەبەیت، بۆچی ئەو ئۆتومبیلێکی پۆرشی (٩١١) ی تۆربۆی جوانی بە میرات بۆ ماوەتەوە و پێی دەڵێت بەچکە پشیلەی زیوین و هەمیشە پاکی دەکاتەوە و تۆش دەتوانیت لە پەنجەرەی ژووری میوانەکەتانەوە بیبینیت، هەرکاتێ ئیشی پێدەکات و گوێت لە دەنگی مەکینەکەی دەبێت، وەکو ئەوە وایە چەقۆیەکیان کردبێت بە دڵتدا. ئەمە لەبەرئەوەیە هەمیشە ژیانی دراوسێکەت لەگەڵ خۆت بەراورد دەکەیت. بە تایبەتی هەندێ لایەنی ژیانی ئەو لەبەرچاو دەگریت کە تەواو لەگەڵ ژیانی تۆدا جیاوازە. بۆ نموونە پۆرشەکەی ئەو لەگەڵ ئۆتومبیلە کۆن و داغانەکەی خۆتدا بەراورد دەکەیت و بەمەش گرنگی ئۆتومبێل لەگەڵ ئاستی رازیبوونت لە ژیان لەڕادەبەدەر تەسەور دەکەیت، پێت وایە دراوسێکەت زۆر خۆشحاڵتر و رازیترە لە تۆ، بەڵام ئەگەر بتەوێت بە شێوەیەکی گشتی سەیری ئەم مەسەلەیە بکەیت، تێدەگەیت هەبوونی ئۆتومبیلی مۆدیل بەرز کەسی بەختەوەر نەکردووە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئاستی رازیبوون لە ژیان نییە. (لە بەشی ١٢ ئەم کتێبەدا بەتەواوی باسی ئەم بابەتەم کردووە.)

بەم پێیە ئەگەر هۆشت لای هەڵەی تەرکیز بێت دەتوانیت تا رادەیەکی زۆر لە شەڕی ئیرەیی بەدوور بیت و کاریگەرییەکەی کەم بکەیتەوە. هەمیشە ئەوەت لەیاد بێت

ئەو شتانەی ئیرەیی تۆ دەجووڵێنن زۆر بێبایەخترن لەوەی تۆ بیری لێدەکەیتەوە.

بەهەرحاڵ ئەگەر هیچ کام لەو حاڵەتانەی سەرەوە سەبارەت بە تۆ بەکەڵک نەهات و هەروا هەستت کرد ئیرەیی لەلای تۆ هەر بەجۆشە باشتر وایە ئەم شێوازەی خوارەوە بەکاربهێنیت:

بە دەستی ئەنقەست خراپترین لایەنەکانی ژیانی تایبەتی کەسێک کە ئیرەیی پێدەبەیت بزانە و لە کاتێکدا تەسەوری بکە کە گیرۆدەی ئەو کێشانە بووە و لەناو گیروگرفتدا نغرۆ بووە. دڵنیابە ئەو تەسەورە بە زوویی حاڵت باش دەکات، هەڵبەتە ئەم رەفتارە لە رووی ئەخلاقییەوە زۆر پەسەند نییە، بەڵام لە هەندێ کاتدا چارەیەکت نییە و باشتر وایە پشت بەو شێوازە ببەستیت.

لەوانەیە تۆش توانا و شتت هەبێت کە ئیرەیی کەسانیتر بجووڵێنێت. لەو حاڵەتەدا باشتر وایە ئەو توانا و شتانە دەرنەخەیت بۆ ئەوەی کەسانی دی لە گورزی ئیرەیی بپارێزیت. لە راستیدا قەناعەت باشترین سامانی تۆیە. ئەوەت لەبیر بێت، گرنگترین ململانێ کە سەرکەوتنمان مسۆگەر دەکات توانای بێدەنگییە لە کاتی سەرکەوتنەکانماندا، بەم پێیە ئەگەر بڕیارە لەبەرئەوەی خاوەنی شتێکیت هەست بە لووتبەرزی بکەیت باشتر وایە قەناعەت بەو شتە بکەیت کە ئێستا هەتە.

بە شێوەیەکی گشتی دەبێت بڵێم، هەمیشە یەکێک کە دراوسێتە، یان لەناو هاوڕێکانت و هاوپیشەکانتدا کەسێک هەیە لە تۆ باشترە، بەم پێیە باشتر وایە لەگەڵ ئەوەدا رابێیت و قبووڵی بکەیت، هەرچەندە بتوانیت هەستی ئیرەیی لەناو هەستەکانتدا بخەیتەلاوە زیاتر بەقازانجت دەبێت.

(33)

## خۆپاراستن

## خۆپاراستن لە کێشە باشترە کە ناچار بیت چارەسەری بکەیت

پێش ئەوەی دەستبکەیت بە خوێندنەوەی ئەم بەشە، کەمێک بیر لەم پرسیارەی خوارەوە بکەرەوە:

نیشانەی عاقڵی چییە؟

لەوانەیە بە بینینی ئەم پرسیارە یەکسەر وێنەی پیرەمێرد و پیرەژنی عاقڵ و بە ئەزموون بێتە خەیاڵتەوە کە لە ژیاندا ئەزموونی زۆریان هەیە، یان لەوانەیە وێنەی پرۆفیسۆرێک بە کتێبەکانییەوە بێتە خەیاڵت، یان تەنانەت وێنەی ئەو کەسانەی بە سروشتی و راستگۆیی دەژین، وەکو شوانەکانی سویسرا لە زنجیرە چیای ئەڵب، یان ماسیگرانی دەلتای ئەمازۆنیش دەتوانن بەشێک بن لەو وێنانەی سەبارەت بە مرۆڤی عاقڵ دێتە خەیاڵتەوە. وێڕای ئەمەش ئەگەر باوەڕت بە عیرفانی خۆرهەڵات هەبێت لەوانەیە زاهیدێک کە لەسەر لووتکەی چیایەک سەرقاڵی مەدیتەیشنە وەکو مرۆڤێکی عاقڵ و تێگەیشتوو لە قەڵەم بدەیت.

با بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکە، نیشانەی عاقڵی چییە؟ لەوانەیە یەکێک کە لە پێشبڕکێیەکی تەلەفزیۆنیدا بەشداری کردووە و ناوی هەموو براوەکانی گۆرانی (یۆرۆ ڤیژن) لەگەڵ ئەستێرەکانیانی لەبەرە، بە عاقڵ و هۆشیار بێتە

بەرچاو، بەڵام بەڕای من وانییە، چونکە ئەگەر عاقڵ بوایە مێشکی خۆی بەو شتە هیچانە پڕنەدەکرد. تەنانەت ئەگەر تۆ لە ئیشێکدا کە زۆر پێویستت بە زانیاریی پسپۆڕی بێت و شارەزایی تەواوت هەبێت دیسان بەو مانایە نییە کە عاقڵتر بوویت، چونکە عاقڵی بە کۆکردنەوەی زانیاری نییە.(بڕوانە بەشی ١٤)

لە راستیدا عاقڵی شارەزاییەکی عەمەلییە. شارەزاییە بۆ دۆزینەوەی رێگای راستی ژیان و دوورکەوتنەوە لە هەڵە. لە راستیدا کاتێک تۆ تێبگەیت دوورکەوتنەوە لە کێشە باشترە لەوەی بچیتە ناو کێشەکەوە و چارەسەری بکەیت، هەنگاوێکی گەورەت بەرەو عاقڵی ناوە. لە راستیدا خۆپاراستن لە کێشە یەکێکە لە نیشانەکانی عەقڵ و مرۆڤی عاقڵ.

هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت ژیان قورسە و کێشە وەکو باران لە هەموو لایەکەوە بەسەرتدا دەبارێت و چارەنووس هەموو رۆژێک چاڵ و کۆسپێکی نوێ دەهێنێتە رێگات و رێگای پێشکەوتنت لێدەگرێت، تۆ قەت ناتوانیت ئەو هەلومەرجە بگۆڕیت، بەڵام ئەگەر ئاگادار بیت کە مەترسی و کێشەکان لە کوێدا بۆسەیان بۆ ناویتەتەوە، دەتوانیت خۆتیان لێ بەدوور بگریت، بە دەربڕینێکی دیکە باشتر وایە لە جیاتی روبەڕوبوونەوەی کۆسپەکان خۆمانیان لێ بەدوور بگرین. ئەنیشتاین (Einstein) باوەڕی وابوو: مرۆڤی زیرەک کێشە چارەسەر دەکات، لە کاتێکدا مرۆڤی عاقڵ لە کێشە دوور دەکەوێتەوە. هەڵبەتە لەوانەیە دوورکەوتنەوە لە کێشە بۆ

هەندێ کەس ماندووکەر بێت و حەوسەڵەیان نەهێڵێت. بۆ نموونە ئەم دوو دیمەنەی خوارەوە لەبەرچاو بگرە:

١-کەشتییەک بەر شاخی سەهۆڵین دەکەوێت و خەریکە نقوم دەبێت. کاپتنی ئازای کەشتییەکە، هەموو نەفەرەکان لە خنکان رزگار دەکات و خۆی دواکەسە پێش ئەوەی کەشتییەکە بە تەواوی نقوم بێت بەجێی دەهێڵێت.

٢- کاپتن بە زیرەکی خۆی کەشتییەکە بە تەنیشتی شاخە سەهۆڵینەکەدا دەبات و نایەڵێت بەری بکەوێت.

بەڕای تۆ کام دیمەنەیان باشتر و هەژێنەر ترە؟

بە ئەگەرێکی زۆرەوە بژاردەی یەکەم هەڵدەبژێریت، بەڵام گریمان خۆشت وەکو نەفەر لەسەر کەشتییەکەیت، لەم حاڵەتەدا کام بژاردەیە هەڵدەبژێریت؟ بێگومان وەڵامەکەت بژاردەی دووەمە، باشە پاش ئەوە چی روودەدات؟

کاپتنی حاڵەتی یەکەم بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنیی جیاواز بانگ دەکرێت و لەگەڵیدا سەبارەت بە چاپکردنی ئەو کتێبە جۆراو جۆرانەی لەسەر نقومبوونی کەشتییەکە و رەفتاری ئازایانەی خۆی دەینووسێت چاوپێکەوتن و گرێبەستی لەگەڵ دەکرێت و نانی دەکەوێتە رۆنەوە. ئیتر وەکو کاپتن واز لە ئیشەکەی دەهێنێت و دەبێتە قسەکەرێکی چالاک و لەو کۆنفرانسە جیاوازانەی بۆ کۆمپانیا گەورەکان و ئەو کەسانەی حەزیان لەم بەزمەیە رێکدەخرێت، قسە دەکات. جگەلەوەش لە شوێنی لەدایکبوونی شەقامێک دەکرێت بەناوییەوە و مناڵەکانی شانازی بە باوکە قارەمانەکەیانەوە

دەکەن، لەکاتێکدا کاپتنی دووەم لەسەر ئیشی خۆی بەردەوام دەبێت و بە لێهاتوویی خۆی هەتا خانەنشین دەبێت کەشتی زۆر بە بەربەستە جیاوازەکاندا تێدەپەڕێنێت و سەرەنجام خانەنشین دەبێت و دەبێت بە خانەنشینییە ناچیزەکەی رازی بێت.

ئاشکرایە شارەزایی کاپتنی دووەم زۆر زیاترە لە یەکەم، بەڵام کاپتنی یەکەم کەسێکە ئێمە لە ناخی دڵمانەوە دەیپەرستین و ئافەرینی دەکەین، لەبەرئەوەی ئەو سەرکەوتنانەی لە خۆپاراستنەوە سەرچاوە دەگرن ئاسایی ناکەونە بەرچاوی دنیا.

بێگومان رۆژنامەکان و تۆڕەکانی هەواڵ زۆر حەزیان لەو بەڕێوەبەرە یان لەو سەرۆک کۆمارەیە کە دوای قۆناغێک قەیرانی کۆمپانیا یان وڵات دەچێتە قۆناغی بیناکردن و گەشەپێدانەوە و هەمیشە لە ستایشی ئەوانەدا بابەت دەنووسن کە ئەم بابەتە بۆ خۆی کێشە نییە، بەڵام ئەوان دەبێت زیاتر لە هەموان ستایشی ئەو بەڕێوەبەر و سەرۆک کۆمارانە بکەن کە بەلێهاتوویی خۆیان کۆمپانیا یان وڵاتەکەیان بە جۆرێک بەڕێوە دەبەن کە هەرگیز نەکەون تا پێویستیان بە بیناکردنەوە بێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی سەرکەوتن لە رێگەی خۆپاراستن و لێهاتووییەوە لەبەرچاوی خەڵک نییە، هەرگیز سەبارەت بەم جۆرە بەڕێوەر و سەرۆک کۆمارانە شتێک نابیستین و تەنیا خۆیان و تیمە هاوکارەکانیان ئاگایان لەم بابەتە دەبێت کە چەندە رەفتارەکانیان عاقڵانە بووە و

ئەم مەسەلەیە لە نێوانی خۆیاندا دەمێنێتەوە.

لە ئەنجامدا ئێمە ئاسایی سەبارەت بە رۆڵی جەنەڕاڵ و سیاسەتمەدار و نەشتەرگەران و تیمارکەرانی نقوم بوو قسە دەکەین، بەو مانایەی کاریگەرییان لە قۆناغێکی مێژوویی و تایبەتدا زیاتر لەوەی هەبووە تەسەور دەکەین و لەلایەکی دیکەوە لە گرنگی و رۆڵی خزمەتگوزارانی کۆمەڵایەتی خافڵ دەبین. بە رای من خزمەتگوزارانی کۆمەڵایەتی قارەمانانی راستەقینەن، ئەو کەسانەی بەهەر شێوەیەک بێت خزمەتی کۆمەڵگا دەکەن بۆ ئەوەی رێگا لە سەرهەڵدانی رووداوی ناخۆش بگرن، وەکو مامۆستایان و دیپلۆماتە بلیمەتەکان و یاسادانەرانی بەدەسەڵات.

ئێستا سەبارەت بە ژیانی خۆت چۆن بیردەکەیتەوە؟

تەنانەت ئەگەر باوەڕ بەم مەسەلەیەش نەکەیت، واقیع ئەوەیە بەلای کەمەوە نیوەی سەرکەوتنەکانت بە درێژایی ژیانت لە رێگەی خۆپاراستنەوە بووە، لە راستیدا تۆ خۆت لە ئیشی گێلانە و سەیر بەدوور گرتووە. هەوڵ بدە کەمێک بیربکەیتەوە و ئەو حاڵەتانە بهێنیتەوە بیری خۆت کە بە زیرەکی و لێهاتوویی کێشەکانت لە خۆت دوور خستۆتەوە، ئەمە تا چ رادەیەک رۆڵی پۆزەتیڤی هەبووە لەسەر سەلامەتی خۆت و باشی هەلومەرجی مادی و پەیوەندییەکانت؟

لەوانەیە هەندێ کەس ئاگایان لە گرنگی خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە کێشە نەبێت، بەڵام هەوارد مارکس

(Howard Marks) لە کتێبەکەیدا بە ناوی گرنگترین مەسەلە (The most important thing) چیرۆکی قومارچییەک دەگێڕێتەوە کە باسکردنی لێرەدا خراپ نییە:

ڕۆژێـک قومارچییەک زانـی بڕیـارە پێشبڕکێیەک لە شارەکەیان بەڕێوە بچێت و لەو پێشبڕکێی ئەسپسوارییەدا تەنیا یەک ئەسپ هەبوو. بیری کـردەوە ئەم ئەسپە هیچ ڕکابەرێکی نییە، کەواتە بێگومان دەیباتەوە، بۆیە بە پارەیەکی زۆر گرەوی لەسەر کرد و دڵنیابوو کە دەیباتەوە، بەڵام لە ڕۆژی پێشبڕکێکەدا دوای بڕینی نیوەی ڕێگاکە ئەسپەکە بەسەر بەربەستەکەدا بازدی دا و ڕایکرد بۆ دەرەوە. لە ئەنجامدا قومارچی گرەوەکەی دۆڕاند و پارەکەی تیاچوو.

هێنری کیسنجەر (Henry Kissinger) ئەم هەڵانە بە کەمی دووربینی و لەبەرچاونەگرتنی هەموو لایەنەکان دەزانێت. لە ڕاستیدا خۆپاراستن تەنیا بریتی نییە لە هەبوونی زانیاری پێویست، بەڵکو تۆ دەبێت هێزی خەیاڵ و دووربینی تەواویشت هەبێت کە ئاسایی زۆربەی کەسەکان بە باشی مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا ناکەن و پێیان وایە هێزی خەیاڵ بەو مانایەیە کە یەک پەرداخ شەراب بخۆنەوە و بوار بە مێشکیان بدەن لە ئاسۆی خەیاڵدا بتوێتەوە. بێگومان ئەم شێوازە ناتگەیەنێ بە هیچ جێگایەک. هێزی خەیاڵ بەو مانایەیە کە پێش هەر ئیشێک بیر لە هەموو لایەنەکانی و ئەنجامەکانی بکەیتەوە.

لەوانەیە ئەوە بێتە مێشکتەوە کە ئەگەر زۆر بیر لە کێشەکان بکەیتەوە و هەموو لایەنەکان و ئەنجامەکەی لێک بدەیتەوە ئیتر تووشی خەمۆکی دەبیت؟ ئەزموون دەیسەلمێنێت وانییە. چارلی مەنگەر باس لەوە دەکات بە درێژایی تەمەنی هەمیشە خەریکی تاوتوێکردنی هەلومەرجەکان و پێشبینیکردنی کێشەکانی بەردەمی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بیرکردنەوە لە کێشەکان هەرگیز بێتاقەت و غەمگینی نەکردووە، بە پێچەوانەوە بۆتە هۆی ئەوەی لە کاتی سەرهەڵدانی کێشەکاندا ئامادەیی تەواوی هەبێت و بڕیاری باشتر بدات کە لە ئەنجامدا دڵخۆشی کردووە. من پێشنیازت بۆ دەکەم لە حەفتەیەکدا چارەکێک لە کاتی خۆت بۆ بیرکردنەوە لە مەترسییە گەورەکان تەرخان بکەیت کە بۆسەیان بۆ داناویت، پاش ئەوە باقی حەفتەکەت بە خۆشی و شادی بەسەر بەرە. وایدابنێ ژیانی هاوبەش و پەیوەندیت لەگەڵ هاوسەرەکەت لە لووتکەدایە و لەپڕ مایەپووچ دەبیت یان جەڵتە لێت دەدات، پاشان بگەڕێرەوە بۆ دواوە و بیربکەرەوە چ شتێک بووە هۆی ئەم رووداوە ناخۆشانە و ئەو هۆکارانەی دێتە خەیاڵت لەسەر کاغەز بنووسە و لە کۆتاییدا هەوڵ بدە خراپترین حاڵەت تەسەور بکەیت.

ئەگەر بەم شێوەیە خراپترین حاڵەت لەبەرچاو دەگریت و ئەنجامەکانی لێک دەدەیتەوە، بەڵام دیسان رووبەڕووی مەترسی و بڕیاری هەڵە دەبیتەوە، لەوانەیە رووبەڕووی هەلومەرجی پێشبینی نەکراو ببیتەوە کە قابیلی خۆلێلادان

نین، باشتروایە بە شێوەیەکی واقیعبینانە رووبەڕوویان بیتەوە و یەکسەر رووبەڕوویان نەبیتەوە، بەڵام ئەگەر کێشەکانی تۆ لەوانەن کە قابیلی پێشبینی نین، باشتر وایە لە جیاتی هەوڵ و تەقەلا بۆ چارەسەرکردنیان خۆت نەخەیتە بارودۆخێکەوە کە گیرۆدەیان بوویت و هەمیشە خۆتیان لێ بەدوور بگرە. هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت دوورکەوتنەوە لە کێشە و بەرگرتن بە روودانی یەکێکە لە نیشانەکانی عاقڵی تۆ، چونکە بەرگرتن لە کێشە هەمیشە ئاسانترە و مرۆڤی عاقڵ هەمیشە ئاسانەکە هەڵدەبژێرێت. هەڵبەتە عاقڵی شتێکی بەرجەستە نییە و تۆ ناتوانیت شانازی پێوە بکەیت، بەڵام تەگبیر و دووربینی بۆ ژیانێکی باش پێویستە.

## (34)
## ئارامکردنەوەی مێشك
## بۆچی بەرپرس نیت لە بارودۆخی دنیا؟

لە سوریا فڕۆکە جەنگییەکان بە ئەنقەست نەخۆشخانەکان و ئەو ئوتومبێلانە دەکەنە ئامانج کە یارمەتی مرۆڤدۆستانەیان هەڵگرتووە، تیرۆریستانی داعش لە بەرامبەر کامێرادا خەڵکیان سەردەبڕی. لە لیبیا قاچاخچییەکان ژن و پیاو و منداڵیان دەکرد بە کۆیلە و هەتا سەرەمەرگ ئیشیان پێدەکردن، پاشان فڕێیان دەدانە دەریای سپی ناوەڕاستەوە تا بخنکێن. لە خۆرهەڵاتی ئەفریقاش قاتوقڕی بەردەوام پرزەی لە خەڵک بڕیوە و ژیانی لێ تاڵ کردوون. جگەلەوەش رۆژانە لە زۆر شوێنی دنیا زۆر منداڵی تووشبووی ئایدز دێنە دنیاوە و ژیانێکی کورتی قورس بەسەر دەبەن. توندوتیژیی خێزانیش زۆر کەسی گیرۆدە کردووە، لە ئەنجامدا دنیا پڕە لە تاوان و پێشێلکردنی ماف. باشە لە دنیایەکی ئاوادا خوێندنەوەی کتێبێک سەبارەت بە ژیانێکی باش چ مانایەکی هەیە؟ ئەسڵەن لەگەڵ بارودۆخێکی ئاوادا دەتوانیت ژیانێکی باشت هەبێت؟

بێگومان هەر مرۆڤێک کە هەستی مرۆڤدۆستی هەبێت لەبەرامبەر هەواڵی ناخۆشدا کاردانەوەی دەبێت و بە بیستنی ئەو کێشانەی رووبەڕووی خەڵک بوونەتەوە و ئەو ستەمەی لێیان کراوە بێتاقەت دەبێت و خەفەت دەخوات، بەڵام بە رای من کەسانێکی کەم هەن کە دەزانن چۆن تووڕەیی

خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و ئیدارەی بدەن. لە راستیدا لە زۆر شوێنی دنیا دەنگی داوای دادپەروەری ستەملێکراوان دلێرە. لەوانەیە هەندێک بیانەوێت بە سواری کەشتییەکی پڕ لە ئاوی خواردنەوە بەرەو ئەسیوپیا بکەونەڕێ و خۆیان بتڵە ئاوەکان بە دەستی ئەو کەسانە بگەیەنن کە خەریکە لە تینوێتیدا دەخنکێن، بەڵام لەپڕ دێتەوە بیرمان منداڵەکانمان ئەرکی قوتابخانەیان جێبەجێ نەکردووە، یان دوشی حەمامەکەمان گیراوە و وەستایەکمان دەوێت، یان کەرە تەواو بووە!

لەلایەکی ترەوە، ئێمە لەو نادادپەروەرییەی لە دنیادا هەیە زۆر بێتاقەت و شەرمەزارین و پێویستمان بە ستراتیجێکی تایبەتی هەیە تا بێئەوەی ئارامیمان لەدەست بدەین، رووبەڕووی کێشە و ناخۆشییەکانی ژیان ببینەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند پێشنیازێک بخەمەڕوو:

١- تۆ بە تەنیا هیچت لەدەست نایەت، مەگەر کەسێکی بەناوبانگ یان بەدەسەڵات بیت وەکو جۆن ئێف کەنەدی. ئەوەت لەیاد بێت زۆربەی کارەساتە مرۆییەکانی وەکو جەنگ و ململانێی سیاسی و تیرۆریزم زۆر لەوە ئاڵۆزترن کە دێنە بەرچاو و کەس ناتوانێت پێشبینیان بکات، هەر بۆیە زیاتر لەوەی پێشبینی کراون درێژە دەکێشن. هەندێ جار چەند ناکۆکییەک هەن کە ناتوانرێت بە رێگای سەربازی و بەکارهێنانی زەبروزەنگ و دەسەڵات چارەسەر بکرێت. بۆ نموونە بێگومان هاووڵاتیانی عیراق و لیبیا پێش دەستێوەردانی هێزەکانی خۆرئاوا لە وڵاتەکەیان هەستێکی

باشتریان هـەبوو، ژیانیان باشتر بـوو. هەڵبەتە وڵاتـە خۆرئاواییەکان نیازیان باشبوو، بەڵام رووبەڕووی ئەنجامی پێشبینینەکراو و بەرنامە بۆ دانەڕێژراو بوونەوە. لە ئەنجامدا تەنانەت سەرۆکی ئەمریکا بە باشترین تیمی راوێژکارییەوە، لەوانەیە بکەوێتە هەڵەوە. هەڵبەتە ئەم هەڵانە بەهۆی کەمی رەحم و بەزەیی و توانای سەربازی یان هۆشیارییەوە نییە، بەڵکو ئاڵۆزیی دۆخەکە و دوژمنایەتییەکان جاریوایە ئەوەندە زیاد دەبێت کەس دەرەقەتی نایەت. تەنانەت رێکخراوێکی گـەورەی وەکـو مـونتـەدای ئـابـووری جیهانی (World Economic Forum-WEF) کە دروشـمـەکـەی "دنیا بگۆڕین بە جێگایەکی باشتر بۆ هەموان"ە، جاریوایە ناتوانێت بگات بە ئامانجەکانی.

ئـەگـەر بمانەوێت بـە شێوەیەکی واقیعبینانە سـەیری مەسەلەکە بکەین جیهانی ئابووری لە کاتی دامەزراندنییەوە هەتا ئێستا جگەلە دروستکردنی پەیوەندی نزیک لەگەڵ دەوڵەمەندان و کەسانی بەدەسەڵات و بەهێز شتێکی تری نەکردووە، بەم پێیە هەرگیز وەکو باڵادەست سەیری خۆت مەکە، تۆ بە تەنیا دەرەقەتی چارەسەرکردنی زۆر کێشە و قەیران نایەیت، قەت بیر لەوە مەکەرەوە کە بە تەنیا دەتوانیت ببێتە هـۆکـاری کۆتایی جەنگ و نائارامییەکان. ئـەوەت لەبەرچاو بێت هەمیشە کەسانی هۆشیارتر و پسپۆڕتر هەن کە بیر لە قەیرانەکان و شێوازی چارەسەرکردنیان بکەنەوە و هەموو ئەو رێگەچارانەی بە خەیاڵی تـۆدا دێن پێشان

بە خەیاڵی ئەواندا هاتوون و لەبەر چەند هۆکارێکی تەواو لۆجیکی نەیانتوانیوە جێبەجێی بکەن.

٢-ئەگەر بە نیازیت کەمێک لە ئازار و ناخۆشی مرۆڤەکان کەم بکەیتەوە، دەتوانیت یارمەتی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بدەیت. ئەم یارمەتییە دەبێت تەنیا بە شێوازی مادی بێت. هەرگیز کاتی خۆت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بەفیڕۆ مەدە. بە ڕای من هەرگیز هەوڵ مەدە بچیتە ناوچەی شەڕ و شێواو مەگەر ئیشەکەت وا پێویست بکات. بۆ نموونە پزیشکی فریاکەوتن، مینهەڵگرەوە، یان دیپلۆمات بیت. هەڵبەتە زۆرکەس بە شێوەی خۆبەخش دەچنە ناوچەی جەنگ و هەست دەکەن بەو شێوەیە دەتوانن یارمەتی خەڵک بدەن، بەڵام بە ڕای من ئەمە تەنیا کات بەفیڕۆدانە، لەبەرئەوەی باشتر وایە کاتی خۆت بۆ ئەو ئیشانە تەرخان بکەیت کە شارەزاییت لێیان هەیە و دڵنیابە لەو حاڵەتەدا دەتوانیت یارمەتییەکی زیاتری کۆمەڵگا بدەیت، (بڕوانە بەشی ١٤). بۆ نموونە: وایدابنێ نێردراویت بۆ بیابانی گەورەی ئەفریقا بۆ ئەوەی بۆری ئاو دابنێیت و بۆرییە خراپ بووەکان چاک بکەیتەوە، بێگومان وەستاکانی ئەوێ باشتر و خێراتر ئەو ئیشە دەکەن و تۆ بە چوونت بۆ ئەوێ ئەوان بێکار دەکەیت.

کۆمپانیاکانی ئاوەدانکردنەوە هەتا کەسانی خۆبەخش وەستابن بۆ ئیشی بۆری و بیرهەڵکەندن، پارە بە وەستا و کرێکاری خۆماڵی نادەن. کەواتە باشتروایە لە شوێنەکەی خۆت ئیش بکەیت و بەشێک لە دەرامەتەکەت بنێریت بۆ

یارمەتیدانی خەڵک و بیرهەڵکەنەکانی ئەو ناوچانە و دڵنیا بیت ئەوان دەتوانن هێندەی سەد کەسی خۆبەخشی ئاسایی و تازەکار ئیش بکەن و بیر و کەناڵی تازە لە ناوچەکەی خۆیان لێبدەن. لەوانەیە ئیشی خۆبەخش هەستێکی خۆشت پێ ببەخشێت، بەڵام ئەگەر بتەوێت تەنیا گوێ بە هەستەکانی خۆت بدەیت، ئەمە دەبێتە شتێکی خۆپەرستانە، بۆیە دەبێت بەرژەوەندی و خۆشی هەموان لەبەرچاو بگریت. دەتوانیت بە بەخشینی یارمەتی دارایی بە پزیشکانی بێسنوور، خاچی سوور یان یونیسێف یارمەتییەکی باشی خەڵکی بەش مەینەت بدەیت و دڵنیابە ئەوان بە باشترین شێوە یارمەتییە داراییەکانی تۆ بەکاردەهێنن و ماف بە خاوەن ماف دەگەیەنن. بەم پێیە لە کاروباری خۆتدا باش هەوڵ بدە و بەشێک لە داهاتی خۆت بۆ ئەو دەزگایانە تەرخان بکە کە لە بواری ئاوەدانی و مرۆڤدۆستانە شارەزان و دەتوانن داهاتەکەی تۆ بە باشترین شێوە بەکاربێنن.

٣-هەوڵ بدە هەتا دەتوانیت لە گوێگرتن لە هەواڵ دوور بکەویتەوە. بە تایبەتی ئەو هەواڵانەی سەبارەت بە کارەساتی مرۆیی و سروشتین. چونکە دانیشتن بەدیار تەلەفزیۆنەوە و بینینی وێنەی کارەساتی دڵتەزێن و خەم خواردن یارمەتی کەس نادات. نە یارمەتی تۆ دەدات نە هی قوربانییەکان. لەوانەیە وا هەست بکەیت ئەگەر ئاگات لەو کارەساتە ناخۆشانە بێت کە بەسەر خەڵکدا دێن، مرۆڤێکی میهرەبانتری، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە بەم رەفتارە خۆت

هەڵدەخەڵەتێنیت، چونکە ئەگەر بتەوێت بە راستی لە نائارامی و جەنگ و کارەساتی مرۆیی تێبگەیت، باشتر وایە بچیت کتێب بخوێنیتەوە لە جیاتی ئەوەی گوێ لە هەواڵی بێسەر و بەری تەلەفزیۆن بگریت. سەرەڕای ئەوەش تەنانەت ئەگەر پەی بە هۆکاری واقیعی جەنگێک ببەیت، دیسان لەوانەیە هیچت لەدەست نەیەت بۆ گۆڕینی وەزعەکە.

٤-ئەوەت لەبەرچاو بێت ژیانی مرۆڤ ئاوێتەی ناخۆشی و نائارامییە، بە دەربڕینێکی دیکە شەیتان هەمیشە سەرقاڵی پیلان بووە دژی مرۆڤ و هیچ کاتێک دەست لەو ئیشە هەڵناگرێت و ئێمە ناتوانین بەربەرکانێی لەگەڵ بکەین، لەبەرئەوەی سەرچاوە و دەسەڵاتی ئێمە دیاریکراوە. کەواتە باشترین ئیش ئەوەیە چەند رێکخراوێکی خێرخوازی جێی متمانە بدۆزینەوە و بەردەوام یارمەتیان بدەین و قبووڵی بکەین کێشەکان هەمیشە وجودیان دەبێت و ئێمە هیچمان لەدەست نایەت. بە دەربڕینێکی دیکە ناتوانین بە تەنیا بچینە شەڕی کێشەکانەوە و چارەسەریان بکەین.

٥-تۆ بەرپرس نیت لەهەر رووداوێک کە لە دنیادا روودەدات، لەوانەیە ئەم قسەیە کەمێک نادادپەرەوەرانە و دڵڕەقانە بێتە بەرچاو، بەڵام دەبێت حەقیقەت قبووڵ بکەیت.
ریچارد فاینمەن
(Richard Feynman) خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی فیزیا لە جێگایەکدا دەڵێت:

"جۆن ڤۆن نوینمان (John von Neumann) بیرکاریزانی دیار بابەتێکی چرپاند بە گوێمدا کە بەلای منەوە زۆر مایەی سەرنج بوو. باوەڕی وابوو ئێمە بەرپرسی هەموو شتێک نین، بەم پێیە من هەستم کرد لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بەرپرسیارێتییەکی زۆرم لەسەر شان نییە، ئەم مەسەلەیە هەتا رادەیەک لە باری خەم و خەفەتی منی کەمکردەوە و بووە هۆی ئەوەی زیاتر هەست بە خۆشی بکەم".

مەبەستی من لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ئەوە نییە کە گویّ بە ناخۆشی کەسانی دی نەدەین، بەڵکو مەبەستی من ئەوەیە لە جیاتی بیرکردنەوە لەوەی لە ئەفریقا نەخۆشخانە دروست بکەیت کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە بواری پسپۆڕیی تۆدا نییە، تەرکیز لەسەر ئیشی خۆت بکە و بزانە هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی هەست بە گوناە بکەیت، چونکە سەرکەوتن لە بواری پسپۆڕی خۆتدا و خزمەتکردنی کەسانی دی لە بواری ئیشەکەی خۆتدا خۆی لەخۆیدا بە یارمەتی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێت. لەوانەیە تۆ نەتوانیت لەوە باشتر یارمەتی کەس بدەیت.

هەمیشە هەوڵ بدە بە سەربەرزی بژیت. بۆ کۆمەڵگاکەی خۆت سوودت هەبێت و هەرگیز مەبە بە هۆکاری ئازاری کەسێک، دڵنیابە ئەگەر ئەو ئیشانە بکەیت، ئەوا تۆ هاوکاریت بۆ یارمەتیدانی دروستکردنی دنیایەکی باشتر و ئارامتر.

بە گشتی هەوڵ بدە ستراتیجێک بدۆزیتەوە کە یارمەتیت

بدات بە باشترین شێوە رووبەڕووی کێشەکان و نادادپەروەری ببیتەوە. هەوڵ بدە بەرنامە و ئامانجت هەبێت، ئەوەت لەبەرچاو بێت جگەلەوە روبەڕوبوونەوەی سەختی و ناخۆشییەکان لەوانەیە ئیشێکی قورس بێت، چەندان جار لەسەر دووڕیانە جیاوازەکان گیرت بکات و لە کۆتاییدا جگەلە هەستکردن بە گوناه و ناخۆشی هیچ شتێک بۆ خۆت و کەسانی دی بە دیاریی نەهێنێت.

(35)

## تەڵەی تەرکیز

## چۆن سەرچاوە گرنگەکانمان ئیدارە بدەین؟

وایدابنێ لە ڕێستۆرانێک دانیشتوویت و سەیری مینۆی خواردنەکان دەکەیت، دوو جۆر مینۆت لەبەردەستدایە: مینۆی تایبەتی و مینۆی ئاسایی. لە مینۆی تایبەتیدا، نرخی مقەبیلات و خواردنە سەرەکییەکان زۆر زیاترە لە مینۆی ئاسایی کە تەنانەت خواردنەوەشی تیایە. کەواتە تۆ بڕیار دەدەیت خواردنەکەت لە مینۆی ئاسایی داوا بکەیت. شاگردەکە بزەت بۆ دەکات و وای نیشاندەدات بژاردەیەکی باشت کردووە و زۆربەی کەسەکان خواردنەکەیان لەو مینۆیە داوا دەکەن.

پاشان خواردنی جۆراو جۆرت بۆ دادەنرێت، لە کێک بە نەستەلەوە بگرە هەتا پەنیری خۆماڵی بە ساسی هەنجیر و گۆشتی مراوی و شتی تر. پاشان خواردنەوەت بۆ دێنن و دوای نانخواردن بە شاگردەکە دەڵێیت وەسڵەکەت بۆ بێنێت. سەرەڕای ئەوەش دوای ئەو هەموو خواردن و خواردنەوە هەمەجۆرە هەست دەکەیت خەریکە دەتەقیت و حاڵت باش نییە. مەسەلەی نانخواردنی ئێوارە و چوونە ڕێستۆران لەبیرکە. ئێستا پێت وایە چ شتێک بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن پێویستە؟ وارین بیفیت و بیل گەیتس باوەڕیان وایە دەبێت تەرکیزی خۆمان لەدەست نەدەین. بێگومان پاراستنی تەرکیز

یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی گەیشتن بە سەرکەوتن، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە تەرکیز و توانای بیرکرنەوەی خۆت ئاراستە بکەیت. لێرەدایە کە جیاوازی دەکەین لە نێوان مینۆیەکی تایبەت کە بوارمان دەداتێ تەرکیز بکەین و خۆمان خواردنەکان هەڵبژێرین لەگەڵ مینۆیەکی ئاسایی کە لەلایەن شێفەوە بۆمان هەڵبژێردراوە.

ئیمەیل، فەیسبووک، تویتەر و هەواڵی جیهان سەرەڕای تابلۆکانی ریکلام و وێب سایتە جیاوازەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن سەرنجی ئێمە بەلای خۆیاندا رابکێشن و ئەو شتانەی مەبەستیانە دەرخواردمان بدەن، هەڵبەتە زۆر بە جوانی و زۆڵانە هەڵمان دەخەڵەتێنن بە شێوەیەک تەسەور بکەین وەکو پاشایەک واین و دەتوانین سوود لە هەموو ئەو شتانەی خستوویانەتە بەردەستمان وەربگرین، بەڵام بەکردەوە ئێمەیان کردووە بە کۆیلەی دەست و پێ بەستراوی خۆیان و هەموو رێنماییەکانیان بە جۆرێکە بە دزی ئاشکرا لە قەڵەم دەدرێت و خەرجی مادی و مەعنەوی ئێمە تاڵان دەکەن. بۆ نموونە پۆستەکانی ئەنستاگرام و زۆربەی ئەو شتانەی بە ئیمەیل یان تویتەر بۆمان دێت، بەشێک لە کات و پارە و تەرکیزمان بە تاڵان دەبەن. دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت پارە و تەرکیز و کاتمان گرنگترین سامانی ئێمەن.

لەوانەیە زۆر کەس لە مانای پاشەکەوتی پارە و کات تێبگەن، چونکە وتاری زۆر لەم بارەیەوە نووسراوە و زۆر قسەشی لەبارەوە کراوە، بەڵام پاشەکەوت لە تەرکیزدا

گۆتەیەکە کەمتر بایەخی پێدراوە کە بە باوەڕی من ئەمڕۆ تەرکیز، بەهادارترین سامانی مرۆڤە و بوونی بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنمان زۆر پێویستە، بەڵام بەدبەختانە بە شتێکی ئاسان سەیری دەکەین و دەکەوینە هەڵەی زۆرەوە. لێرەدا مەبەستمە ئاماژە بۆ چەند خاڵێکی گرنگ بکەم کە ئەگەر بایەخیان پێبدەین دەتوانین ڕێگە لە بەهەدەردانی هێزی تەرکیزمان بگرین:

١-هەمیشە ئاگات لە جیاوازی نێوان مەسەلە تازەکان و مەسەلە پەیوەستەکان بێت. لە راستیدا هەر بەرهەمێک، باوەڕ و هەواڵی وەرگرانی خۆی دەوێت و هەرچەندە هەرا و هاتوهاواری دنیا زیاتر بێت، ئەو بەرهەمە، دەبێت باوەڕ یان هەواڵ بەزرتر بکاتەوە بۆ ئەوەی ببیسترێت. باشتر وایە گوێ بەو هەراو هاتوهاوارە نەدەیت کە لە چوار دەورت هەیە، چونکە زۆربەی ئەو حاڵەتانەی وەکو شۆڕشێک لە پیشەسازی و زانستە جیاوازەکاندا دەخرێنەڕوو، تەواو بێسەر و بەرن.

٢- ئەگەر پێشنیازی بەخۆڕاییبوونی شتت بۆ کرا، بە باشی لێی بکۆڵەرەوە، چونکە هەندێ لەو شتانە تەڵەی تەرکیزن و لە ڕێگەی ریکلام و بەکارهێنانی فشار و دڵەڕاوکێوە مەبەستیانە بەرهەمەکانی خۆیانت بەسەردا ساغ بکەنەوە. بە دەربڕینێکی دیکە بۆچی ئێمە بە پێی خۆمان بچینە ناو تەڵەیەکەوە کە بۆمان نراوەتەوە؟

٣- لە ئایندەدا، واقیعی مەجازی دەبێتە هۆی ئەوەی هەستت بە خێرایی بگۆڕێت و هەمان مەسەلە دەبێتە هۆی ئەوەی هێزی بڕیاردانت لاواز بێت. بەڕای من وێنەی جووڵاو و فیلمەکان ڕێگایەکی گونجاو نین بۆ وەرگرتنی زانیاری. زانیاری کاتێک بە باشی دەچێتە مێشکمانەوە کە بە شێوەی نووسراو بێت، وەکو کتێب و بڵاوکراوە جیاوازەکان.

٤-هەمیشە ئەوەت لە یادبێت ناتوانیت تەرکیزت بکەیت بە چەند بەشێکی جیاوازەوە. هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە پارە و کات راستە، بەڵام سەبارەت بە تەرکیز مەسەلەکە تەواو جیاوازە. لە راستیدا کاتێک تۆ سەیری بابەتی فەیسبووک دەکەیت و دەیخوێنیتەوە و تەرکیزی لەسەر دەکەیت، ناتوانیت بایەخ بەو کەسە بدەیت کە لە بەرامبەرت دانیشتووە و بە بێ ئەوەی پێ بزانیت تاڕادەیەک ئیهمالی دەکەیت.

٥- لە پێگەیەکی بەهێزەوە بچۆرە ناو کارەوە، نەک لە پێگەیەکی لاوازەوە. ئەوەت لەبیر بێت لە کاتێکدا کەسانێک بەبێ ئەوەی رای تۆ بپرسن هەوڵدەدەن سەرنجت بەلای کۆمەڵێ شتدا رابکێشن، ئەو کاتە تۆ لە پێگەیەکی لاوازدایت. چۆن دەبێت ڕێگە بدەیت ریکلامچییەک، ڕۆژنامەنووسێک یان هاوڕێیەکی فەیسبووکت لە جیاتی تۆ بڕیار بدات و پێت بڵێت دەبێت تەرکیز لەسەر چ شتێک بکەیت؟ یان چۆن دەبێت ریکلامی سەیارەیەکی پۆرش، دوا تویتی ترەمپ یان ڤیدیۆی چەند تووتکەسەگێک سەرنجت رابکێشێت؟ ئەوەت لەیاد

بێت کە هیچ کام لەم مەسەلانە ناتوانن دڵخۆشت بکەن، یان یارمەتیت بدەن پێشبکەویت. تەنانەت بەبێ بوونی ئەکاونتی ئەنستاگرام فەیلەسووفی بەناوبانگی یۆنانی ئەپیکتیتوس (Epictetus) دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی: "ئەگەر کەسێک بەدەنی تۆ بخاتە بەردەستی هەر غەریبەیەک کە لە ڕێوە دێت، بێگومان زۆر تووڕەت دەکات، کەواتە تۆ چۆن ڕێگە دەدەیت مێشکت بکەوێتە بەردەستی هەموو مرۆڤێکی هیچ و پووچ بۆ ئەوەی گومڕات بکات و سووکایەتیت پێ بکات؟"

بەدبەختانە مێشکی ئێمە حەز دەکات بە خێرایی وەڵامی بچووکترین گۆڕانکاری بداتەوە. هەڵبەتە سەروەختێ ئەم رادەیـە لە هەستیاری بۆ مانەوەی مرۆڤ پێویست بووە، بەڵام ئەمڕۆ لەوانەیە کۆمەڵێ دەردەسەریمان بۆ دروست بکات. لە ڕاستیدا مامەڵە و کاردانەوەی ڕاست و دروست و بەجێ لە بەرامبەر میدیای هاوچەرخدا، شارەزاییەکی غەریزەیی نییە، تۆ دەتوانیت ئەو شارەزاییە بە گەڕان لەناو ئینتەرنێتدا فێر بیت. بەم پێیە بە ڕای کیڤن کیلی (Kevin Kelly) ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ، تۆ دەتوانیت شێوازی کاردانەوەی ڕاست و دروست لە بەرامبەر میدیاکاندا وەکو خوێندن و نووسین لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە فێربیت. هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانێکدا کە خوێندەوارن بێگومان ناتوانێت تۆ بکات بە خوێندەوار و فێری خوێندنەوە و نووسین بیت، کەواتە

باشتر وایە دەست بە ڕاهێنان بکەیت بۆ ئەوەی بتوانیت ئیدارەی زانیارییەکانت بدەیت و تەرکیزت لەسەر مەسەلە پێویستەکان بێت.

لەوانەیە ئەو پرسیارەت لا دروست بێت، چ پەیوەندییەک لە نێوان رادەی خۆشحاڵی و رازیبوون لە ژیان و دەسەڵاتی تەرکیزدا هەیە؟ پۆل دیلان باوەڕی وایە رادەی خۆشحاڵیت لەگەڵ رادەی ئەو بایەخەی دەتوانیت بە مەسەلە جیاوازەکانی بدەیت، پەیوەندییەکی راستەوخۆیان هەیە. بۆ نموونە هەموو رووداوەکانی ژیان چ باش و چ خراپ دەتوانن زۆر کار لە رادەی خۆشحاڵی تۆ بکەن، بەڵام پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تۆ تاچ رادەیەک بایەخیان پێدەدەیت و تەرکیزیان لەسەر دەکەیت.

بیرت نەچێت تۆ لە هەمان جێگا دەژیت کە هەست و هۆش و تەرکیزت لەوێیە و گرنگ نییە کە بەدەنت لە کوێیە. هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت کە شتی زۆرت بەسەر دێت و رووداوی زۆر لە ژیانتدا روودەدات و کۆتاییان دێت، بەڵام ئەگەر تەرکیزیان لەسەر بکەیت، دووبارە روودەدەنەوە و هەرگیز دەستبەردارت نابن. سەرەڕای ئەوە هەوڵ بدە ئەو سەرچاوانەی زانیاری خۆتیان لێ وەردەگریت، سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو زانیارییانە هەستیار و سەختگیر و بەدیقەت بیت، چونکە زانیاری هەڵە و بێسوود وەکو دەرمانێکی هەڵە یان ژەهر کاردەکات و دەتوانێت سەلامەتی بەدەنی و رۆحی ئێمە بخاتە مەترسییەوە.

(36)

## کەم بخوێنەرەوە،
## بەڵام دووجار کتێبێک بخوێنەرەوە
## **ئێمە بە هەڵە کتێب دەخوێنینەوە**

بلیتێکی شەش سەفەرەی هێڵی شەمەندەفەری نیشتمانی سویسرا شەش خانەی بەتاڵی تیایە، بەو مانایەی دەتوانیت شەش جار سەفەری پێبکەیت، هەر جارێک ویستت سەفەر بکەیت، دەبێت بلیتەکە بخەیتە ناو ئامێرێکی نارنجییەوە بۆ ئەوەی رۆژ و سەعاتی سەفەرەکەت لە خانە بەتاڵەکە بدرێت. دوای شەش جار ئیتر بلیتەکە تەواو دەبێت.

ئێستا وایدابنێ بلیتێکی تایبەت هەیە بۆ خوێندنەوەی کتێب و پەنجا خانەی بەتاڵی تیایە، وەکو بلیتی هێڵی شەمەندەفەرەکە، پێش خوێندنەوەی کتێبەکە دەبێت بیخەیتە ناو ئامێرێکەوە بۆ ئەوەی مۆری لێبدات، بە پێچەوانەی بلیتی شەمەندەفەرەکەوە تەنیا یەک بلیتت دەدەنێ و ناتوانیت دانەیەکیتر وەربگریت، واتە ئەگەر هەر پەنجا خانە بەتاڵەکە مۆری لێ بدرێت ئیتر ناتوانیت کتێبێکی تازە بخوێنیتەوە. یانی لە ژیانتا دەتوانیت تەنیا پەنجا کتێب بخوێنیتەوە، هەڵبەتە بەلای هەندێ کەسەوە ئەم بابەتە ئەوەندە گرنگ نییە، بەڵام بێگومان خوێنەرانی کتێب لەمە بێتاقەت دەبن و هەست بە نیگەرانی دەکەن. لە راستیدا لەوانەیە لای هەندێک ئەو هەستە دروست بکات، چۆن بتوانن بەو ژمارە کەمەی کتێب زانیاری بەسوود و

گشتی سەبارەت بە پێداویستییەکانی ئەو دنیایەی تیایدا دەژین بەدەست بێنن، بێگومان دەبنە مرۆڤێکی نەخوێندەوار و نەزان.

بۆ نموونە لە کتێبخانەکەی مندا سێ هەزار کتێب هەیە و دەبێت دان بەوەدا بنێم تەنیا یەک لەسەر سێی کتێبەکانم بە تەواوی خوێندۆتەوە و یەک لەسەر سێکەی دیکەم هەروا سەرپێیی سەیرکردووە و باقییەکەیم هەر نەکردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دووبارە کتێبی تازە دەکڕم و هەمووساڵێک بە باشی کەشفێک دەکەم و کتێبە کۆنەکانم لادەبەم. هەڵبەتە سێ هەزار کتێب لەبەرامبەر ٣٠ هەزار کتێبی نووسەری نەمر ئەمبرتۆ ئیکۆ-دا (Umberto Eco) هەر هیچ نییە، بەڵام دەبێت بڵێم من بە قورسی دەتوانم بابەتی ئەو کتێبانە بهێنمەوە یادم کە پێشان خوێندوومنەتەوە، کاتێک سەیری کتێبخانەکەم دەکەم و چاو بە ناونیشانەکانیاندا دەخشێنم، تەنیا چەند هەستێکی تەمومژاویم لا دروست دەبێت و بە خێرایی بابەتەکانیان بە مێشکمدا گوزەر دەکەن و بە دەگمەن دەتوانم بە باشی بابەتەکانیان بهێنمەوە یادم.

تەنانەت هەندێک کتێبی تیایە ناتوانم بێچەندوچوون بڵێم خوێندوومنەتەوە یان نا، بەڵکو دەبێت بیانکەمەوە و بزانم ئایا لە گۆشەیەکی کتێبەکەدا یاداشتێکم نووسیوە. لە حاڵەتێکی ئاوادا نازانم دەبێت لەبەرچی هەست بە شەرمەزاری بکەم، لەبەر مێشک و یادەوەریم کە وەکو پەنیری سویسری وان یان لەبەر ئەو کتێبانەی کاریگەرییان لەسەر مێشک و ژیانم

ئەوەندە کەم و بێبایەخ بووە لەبیرم کردوون. هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە تەنیا لای من راست نییە و بە پرس و را لەگەڵ هاورێکانم تێگەیشتم ئەوانیش وەکو منیان بەسەر هاتووە. سەرەڕای ئەمە ئەم بابەتە تەنیا سەبارەت بە کتێب راست نییە سەبارەت بە وتاریش راستە. هەموو ئەو وتارانەی خوێندوومنەتەوە و ئەو دەقانەی کە پێشان چێژم لێ بینیون، پاش ماوەیەک لە مێشکمدا کاڵ بوونەتەوە.

کەواتە خوێندنەوەی کتێب سوودی چییە، ئەگەر بڕیار بێت بە تەواوی ناوەڕۆکەکەیمان لەبیر بچێتەوە؟ لەوانەیە هەندێک کەس بڵێن چێژ لەو هەستە دەبینن کە خوێندنەوەی کتێب پێیان دەبەخشێت، بەڵام لەوانەیە ئەو کتێبە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ژیان و فۆرمۆڵەبوونی کارەکتەری تۆ نەبێت. بەهەرحاڵ بۆچی ئێمە ناتوانین ئەو بابەتانەی پێشان خوێندوومانەتەوە بە باشی بەیاد بهێنینەوە؟

دیارە شێوەی خوێندنەوەمان هەڵەیە و لە بواری هەڵبژاردنی بابەتەکان و شێوازی هەڵسەنگاندنیاندا ریگایەکی راست و دروست هەڵنابژێرین. لە راستیدا ئێمە جڵەوی تەرکیز و سەرنجمان بەرەڵا دەکەین، بۆ ئەوەی وەکو سەگێکی بەرەڵا بەملاو بەولادا بڕوات و هەوڵ نادەین تەرکیز و بیرکردنەوەمان ئاراستە بکەین، سەرنج و سەرچاوەی مەعنەویمان لە چەند شتێکدا خەرج دەکەین کە بەهای ئەوەی نییە.

دەبێت بڵێم من لە چاو ساڵانی پێشوومدا شێوازی خوێندنەوەی خۆمم گۆڕیوە. لە راستیدا سەعاتەکانی خوێندنەوەم وەکو ساڵانی پێشووم وایە، بەڵام کتێبی کەمتر دەخوێنمەوە. لە راستیدا بەراورد بە رابردوو کاتێکی زیاتر بۆ خوێندنەوەی هەر کتێبێک تەرخان دەکەم. تەنانەت هەندێک لەو کتێبانە دووجار دەخوێنمەوە. سەرەڕای ئەوەش لەسەر هەڵبژاردنی بابەت بۆ خوێندنەوە زۆر هەستیار بووم. بەم پێیە سەرەتا چارەکێک بۆ خوێندنەوەی کتێبێک تەرخان دەکەم کە ئاگام لە ناوەڕۆکەکەی نییە و دوای ١٠ دەقە لە خوێندنەوەی بەشێکی بڕیار دەدەم بیکڕم یان نا. لە راستیدا بیرۆکەی بلیتەکە و ماوەکەی لێرەدا تا رادەیەک یارمەتی داوم و کاتێک کتێبێکی تازە بەدەستەوە دەگرم بە خۆم دەڵێم ئایا بەهای ئەوەی هەیە بیکڕم و مۆری متمانە بدەم لە یەکێک لە خانە بەتاڵەکانی؟ لە راستیدا کتێبی زۆر کەم هەن کە بۆ تۆ گونجاو بن و بەهای ئەوەیان هەبێت بیانخوێنیتەوە. دەبێت دان بەوەدا بنێم ئەو کتێبانەی بە رای من بابەتی بەسوودیان تیایە و بۆ من گونجاون دووجار دەخوێنمەوە.

لەوانەیە هەندێک بپرسن بۆچی کتێبێک کە پێشان خوێندوویانەتەوە دەبێت دووبارە بیخوێننەوە؟ ئاسایی لە کاتێکدا گۆرانییەکت بەلاوە خۆشە چەندین جار گوێی لێدەگریت. هەروەها ئەگەر بتەوێت فێری سازلێدان بیت، ئەوە دەزانیت کە قەت بە یەکەم راهێنان ناتوانیت فێربیت و ئەگەر بتەوێت بە باشی فێر بیت دەبێت چەندان جار دووبارەی

بکەیتەوە. کەواتە بۆچی ئەم شێوازە بۆ کتێب خوێندنەوەش بەکارنەهێنین؟

لە راستیدا ئەو کاریگەرییەی دوو جار خوێندنەوەی کتێبێکی باش لەسەرمان بەجێی دەهێڵێت زۆر قووڵە و دەتوانم بڵێم ئەگەر دوای خوێندنەوەی جارێکی کتێبەکە لە سەدا سێی بابەتی کتێبەکەم دێتەوە یاد، بە دوو جار خوێندنەوەی دەتوانم لە سەدا ٣٠ بابەتەکانی لە مێشکمدا هەڵگرم.

من هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە، ئەگەر بە هێواشی و بە تەرکیزەوە بابەتێک بخوێنینەوە دەتوانین چەند لە چەمکەکانی تێبگەین؟ لەوانەیە کە بۆ دووەم جار کتێبێک دەخوێنینەوە هەندێک شت کەشف بکەین کە لە خوێندنەوەی یەکەمجار دەرکمان پێ نەکردووە، کەواتە دووەمجار قووڵتر دەرک بەشتەکان دەکەین و باشتر تێدەگەین. ساڵی ١٨٦٧ کاتێک دۆستۆیڤسکی لە (بازل) لە سویرسرا بۆ یەکەمجار کە تابلۆکەی هۆلباین (Holbein) ی بە ناوی (لاشەی کریس) بینی، ئەوەندە سەرنجی راکێشا و لێی ورد بۆوە ژنەکەی ناچار بوو دوای نیو سەعات بە قۆڵ راکێشان لە تابلۆکە دووری بخاتەوە، دوو ساڵ دوای ئەوە دەیتوانی تەقریبەن تەواوی وردەکاری تابلۆکە بهێنێتەوە یادی. ئێستا پێت وایە ئەگەر بە مۆبایلەکەت وێنەی ئەو تابلۆیە بگریت ئایا بەهەمان رادە دەتوانێت کارت تێبکات؟ بێگومان نەخێر. لە راستیدا دۆستۆیڤسکی بە تەواوی لەناو تابلۆکەدا نقووم بوو، لەبەرئەوە دەیتوانی تەواوی وردەکارییەکانی بەبیٚ

هیچ کەموکووڕییەک بهێنێتەوە بەرچاوی و لە ڕۆمانی (گێلە) دا باسی بکات. (نقومبوون لە شتێکدا) لێرەدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت و دژی سەرپێیی تەماشاکردنە.

ڕێگەم پێ بدە زیاتر ئەم بابەتەت بۆ ڕوون بکەمەوە:

١-ڕادەی کاریگەری، ئایا دەتوانیت بڵێیت هەر کام لە کتێبەکانت تا چ ڕادەیەک کاریان تێکردوویت؟ بە دەربڕینێکی دیکە تا چ ڕادەیەک، تێگەیشتنی تۆیان لە دنیا خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیانەوە و گۆڕانکارییان لە شێوەی بیرکردنەوەی تۆدا کردووە؟ بێگومان دەتوانیت ڕادەی کاریگەری هەر کتێبێک لەسەر ژیانت بزانیت، ئەگەر کتێبێک نەیتوانیبێت شێوازی بیرکردنەوەت بگۆڕێت یان کتێبێکی خراپ بووە یان تۆ خراپ خوێندووتەتەوە، بە رای من لەم حاڵەتەدا تەنیا کاتی خۆتت بەفیڕۆ داوە.

٢- ڕۆمانی تاوانکاری و ترسناک لە ڕیسای دووبارە خوێندنەوە بەدەرن، چونکە هیچ کەسێک حەزناکات دووبارە نیازە دەروونییەکانی بکوژێک بخوێنێتەوە.

٣-باشتر وایە بڕیار بدەیت لەسەر بلیتی تایبەتی خوێندنەوەت چەند خانەیەکی بەتاڵ هەبێت. من بڕیارم داوە ساڵی لە ١٠ کتێب زیاتر نەخوێنمەوە. لەوانەیە تۆ باوەڕت وابێت ئەو ژمارەیە بۆ نووسەرێک زۆر کەمە، بەڵام من هەوڵ دەدەم کتێبی باش هەڵبژێرم و بەلای کەمەوە دوو سێ جار بیانخوێنمەوە، بۆ ئەوەی بتوانم زیاتر بابەتەکانیان بەیاد بهێنمەوە و کاریگەریی زیاتریان هەبێت لەسەرم.

٤- ئـەگـەر تـۆ گـەنجیت دەرفـەتـی زیـاتـرت هـەیـە بۆ خوێندنەوە و هەلومەرجی تۆ لەگەڵ کەسێکی وەکو مندا تـەواو جـیـاوازە، تۆ دەبێت هـەوڵ بدەیت هەتا دەتوانیت کتێب بخوێنیتەوە، لە رۆمان و کورتەچیرۆکەوە بگرە هەتا چیرۆکی واقیعی و زانستی، پێویست ناکات زۆر گویَ بە چۆنێتی خوێندنەوەی خۆت بدەیت، لەوانەیە بپرسیت بۆچی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە بابەتێکی بیرکاریدا بەناوی بابەتی سکرتێر، خۆی حـەشـارداوە. وایدابنیَ سکرتێرێک لەناو کۆمەڵیَ کەسدا هەڵدەبژێریت کە داوایان کردووە. لە قۆناغی یەکەمدا چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموویان دەکەیت و تەقریبەن ٣٧٪ یان بۆ ئیشەکە بە گونجاو نازانیت.

ئەگەر لە خوێندنەوەشدا بۆ جۆرەها کتێب جیاوازی نەکەیت و کتێبی جیاواز و لە بابەتی جیاوازدا بخوێنیتەوە، تارادەیەک شتەکان لەبەردەستتدا کەڵەکە دەبن و سەبارەت بەو نـاوەڕۆکـەی لە ئەدەبیاتدا زاڵـە زانیارییەکی گشتیت دەستدەکەوێت. لە ئەنجامدا دیدگا و توانای داوەریت بەهێز دەبێت و لـەو رێگەیەوە دەتوانیت بـاش و خـراپ لەیەک جیابکەیتەوە و توانای هەڵبژاردنی باشترت دەبێت، بەم پێیە ئەگەر هێشتا نەگەیشتوویتەتە تەمەنی ٣٠ساڵی شێوازی بلیت بۆ خوێندنەوەی کتێب بەکارمەهێنە و ئەوەت لە یاد بێت ئەگەر بگەیتە ٣٠ ساڵی ئیتر کات تەرخانکردن بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە لە بواری پسپۆڕی و حەز و ئارەزووی تۆ دا نین جۆرێکە لە بەفیڕۆدانی کات و خەرجی.

(37)

## تەڵەی دۆگمابوون

### بۆچی ئایدیۆلۆجستەکان زیادەڕەوی لە ئاساییکردنەوەی کاروبارەکاندا دەکەن؟

ئایا دەزانیت زنجیر، بۆ نموونە زنجیری پانتۆڵ چۆن ئیش دەکات؟ نمرەی (سفر تا ١٠) بدە بە زانیاری خۆت سەبارەت بە ئیشکردنی زنجیر لە نێوان "نازانم"، "زانیاری تەواوم هەیە". پاشان هەوڵبدە وێنەی ئیشکردنی زنجیرەکە لەسەر کاغەز نیشان بدەیت و روونکردنەوەیەکی کورتیشی لەبارەوە بنووسیت. وایدابنێ روونکردنەوە و وێنەکە بۆ کەسێکە پێشان قەت زنجیری بەکارنەهێناوە و هیچی لەبارەوە نازانێت. ئێستا نمرەی (سفر تا ١٠) بدە بەو وێنە و روونکردنەوەیەی کێشاوتە و نووسیوتە.

لیۆنید رۆزنبلید (Leonid Rozenblit) و فرانک کیل (Frank Keil) توێژەرانی زانکۆی (یل) پرسیارێکی زۆر ئاسانیان لەو سەدان کەسە کرد کە بەشدارییان لە تاقیکردنەوەکەیاندا کرد: "تەوالێت چۆن ئیش دەکات؟"، "ئایا سەبارەت بە ئیشکردنی پاتری زانیاریت هەیە؟"

هەردووکیان وەڵام و ئەنجامی یەکسانیان دەسکەوت. بەو مانایەی ئێمە پێمان وایە زانیاری زۆرمان سەبارەت بە دنیای دەورمان و شێوازی ئیشکردنی شتەکان هەیە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت روونی بکەینەوە و کەسانی تر بە

شێوازی ئیشکردنی شتێک یان باوەڕ و ڕێبازێک ئاشنا بکەین تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوانە مامەڵە ناکەین و هەست دەکەین زانیارییەکانمان کەموکورتی زۆری تیایە و خاڵی نادروونی زۆری تێدا دەبینرێت. لە راستیدا ئێمە هەمیشە هەست دەکەین زانیاری زۆرمان هەیە، بەڵام ڕەنگە بەکردەوە وانەبێت و ئێمە وەهمی زانینمان هەیە.

ئەگەر ئێمە نەتوانین دەرەقەتی ڕوونکردنەوەی ئاسانی وەکو شێوازی ئیشکردنی زنجیر و تەوالێت بێین، ئیتر سەبارەت بە وەڵامدانەوەی مەسەلە گەورە و گرنگەکان چۆن دەبین؟ پرسیاری لە بابەتی چ رادەیەک لە کۆچ لە ماوەی درێژخایەندا یارمەتی گەشەکردن و چالاکی کۆمەڵگە دەدات؟ یان ئەوەی ئایا ئەگەر هەر کەسێک خاوەنی چەکی خۆی بێت کۆمەڵگە ئەمینتر دەبێت یان نا؟

ئاسایی ئێمە حەزدەکەین سەبارەت بە هەموو شتێک و تەنانەت مەسەلە گەورەکان رای خۆمان دەربڕین و بیروڕای خۆمان وەکو تیرێک کە لە کەوان دەردەچێت بەملاو بەولادا بهاوێژین، بەڵام باشتروایە لەگەڵ خۆماندا راستگۆ بین. ئێمە بە باشی و بەو شێوەیەی کە حەقی خۆیان بدەینێ بیرمان لێ نەکردوونەتەوە. تەنانەت زۆر رووکەش و سەرپێیش هەوڵمان نەداوە زۆر بابەت بخەینە مێشکمانەوە و کەمێک بیریان لێ بکەینەوە. هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت بابەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاڵۆزترن لە شێوازی ئیشکردنی زنجیر، تەوالێت، یان پاتری. بۆچی؟ چونکە هەر

جۆرە دەستوەردانێک لە بینای کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی چەند رووداوێک و لە ئەنجامی ئەو رووداوانەوە مەسەلەی تر دێتە ئاراوە و زنجیرەیەک رووداوی پێشبینی نەکراو روودەدەن. چ کەسێک ئەوەندە دووربینە بتوانێت پێشبینی هەموو رووداوەکان بکات و رێگە چارەیان بۆ بدۆزێتەوە؟

بەم پێیە و لەبەرئەوەی زۆربەی مرۆڤەکان حەزیان لە ئێشی درێژخایەن و پڕ دەردەسەری نییە، ئێمە هەوڵدەدەین چەند رێگایەکی قەدبڕ بۆ خۆمان دروست بکەین. بەو مانایەی لە جیاتی راوێژ بە پسپۆڕان یان خوێندنەوەی کتێبی بەسوود، بیروبۆچوونی دەوروبەرمان وەردەگرین و ئەوانیش دەشێت سەر بەگروپێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان تەنانەت گروپێکی سەرجادە بن. بەم پێیە لەوانەیە بیروبۆچوونەکانی ئێمە هێندە راست و جێی متمانە نەبن و لە سەرچاوەی باوەڕپێنەکراوەوە وەرگیرابن.

ئێمە ئاسایی حەزدەکەین وا تەسەور بکەین کە شێوازی بیرکردنەوەمان جیایە و سەربەخۆیە لە کەسانی دی، بەڵام بەداخەوە لە راستیدا وانییە و بیروبۆچوونەکانیشمان وەکو جلوبەرگەکانمان پەیڕەوی مۆدیل و شێوازێکی باوی کۆمەڵگە دەکەن.

هەندێک باوەڕیان وایە هەبوونی حزبە جیاوازەکان بە بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجییە جیاوازەکانیانەوە یارمەتی پێشکەوتنی دنیا دەدات، بەڵام بە باوەڕی من هەبوونی ئایدیۆلۆجیایەکی چەقبەستوو دەشێت مایەی دەردەسەری

بێت. لە راستیدا ئایدیۆلۆجیاکان ڕێبازی حزب و گرووپە جیاوازەکانن و زۆرجـار هەر هەموویان پێشان کۆمەڵێ بیروبۆچوون ریزبەندی دەکەن و دەرخواردی ئێمەی دەدەن.

هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت ئایدیۆلۆجیاکان دەتوانن زۆر ترسناک بن. لە راستیدا کاریگەرییان لەسەر مێشک وەکو کارەبای ڤۆڵتاج بەرز وایە و دەبێتە هۆی بڕیاری بەپەلە و هەموو فیوزەکانی مێشکمان دەسووتێنێت. بۆ نموونە کاتێک پیـاوانی خـاوەن شـەهـادەی ئـەورووپا سوێندیان دەخـوارد دڵسۆزی داعش دەبن و لەپێناوی ئامانجەکانی ئەواندا شەڕ دەکەن، تووشی پەتای ئایدیۆلۆجی ببوون و نەیاندەتوانی لۆجیکیانە بیربکەنەوە. لەبەر ئەوە باشتر وایە لە ئایدیۆلۆجیا و دەمارگیری بەدوور بیت، چونکە مێژوو سەلماندوویەتی ئایدیۆلۆجیایەکی دۆگما هەرگیز ناتوانێت لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا مرۆڤ بە سەرکەوتن بگەیەنێت. ئایدیۆلۆجیای چەقبەستوو کورتبینت دەکات و دووربینی و تێگەیشتنی بەرفراوانت کەم دەکاتەوە. جگەلەوەش داوات لێدەکات سەبارەت بە هەموو شتێک بەخێرایی بڕیار بدەیت و لایەنگری بکەیت. من خۆم هیچ مرۆڤێکی دەمارگیر ناناسم چێژ لە ژیان ببینێت و بە باشی و ڕەزامەندییەوە سەیری ژیان بکات.

هەڵبەتە زۆر کـەس ئاگـایـان لـەوە نییە کە سەرقاڵی پەیڕەویکردنی ئایدیۆلۆجیایەک یان شێوازێکی بیرکردنەوەن، بـەڵام چـۆن پـەی بـەوە ببـەیـن کـەوتـوویـنـەتـە داوی

ئایدیۆلۆجیایەکەوە یان نا؟ سێ نیشانە بۆ دەستنیشانکردنی ئایدیۆلۆجیا هەیە:

١-هەموو شتێک روون دەکاتەوە.

٢- کەس مافی رەتکردنەوەی نییە.

٣- نارِوون و تەمومژاوی دێتە بەرچاو.

مارکسیزم نموونەیەکی دیاری ئایدیۆلۆجیایە کە بۆ هەموو شتێک روونکردنەوەیەک دەهێنێتەوە و جێگای بۆ هیچ مشتومڕ و بۆچوونێکی جیاوازی بەکراوەیی نەهێشتۆتەوە. لە راستیدا ئەگەر سامان لای توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگە کۆبێتەوە، ئەو کەسەی باوەڕی بە مارکسیزم هەیە ئەم مەسەلەیە دەداتە پاڵ هەبوونی گەندەڵی لە سیستەمی سەرمایەداریدا و ئەگەر نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا کەم بێتەوە، مارکسییەکان دەڵێن کۆمەڵگە لە قۆناغی کامڵبوون و گۆڕاندایە بۆ کۆمەڵگەیەکی بێ چین.

هەڵبەتە وەکو یەکەم روانین ئەوەی کە تیۆرێک قابیلی مشتومڕ نەبێت لەوانەیە وەکو سیفەتێکی باش لێک بدرێتەوە. بۆچی نا؟ تیۆرێک ئەوەندە بەهێزە کە دەتوانێت هەموو شتێک ئاراستە بکات و هەمیشە راستە. کێ دژی شتێکی وا دەبێت؟ بەڵام بە کردەوە و لە واقیعدا شتێکی وا نییە. مێژوو ئەوەی سەلماندووە هەمیشە ئایدیۆلۆجیا و بیروباوەڕە گەورەکان رووبەڕووی تەحەدا بوونەتەوە و کەسانێک بە راستی و بە لۆجیکی خستوویاننەتە ژێر پرسیارەوە. کەواتە هەولبدە بە دوای رێسا یان یاسایەکدا بگەڕێ کە لە هەموو حاڵەتەکاندا راست بێت.

ئاسایی کەسانی داهێنەری ئایدیۆلۆجیا بۆ ئەوەی نیشانی بدەن ئایدیۆلۆجیاکەیان قابیلی چالێنج نییە بە شێوەیەکی نــاڕوون و تــەمومژاوی دەریـدەبـڕن. تـەنانـەت لەوانەیە خۆشمان هەندێک جار بۆ قبوولکردنی قسەکانمان فێڵ بەکاربێنین، بەڵام بەهەرحاڵ هەوڵبدە سەرەتا لە مێشکی خۆتدا مەسەلەکان بە باشی هەڵسەنگێنیت و لە زمانی مێشکی خۆتەوە قسە بکەیت. هەرگیز بەبێ بیرکردنەوە پەیڕەوی ئەو فۆرمانە مەکە کەسانی تر بۆیان دروست کردوویت. ئاگات لێبێت زۆربەی حزبە سیاسییەکان ئاسایی بۆ دەربڕینی ئەوەی خۆیان چ بیروباوەڕێکیان هەیە زاراوەی خەڵک بەکاردەهێنن. بۆ نموونە دەڵێن: "خەڵک پێیان وایە کە ..."، "خەڵک حەزدەکەن کە ..." هەروەها رێگە لەوە بگرە تووشی ئەوە بیت دروشم بڵێیتەوە.

کاتێک لەناو خەڵکدا قسەت دەکەیت ئاگات لەو وشانە بێت کە دەیانڵێیت، چونکە داکۆکی توندڕەوانە لە باوەڕ و دەمارگیرییەک لەناو جەماعەتدا دۆخی تۆ خراپتر دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی باوەڕت بەو مەسەلانە تۆختر بێت و هەرگیز نەتوانیت بیروباوەڕی هەڵەت ریشەکێش بکەیت.

هەوڵبدە بەدوای بیروبۆچوون و بەڵگەکانی ئەو کەسانەدا بگەڕێیت کە دژی تـۆن. ئەگەر بەشی (٣٠) ئـەم کتێبەت خوێندبێتەوە، بێگومان ئـەوەت دێتەوە یاد کە پێم وتیت تەسەور بکە لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا بەشداریت کردووە و جگەلە تۆ پێنج کەسی تریش لەبەرنامەکەدا ئامادەن و

رای هەموویان دژی رای تۆیە. لەم حاڵەتەدا تۆ تەنیا کاتێک دەتوانیت تـەحـەدای بیروبۆچوونەکانی ئـەوان بکەیت کە بەڵگەی لۆجیکیت بۆ بیروبۆچوونەکانی خۆت هەبێت.

بە گشتی دەبێت بڵێم هەوڵبدە جۆرە بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆت هەبێت و زۆر دڵسۆزی ئەو ڕێبازانە مەبە کەسانی تر بۆت دیاری دەکەن و هەرگیز بە دەمارگیرییەوە بیرمەکەرەوە و ئیش مەکە. لە راستیدا هەرچەندە زووتر پەی بەوە ببەیت کە هەندێ لە بیروبۆچوونەکانت هەڵەیە و تۆ ناتوانیت سەر لە هەموو شتێک دەربکەیت، زووتر پێدەگەیت و سەرکەوتوو دەبیت.

(38)

## کەمکردنەوەی عەقڵ

## چۆن دەزانیت خۆشحاڵیت؟

لە ڕۆژی کریسمسدا لە گوندێکی بچووک لە ئەمریکا بە ناوی بێدفۆرد فالز (Bedford Fallz) جۆرج بایلی (George Bailey) بەنیاز بوو خۆی بکوژێت، بایلی پیاوێکە خۆی خۆی دروستکردووە و ژنێک و چوار منداڵی هەیە، ئێستا مایەپووچ بووە، لەبەرئەوەی مامی هەموو پارەکانی لە گرەوێکدا دۆڕاندووە، بایلی ئێستا لەسەر پردێکە و بەنیازە خۆی فڕێبداتە رووبارێکەوە، لە هەمانکاتدا پیرەمێردێک دەکەوێتە رووبارەکەوە و داوای یارمەتی دەکات، بایلی دەتوانێت رزگاری بکات. پیرەمێردەکە بە بایلی دەڵێت تۆ فریشتەیت. بایلی باوەڕ بە قسەکەی ناکات و لە جیاتی ئەوە خۆزگە دەخوازێ هەر نەهاتایەتە دنیاوە. فریشتە ئاواتەکەی دەهێنێتە دی و بێدفۆرد فالز دەبێت بە شوێنێکی فەرامۆشکراو و نەگبەت. لەبەرئەوەی هەموو ئاوەدانییەکی گوندەکە بەهۆی کار و کاسپی و هەوڵەکانی بایلییەوە بە دەستهاتووە و ئەگەر ئەو نەبێت، ئیتر وجودی ئەو گوندەش بێمانا دەبێت.

بایلی ئەمانەی بە خەون بینی و کاتێک خەبەری بۆوە هەستیکرد زۆر خۆشحاڵە و ئیتر هەست بە خەمۆکی ناکات. بۆیە بەرەو شەقامی سەرەکی گوندەکە رۆیشت و بە خۆشحاڵی و پێکەنینەوە هاواریکرد: " کریسمس پیرۆزبێت".

ئەم گرتەیە بەشێکە لە فیلمی ئەمە ژیانێکی سەرسوڕهێنەرە (Its a Wonderful Life) کە لە ساڵی (١٩٤٦)دا دروستکراوە و جەیمس ستیوارت (James Stewart) رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێ. ئەو ستراتیجەی فریشتە لەم فیلمەدا بەکاریهێنا بە دابەشکردنی عەقڵیی ناسراوە و تۆ بۆ ئەوەی ژیانێکی باشت هەبێت دەتوانیت بەکاری بهێنیت. بۆ ئەوەی لە مەبەستەکەم تێبگەیت رێگەم بدە پرسیارێکت لێبکەم.

تا چەند لە ژیانی خۆت رازیت؟ نمرەی (سفر تا ١٠) بدە بەخۆت (تەواو ناڕازی و پەرێشانم)، (زۆر خۆشحاڵم)، لە جێگایەکدا بینووسە، ئێستا پەرەگرافی دواتر بخوێنەرەوە و ئەوەی پێت دەگوترێت جێبەجێی بکە. چاوانت دابخە. وای دابنێ دەستی راستت لە دەستداوە، هەست بەچی دەکەیت؟ هەست دەکەیت ژیان بە یەک دەستەوە بۆ تۆ چۆن دەبێت؟ چۆن نان دەخۆیت؟ چۆن تایپ دەکەیت؟ ئایا دەتوانیت سواری پاسکیل بیت؟ یان باوەش بە کەسێکدا بکەیت؟ وایدابنێ دەستی چەپیشت لە دەستداوە، ئایا دەتوانیت شتێک هەڵگریت یان باوەش بە کەسێکدا بکەیت؟ وایدابنێ جگەلەوە چاویشت لە دەستداوە. دەتوانیت ببیستیت، بەڵام ئیتر ناتوانیت روخساری هیچ کام لە ئەندامانی خێزانەکەت ببینیت یان سەیری دیمەنی جوان بکەیت، چ هەستێکت هەیە؟ چاوانت بکەرەوە و هەوڵ بدە بۆ ماوەی دوو دەقە دەستت یان چاوت بەکاربهێنیت بۆ ئەوەی لە خراپی وەزعت بەبێ بوونیان تێبگەیت و پاشان لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بە.

ئێستا دوای ئەمانە تا چەند لە ژیانی خۆت رازیت؟ بە نمرەی (سفر تا ١٠) وەڵامی ئەم پرسیارە بدەرەوە. زۆربەی ئەو کەسانەی لەم تاقیکردنەوەیەدا بەشداریان کردووە دەڵێن دوای ئەوەی دەرکیان بە گرنگی دەست و چاویان کردووە تا رادەیەکی زۆر خۆشحاڵ بوون کە لە دەستیان نەداون. من کاتێک بۆ یەکەمجار ئەم تاقیکردنەوەیەم کرد، هەستمکرد وەکو تۆپێک وام کە یەکێک منی خستۆتە ژێر ئـاوەوە و دەستی لەسەر داناوم، لەپڕ دەستی لادەبات و رێگە دەدات بێمەوە سەر ئاوەکە، دەتگوت فوارەم دەچم بە ئاسماندا. هەموو ئەمانە لە کەمکردنەوەی عەقڵەوە سەرچاوەیان گرتووە.

دیارە پێویستت بەوە نییە هەموو جارێک کە هەستت بە بێتاقەتی کرد، وابزانیت ئەندامێکت لە دەستداوە، دواتر کە زانیت وانییە هەست بە خۆشحاڵی بکەیت، دەتوانیت بیر لەوە بکەیتەوە ئەگەر هاوسەرەکەت وازت لێبێنت، تا چەند بێتاقەت دەبیت یان ئەگەر منداڵەکەت بە رووداوی ئۆتومبێل گیان لە دەست بدات تا چەند غەمگین دەبیت یان وایدابنێ لە شەڕدایت و لە سەنگەرێکدایت، چاوت دابخە و تەسەوری ئەمانە بکە. لەم حاڵەتەدا خۆشحاڵ دەبیت کە هیچ کام لەمانەت بەسەر نەهاتووە.

هەروەکو لە بەشی حەوتەمدا دیمان باشتروایە بۆ هەموو ئەو شتە باشانەی لە ژیانماندا هەن، هەمیشە قەدرزان و سوپاسگوزار بین. هەروەها لە زۆربەی کتێبەکانی

خۆدروستکردن و بیرکردنەوەی پۆزەتیڤدا ڕێنماییکراوە بە بیرکردنەوە لە ڕووداوی خۆش لە ژیانماندا مەعنەویاتی خۆمان بەرز بکەینەوە و ناشکور نەبین. بەڵام سەبارەت بە قەدرزانین دوو مەسەلە هەیە کە خراپ نییە باسیان بکەین:

١ – تۆ قەدری کێت لایە؟ لەوانەیە تۆ مرۆڤێکی مەزهەبی نەبیت، لەم حاڵەتەدا سەبارەت بە هەبوونی شتی باش لە ژیانتدا قەدری کێت لایە یان قەدری کێ دەزانیت؟

٢–ڕاهــاتــن: مێشکی مــرۆڤ ئـاسـایـی لـە بـەرامـبـەر گۆڕانکارییەکاندا بە توندی کاردانـەوەی دەبێت، بەڵام بە خێرایی لەگەڵ هەلومەرجدا خۆی دەگونجێنێت. لە کاتی ڕووداوی ناخۆشدا ئەم خاسیەتە دەتوانێت زۆر یامەتیدەر بێت. لە ڕاستیدا، بێتاقەتی ئێمە لە دەرکردن یان سەقەتبوون دوای دەعمێک بە زوویی نامێنێت، چونکە خۆمان لەگەڵ هەلومەرجەکەدا دەگونجێنین. دۆن گیلبەرت (Don Gilbert) بـاوەڕی وایـە مێشکی ئێمە وەکـو لەشمان سیستەمێکی بەرگری تێدایە. ئەم سیستەمی بەرگرییە تەنیا لە بەرامبەر بەدبەختییەکاندا کاردانەوەی نابێت، بەڵکو لە بەرامبەر شادی و خۆشییەکانیشدا کاردانەوەی دەبێت.

بۆ نموونە: گریمان ملیۆنەها دۆلارت لە ڕێگەی لۆتەری (Lottery) یەوە بردەوە، بێگومان لەو کاتەدا زۆر خۆشحاڵ دەبیت، بەڵام شەش مانگ دوای ئەوە ڕادەی خۆشحاڵیت دەگەڕێتەوە بۆ پێش بردنەوەی پارەکە، ئەم بابەتە سەبارەت بە لەدایکبوونی منداڵێک یان کڕینی خانوویەکی تازەش

ڕاستە، لەبەرئەوەی ٩٩٪ ی لایەنە پۆزەتیڤەکانی ژیانی ئێمە ئاسایی لە یەک دوو ڕۆژدا بەدینەهاتوون و درێژخایەن و بەردەوامن، بەڵام ئێمە خوومان پێوە گرتوون و ئەم ڕاهاتنە بۆتە هۆی ئەوەی بە سەرسوڕهێنەریان نەزانین و بەرەبەرە لامان ئاسایی بن.

بەڕای من قەدرزانین شێوازێکە بۆ ڕێگری لە پڕۆسەی ئاساییبوونی ڕووداو و لایەنە باش و پۆزەتیڤەکانی ژیانمان، بەم پێیە دەبێت هەمیشە سامان و نیعمەتە مادی و مەعنەوییەکانی خۆمان لەیاد بێت و بەو یادەش هەست بە خۆشحاڵی بکەین، هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بزانین، بەداخەوە مێشکی ئێمە لەگەڵ ئەم تاکتیکەشدا ڕادێت، بە دەربڕینێکی دیکە ئەو کەسانەی بەردەوام لیستی موڵک و لایەنە پۆزەتیڤەکانیان چێک دەکەن و قەدریان دەزانن، بەرەبەرە هەستدەکەن کە ئیتر بە بیرهێنانەوەی موڵک و سامانەکەیان ئەوەندە خۆشحاڵ نابن و ئەمەش بەرەبەرە بەلایانەوە ئاسایی دەبێت.

ئەم دوو کێشەیە بە خاڵی لاوازی تەکنیکی قەدرزانین حساب دەکرێن، لە ڕاستیدا دەبێت سوپاسی کێ بکەین و مەسەلەی ڕاهاتن دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم شێوازە کاریگەریی خۆی تاڕادەیەک لە دەست بدات. ئێستا هەواڵێکی خۆشم هەیە بۆت: شێوازی کەمکردنەوەی عەقڵ هیچ کام لەم کێشە و خاڵە لاوازانەی نییە، لەبەرئەوەی تەواو پێشبینیکراو نییە، بۆیە مێشکت چاوەڕێی ناکات. لەو لێکۆڵینەوە جۆراو جۆرانەی کە

لەلایەن گیلبەرت و تیمۆسی ویڵسۆن (Timothy Wilson) ەوە کراون، دەرکەوتووە کە شێوازی کەمکردنەوەی عەقڵ رادەی خۆشحاڵی و رەزامەندیی ئێمە تاڕادەیەکی زۆر زیاد دەکات و کاریگەریی شێوازی قەدرزانینی زۆر لەسەرە. رەواقییەکان دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر دەرکیان بەم شێوازە کردووە، یانی لە جیاتی ئەوەی بیر لەو شتانە بکەینەوە کە حاڵی حازر لەبەر دەستماندا نین، ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەگەر دەستکەوت و شتەکانی حاڵی حازرمان لەدەست بدەین چەندە غەمگین دەبین.

بۆ نموونە گریمان وەکو وەرزشکارێکی ئۆڵەمپی لە لووتکەی خۆتدایت و تەنانەت ئەگەری ئەوەش هەیە میدال وەرگریت، ئێستا کام میداله خۆشحاڵت دەکات؟ زیو یان برۆنز؟ بێگومان تۆ بە وەرگرتنی میدالی زیو خۆشحاڵتر دەبیت، بەڵام لێکۆڵینەوەیەک لەناو وەرزشکارانی ئامادەبوو لە ئۆلەمپیکی (١٩٩٢)ی بارسیلۆنا سەلماندی، کە وەرگرانی میدالی زیوی ئۆلەمپی ناڕازیتر دەبن لە وەرگرانی میدالی برۆنز! لەبەرئەوەی وەرگرانی میدالی زیو لە فیناڵدا بەشدارییان کردبوو، ئەگەری ئەوەیان دادەنا بتوانن میدالی زێڕ وەربگرن، بەڵام وەرگرانی میدالی برۆنز لەناو دۆڕاوەکاندا بوون و تەنانەت ئەگەری ئەوەشیان دانەدەنا بتوانن میدالێک وەربگرن، بەم پێیە شێوازی کەمکردنەوەی عەقڵ دەتوانێت کاریگەریی خراپی رووداوەکان لە مێشکی ئێمەدا بەتاڵ بکاتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە تۆ بەم شێوازە هەمیشە خۆت

لەگەڵ کەسانێکدا بەراورد دەکەیت کە نەیانتوانیوە میدال وەربگرن، یان ئەگەر وەرزشکاری ئۆلەمپیک نیت دەتوانیت خۆت لەگەڵ کەسانێکدا بەراورد بکەیت کە بە نیسبەت تۆوە وەزعێکی خراپتریان هەیە.

بە گشتی شێوازی کەمکردنەوەی عەقڵ شێوازێکی کارایە بۆ هەڵخەڵەتاندنی مێشک، بۆ ئەوەی بەها بۆ شتە باشەکانی ژیانت دانێیت و بەم شێوەیە خۆشحاڵت بکات و ژیانێکی باشت هەبێت.

پۆل دیلان باوەڕی وایە: "هەندێ جار شادی لە ژیانی ئێمەدا زۆر هەستی پێناکرێت و ئێمە دەبێت بە چەند تەکنیکێک شادییەکانی ژیانمان زیاتر بکەین." وایدابنێ تۆ خەریکی پیانۆ دەژەنیت، بەڵام ناتوانیت دەنگی پیانۆکەی خۆت ببیستیت. زۆر لە چالاکییەکانی ژیان وەکو پیانۆ ژەنین وایە کە ناتوانیت دەنگەکەی ببیستیت، ئەگەر میتۆدی کەمکردنەوەی عەقڵ بەکاربهێنیت، لە کۆتاییدا دەتوانیت دەنگی مۆسیقای ژیانت ببیستیت.

## (39)
## خاڵی کۆتایی تاوتوێکردن
### بیرکردنەوە بریتییە لە مامەڵەکردن وەکو مەشخەڵێک بۆ رووناکییەکی دۆزەرەوە

دەمەوێت گەورەترین رازت بۆ باس بکەم کە لە دنیای نووسیندا هەیە: ئاسایی باشترین بیرۆکەت لە کاتی نووسیندا بۆ دێت، نەک کاتێک کە سەرقاڵی بیرکردنەوە و قووڵبوونەوەی لە مەسەلەکان، تەنانەت ئەگەر تۆ نووسەریش نەبیت زانینی ئەم مەسەلەیە کەڵکی دەبێت بۆت، لەبەرئەوەی ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە چالاکییەکانی تریش راستە. بۆ نموونە خاوەنکارێک قەت ناتوانێت پێشبینی بکات کە بەرهەمەکەی سەرکەوتوو دەبێت یان نا، هەتا بەرهەمەکەی رەوانەی بازاڕ دەکات. لە راستیدا هەرچەندە لێکۆڵینەوە لە کڕیارەکانی بکات، دیسان لە ناسینی تەواوی بازاڕدا چەند خاڵێکی لاوازی دەبێت و ناتوانێت بە باشی کاردانەوەی کڕیارەکانی سەبارەت بە بەرهەمە تازەکەی پێشبینی بکات، یان ئاسایی فرۆشیارێک هەتا چەند جارێک رووبەڕووی ناڕەزایی کڕیارەکانی نەبێتەوە و شێوازی ئیشەکەی نەگۆڕێت، نابێت بە فرۆشیارێکی سەرکەوتوو.

لە راستیدا هەندێک مەسەلە هەن کە لە هیچ کتێبێک، یان لە هیچ لێکۆڵینەوەیەکدا باسیان نەکراوە. بۆ نموونە: باوک و دایکێک قەت بە خوێندنەوەی کتێبی گیرفان سەبارەت

به پەروەردەکردنی منداڵ ناگەنە هیچ ئەنجامێک، ئەگەر بەردەوام لەگەڵ منداڵەکانیان خەریک نەبن و ئاگایان لێیان نەبێت. هەروەها مۆسیقارەکان تەنیا لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە دەتوانن شارەزایی خۆیان پەرەپێبدەن و قسەکردن سەبارەت بە ئامێرەکانیان بە هیچیان ناگەیەنێت.

بۆچی دەبێت وابێت؟ لەبەرئەوەی جیهان لەبەرچاوی ئێمە لێڵە و تەواو شەفاف نییە. بە دەربڕینێکی دیکە واقیع هیچ کاتێک بە تەواوی خۆیمان نیشان نادات، تەنانەت هۆشیارترین و عاقڵترین کەس ناتوانێت پێشبینی درێژخایەنی هیچ مەسەلەیەک بکات، تەنیا چەند مەترێک بەرپێی خۆی دەبینێت. ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە سنوورەکان زیاتر پێداگرین و زیاتر بڕۆین، دەبێت لە جیاتی چەقین لە شوێنی خۆمان، جووڵە و چالاکیمان هەبێت و دەستبەکاربین.

یەکێک لە هاوڕێکانم پیاوێکی زیرەکە بڕوانامەی (MBA)، واتە ماستەری هەیە لە بەڕێوەبردنی ئیشوکاردا (بەڵام با ئەمە لە دژی بەکارنەهێنین)، ئیشوکاری لە بواری دەرمانسازیدا باشە و ١٠ ساڵی ویست هەتا توانی ببێتە خاوەنی کۆمپانیای خۆی و ئێستا بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەی خۆیەتی. کتێبی زۆری سەبارەت بە دۆزینەوەی ئیشوکار خوێندۆتەوە، لێکۆڵینەوەی زۆری لە بواری بازاڕ دۆزینەوەدا کردووە، زیاتر لە ٣٠ پلانی ئیش و کاری (business plan) داناوە و تۆماری کردوون، هەمیشە عەقڵی پێی دەڵێت:

(بیرۆکەکانی تۆ زۆر باشن، بەڵام پەیوەندی بەوەوە هەیە چۆن بیانخەیتە بواری عەمەلییەوە و کاردانەوەی رکابەرەکانت چۆن دەبێ.) هەرچەندە بیردەکاتەوە ناتوانێت لەوە زیاتر بچێتە پێشەوە و دەستی بگات بە سەرچاوەی نوێ، لەم کاتەدا بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە لەو بارەیەوە بێسوودە و بە جێگایەکی تازەمان ناگەیەنێت، من ئەمە ناو دەنێم خاڵی کۆتایی بیرکردنەوە یان تاوتوێکردن.

هەڵبەتە من دژی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە نیم، بەڵکو هەندێ جار لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی مەسەلەکان دەتوانێت یارمەتییەکی باشمان بدات، بەڵام کاریگەریی و رەنگدانەوەی بەپێی زەمەن کەم دەبێتەوە و دەگەیتە خاڵی کۆتایی تاوتوێکردن، بۆ نموونە بڕیار و سیاسەتدارشتنی ئابووری لەبەرچاو بگرە:

کاتێک تۆ هەموو واقیع و راستییەکان کە دەستت پێیان دەگات لەبەردەستایە، بەلای کەمەوە پێویستت بە سێ رۆژە بۆ ئەوەی بە تەواوی هەزمیان بکەیت و لێیان تێبگەیت. لەوانەیە بڕیاردان سەبارەت بە ژیانی تایبەتیت پێویستی بەیەک حەفتە بێت، یان بڕیاردان سەبارەت بە گۆڕینی ئیشەکەت پێویستی بە پێنج رۆژ بێت، وێڕای ئەوەش هەندێ کات بەخۆت دەدەیت بۆ ئەوەی دڵنیا بیت، ئەو بڕیارانەت لە رووی هەستی کاتییەوە نەداوە، بەڵام دوای بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە دەرگای تازەت بە روودا ناکرێتەوە، ئەگەر دەتەوێت زانیاری تازەت دەسکەوێت دەبێت دەستبەکار بیت.

بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە بـەراورد بە ئیشوکار وەکو مەشخەڵێک وایـە کـە قسـەی لـەسـەر دەکرێت و تاوتویێ دەکرێت، کـردار یان دەستبەکاربوونیش وەکو چرایەکی بەهێز وایە، کە تیشکەکەی زیاتر بڕدەکات بۆ ئەو جیهانەی ناتوانین بچینە قووڵاییەوە، هەرکاتێک گەیشتینە جێگایەکی تازە و گرنگ، دەتوانین مەشخەڵێکی دیکە داگیرسێنین. ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بدەرەوە:

وایدابنێ بڕیارە لەگەڵ کەسێکدا بچیت بۆ دورگەیەکی چۆڵ لە ناوەڕاستی ئۆقیانووسی ئارامدا، پێت باشە لەگەڵ کێدا بچیت؟ هاوسەرەکەت؟ راوێژکارێک؟ زیرەکترین پڕۆفیسۆر کە دەیناسیت؟ بێگومان نەخێر! تۆ بەلەم دروستکەرێکی شارەزا وەکو هاوسەفەری خۆت هەڵدەبژێریت.

تیۆریناسان، پڕۆفیسۆران، راوێـژکـاران، نـووسـەران، بلۆگەران (Bloggers) و رۆژنامەنووسان حەزدەکەن تەسەور بکەن دەتوانن لە ڕێگەی بیرکردنەوە و قووڵبوونەوەوە دەستیان بە هەموو رازەکانی جیهان بگات، بەڵام بەداخەوە واقیع وا نییە، کەسانی داهێنەر و زانای وەکو ئەنیشتاین، نیوتن، فلینمان کەسانی شـازن، بـەڵام بە گشتی زۆربـەی پێشکەوتنەکان لە بواری زانست، ئابووی، یان بوارەکانی تر لە ڕێگەی پەیوەندی بەرامبەر لەگەڵ دنیادا بەدەستهاتووە و تۆ بۆ تێگەیشتن لە مەسەلەیەک کە زانیاریت لەبارەیەوە نییە دەبێت ڕووبەڕووی بیتەوە و پەیوەندی لەگەڵ دروست بکەیت.

هەڵبەتە لەوانەیە وتنی ئەم قسەیە ئاسان بێت، بەڵام بەکردەوە ئیشێکی قورسە، تەنانەت خۆشم جاریوایە سەبارەت بە مەسەلە جیاوازەکان لەڕادەبەدەر بیردەکەمەوە و نامەوێت لەوە تێبگەم کە گەیشتوومەتە خاڵی کۆتایی.

بۆچی؟ چونکە ئەم شێوازە ئاسانترە. تیۆر و تیۆردارشتن هەمیشە ئاسانترە و زیاتر قابیلی قبووڵە لە تێگەیشتن. لە راستیدا هەتا ئەو کاتەی خۆت خەریکی تاوتوێکردنی بیروبۆچوونەکانتی تووشی هیچ کێشەیەک نابیت، بەڵام کاتێک دەستبەکار دەبیت بێگومان رووبەڕووی کۆمەڵێک کۆسپ دەبیتەوە، رێک لەبەر ئەمەیە کەسەکان حەزدەکەن تەنیا رای خۆیان بڵێن و قسە بکەن. بە دەربڕینێکی دیکە کاتێک تۆ لە دنیای ناختدا دەژیت، هەرگیز رووبەڕووی ئەو کێشانە نابیتەوە کە لە دنیای دەرەوەدا هەن و لە ئەنجامیشدا وجودی شکستێک نییە. بەهەرحاڵ شکست روویەکی مەسەلەکەیە و ئەگەر بمانەوێت لە روانگەیەکی ترەوە لە مەسەلەکە بکۆڵینەوە، دەبێت بڵێین ئەزموونێکی زیاتر بەدەستدەهێنین. لەراستیدا ئەزموون شتێکە کە لەبەرامبەر نەگەیشتن بە ئارەزووەکانمان دەستمان دەکەوێت.

ئەگەر دەتەوێت سەبارەت بە خواست و ئاواتەکانت یەکلابیتەوە، دەبێت دەستبەکاربیت و بەدوای ئاواتەکانتدا بچیت، بۆ ئەوەی تێبگەیت ئایا بەڕاستی لەگەڵ تۆدا دەگونجێن یان تەنیا پێت وایە ئارەزوویان دەکەیت. هەروەها ئەوەت لەبەرچاو بێت کە تەنیا بەبیرکردنەوەی رووت، ژیانێکی پڕ

خۆشی و شادیت بە نسیب نابێت. دەروونزانان لەم بارەیەوە زاراوەی هەڵەی خۆڕاگریی بەکاردەهێنن.

لە راستیدا خۆڕاگری هەرگیز نابێتە هۆی ئەوەی ئێمە بە تەواوی پەی بەنیازە دەروونییەکانمان ببەین و تێبگەین ئامانج و خواستەکانمان لە ژیاندا چییە و تەنیا شتێک کە بەنسیبمان دەبێت میزاجی کاتی و بیروبۆچوونی تەومژاوی و هەست و پەراگەندەییە.

بەم پێیە ئەگەر ویستت بڕیارێکی گرنگ بدەیت، سەرەتا بیری لێبکەرەوە، بەڵام هەرگیز رێگە مەدە ئەو قۆناغە درێژە بکێشێت و بەخێرایی دەستبەکاربە و مەشخەڵی خۆت وەکو رووناکییەکی دۆزەرەوە بەکاربێنە، دڵنیابە کە ئەم بنەمایە لە هەموو ساتەکانی ژیانتدا سوودی دەبێت، چ لە ئیش و کار و چ لە ژیانی تایبەتی خۆتدا.

(40)

## لەپێکردنی پێڵاوی خەڵکیتر

## ئاڵوگۆڕکردنی ئیش و ڕۆڵ

بین هۆرویتز (Ben Horowitz) یەکێکە لە خاوەنکارە سەرکەوتووەکان و بنیاتنەری ئۆپسوەر (Opsware) ە، چەند ساڵێک پێش ئێستا لە بواری ئیدارەدا تووشی کێشەیەک بوو، دوو بەشی گرنگ لەو کۆمپانیایەی ئەو بەڕێوەبەری بوو (بەشی کاروباری کڕیاران و ئەندازیاریی فرۆشتن) کێشەیان هەبوو. بەشی ئەندازیاریی فرۆشتن پێی وابوو بەشی کاروباری کڕیاران لە وەڵامدانەوەی کڕیاراندا بە باشی ئیشی نەکردووە، بەم پێیە بۆتە هۆی کەمکردنەوەی بڕی فرۆشتنی کۆمپانیاکە، بەشی کاروباری کڕیارانیش پێی وابوو بەشی ئەندازیاریی فرۆشتن زانیاری دروست سەبارەت بە بەرهەمەکان ناخاتە بەردەستی ئەمان و بۆ بەرزکردنەوەی کوالیتی ئیشی خۆی سوود لە پێشنیازەکانیان وەرناگرێت. روون و ئاشکرایە کە هەردوو بەشەکە دەبێت پەیوەندییەکی باشیان پێکەوە هەبێت و پێکەوە هاوکاری بکەن. هەردووکیان کارمەندی پرۆفیشناڵیان هەبوو، هۆرویتز داوای لێکردن یەکلایەنە سەیری مەسەلەکان نەکەن و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی لایەنی بەرامبەر بۆتەوە لەبەرچاو بگرن، بەڵام ئەم شێوازە ئەوەندە کاریگەری نەبوو، بۆیە بڕیاری دا شێوازێکی دیکە تاقیبکاتەوە، بەڕێوەبەری

هەردوو بەشەکەی ئاڵوگۆڕ کرد و پێی وتن ئەم ئاڵوگۆڕە کاتی نییە بەڵکو هەمیشەییە. هەردوو بەڕێوەبەرەکە سەرەتا زۆر نیگەران بوون، بەڵام دوای حەفتەیەک هەستیان کرد هەریەکەیان پێشان چ کێشەیەکیان هەبووە و هەوڵیان دا پێکەوە هاوئاهەنگی بکەن و لەوە بەدواوە باشتر لەهەر بەشێکی دیکە پێکەوە هاوکارییان دەکرد.

لە ئەنجامدا خۆخستنە دۆخی کەسانی ترەوە، تەنیا بە خەیاڵ و بیرکردنەوە ناتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی لە بەرامبەرەکەت تێبگەیت و وەکو پێویست بۆ چاکردنی رەفتارت پاڵنەرت دەستناکەوێت، بەڵکو بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بێگومان دەبێت خۆت بخەیتە شوێنی ئەو، نەک بە خەیاڵ بەڵکو بە واقیعی دەبێت رووبەڕووی کێشەکانی ببیتەوە. وەکو دەڵێن دەبێت پێڵاوەکانی لەپێ بکەیت و لە نزیکەوە دۆخەکەی تاقیبکەیتەوە.

بۆ نموونە من قەت ئیش و کاری دایکانم بە جدی نەدەگرت، بەڵام کاتێک منداڵمان بوو، ناچار بووم ئاگام لە دوانەکەمان بێت، هەستمکرد لە ماوەی نیو رۆژدا هێندەی ١٠ رۆژ لە سەفەری ئیش ماندوو بووم. هەڵبەتە پێشان کەسانێکی زۆر پێیان وتبووم ئیشوکاری دایک تا چەند قورسە. هەروەها چەندان کتێبم سەبارەت بە پەروەردەی منداڵ و چاودێریی منداڵ خوێندبۆوە، بەڵام تەنیا بە چاودێریکردنی منداڵەکانی خۆم هەستم بەوە کرد ئەم ئیشە چەندە قورس و تاقەتپڕوکێنە. مایەی سەرسوڕمانە بۆچی ئێمە بە دەگمەن ئەم تەکنیکە

بەکاردەهێنین، ئەگەر ئێمە بەڕێوەبەری فرۆشگایەکین دەبێت لە روانگەی کڕیارەوە سەیری مەسەلەکە بکەین و لە پێداویستییەکانی تێبگەین، نەک تەنیا بە قسە بەڵکو دەبێت بە کردەوەش جێبەجێی بکەین، بە دەربڕینێکی دیکە خۆمان وەکو کڕیار شت لە کۆمپانیاکەمان بکڕین و بزانین تا چەند لە کوالیێتی بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکان رازین. هەڵبەتە کۆمپانیای زۆر هەن کە بە کردەوە ئەمەیان کردووە، وەکو کۆمپانیای شیندلەر (Schindler)، کە یەکێکە لە باشترین کۆمپانیاکان لە بواری دابینکردنی پارچەکانی قادرمەی کارەبایی و ئەسانسۆردا. لە ساڵی یەکەمدا کە ئەم کۆمپانیایە دەستبەکاربوو، هەر یەک لە کارمەندانی شیندلەر لە سکرتێرەوە بگرە هەتا بەڕێوەبەرە باڵاکان دەبوو سێ حەفتە لە بەشی دروستکردنی پارچەکان دەوام بکەن و ناچاربوون بە جلی ئیشەوە لە بەشی بەرهەمهێنان ئامادەبن و هاوکاری پێکەوە بەستنی پارچەکان بکەن. لەم حاڵەتەدا نەک تەنیا سەبارەت بە شێوازی دروستکردن و بەشەکانی ناوەوەی بەرهەمەکانیان زانیارییان دەستدەکەوت، بەڵکو تێدەگەیشتن ئیشکردن لە کارگەیەکی پارچە دروستکردندا بە چ شێوەیەکە و لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە تێدەگەیشتن ئیشی کرێکاران ئەوەندە ئاسان نییە و دەبێت رێزی ئیشەکەیان بگرن و پەیوەندییان لەگەڵیان دروستدەکرد.

ئاسایی کۆمپانیا و کارگەکان حەزدەکەن وا خۆیان نیشان بدەن پەیوەندییان لەگەڵ هێزی کار زۆر باش

و دادپـەروەرانـەیـە، بۆ نموونە لە هەواڵنامەی ئەم جۆرە کۆمپانیایانەدا وێنەی بەڕێوەبەری باڵا بەرچاو دەکەوێت کە لەگەڵ کرێکارەکانی لە بەشی بەرهەمدان و سەرپەرشتی ئیشەکەیان دەکەن، دەبێت بڵێم زۆربەی ئەمانە نواندنە و ژمارەیەکی کەمیان جلی ئیش لەبەردەکەن و کڵاو دەکەنە سەریان و پیٚ بە پێی کرێکاران سەردانی هەموو قۆناغەکانی ئیش دەکـەن، لە راستیدا زۆر لە بەڕێوەبەران نیگەرانی ئەوەن، نەبا بە چوونیان بۆ کارگە قژیان تێک بچێت. من بە هیچ شێوەیەک حەزناکەم پشکی ئەوانە بکرم.

لە نێوان قسە و کرداردا ماوەیەکی زۆر هەیە، هەڵبەتە هەندێک جار کەسەکان ناتوانن جیاوازی لە نێوان ئەم دوانـەدا بکەن. ئەگەر تۆ بتوانیت لە بـواری خاوەنکاریدا دکتۆرا وەربگریت، لەوانەیە باشترین شێواز ئەوە بێت کە چەند لێکوڵینەوەیەکت لە بواری خاوەنکاریدا هەبێت، بەڵام ئەگەر بتەوێت بە راستی بچیتە بـازاڕی کـارەوە بێگومان سـەری لێدەرناکەیت، هـەروەهـا ئەگەر بتەوێت دکتۆرای ئـەدەب وەربگریت باشتر وایە کتێبە دەرسییەکانی زانکۆ بەوردی بخوێنیتەوە، بەڵام ئەمە هەرگیز نابێتە هۆی ئەوەی ببیتە نووسەرێکی باش.

لەوانەیە هەندێک کەس بپرسن ئەی خوێندنەوە لە بواری ئاکاردا چی دەبێت؟ بە دەربڕینێکی دیکە ئایا بۆ دۆزینەوەی رێڕەوێک لە بواری ئاکاردا پێویستمان بە خوێندنەوە نییە؟ ئێریک شویتزگیبل (Eric Schwitzgebel) و جاشوا

روست (Joshua Rust)، ئەم پرسیارەیان تاقیکردەوە، کە ئایا پرۆفیسۆرەکانی بواری ئاکار، ئەو کەسانەی شەو و رۆژ خەریکی باسکردنی مەسەلە ئاکارییەکانن، مرۆڤانی بە ویژدانترن؟ (لە یەکەم سەرنجدا وادیتە بەرچاو وابن).

لەم تاقیکردنەوەیەدا توێژەران سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی وەکو ئەوەی، ئەوان چەند جار خوێن دەبەخشن یان لە کاتی توورەبووندا دەرگا بە قایمی دادەخەن یان نا؟ پرسیاریان لە حەڤدە پرۆفیسۆری پەیوەست بە بواری زانستی رەفتار کرد، بەو ئەنجامە گەیشتن کەسانی پسپۆڕ لە بواری زانستی رەفتاردا لە روانگەی رادەی ئیشی مرۆڤدۆستانەو کۆنترۆڵکردنی توورەیی خۆیانەوە بەنیسبەت کەسانی ترەوە لەپێشتر نین.

لە راستیدا ئەگەر ئەوە قبووڵ بکەیت قسە و کردار دوو گۆتەی تەواو جیان، دەتوانیت کارامەیی خۆت زیاد بکەیت. کڵێسا و سوپا و زانکۆ لەو دام و دەزگایانەن کە جێگیرترین دام و دەزگای دنیان، ئەگەر لێی بکۆڵیتەوە دەرک بەوە دەکەیت کە ئەمانە سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندان سەدە و تەواوبوونی جەنگەکان، هێشتا لە شوێنی خۆیانن، بەڵام چ شتێک بۆتە هۆی ئەوەی بە جێگیری بمێننەوە؟ ئەمانە بە پێی زنجیرە پلەبەندییەک ئیش دەکەن، بەو مانایەی عەقیدێک، کاتێک ئەو پلەیە بەدەست دەهێنێت کە ماوەیەک سەرباز بووبێت، یان پرۆفیسۆرێک لە زانکۆ سەرەتا دەبێت پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێت. لەبەرئەوە ئەمانە هەمیشە زانیاریی وردیان سەبارەت

بە پلەکانی خوارەوە هەیە. ئەمانە وەکو بەڕێوەبەرانی باڵای ڤالمارت (Walmart) کە دوو ملیۆن کارمەند بەڕێوەدەبەن بە شەو و رۆژێک رێگەی سەد ساڵەیان نەبڕیوە، بەڵکو لە نزمترین ئاستەوە دەستیانپێکردووە بۆ ئەوەی بتوانن بگەن بە پلەی فەریق یان پاپا یان پرۆفیسۆر.

مەبەستی من ئەوەیە تۆ دەبێت خۆت بخەیتە شوێنی کەسانیتر و هەست بە بارودۆخی کەسانیتر بکەیت، نەک تەنیا لە مەسەلەی ئیشکردندا، بەڵکو سەبارەت بە پەیوەندی هاوڕێیانە و خێزانیش هەر ئاوا بیت، ئەوەت بیر نەچێت کە ئەم شێوازە زۆر کاریگەر و خێرا و بەسوودە و دەتوانێت تۆ و بەرامبەرەکەت وا لێبکات لە یەکتری تێبگەن. لە راستیدا وەکو ئەو پاشایە بە کە جلوبەرگی هەژارانی لەبەردەکرد و دەچووە ناو خەڵکی هەژار و نەدارەوە و ئاگای لە دۆخی گوزەرانیان دەبوو، لەوانەیە ئەمە کاریکردە نەبێت. بەهەرحاڵ شێوازێکی دیکەش هەیە: رۆمانی زۆر بخوێنەرەوە و هەوڵ بدە تەرکیز لەسەر بابەتەکانیان بکەیت و سەرنجی پەیوەندی نێوان کارەکتەرەکانی بدە، بۆ ئەوەی بتوانیت ئاگاداری شێوازی بیرکردنەوەی کەسانیتر بیت و تەنیا خۆت نەبینیت.

## (41)
## وەهمی گۆڕینی دنیا-(1)
## **عاشقی تیۆری مرۆڤە گەورەکان مەبە**

نیلسۆن ماندێلا دەڵێت:
"تۆ دەتوانیت دنیا بگۆڕیت و بیکەیت بە جێگایەکی باشتر تەنیا دەبێت ئیرادەت هەبێت، ئەوسا توانای هێنانەکایەی گۆڕانکاریت دەبێت".
ستیڤ جۆبز لە جێگایەکدا وتویەتی:
"کەسانێک ئەوەندە گەمژەن تەسەور دەکەن دەتوانن دنیا بگۆڕن، ئەمانە ئەو کەسانەن کە لە کۆتاییدا سەرکەوتوو دەبن".
ئەم رستانە زۆر جوانن. ئەو رستانەی لەگەڵ زەوقی زاتی خەون دروستکەری ئێمەدا خۆش دێتەوە. ئەو رستانەی ئومێدمان پێدەبەخشێت و مانا بە ژیانمان دەدات.
بەڵام لە راستیدا ئایا دەتوانین دنیا بگۆڕین؟ بە پێچەوانەی ئەو ئاوازی نائومێدییەی کە هەندێ لە رۆژنامەکان و رۆژنامەنووسان دەیڵێنەوە، پەیام و بابەتی ئاوا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و هەرگیز خەڵک سەبارەت بەوەی بتوانن دنیا بگۆڕن ئەوەندە گەشبین نەبوون. لە راستیدا لە چاخی بەردینەوە هەتا سەدەکانی ناوەڕاست خەڵک وایان دەزانی ژیانیان بەدەست قەزا و قەدەرە و بەینیان لەگەڵ ئەو رستانەدا نەبوو کە لەلایەن ستیڤ جۆبز و نیلسۆن ماندیلاوە

وتراون. لە راستیدا چارەنووسی ئەوان پاشایانی خوێنمژ یان ئەو خودایانە دیارییان دەکرد کە بە مەبەستی تۆڵە بوومەلەرزەیان دروستدەکرد. ئەو بیرۆکەیە کە کەسێکی ئاسایی بۆ نموونە جووتیارێک یان کۆیلەیەک بتوانێت دنیا بگۆڕێت، تەواو بێمانا بوو قەت بە خەیاڵی ئەواندا نەدەهات.

هەڵبەتە ئاشکرایە دانیشتوانی ئێستای زەوی ئیتر باوەڕیان بە چارەنووس نییە و خۆشیان تەنیا وەکو هاووڵاتی ئاسایی نابینن، بەڵکو خۆیان وەکو ئەندازیاری دنیا لەبەرچاودەگرن کە دەتوانن لە رێگەی ستارت ئەپەکان و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە دووبارە خۆیان فۆمەرمەڵە بکەن و خۆیان باش بکەن، وەکو خاوەنکارانی سەرکەوتووی دۆڵی سیلیکۆن (Silicon Valley) یان ئەو بلیمەتانەی کە چەندان سەدە پێش ئێمە دەژیان. لە راستیدا خەڵک نەک تەنیا بیر لە گۆڕینی ژیانی خۆیان دەکەنەوە، بەڵکو بیر لە گۆڕینی دنیاش دەکەنەوە، لەبەرئەوە لەو رێکخراو و کۆمپانیایانەدا دەبن بە ئەندام کە دروشمیان گۆڕینی دنیا بێت و شانازی بەو ئامانجەوە دەکەن کە بۆ خۆیان دیاریکردووە و هەست دەکەن ژیانیان مانای پەیداکردووە. تەنانەت ئامادەن لە بەرامبەر دەسکەوتێکی هیچدا ئیش بۆ ئەو جۆرە رێکخراوانە بکەن.

لە راستیدا ئەو فکرەی کە گرووپێک یان کەسێکی تایبەتی دەتوانێت دنیا بگۆڕێت، یەکێکە لە گەورەترین ئایدیولۆجیاکانی سەدەی ئێمە و یەکێکە لە گەورەترین وەهمەکانی ئێمە. لەو

ئایدیۆلۆجیایەدا دوو هەڵەی زانین هەیە، یەکەمیان هەڵەی تەرکیزە کە لە بەشی ١١دا باسمان کرد و دانیێل کانیمان بەم شێوەیەی خوارەوە باسی دەکات: "هیچ شتێک لە ژیاندا بەو رادەیـەی تۆ تەسەوری دەکەیت گرنگ نییە و مەسەلەکان کاتێک گرنگی پەیدا دەکەن کە تۆ بیریان لێدەکەیتەوە".

بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەر تۆ وردبینێک بەدەستەوە بگریت و سەیری نەخشەیەکی پێبکەیت، ئەو شوێنانەی دەکەونە ژێر وردبینەکەوە زۆر گـەورە دێنە بـەرچـاو. سەرنجی ئێمەش وەکو وردبینێک ئیش دەکات بەو رێگەیەی کاتێک لەسەر ئایدیۆلۆجیای گۆڕینی دنیا تەرکیز بکەین گرنگی ئەو ئایدیۆلۆجیایە لە هەموو شتێک زیاتر دەبێت کە لە واقیعدا هەیە.

دووەم هەڵەی زانین هەڵەی بە ئەنقەستە کە لەلایەن فەیلەسووفی ئەمریکی دانیێل دینێت (Daniel Dennett) ەوە ناونراوە و لەم حاڵەتەدا ئێمە تەسەور دەکەین لە پشت هەر گۆڕانکارییەکەوە مەبەستێک هەیە بە چاوپۆشی لەوەی هەموو گۆڕانکارییەک لەسەر بنەمای بەرنامەڕێژی پێشتر بووە یان نا. لەسەر بنەمای ئەم هەڵەیە هەمیشە پێمان وایە لە پشت هەر رووداوێکەوە بیرۆکەیەک هەبووە و بە ئەنقەست کراوە، بەم پێیە کاتێک لە ساڵی (١٩٨٩) دا ئەو دیوارە ئاسنینەی کە سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی لە وڵاتانی تری ئەوروپا جیادەکردەوە روخێنرا، هەندێک هەستیان کرد چەند دەستێک لە پشت پـەردەوە هەن و کەسێک پێشان

بەرنامەی بۆ ئەمە داناوە. بۆ نموونە کۆتاییهاتنی ئەپارتاید لە ئەفریقای باشوور بەبێ هەوڵەکانی نیلسۆن ماندیلا کاریکردە نەبوو، هەروەها گاندی لە سەربەخۆیی هیندستاندا رۆڵێگی گرنگی بینی یان ستیڤ جۆبز کە نەخشەی مۆبایلی زیرەکی ئەمڕۆی دانا یان کەسانێکی دیکەی وەکو ئۆپینهایمەر (Oppenheimer) و ئەلبێرت ئەنیشتاین و کارل فریدریش بێنز کە بەبێ ئەمانە بۆمبای ئەتۆم و تیۆری نیسبی و ئۆتومبیل نەدەبوو. لە راستیدا ئێمە داهێنانی هەر شتێک و هەر پێشکەوتنێک دەدەینە پاڵ مرۆڤێکی تایبەت.

ئەم مەیلە بۆ پەیداکردنی مەبەست و نیەتی هەر شتێک رەگورِیشەی لە خووی پەرەسەندنی ئێمەدا هەیە. لە راستیدا بە پێی ئەو خولْق و خووە باشتر وایە هەمیشە دەستێکی بالاّ لەبەرچاو بگرین تا دەستی نزم بۆ نموونە ئەگەر دەنگێک لە ناو دەوەنەوە دێت باشتروایە سەرچاوەکەی بە پڵنگێکی ددان تیژ یان بە جەنگاوەرێکی دوژمن تەسەور بکەین نەک بە دەنگی با. لە راستیدا ژمارەیەکی کەم لە باوباپیرانی ئێمە حەزیان لەوە بوو سەرچاوەی نیشانە و گۆڕانکارییە روکەشەکان بە بچووک لە قەڵەم بدەن، چونکە لەم حاڵەتەدا لە بەرامبەر مەترسییەکاندا بە دروستی کاردانەوەیان نیشان نەدەدا و نەوەکانیان بەرەبەرە دەبڕایەوە. ئێستا سەرەڕای نەمانی مەترسی دەوروبەر ئەم خاسیەتە هێشتا لە ئێمەدا هەیە، لەبەرئەوە وادەزانین نیەت و دەستی پشت پەردە لە هەموو بابەتێکدا هەیە، تەنانەت لە کاتێکدا بەڕاستی هیچ

دەستێکی پشت پەردەش وجودی نییە. بە هەرحاڵ هەمان مەسەلە دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک لە خۆیان بپرسن چۆنچۆنی لەناوچوونی ئەپارتاید بەبێ نیلسۆن ماندێلا کاریکردە بوو، یان داهێنانی مۆبایلی ئایفۆن پێویستی بەهێزی خەیاڵی ستیڤ جۆبز هەبوو.

هەڵەی بە ئەنقەست دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە مێژووی جیهان بە ژنان و پیاوانی گەورەوە ببەستینەوە. رۆشنبیری دیاری ئینگلیز مات ریدلی (Matt Ridley) لە کتێبە بێوینەکەیدا بە ناوی پەرەسەندنی هەموو شتێک (Evolution of Everything) ئایدیۆلۆجیای پیاوان و ژنانی مێژوو دروستکەری رەتکردۆتەوە و دەڵێت:

"ئێمە حەزدەکەین هەستبکەین لە هەموو گۆڕانکارییەکی گەورە و سەرسوڕهێنەردا مرۆڤێکی بلیمەت و زانا لە ئارادایە و زیاتر لەوەی لە واقیعدا هەیە بەهای بۆ دادەنێین".

فەیلەسووفانی تریش بە ئەنجامێکی لەو بابەتە گەیشتوون، وەکو مونتسکیو (Montesquieu) کە وتویێتی:

"مارتن لوسەر لەو ریفۆرمەدا کە لە ئەمریکا رویدا، رۆڵێکی گەورەی هەبوو، بەڵام ئەو ریفۆرمە ناچاری بوو، دواجار هەر روویدەدا، تەنانەت ئەگەر مارتن لوسەریش نەبوایە کەسێکی تر سەرکردایەتی ریفۆرمەکەی لە ئەستۆ دەگرت".

تەقریبەن لە ساڵی (١٥٠٠)ی زایندا ژمارەیەک لە سەرکردە پورتوگالی و ئیسپانییەکان بەرەو ئەمریکای ناوەڕاست

و باشوور کشان و ئیمپراتۆری ئەزتەک (Aztec) و مایا (Maya) و ئینکا (Inca) یان لە چاوتروکانێکدا دابەیەکدا. بۆچی؟ نەک لەبەرئەوەی کەسێکی وەکو کۆرتس (Cortes) زۆر زیرەک بوو بەڵکو لەبەرئەوەی پورتوگالی و ئیسپانییەکان نەخۆشییەکیان هەبوو کە خۆیان ئاگایان لێی نەبوو. هەڵبەتە ئەوان بەرگەی ئەو نەخۆشییەیان دەگرت، بەڵام خەڵکی ئەمریکای باشوور و ناوەڕاست نەیاندەتوانی لە بەرامبەر ئەو نەخۆشییەدا خۆیان بگرن و لە ئەنجامی ئەوەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە مردن. لە راستیدا ئەو ڤایرۆس و بەکتریایانە، داگیرکەری راستەقینەی خەڵکی ناوچەکە بوون، هەربۆیە حاڵی حازر نیوەی دانیشتوانی قاڕەی ئەمریکا بە زمانی ئیسپانی یان پورتوگالی قسە دەکەن و مەسیحی کاسۆلیکن.

بەڵام ئەگەر ژنان و پیاوانی گەورە لە دیاریکردنی مێژووی مرۆڤدا کاریگەرییان نەبووە، کەواتە مێژوو کاریگەریی چ شتێکی لەسەرە؟

هیچ کەس و هیچ شتێک، زۆربەی رووداوە گرنگەکان بەڕێکەوت و لە ئەنجامی چەند رووداوێکی شانسی تردا روویان داوە و لە راستیدا کەس ئاراستەیان ناکات.

دنیا قابیلی پێشبینی نییە و ئەگەر تۆ کتێب و بەڵگەنامە مێژووییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بخوێنیتەوە تێدەگەیت کە هەموو پێشکەوتنە بەرچاوەکانی مرۆڤ تا رادەیەک زادەی رووداوی رێکەوت بوون و تەنانەت گەورەترین و

بەرجەستەترین کەسانی مێژوو تا رادەیەکی زۆر کاریگەریی دەوروبــەر و خەڵکی سـەردەمی خۆیان لەسەر بـووە. لە راستیدا یەکێک لە رێگاکانی باش ژیان ئەوەیە کە خۆمان لە بت دروستکردن و ئەفسانە دروستکردن بەدوور بین و تەسەور نەکەین خۆمان دەتوانین بتێک یان ئەفسانەیەک بین.

## (42)
## وەهمی گۆڕینی دنیا-(2)
### بۆچی نابێت هیچ کەسێک بکەی بە بت، لە هەمووشی گرنگتر خۆت

لە بەشی پێشوودا باسی ئەوەمان کرد تیۆر و ئایدیۆلۆجیای مرۆڤە گەورە و ئەفسانەییەکان ئەوەندە راست نییە، بەڵام بەهەرحاڵ باسکردنی ناوی دینگ چیاوپینگ (Deng Xiaoping) لێرەدا خراپ نییە. لە ساڵی (١٩٧٨) دا چینی بەرەو ئابووری ئازاد، بەرەو پێشەوە برد و بەم ئیشەی توانی چەند سەد ملیۆن کەسێک لە هاووڵاتیانی چین لە هەژاری رزگار بکات. بە جورئەتەوە دەتوانرێت بگوترێت بەرنامەکەی یەکێک بوو لە سەرکەوتووترین پرۆژەکان بە درێژایی مێژوو، بێگومان بەبێ پینگ چینی ئەمڕۆ نەدەبوو بە یەکێک لە توانا ئابوورییەکانی دنیا.

تۆ سەبارەت بە چیاو پینگ چۆن بیردەکەیتەوە؟ (میت ریدلی) بیروبۆچوونێکی تەواو پێچەوانەی ئەوەی سەرەوەی هەیە. لە راستیدا بنیاتنانی بازاڕی ئازاد بە هیچ جۆرێک مەسەلەیەک نەبوو کە پینگ پێشان نەخشەی بۆ کێشا بێت و بەرنامەی بۆ دانا بێت، ئەم گۆڕانکارییانە لە ئاستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاوە دەستیپێکردبوو. لە گوندێکی دوورەدەست بە ناوی چیاوگەنگ (Xiaogang) هەژدە جووتیار بڕیاریان دا زەوییەک لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن و هەر یەکەیان دەرفەتی ئەوەی هەبوو سەربەخۆ لەوانیتر

ئیدارەی بەشەکەی خۆی بدات، هەڵبەتە ئەم ئیشە نایاسایی بوو، دەبوو بەهاوبەشی لەسەر زەوییەکە ئیش بکەن، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم شێوازە سەرکەوتوو بوو، لە ساڵی یەکەمدا جووتیارەکان هێندەی ئەو پێنج ساڵەی پێکەوە ئیشیان کردبوو، بەرهەمیان هەبوو، زۆربوونی بەرچاوی بەرهەمیان سەرنجی بەرپرسانی گوندەکەی راکێشا و بڕیاریان دا ئەم شێوازە لە کێڵگەکانی تری گوندەکە بەکاربێنن. لە کۆتاییدا چیاو پینگ زانی بەم شێوازە دەتوانێت بەرهەمی کێڵگەکان هەتا رادەیەکی زۆر زیاد بکات و ئەویش ریفۆرمی لە هەموو چیندا دەستپێکرد. هەڵبەتە پینگ بە ئاسانی حەقیقەتی قبووڵ دەکرد، لەوانەیە ئەگەر یەکێکی تر بوایە لە جیاتی ئەو ریفۆرمەکەی دوا بخستایە، بەڵام بەهەرحاڵ درەنگ یان زوو ناچار دەبوون ریفۆرم بکەن.

لەوانەیە تۆ لە خەیاڵی خۆتدا بۆ حاڵەتی شاز بگەڕێیت و بڵێیت بەبێ گۆتەنبەرگ، ئەدیسۆن، برایانی رایت، هیچ کتێبێک یان گڵۆپ و فڕۆکەیەک نەدەبوو، بەڵام دەبێت ئەوە قبووڵ بکەیت کە ئەو مەسەلەیە راست نییە، بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەر گۆتەنبەرگ نەبوایە کەسێکی دیکە تەکنەلۆجیای چاپی بە دنیا دەناساند، ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە گڵۆپیش راستە، پاش دۆزینەوەی کارەبا مەسەلەکە تەنیا کات بوو بۆ دروستکردنی گڵۆپ و ئەگەر ئەدیسۆنیش نەبوایە بێگومان کەسێکی دیکە ئەو ئیشەی دەکرد. شایانی باسە ٢٣ کەسی تریش پێش ئەدیسۆن توانیبوویان سیمەکان وا لێبکەن

بدرەوشێنەوە. لە راستیدا ریدلی باوەڕی وایە وجودی ئەدیسۆن سەرەڕای هەموو بلیمەتی و تواناکانی بۆ داهێنانی گڵۆپ پێویست نەبووە. ئیلیشا گرەی (Elisha Gray) و ئەلیکساندەر گراهام بێڵ (Alexander Graham Bell) هەردووکیان لە یەک رۆژدا تەلەفۆنیان دروستکرد، ویستیان تۆماری بکەن. بەهەرحاڵ ئەگەر یەکێکیان لە رێگەی گەیشتن بە نووسینگەی تۆمارکردن، لە ئەسپ بکەوتایەتە خوارەوە و بمردایە، گۆڕانکارییەک لە مێژوودا دروست نەدەبوو. بەهەمان شێوە تەنیا برایانی رایت نەبوون لەسەر گلایدەری پێکهاتەیەک ئیشیان دەکرد کە ماتۆڕی تیابوو. تیمی ئەندازیاری جۆراو جۆر سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و ئیشکردن بوون لەسەر ئەم بابەتە و ئەگەر برایانی رایت نەبوونایە، بێگومان کەسێکی دیکە فرۆکەی ماتۆڕداری دروستدەکرد. ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە هەموو دۆزینەوە و داهێنانەکان راستە، لە راستیدا ریدلی باوەڕی وایە کە:

"تەکنەلۆجیا داهێنەرەکەی دەدۆزێتەوە و پێچەوانەی ئەمەش راستە".

تەنانەت دۆزینەوە زانستییە زۆر دیارەکان سەربەخۆن و لە کەسەکان جیان و تەنیا کاتێک ئامێرەکانی ئەندازەگرتن بگەنە وردییەکی دیاریکراو، داهێنانەکان خۆبەخۆ بەرهەمیان دەبێت و پێویست بە کەسێکی دیاریکراو ناکات. لە راستیدا داهێنەران و توێژەران پێویست ناکات کەسانێکی تایبەت بن، ئەوەی بڕیارە بدۆزرێتەوە دەدۆزرێتەوە.

ئەم مەسەلەیە بەلای خاوەنکاران و بەڕێوەبەرانی پیشە جیاوازەکانیشەوە راستە. کاتێک بۆ یەکەمجار لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا کۆمپیوتەری تایبەتی هاتە بازاڕەوە، پێویستی بە سیستەمی ئیشکردن هەبوو، دەبوو کەسێک سیستەمی ئیشکردنیان بۆ دابنێت کە ئـەو کەسە بیل گەیتس بوو، لەوانەیە سیستەمی ئیشکردنەکەی گەیتس سەرکەوتووترین سیستەمی ئەو سەردەمە بووبێت، بەڵام بەهەرحاڵ ئەگەر ئەویش نەبوایە کەسێکی دیکە ئەو ئیشەی دەکرد، سەبارەت بە مۆبایلی زیرەکیش هەمان بابەت راستە.

ژمارەیەک لە هاوڕێیانم لە بەڕێوەبەرانی باڵای کۆمپانیاکان و بەڕێوەبەرایەتییە جیاوازەکانن. هەندێک لەوانە ئەرکی بەڕێوەبردنی رێکخراوی زۆر گەورەیان لە ئەستۆیە بە سەدان هەزار کارمەندەوە. ئەمانە بایەخ بە ئیشی خۆیان دەدەن و لە بەرامبەر ئیشی قورسیاندا داهاتێکی باشیان دەستدەکەوێت، بەڵام ئەمانە هەمیشە بە بەڕێوەبەری باڵا نامێننەوە و کەمێک دوای خانەنشین بوونیان ئیتر کەس ئەوانی بیر نایەتەوە.

کۆمپانیا گەورەکانی وەکو جەنەڕاڵ ئەلەتریک (Geneal Electric)، سیمنس (Siemens) یـان فۆلکسواگن (Volkswagen) بێگومان لـە رابــردوودا بـەڕێوەبـەرانـی زۆر بەئەزموونیان هەبووە، بەڵام حاڵی حازر چ کەسێک ناوی ئەوانی دێتەوە بیر؟ ئەم مەسەلەیە تەنیا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەوە نەبووە کە بەسەر کۆمپانیاکەدا هاتووە.

ئەنجامە پرشنگدارەکانی ئەم کۆمپانیایانە، تەنیا بەهۆی بڕیارەکانی بەڕێوەبەرەکانیانەوە نییە. بەڵکو ڕوانگەی ڕەسمکراویش لە بازاڕدا لە سەرکەوتنیاندا بێ کاریگەری نەبووە.

وارین بیفیت باوەڕی وایە:

"پێشینەی بەڕێوەبەرێتی باش (کە بەمانای ئەوە دێت چەندی پارە بۆ کۆمپانیاکە گەڕاندۆتەوە)، زیاتر پەیڕەویی ڕەوتی بەلەمێک دەکات کە تۆ بۆ تەیکردنی ڕێڕەوی ئیشکردنی خۆت هەڵیدەبژێریت تا ئەوەی پەیوەندی بە شێوازی سەوڵ لێدانتەوە هەبێت".

ریدلی هەمان قسە بەشێوەیەکیتر دەردەبڕێت:

"زۆربەی بەڕێوەبەران ئامادەن سواری شەپۆل بن، لە ڕاستیدا کارمەندەکانیان شەپۆلەکە دروست دەکەن و ئەوان سواری شەپۆلەکە دەبن و حەقدەستی زۆر وەردەگرن، بەڵام ڕاگەیاندنەکان حەزدەکەن ئەو بۆچوونە دروست بکەن کە ئەوان وەکو پاشاکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی هەموو شتێک لە ژێر کۆنترۆڵیاندایە".

ماندێلا، جۆبز، گۆرباچۆڤ، گاندی، مارتن لوسەر و تەواوی داهێنەران و سەرانی سیاسی و ئابووری دنیا بە تەواوی ئامرازی دەستی زەمانەی خۆیان بوون و لەگەڵ شەپۆلەکەدا دەڕۆیشتن، هەڵبەتە هەریەکێک لەوانە لە ڕێگەی تاکتیکەکانیانەوە، ڕێبەری پرۆسەیەکی سیاسیی گرنگیان دەکرد، بەڵام بەهەرحاڵ ئەگەر ئەوانیش نەبوونایە ئیشی دنیا

بە لەنگی نەدەمایەوە و کەسێکی دیکە ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ دەگرت. باشتروایە خۆمان لە ئەفسانە دروستکردن بەدوور بگرین و ئەوەندە لە خۆمان بایی نەبین.

گرنگ نییە دەستکەوتەکانی تۆ تاچەند گرنگن و واقیع ئەوەیە کە وابەستەی وجودی تۆ نین و بەبێ تۆش دەبوون. لە راستیدا کاریگەری تایبەتی تۆ لەسەر دنیا ناچیزە و ئەسڵەن گرنگ نییە تۆ تا چ رادەیـەک بەتوانایت و تێدەکۆشیت، چ زانا، جەنەڕاڵ، بەڕێوەبەر، یان سەرۆک کۆمارێکی دیار بیت کاریگەری تۆ لەو رەوتە گشتییەدا کە جیهان تەی دەکات ناچیز دەبێت و کەسێکی دیکە دەیتوانی جێگای تۆ بگرێتەوە. کەواتە هەمیشە ئەوەت لە بیر بێت تۆ تەنیا دەتوانیت لە ژیانی خۆتدا گۆڕانکاری بەرچاو دروست بکەیت و تەرکیز لەسەر خۆت و دەوروبەرت بکەیت، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا هەست بەوە دەکەیت ئەگەر بلکێت بە ژیانی خۆتەوە دەشێت تا چ رادەیەک خۆش و دڵگیر بێت و ئیتر بیر لە گۆڕینی دنیا ناکەیتەوە و نائومێد نابیت.

بەهەرحاڵ لەوانەیە چارەنووس بتگەیەنێت بە پێگەیەکی گرنگ و چەند بەرپرسیارێتییەکی جیاجیا لە ئەستۆ بگریت و لە کۆتاییدا بە باشی دەرەقەتی بەرپرسیارێتییەکانی خۆت بێیت. گریمان باشترین خاوەنکار، ژیرترین سیاسەتمەدار و بەتواناترین بەڕێوەبەریت، بەڵام هەرگیز ئەو تەسەورەت نەبێت کە ئەگەر تۆ نەبیت هەموو دنیا لە جووڵە دەکەوێت.

من وەکو خۆم هیچ گومانم نییە سەرەنجام کتێبەکانم

وەکو چەو دەچنە ناو زەریای مێژووەوە و مەحف دەبنەوە و دوای مردنم کوڕەکانم لەبارەی منەوە قسە دەکەن، هەروەها ژنەکەم و لەوانەیە کوڕەزا و کچەزاکانیشم باسێکم بکەن، بەڵام پاش ئەوە ئیتر هەموو شتێک تەواو دەبێت و رۆڵف دۆبێڵیٚ بۆ هەمیشە لەبیر دەکرێت. ئەمە بنەمای دنیایە، بەم پێیە زۆر خۆت هەڵمەنیٚ، چونکە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە ژیانێکی باش بێبەشت دەکات.

(43)

## وەهمی دنیای دادپەروەر

## بۆچی ژیانی ئێمە وەکو ڕۆمانە کلاسیکییەکان نییە؟

بوار بدە پێکەوە لە دوو ڕۆمانی تاوانکاری بکۆڵینەوە، لە ڕۆمانی یەکەمدا دوای هەڵاتن و تاقیبێکی زۆر سەرەنجام ئەفسەری لێکۆڵینەوە لەوەدا سەرکەوتوو دەبێت بکوژ بدۆزێتەوە و دەسگیری بکات، پاشان بکوژ دەبرێتە دادگا و حوکم دەدرێت. لە ڕۆمانی دووەمدا ئەفسەری لێکۆڵینەوە دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ناتوانێت بکوژ بدۆزێتەوە و دۆسێکە دادەخرێت. باشە کامیان مایەی ڕەزامەندین؟ بێگومان ڕۆمانی یەکەم، چونکە ئێمە هەمیشە بە دوای پیادەکردنی دادپەروەرییەوەین و ناتوانین تەسەوری ئەوە بکەین نادادپەروەری لە کۆمەڵگەدا زاڵ و سەرکەوتوو بێت.

هەڵبەتە دادپەروەری تەنیا ئامانجی ئێمە نییە، بەڵکو باوەڕێکە لە ڕاستیدا تەسەور دەکەین ڕۆژێک لە ڕۆژان دادپەروەری بەسەر دنیادا زاڵ دەبێت، تەنانەت ئەگەر لە ڕۆژگاری ئێمەدا ڕوو نەدات بێگومان لە ئایندەدا هەر ڕوو دەدات. زۆربەی خەڵک باوەڕی بەهێزیان بەوە هەیە کە پایەکانی دنیا لەسەر بنەمای دادپەروەری و ڕاستی و دروستی بنیاتنراوە و بێ چەندوچوون ئیشی باش پاداشت دەکرێت، ئیشی خراپ و ناشیرینیش سەرزەنشت دەکرێت و ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە، کەسانی خراپ لە کۆتاییدا

سزای ئیشەکانی خۆیان وەردەگرن و بکوژان خۆیان لە زینداندا دەبیننەوە.

بەڵام بە داخەوە لە راستیدا مەسەلەکان بە شێوەیەکی ترن. بە دەربڕینێکی دیکە دنیا تەنیا لەسەر دادپەروەری بنیات نەنراوە، بەڵکو نادادپەروەری گاڵە بە کۆمەڵگە دەکات و زۆرجاریش سەرکەوتوو دەبێت، کەواتە چۆن لەگەڵ ئەو واقیعە تاڵەدا رابێین؟ خۆم باوەڕم وایە ئەگەر زاڵبوونی نادادپەروەری بەسەر دنیادا قبووڵ بکەیت و تەحەمولی بکەیت، ژیانێکی باشترت دەبێت. لە راستیدا ئەگەر لە سەرەتای ڕێگەدا لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا رابێیت، ئیتر بە درێژایی ڕێڕەوی ژیان نائومێد نابیت و تەسەوری خۆت دەهێنیتە خوارەوە.

یەکێک لە چیرۆکە ئاڵۆز و سەرنجڕاکێشەکانی کتێبی پیرۆز، چیرۆکی جۆب (Job)ە. واتە (ئەیوب) دیارە ئەیوب کەسێکی خۆشەویست و سەرکەوتوو و بەخشندە بوو کە ژیانێکی زۆر باش و بەرهەمداری هەبوو، کەسایەتییەکی باڵای هەبوو، ئەنجامی ژنهێنانە بەردەوامەکەی ١٠ منداڵی زۆر باش و زیرەک بوو، بەرەبەرە بوو بە مرۆڤێک کە هەموان ئیرەییان پێدەبرد و حەزیان دەکرد لە جێی ئەو بن. لە هەمان کاتدا شەیتان رووی لە خوداوەند کرد و وتی:

"گومانی تێدا نییە ئەیوب کەسێکی زۆر بە دینە، بەڵام هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەمیشە ژیان بە پێی خواست و

ئــارەزووی ئـەو بـووە، ئەگـەر کەمێک ناخۆشی بچێژێت باوەڕی لە دەستدەدات".

پـەروەردگـار تـووڕە بـوو، بـەڵام ڕێگەی بە شـەیتان دا رادەی دڵسۆزیی ئەیوب تاقیبکاتەوە، بەوەی ناخۆشی بخاتە سەر ڕێڕەوی ژیانی، ئەیوب لە ئەنجامی ڕووداوێکدا هەموو سامانەکەی و منداڵەکانی لەدەستدا و سەرەڕای منداڵەکانی کە سێ کچ و حەوت کوڕ بوون، خزمەتکارەکانیشی مردن، خۆشی کەوتە سەرجێگا و ئازار هەموو گیانی گرتەوە، لە هەمان کاتدا ژنەکەی کە لە ئەنجامی سووتانی ماڵەکەی و نەخۆشکەوتنی ئەمەوە زۆر دڵتەنگ بوو وتی: "نەفرەت لە خوداوەند بکە بۆ ئەوەی کەمێک لە باری غەممان کەم بێتەوە." بەڵام ئەیوب گوێی بە قسەی ژنەکەی نەدا و هەروا سوپاس و ستایشی خـودای دەکـرد. ئەیوب تەنانەت بە مردنیشی رازی بوو بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بۆ هەمیشە لە خەم و خەفەت رزگاری بێت، بەڵام خودا تەنانەت مردنیشی پێ ڕەوا نەبینی و سـەرەنجام گەردەلوولێک هەڵیکرد و خوداوەند لەناو گەردەلوولەکەوە لەگەڵ ئەیوب دەستی بە قسە کرد و فەرمووی:

"مرۆڤەکان لە قـەدەری خودا تێناگەن و قەتیش ناتوانن تێبگەن، لە ئەنجامدا لە حیکمەتی خودا تێناگەن. لەبەرئەوەی ئەیوب دڵسۆزی بۆ خودا پاراست و تەنانەت بێڕەحمانەترین ڕووداو، بـاوەڕی ئەوی کاڵ نەکردەوە، هەموو شتێکی بۆ دەگەڕێنرێتەوە، لەوانەش سـەلامەتی، سامان، خێزانەکەی

و خزمەتکارانیشی." ئەیوب بە بیستنی ئەم قسەیە زۆر خۆشحاڵ بوو، باقی ژیانی بە خۆشی و کامەرانی بەسەر برد.

بەراورد بەو رۆمانەی کە بکوژەکەی سەرەنجام دەسگیر دەکرێت، چیرۆکی ئەیوب ئاڵۆزتر و سەرنجڕاکێشترە و سەرەنجام بە هەموو ئاواتەکانی دەگات. لە راستیدا ئەیوب نادادپەروەری رووت ئەزموون دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو شتێک دەچێتەوە شوێنی خۆی. پەیامی چیرۆکەکە ئەوەیە لەوانەیە هەندیّ جار دنیا بێڕەحم و نادادپەروەر بێتە بەرچاو، بەڵام ئەمە تەنیا روانگەی ئێمەیە بۆچی ئاگامان لە ئیرادە و حیکمەتی خودا نییە. ئینجیل بانگمان دەکات بۆ بەرگەگرتنی ناخۆشی و ناهەموارییەکان و مژدەمان دەداتیّ ئەو بارودۆخە هەتا هەتایە بـەردەوام نابێت و لە پشتی هەموو ئەو ناخۆشیانەوە، عەقڵێکی دادپەروەر و زانا هەیە کە مرۆڤەکان لەبەرئەوەی تێگەیشتنیان سنووردارە ناتوانن لێی تێبگەن.

ئەگەر بمانەوێت لە رووی دەروونزانییەوە لەم مەسەلەیە بکۆڵینەوە، ستراتیجی ئیرادەی خودا شێوازێکی باڵایە بۆ بەرگەگرتنی ناخۆشی و دژوارییەکانی رۆژگار. لە راستیدا سووتان، تووشبوونی شێرپەنجە یان مردنی منداڵ هەموویان زۆر قورس و تاقەتپڕوکێن دەبن، بەڵام بە پێی رێنماییەکانی ئینجیل تۆ ئاگات لەو حیکمەتە نییە کە لە پشت سەختی و ناخۆشییەکانەوەیە و دەرکی پێناکەیت. لە راستیدا خودا

هەمیشە مرۆڤەکان تاقیدەکاتەوە و ئەگەر ئەوان سەرەڕای تاقیکردنەوەی ناخۆشییەکان باوەڕیان بپارێزن، خودا لە کۆتاییدا پاداشتیان دەداتەوە و دڵنەواییان دەکات.

(John Gray) لە جێگایەکدا باسی ئەوەی کردووە، لە یۆنانی کۆندا باوەڕیان وابوو ژیانی هەر مرۆڤێک بە پێی چارەنووس و چانس دیاریدەکرێت و هەمیشە خەسڵەتی ئاکاریی وەکو شەهامەت و عاقڵی ستایش دەکرا، بەڵام تەنانەت ئازاترین و عاقڵترین کەسەکانیش رووبەڕووی دژواری و وێرانی و شکست دەبوونەوە. بە هەرحاڵ ئێمە حەزدەکەین (ئەگەر بۆ خۆشی کەسانی تریش بێت) وا خۆمان نیشان بدەین باوەڕمان بەوەیە چاکە و ئاکاری باش بەسەر خراپە و دزێوییەکاندا زاڵ دەبێت، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناخی دڵمان دەبینین هەندێ جار خراپە بەسەر چاکەدا زاڵ دەبێت و هەمیشە چانس و چارەنووس لە دیاریکردنی رووداوەکانی ژیانماندا رۆڵی گرنگ دەبینن.

ئەگەر بمانەوێت واقیع دەربڕین دەبێت بڵێین هیچ بەرنامە و نیازێکی خێر لە پشت ئەو رووداوانەوە نییە کە لە دنیادا روودەدەن، تەنانەت بەرنامە و نیازی خراپیش نییە، ئەسڵەن دنیا لەسەر بنەمایەکی پێشان دیاریکراو بەڕێوەناچێت. لە راستیدا دنیا لەسەر بنەمای هیچ پرەنسیپێک بەڕێوەناچێت. لەوانەیە بۆ ئێمە قبووڵکردنی ئەو راستییە زۆر قورس بێت، بەڵام لە فەلسەفەدا بەم مەسەلەیە دەڵێن وەهمی دادپەروەرانە، هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە کە نابێت ئێمە

دژی نادادپەروەری بجەنگین.

یەکێک لە مامۆستاکانی قۆناغی ئامادەییم بە ڕێکەوت و بەبیٚ لەبەرچاوگرتنی شارەزاییان نمرەی بە خوێندکاران دەدا و ئەم دۆخە ئێمەی زۆر بێتاقەت و تووڕە کردبوو، بووە هۆی ئەوەی ناڕەزایی دەربڕین، بەڵام ئەو گوێی بە قسەکانی ئێمە نەدا و بڕیارماندا بەڕێوەبەر ئاگادار بکەینەوە، بەڵام ئەویش ڕێزی لە بڕیاری مامۆستاکەمان گرت و ناڕەزایی دەرنەبڕی، ئێمە زۆر بێتاقەت بووین وتمان ئەمە بێویژدانییە و مامۆستا لە وەڵامدا وتی دنیاش ویژدانی تیا نییە. هەرچەندە زووتر پەی بەم مەسەلەیە بەرن بە قازانجتان دەبێت، ئێمە بە بیستنی ئەم قسەیە زۆر تووڕە بووین، بە شێوەیەک کە دەمانەویست ملی مامۆستاکەمان بشکێنین. بەڵام بە هەرحاڵ ئەم مەسەلەیە یەکێکە لە گرنگترین ئەو دەرس و پەندانەی من بەدرێژایی ژیانم وەرمگرتووە.

کاتێک فەیلەسووفی ئەڵمانی لایبنیتس (Leibniz) سیٚ سەد ساڵ پێش ئێستا لافی ئەوەی لێدا ئێمە لە باشترین دنیادا دەژیـن بـەو بەڵگەیەی خواوەند هەرگیز بەدەستی ئەنقەست خراپ ناخولقێنێت، ڤۆڵتێر (Voltaire) بە نووسینی ڕۆمانێک بە ناوی کاندید گاڵتەی بەم قسەیە کرد، سەرەڕای ئەوە پاش بوومەلەرزەی ترسناکی لیشبۆنە لە ساڵی (١٧٥٥) دا کە هەموو شـارەکـەی دابـەیـەکدا، هیچ کەسێکی عاقڵ نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بکات کە دنیا بە پێی بەرنامەیەکی دادپەروەرانە بەڕێوەدەچێت. لە ڕۆمانی کاندیددا کارەکتەری

سەرەکی رۆمانەکە کە ناوی کاندید بوو، ژیانێکی سەراپا پڕ لە بەدبەختی و دڵەڕاوکێی هەبوو، سەرەنجام بەو ئەنجامە گەیشت تەنیا ئیشێک کە دەتوانێ بیکات ئەوەیە چاودێری باخچەکەی بکات.

سەرەنجام دەبێت بڵێم هیچ بەرنامە و نەخشەیەکی بەویژدانانە لە دنیادا نییە و تۆ دەبێت ئەم بابەتە قبووڵ بکەیت و تەرکیز لەسەر باخچەکەی خۆت بکەیت، ئەوەت لەیاد بێت ژیانی تۆ ئەوەندە گیاکەڵەی تیایە کە سەرقاڵت بکات، ئەوەی کە بەدرێژایی ژیانت بەسەرت دێت پەیوەندی بە چاکی و خراپی تۆوە نییە، لە ئەنجامدا باشتر وایە کە تەحەمولی نادادپەروەری و ستەم بکەیت و ئارامی خۆت بپارێزیت و لە خۆشی و باڵادەستییەکانی ژیانتدا لە خۆت بایی نەبیت.

(44)

## حساب بۆ ناوەڕۆك بكە
## واز لە بیروبۆچوونی هیچ و بەتاڵ بێنە

لە جەنگی دووەمی جیهاندا چەند دوورگەیەکی بچووک لە زەریای هێمندا بوون بە مەیدانی یەکێک لە خوێناویترین شەڕەکانی نێوان ئەمریکا و ژاپۆن. خەڵکی ئەو ناوچەیە کە تا ئەو کاتە سەربازیان نەدیبوو، بە سەرسوڕمانەوە لەناو خانووە حەسیرییەکانیانەوە سەیری سەرباز و تانک و چەکەکانیان دەکرد، ئەو کەسانەی بە جلوبەرگی سەربازیی سەیر و فڕۆکەی گەورەوە کە بە ئاسماندا دەخولانەوە و بوخچەی یارمەتییان فڕێدەدایە خوارەوە کە خواردنی قوتوو و جلوبەرگ بوون.

بەلای خەڵکەکەوە زۆر سەرنجڕاکێش بوو کە خواردن و جلوبەرگ لە ئاسمانەوە دەبارێت و سەربازەکان خواردن و جلوبەرگیان لەگەڵ خەڵکدا بەش دەکرد، خەڵکی ناوچەکە نەیاندەزانی بۆچی سەربازەکان لە ڕێگەی ڕاوەوە یان لە ڕێگەی کۆکردنەوەی بەری میوەوە خۆراکی خۆیان بەدەست ناهێنن و ئەو باڵندە کانزاییانە چۆن بە ئاسماندا دەفڕن و خۆراکیان پێدەگەیەنن؟

دوای شەڕ سەربازەکان لە ناوچەکە چوونە دەرەوە و وازیان لە خەڵکەکە هێنا. لەناکاو ڕووداوێکی سەیر ڕوویدا، خەڵکی ناوچەکە چوونە سەر گردەکان و پووشی ئەو ناوەیان

بە تەواوی سووتاند و بە بەرد دیواریان بۆ دروستکرد، بۆ ئەوەی بتوانن لەوێدا فڕۆکەیەک بە قامیش دروست بکەن و دوای دروستکردنی بیخەنە سەر سەکۆی فڕین کە پێشان بۆیان ئامادەکرد بوو. خەڵکەکە بە دارحەیزەران بورجی چاودێریان دروستکرد و بە تەختە هێدفۆنیان بۆ خۆیان دروستکرد، هەوڵیاندەدا لاسایی هەڵسوکەوتی رۆژانەی سەربازەکان بکەنەوە. بۆ ناردنی سیگناڵ ئاگریان بەکارهێنا، ئەو نیشانانەش کە لەسەر جلوبەرگی سەربازیی سەربازەکان دیبوویان بە تاتۆ لەسەر بەدەنی خۆیان دروستیان کرد. لە راستیدا ئامانجی خەڵکی ناوچەکە ئەوەبوو خۆیان وەکو فڕۆکەخانەیەکی ئامادە نیشان بدەن، بۆ ئەوەی ئەو باڵندە کانزاییانەی لە کاتی شەڕدا خواردنیان پێدەگەیاندن دووبارە لە ئاسمان پەیدا ببنەوە و خواردن و جلوبەرگیان بۆ بێنن. ریچارد فاینمەن لە قسەیەکیدا ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە کردووە و دەڵێت: "خەڵکی ناوچەکە هەموو شتێکیان بە باشی دروستکرد. لە راستیدا ئەوان بە قامیش فڕۆکەخانەیەکیان دروستکرد و هەموو شتێک وەکو یەکەمجاری لێهاتەوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو، هیچ فڕۆکەیەک لەوێ نەنیشتەوە."

لە راستیدا خەڵکەکە سەرنجی شکڵ و شێوەیان دا، بەبێ ئەوەی بە دروستی لە ناوەڕۆک تێگەیشتبن.

هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە تەنیا پەیوەست نییە بە خەڵکی ئەو دورگەیەوە بەڵکو هەندێ جار زانایان و کەسانی بلیمەتیش گیرۆدەی دەبن، بۆ نموونە یەکێک لە هاوڕێیانی من

هەمیشە حەزی دەکرد ببێت بە رۆماننووسێکی بەناوبانگ و هەمەنگوای (Hemingway) ئەفسانەی ئەو بوو. بەڕای من هەمەنگوای زۆر سەرنجڕاکێش بوو، سیمبولێکی خراپ نەبوو، هەمەنگوای یەکەم نووسەر بوو کە وەکو سوپەرستارێکی تەواو دەرکەوت و ناوبانگی جیهانی پەیداکرد. پێتوایە هاوڕێکەم بۆ ئەوەی وەکو هەمەنگوای بێت چی کرد؟ سمێڵی هێشتەوە، جلوبەرگی چرچ و لۆچی لەبەردەکرد و هەمیشە قۆپچەکانی دەکردەوە، دەستیکرد بە خواردنەوەی کۆکتێل. هەروەها دەفتەری بچووکی (مۆلسکین)ی دەکڕی، تەنیا لەبەرئەوەی هەمەنگوای ئەو دەفتەرەی بەکاردەهێنا. بەداخەوە هیچ کام لەم ئیشانە یارمەتی نەدا بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، چونکە هاوڕێکەم تەنیا لاسایی شکڵ و شێوەی هەمەنگوای دەکردەوە و ئیشی بەو شەونخوونیانە نەبوو کە هەمەنگوای بۆ کتێبەکانی کێشابووی.

لەوانەیە لە روانگەی تۆوە ئەم مەسەلەیە زۆر پێکەنیناوی بێت، بەڵام لە چواردەوری خۆمان دەتوانین زۆر نموونەی وا ببینین. ئەم مەسەلەیە لە دنیای ئابووری و بازرگانیشدا زۆر بەربڵاوە، بۆ نموونە زۆر لە کۆمپانیاکان شوێنی ئیشکردنیان وەکو گوگڵ دیزاین کردووە بۆ ئەوەی بتوانن کەسانی دیار بەلای کۆمپانیاکەی خۆیاندا رابکێشن، بەڵام لەمەدا سەرکەوتوو نەبوون. ژمارەیەک لە خاوەنکاران هەوڵیاندا بە

رووکەش لاسایی مارک زوکەربێرگ (Mark Zukerberg) بکەنەوە و بە سویتشێرت (Sweatshirt)ی کڵاودارەوە لە چاوپێکەوتنی کاردا دەرکەوتن.

یەکێک لە نموونە دیارەکانی ئەم مەسەلەیە دەتوانین لەناو وردبینە داراییەکاندا ببینین. ئەمانە چەکی لیستێکی لە پێشدا دیاریکراویان هەیە و لەسەر بنەمای ئەوە وردبینی ساڵانە دەکەن بۆ نموونە:

ئایا هەموو چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەکانی ئیش تۆمارکراون؟

ئایا رەسید و وەرەقەی پارەوەرگرتن لەگەڵ راستییەکەدا وەکو یەکن و دەسکاری نەکراون؟ کۆی داهاتی کۆمپانیا بە پێی راپۆرتی ژمێریاری چەندە؟

لە کاتێکدا کۆمپانیاکان تەنیا دوای چەند مانگێک مایەپووچ دەبن و تووشی کێشە دەبن وەکو کۆمپانیای ئینرۆن (Enron)، یان برایانی لیمان (Leman Brothers)، یاخود (ALG)، لە دۆخێکی وادا وردبینانی دارایی تووشی سەرسوڕمان دەبن، لە راستیدا ئەوان تەنیا سەرنجیان لەسەر پڕکردنەوەی فۆرمی ئیدارییە و ناتوانن کێشە و مەترسییە راستەقینەکان دەستنیشان بکەن.

نموونەیەکی تر لە دنیای مۆسیقادا هەیە کە باسکردنی خراپ نییە، جەین بۆپتیست لولی
(Jean Boptiste Lully)، مۆسیقاری فەرەنسی پاشای ڤێرسای (Versailles) رازی کرد مۆسیقایەکی بۆ دابنێ و

زۆر جەختی لەسەر وردەکارییەکانی مۆسیقاکە دەکردەوە. وشەکان بە چ ریتمێک بگوترێت یان چ ئامێرێک بەکاربهێنرێت. داوای لە پاشا کرد بۆ ئەوەی هەموو ئۆپێراکان نەک لە پاریس بەڵکو لە هەموو فەرەنسا بخاتە ژێر دەستی ئەوەوە و پاشا بەوە رازی بوو، بێڕەحمانە رکابەرەکانی لەکار دوورخستەوە، لەبەرئەوە بوو بە بێزراوترین مۆسیقاری مێژوو، بەڵام خانەدانەکانی شارەکانی تری ئەورووپا پشتیوانییان لە شێوازی لولی دەکرد و مۆسیقاکانی چەندان جار تەنانەت لە بچووکترین قەڵاکانی شاخەکانی ئەلپ دەژەنی و هەموو خانەدانەکان بۆ ئەوەی لە پاریس و رێوڕەسمەکانی نزیک بکەونەوە پەیڕەویان دەکرد.

لە (١٩٨٧/١/٨)دا لە کاتێکدا کە لولی لە لووتکەی دەسەڵات و ناوبانگدا بوو، بەهۆی رووداوێکەوە گیانی سپارد. رووداوەکە بەم شێوەیە بوو لە کۆنسێرتێکدا دەبوو ریتمەکە بە پێ کوتان بە زەویدا دروست بکەن و لولی بەهۆی ئەوەی وریای خۆی نەبوو، بەقاچێکی پەنجەی قاچەکەی تری شێلا. سەرەتا وایاندەزانی برینداربوونێکی ئاساییە و خۆی چاک دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا پەنجەی ئیلتیهابی کرد و تووشی گانگرین بوو. سێ مانگ دوای ئەوە بەهۆی پیسبوونی برینەکەیەوە مرد، سەرەنجام مۆسیقای فەرەنسا لە تەوقی ئەو رزگاری بوو.

لەوانەیە بپرسیت مەبەستی من لەم بەسەرهاتە چی بوو؟ لە راستیدا مەبەستم ئەوە بوو رێنماییت بکەم گوێ

بە کەسانی وەکو لولی نەدەیت، هەوڵ نەدەیت بەبێ ئەوەی توانات بەسەر شتێکدا بشکێت کوێرانە لاسایی بکەیتەوە.

لەوانەیە هەندێک کەس خۆیان زۆر بەدوور لەم مەسەلەیە بزانن، بەڵام نابێت ئەوەت لەبیر بچێت کە لاساییکردنەوەی کوێرانە زۆر لەو شتە بڵاوترە کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە و هەر کاتێک لەوانەیە بکەویتە داوییەوە، کەواتە خۆت لەم مەسەلەیە بپارێزە، چونکە ئەگەر وانەکەیت وزە و توانات بەفیرۆ دەچێت و روانینت سنووردار و رووکەش دەبێت. هەروەها خۆت لەو کەس و کۆمپانیایانە بەدوور بگرە کە ئەو ئیشانە دەکەن. بۆ نموونە ئەو کۆمپانیایانەی تەنیا بایەخ بە رووکەشی کارمەندان دەدەن و ئەسڵەن کوالیتی ئیشەکەیان بەلاوە گرنگ نییە، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە هەرگیز هەوڵ نەدەیت بەبێ ئاگاداریی هۆکاری سەرکەوتنی کەسانی دیار تەنیا لاسایی رووکەشیان بکەیتەوە.

(45)

## ئەگەر پێشبڕکێ لەگەڵ خۆتدا بکەیت نایەیتەوە!

## بۆچی زانیاریی گشتی تەنیا وەکو هیوایەتێک گرنگە؟

چۆن دەزانێت گرافیستێکی بلیمەت، فڕۆکەوانێکی شارەزا، یان نەشتەرگەر یان بەڕێوەبەرێکی زیرەکیت؟ بێگومان عەقڵت وەڵامی ئەم پرسیارەت دەداتـەوە و بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک پێت دەڵێت لە چ بوارێکدا بەتوانایت. تەنانەت ئەگەر لە سەرەتای کاریشدا بیت بێگومان زانیاری زیاترت سەبارەت بە پێشڕەوانی خۆت هەیە، بۆ نموونە فڕۆکەوانەکان وەکو رابردوو ناتوانن تەنیا بە خوێندنەوەی (ئێرۆدینامیک) و زاڵبوون بەسەر کۆمەڵێک ئامێری ئەنەلۆگدا بڕوانامەی فڕۆکەوانی وەربگرن. لە راستیدا هەموو ساڵێک تەکنۆلۆجیای زۆر دێتە ناو پیشەسازی فڕۆکەوانییەوە و یاسای کەشوهەوا دەگۆڕێت کە دوای ئەوە فڕۆکەوانەکانیش ناچار دەبن لەگەڵ رۆژدا خۆیان رابێنن و بە ئامێر و تەکنۆلۆجیای نوێ ئاشنا بن. هەروەها گرافیستەکان دەبێت نەک تەنیا شارەزای چەندین جۆر بەرنامەی وەکو فۆتۆشۆپ (Photoshop) و ئین دیزاین (In Design) بن بەڵکو پێویستیان بەوەیە ئاگایان لە نەخشە و بیرۆکەی ئەوانی پێش خۆشیان بێت. ئەگەر وانەکەن لە رکابەری لەگەڵ هاوکارانیان دوا دەکەون. هەر ساڵە بەرنامەیەکی تازە دێتە بازاڕەوە و کۆمپانیایەکی زۆر ئیشی پێدەکەن و داوا لە کارمەندانیان

دەکەن فێری بن، سەرەڕای ئەوە چاوەڕوانی و پێویستیی خاوەنکار بەردەوام زیاد دەکات و دیزاینەران پێویستە فێری دروستکردنی ڤیدیۆ بن و زانیاری باشیان سەبارەت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت.

بەڵام سەبارەت بەو مەسەلانەی کە لە بواری پسپۆڕی تۆدا نین چۆن ئیش دەکەیت؟ ئایا زانیاری تۆ لە هی ئەوانە زیاترە کە لە تۆ گەورەترن؟ بە رای من وانییە. لە راستیدا مێشکی ئێمە توانایەکی دیاریکراوی هەیە و هەرچەندە مێشکمان پڕ بکەین لەو شتانەی پەیوەندییان بە ئیشەکەمانەوە هەیە، توانای کەمترمان بۆ زانیاریتر دەبێت. لەوانەیە ئەم بابەتە بۆ میزاجی تۆ خۆش نەبێت، کەس حەزناکات وەکو گەمژەیەکی تەواو بێتە بەرچاو و تەنیا بتوانێت سەبارەت بە یەک بوار رای خۆی دەربڕێت. لە راستیدا ئێمە حەز ناکەین سەر لە هەموو شتێک دەربکەین و قسەیان لەبارەوە بکەین. ئەگەر ئیشەکەی ئێمە پێویستی بە شارەزایی جۆراو جۆر هەبێت، شانازی بەو بابەتەوە دەکەین و باسی ئەوە دەکەین ئەم هەمەجۆرییە لە مەیدانی کار و پێداویستیی کڕیاراندا زۆر هەژێنەرە. حەزدەکەین خۆمان وەکو فرەبەهرە نیشان بدەین نەک وەکو کەسێک کە وەکو ئەسپ بەرچاوگەیان پێوە کردووە بۆ ئەوەی تەنیا پێشەوەی خۆی ببینێت و سەیری ئەملاولای خۆی نەکات.

کاتێک هەموو ئیش و پیشە جیاوازەکان لە دیزاینەرانی کۆمپیوتەرەوە هەتا بازرگانی دەنکی کاکاو لەبەرچاو بگرین،

هەست دەکەین زانیاری کەممان سەبارەت بە زۆربەیان هەیە و زانیارییەکانمان زۆر سنووردارە. لە ڕاستیدا هەروەکو پێشان باسمان کرد، هەرچەندە تەرکیزی خۆت بخەیتە سەر بوارێک و هەوڵ بدەیت سەبارەت بەو بوارە زانیاری زۆر بەدەست بهێنیت، ئاستی زانیاری گشتیت کەمتر دەبێتەوە. لە ڕاستیدا بایەخدانت بە مەسەلەکانی تر کەم دەبێتەوە و تەنیا تەرکیز لەسەر ئیشەکەی خۆت دەکەیت. ئێمە بۆ مانەوە پێویستمان بەوە هەیە تەواوکەری یەکتری بین، بەو مانایەی ئاسایی بیناسازێکی بە ئەزموون زانیاری تەواوی نییە بۆ ئەوەی ئوتومبیلەکەی چاک بکاتەوە و پێویستی بەوەیە بۆ چاکردنەوە بیبات بۆ لای فیتەر و بۆ خزمەتگوزاری پزیشکیش دەبێت بچێت بۆ لای دکتۆر بێگومان هیچ کەسێک دەرەقەتی ئەم هەموو ئیشە نایەت.

بەهەرحاڵ لەبەرئەوەی زۆر جار پیاوان بەهۆی دۆخی بایۆلۆجییەوە بەهێزترن لە ژنان و بەرگەی ئیشی قورس و تاقەتپڕوکێن دەگرن، ژنان ئیشی سووکتر هەڵدەبژێرن، کە لە رووی جەستەییەوە هێزی زۆری پێویست نییە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پەنجا هەزار ساڵ پێش ئێستا بێگومان لەوەی کە باو و باپیرانمان دەرەقەتی هەموو ئیشێک دەهاتن تووشی سەرسوڕمان دەبین. لە ڕاستیدا هیچ پسپۆڕێکی دیزاینی تەوری بەرد لەو قۆناغەدا نەبوو، سەبارەت بە تەوری بەرد و شتی لەو بابەتە مارکیتینگ، خزمەتگوزاری دوای فرۆشتن و خولی فێربوون نەبوو، تەنانەت کۆمپانیای تایبەتی تەور

دروستکردنیش نەبوو کە رکابەری یەکتر بکەن و هەوڵبدەن بەرهەمەکانیان بەسەر خەڵکیدا ساغ بکەنەوە. لە راستیدا هەر کەسە بەرپرسی دروستکردنی تەوری خۆی بوو، هەموان دەیانزانی چۆن تەورەکەیان بەکاربێنن و راوچی پرۆفیشناڵ یان پسپۆڕی میوە کۆکردنەوە مانای نەبوو.

ئەم بارودۆخە هەتا دە هەزار ساڵ پێشتر بەسەر گۆی زەویدا زاڵ بوو. پاش ئەمە کۆمەڵە جیاوازەکان فۆرمەڵە بوون، پاشان رۆڵی جیاوازی وەکو باخەوان، پاشا، سەرباز، میراو، نووسەر پەیدا بوو. بە دەربڕینێکی تر پیشەی جیاواز فۆرمەڵە بوو، پسپۆڕیی مانای پەیدا کرد، ئیتر هەموو کەسێک نەیدەتوانی بەتەنیا دەرەقەتی هەموو ئیش و کارێک بێت.

لە چاخی بەردیندا، هەموو کەسێک پێویستی بەوە هەبوو هەموو شارەزاییەکی پێویست بۆ ژیان بەسەربردن فێربێت، ئەگەر واینەکردایە ئەگەری مانەوەی بە زیندوویی زۆر کەم دەبۆوە. بەڵام دە هەزار ساڵ دوای ئەوە بارودۆخەکە تەواو جیاواز بوو، تەنیا ئەو کەسانە دەیانتوانی بژین و رزق و رۆزی خۆیان بەدەستبێنن کە لە پیشەیەکدا پسپۆڕ بوون و ئەوانەی هیچ پسپۆڕییەکیان نییە پارەیان دەستنەدەکەوت و بەخێرایی ئەوە دەستنیشانکرا بۆچی خوێندنی گشتی بەبێ لەبەرچاوگرتنی پسپۆڕی، تەواو گەمژانە و بێهوودە بووە.

دە هـەزار سـاڵ، ئەگەر بمانەوێت ئـەو مـاوە زەمەنییە بەنیسبەت تەمەنی زەوییەوە هەڵبسەنگێنین زۆر کەمە و هیچ نییە، لەوانەیە لەبەرئەوە بێت ئێمە هێشتا باش لە شوێنی

خۆماندا جێگیر نەبووین. لە راستیدا وەکو پسپۆڕێک ئێمە هەست بە ناکاملبوون و دەلەمەیی دەکەین و پێمان وایە هەر کاتێک لەوانەیە یەکێک لە رووی نائاگایی و کەمی زانیارییەوە لە کۆمەلێک بواردا خراپ بەکارمان بێنن. بۆ نموونە لەوانەیە بەڕێوەبەرێک لە شوێنی کاریدا هەست بە لووتبەرزی بکات، بەلام هەندیٚ جاریش هەست بە شەرمەزاری و ناڕەحەتی دەکات و تەسەور دەکات لەو بوارەدا کە ئیشی ئەو نییە و لێی نازانێت دەبێت داوای لێبووردن بکات، ئاگای لەوە نییە کە نائاگایی ئەو لەبەر بێتوانایی یان گەمژەیی نییە و تەواو ئاساییە کە ئەو سەبارەت بە هەموو شتێک زانیاری نەبێت.

بەم پێیە واباشترە واز لە خەیالپلاوی بێنیت و وا تەسەوری خۆت نەکەیت لە هەموو شتێک دەزانیت، دەبێت ئەوەت لەبیر بێت دە هەزار سالە تاکە رێگای گەیشتن بە سەرکەوتن و بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەلایەتی، پسپۆڕی و پرۆفیشنالییە، هەلبەتە بەدرێژایی رۆژگار دوو رووداو روویان دا کە کەس نەیدەتوانی پێشبینیان بکات:

١- بەجیهانیبوون (Globalization) کەسانی پسپۆڕی پێکەوە بەست کە لە ئەوپەڕی دنیا بە جیا کار و چالاکییان دەکرد. بەدەربڕینێکی دیکە گریمان مۆسیقارێک لە رابردوودا لە شارێک چالاکی دەکرد، دەرامەتێکی جێگیری هەبوو، ئیتر نەیدەتوانی لەگەل مۆسیقارێکی ولاتێکی تردا رکابەری بکات، بەلام حالی حازر مۆسیقارە بەناوبانگەکانی جیهان لەوپەڕی دنیاوە بە خێرایی ئاگایان لە ئیشی یەکتر دەبێت و شاخ

و گوێ بۆ یەکتری دروست دەکەن، هەندێک لەوانە رێگە لەوانی تر دەگرن و لەلای خەڵک زیاتر رەواج پەیدا دەکەن، لێرەدایە کە نایەکسانی حەقدەست دروست دەبێت. لە راستیدا ئەوانە هەرچەندە زیاتر رەواج پەیدا بکەن، پارەیەکی زیاتر وەردەگرن، ژمارەیەکی کەم لەوەدا سەرکەوتوو دەبن کە هەموو بازاڕەکە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و ئەوانی تر دابەزێنن بۆ خوارەوە و بیانخەنە پەراوێزەوە.

٢-ئیش و پیشە جیاوازەکان بەشبەش بوون و لە ژێر ناوی کۆمەڵەی تازەدا بەرهەمیان هێنا و پسپۆڕیی تازە هاتە ئاراوە، بە دەربڕینێکی تر ئەو پیشەیەی پێشان یەکپارچە بوو، حاڵی حازر بووە بە چەند بەشێکەوە، بەڵام ئەو پسپۆڕانەی پێشان بەجیا ئیشیان دەکرد ئێستا لە رێگەی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆجیای پەیوەندییەوە بوون بە یەکپارچە و لەگەڵ یەکتریدا هاوکاری و رکابەری دەکەن. لە راستیدا لە بوارە جیاوازەکاندا پسپۆڕی زۆر هەن و هەریەک لەوانیش لە بوارێکدا شارەزان، هەربۆیە کیڤین کیلی (Kevin Kelly) دەڵێت: "تۆ سەرکەوتوو دەبیت بەو مەرجەی تەنیا تەرکیز لەسەر بواری توانا و حەز و ئارەزووی خۆت بکەیت و هەوڵ نەدەیت خۆت بخەیتە شوێنی کەسانی دی."

مەبەستی کیڤین ئەوەیە ئێمە دەبێت لە پیشەی خۆماندا پسپۆڕیی پێویست بەدەستبێنین، جگەلەوە کەسانی دی جێگەمان دەگرنەوە و ئێمە لەو مەسەلەیە دڵ سارد و بێتاقەت دەبین. بۆ نموونە لەم رۆژانەدا نەخۆشخانەی زۆر

پێویستیان بە پسپۆڕی تیشک هەیە، بەم پێیە سوودبەخش دەبێت بۆت و ئەگەر توانات هەیە تەرکیز لەسەر ئەو بوارە بکە. ئەم بوارەش دابەش دەبێت بۆ چەند بەشێکی دیکە وەکو تیشکی تەنوری، تیشکی دەمار و ..هتد، بەڵام پێویست ناکات زۆر بە قورسی بە بوارەکەی خۆتەوە بنووسێیت و سەری تێ بژەنیت، دەتوانیت بە لێکۆڵینەوە لە بەشەکانیتر زانیاری زۆر بەسوود بەدەستبێنیت کە لەوانەیە لە بوارەکەی خۆشتدا بەکاربێت. تەنیا دڵنیابە زۆر لە بازنەی توانا و شارەزایی خۆت دەرنەچیت.

ئەوەت لە بیربێت ئەگەر بەنیازیت لە پیشەیەکدا سەرکەوتوو بیت، دەبێت پسپۆڕیی و شارەزایی خۆت پەرەپێبدەیت و تەنیا ئاگات لەوە بێت لەگەڵ خۆتدا پێشبڕکێ بکەیت، بۆ ئەوەی بتوانیت سەرکەوتوو بیت، هیچ کاتێک بەشداریی پێشبڕکێیەک یان پیشەیەک مەکە کە دەزانیت کەسانی تر بۆیان دیاریکردوویت.

لە کۆتاییدا بیرت نەچێت نەبیتە خۆرەی زانیاری، چونکە ئەمە هیچ یارمەتییەکت نادات، ئەگەر بمەوێت لە دەلاقەیەکی داراییەوە سەیری ئەم بابەتە بکەم دەبێت پێت بڵێم، ئەو کارە هیچ سوودێکی بۆ تۆ نابێت. لە راستیدا لەم قۆناغەدا کۆکردنەوەی زانیاری گشتی تەنیا وەکو هۆکارێک وایە بۆ پرکردنەوەی کاتی دەستبەتاڵیت و بەهایەکی تری نییە. بەم پێیە ئەگەر مێژووناس نیت تەنیا لە کاتی دەستبەتاڵیدا مێژووی ژیانی مرۆڤی چاخی بەردین بخوێنەرەوە. جگەلەوە لەوانەیە خۆشت لە مرۆڤێکی چاخی بەردین بچیت.

(46)

## پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن

### بۆچی پێویستە خۆت لە پێشبڕکێی بێهوودە بەدوور بگریت؟

ئایا دوکانەکانی کۆپیت لەبیرە کە دە بۆ بیست ساڵ پێش ئێستا هەبوون؟ لەم دوکانانەدا چەند ئامێرێکی کۆپی هەبوون و لە هەندێکیاندا خۆت دەتتوانی بەکاریان بێنیت، تەنیا ئەوەندە بەس بوو پارەیەکی ئاسن بخەیتە ناو سندوقێکەوە کە لەتەنیشتییەوە دانرابوو. هەڵبەتە ئەمڕۆ لە جیاتی ئەو دوکانە بچووکانە دوکانی گەورە و رازاوە هەن، کە جۆرەها خزمەتگوزارییان تێدایە لە پرێنتی سێ رەهەندییەوە بگرە هەتا پرێنت بە قەبارەی گەورە و جۆرەها خزمەتگوزاری تر. لەوانەیە وا بیربکەیتەوە بەم شێوازە و بە زیادبوونی کڕیاری ئەم جۆرە دوکاکانە دەبێت وەزعیان باش بێت و پارەی زۆریـان دەستبکەوێت، بـەڵام بـەداخـەوە وا نییە و وەزعیان لە پێشوو خراپتربووە. کەواتە پارە و داهاتەکان دەچنە گیرفانی کێوە؟

هەندێک لە گەنجان تەسەور دەکەن بە چوونە زانکۆ و بەدەستهێنانی ئەنجامی باش رێگەی خۆیان بۆ ئیشێکی باش و سەرکەوتن ئاسان کردووە یان ئەوەی حەقدەستی کەسانی خاوەن بڕوانامە لە کەسانی ئاسایی زۆر زیاترە. بەڵام دوای حسابکردنی خەرجی خوێندن و ئەو ماوەیەی بۆ وەرگرتنی بڕوانامە تەرخانت کردووە، لەوە تێدەگەیت،

وەزعی کەسێکی خاوەن بڕوانامە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کەسانی ئاساییدا نییە و لەوانەیە لە زۆر حاڵەتدا خراپتریش بێت. کەواتە خوێندن کە پرۆسەیەکە خەرجی و ماوەیەکی زۆری دەوێت چ سوودێکی هەیە و چ شتێکمان بۆ زیاد دەکات؟

لیویس کارۆل (Lewis Carrol) دوای نووسینی کتێبی سەرکەوتووی (ئەلیس لە وڵاتی سەیروسەمەرە)دا بڕیاریدا بەشێکی بۆ زیاد بکات، لەم بەشەدا شاژنی سوور (کە مۆرەیەکی شەترەنج) بوو بە ئەلیس دەڵێت:

"ئێستا بینیت هەتا ئەو شوێنەی توانیت راتکرد، بەڵام دیسان گەڕایتەوە بۆ خاڵی سەرەتا".

ئەم بابەتە رێک بارودۆخی دوکانەکانی کۆپی و ئەو تەڵەیەیە کە تێی کەوتوون. لە راستیدا هەم ئەو دوکانانە و هەم خوێندکاران بوون بە تەڵەیەکەوە کە من ناوی دەنێم پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن. دیارە لە رووی سەربازییەوە ئەم زاراوەیە بەو مانایەیە کە وڵاتە جیاوازەکان ناچار دەبن بە دوا مۆدیلی چەک خۆیان چەکدار بکەن. چونکە لەوانەیە رکابەرەکەشیان چەک بکڕێت و لەو رێگەیەوە ئەمن و ئاسایشی ئەوان بخاتە مەترسییەوە، ئەم پێشبڕکێیە زۆر گێلانە و بێسوودە.

ئێستا باشتروایە بگەڕێینەوە بۆ پرسیاری یەکەم. پارەی دوکانە گەورەکان بۆ کویَ دەچێت؟ زیاتر ئەو پارەیە دەچێتە

گیرفانی ئەو کەسانەوە کە ئامێری کۆپییەکان دابین دەکەن لەگەڵ زانکۆکان.

لە راستیدا ئەگەر هەر کەسێک بڕوانامەیەک لە زانکۆ وەربگرێت، ئیتر ئەو بڕوانامەیە بێبەها بووە. لەبەرئەوەی هەموو کەسێک وەکو تۆ بڕوانامەی هەیە و ئیتر ئەم مەسەلەیە بە ئیمتیاز حساب ناکرێت. بەڵام هەمیشە ئەوە دەدەن بە گوێی گەنجاندا بۆ ئەوەی ئیشێکی باش و شەرەفمەندانەت هەبێت، پێویستە بخوێنیت و بڕوانامەیەکی باڵای زانکۆت هەبێت، بۆیە خوێندن دەبێتە شتێکی وەکو پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنی وڵاتان، کە تەنیا ئەو کۆمپانیایانە سوودی لێدەبینن کە چەک دروست دەکەن، سەبارەت بە خوێندنیش تەنیا زانکۆ و کۆلیجەکان سوودی لێدەبینن.

ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ناو ئەم پێشبڕکێیانەوە، ئاسایی ئاگایان لەم مەسەلەیە نییە و هەستدەکەن ئیش و سەرمایەگوزارییەکانیان زۆر بەسوود دەبێت، بەڵام ئەگەر بیانەوێت بە چاوێکی کراوەترەوە سەیری مەسەلەکە بکەن، تێدەگەن بەگشتی شتێکیان دەستنەکەوتووە و تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا شتێکیشیان لە دەست داوە. بەم پێیە باشتروایە ئاگات لە خۆت بێت و سەیری چواردەوری خۆت بکەیت، ئەگەر هەستت کرد لەناو پێشبڕکێیەکی بێسووددا گیرۆدە بوویت، بەخێرایی لێی وەرە دەرەوە، چونکە ئەنجامی باشی نابێت.

لەوانەیە ئەو پرسیارە لای هەندێکەوە ئاراستە بکرێت، چۆن دەتوانیت لەو پێشبڕکێیە بێیتە دەرەوە؟

هـەوڵ بدە وەکـو مـەڕ دوای هـەمـوو شتێک نەکەویت کە دەبێت بە مۆدە. بۆ نموونە من زەمانێ بەنیاز بووم کۆمپانیایەک دابمەزرێنم و بیرۆکەی هاوڕێکانمم وەرگرت. یەکێک لەو شتە سەرەکیانەی کە دەبوو جەختی لێبکەینەوە ئەوەبوو دەبوو لەو بوارەدا چالاکیمان هەبێت کە پێشبڕکێی کەمتری تیایە. ماوەی دە ساڵ ئێمە تەنیا دەزگای چاپی کتێبە چڕکراوەکان بووین، ئەمەش بە شتێکی ناوازە بۆ ئێمە لە قەڵەم دەدرا.

ئەگەر بێتەوە بیرت لە بەشی (٤٥)دا سەبارەت بە گرنگی پسپۆڕی قسەمان کرد، بەڵام دەبێت بزانیت پسپۆڕی بەتەنیا بۆ سەرکەوتن بەس نییە، چونکە رکابەری بەسەرچوون و درێژخایەن لە هەموو بوارێکدا هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە چالاکی لە هەر کارێکدا قسەی یەکەم دەکات و هەرچەندە هاوکارانت زیاتر ئیش بکەن، تۆش دەبێت بەهەمان رادە سەعاتی ئیشکردنی خۆت زیاد بکەیت، بۆ ئەوەی لەوان دوا نەکەویت. بەم پێیە لەوانەیە بڕیار بدەیت چەند سەعاتێکی زۆر لە ئۆفیسی خۆت بمێنیتەوە و سەرقاڵی ئیش و کارەکانت بیت. ئیشکردن بێوەستان لەوانەیە توانات کەم بکاتەوە و بەجۆرێک کات بەفیڕۆدان حساب بکرێت.

ئەگەر بمانەوێت خۆمان لەگەڵ باوباپیرانماندا بەراورد بکەین کە خەریکی راو و شکار و میوەکۆکردنەوە بوون،

ئەوان لە حەفتەیەکدا لە نێوان (١٥ بۆ ٢٥) سەعات ئیشیان دەکرد، باقی کاتی خۆیان بە یاریی و گاڵتە و گەپەوە بەسەر دەبرد کە ئێستا زۆر سەیرو سەمەرە دێتە بەرچاو. بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەین لەگەڵ کەسانی دی رکابەری بکەین، دەتوانین وەکو باوباپیرانمان کاتی زۆر بەو شتانەوە بەسەر بەرین کە حەزمان لێیە، بێگومان زیاتر بەخۆشی دەیگوزەرێنین.

لەوانەیە لەبەرئەوە بێت کە شوێنەوارناسان ئەو چاخەیان بە سەردەمی بەختەوەری و کامەرانیی راستەقینەی مرۆڤ ناوبردووە کە تیایدا خەریکی راو و میوە کۆکردنەوە بووە. لە راستیدا لەو چاخەدا رکابەریی بۆ شتی مادی بەهیچ شێوەیەک نەبووە، لەبەرئەوەی مرۆڤ هەمیشە ناچاربووە شوێنی خۆی بگۆڕێت و گەرمیان و کوێستان بکات. لە راستیدا مرۆڤ لەو قۆناغەدا ژیانێکی خێڵەکی هەبووە، مناڵی بچووک، دروستکردنی چەک و چۆڵە و ئامرازی راوکردن، دۆزینەوەی جێگایەک بۆ نیشتەجێبوون، ئەوەندە کاتی دەویست کە مرۆڤ نەیدەتوانی بیر لە شتی تر بکاتەوە. لە راستیدا خەڵاتی بردنەوەی پێشبڕکێ و وەسف و ستایشی دوای پێشبڕکێ هەر وجودی نەبوو. کەواتە هۆکارێک نەبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتری رکابەری یان پێشبڕکێ بکەن.

بەڵام بارودۆخی ئەمڕۆ تەواو جیاوازە. نەک تەنیا لە شوێنی کار بەڵکو لە ژیانی تایبەتیشدا ئەگەر وریا نەبیت لەوانەیە بکەویتە داوی رکابەریی بێهوودەوە. بۆ نموونە

هەرچەندە هاوڕێیانت زیاتر تویت بکەن، تۆش ناچار دەبیت لە تویتەردا زیاتر چالاک بیت، بۆ ئەوەی لەوان بەجێنەمێنیت، یان لە فەیسبووکیشدا مەسەلەکە بەهەمان شێوەیە. هەرچەندە فرێندەکانت نەشتەرگەریی جوانکاریی زیاتر بکەن، تۆش زیاتر دوودڵ دەبیت بۆ ئەوەی جوانکاری بکەیت و لە کاروانەکە دوانەکەویت. ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە جلوبەرگ، زێڕ و زیو، قەبارەی خانوو، لەشجوانی و شتەکانی تریش راستە.

هەموو ساڵێک نزیکەی دوو ملیۆن وتاری زانستی چاپ دەبن، بەڵام سەد ساڵ پێش ئێستا (لە سەردەمی ئەنیشتاین) دا ژمارەی وتارەکان تەنانەت نەدەگەیشتە ٢٠ هەزاریش. ئەم ئامارە لەوانەیە هەندێک فریو بدات و هەست بکەن ئاستی گەشەکردنی زانست لە دنیادا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام واقیع ئەوەیە ئاستی دۆزینەوەی زانستی کە بەرچاو بێت بەنیسبەت ئەو سەردەمەوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و تێدەگەیت کە رکابەریی قەشمەری و بێهوودە تەنانەت دزەی کردۆتە ناو زانستیشەوە و کەسانی خاوەن بڕوانامەی زانکۆ بەپێی ئەو وتارانەی چاپیان کردووە و لە لێکۆڵینەوەکانی دیکەدا سوود لە وتارەکانیان بینراوە، پارە وەردەگرن و پلەیان بەرزدەبێتەوە. ئەمانە بۆ ئەوەی لە یەکتری دوانەکەون، ناچارن بەردەوام وتاری هەمەجۆر چاپ بکەن و ئاسایی ئەم جۆرە رکابەریانە نابێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی

کۆمەڵگا و تەنیا گۆڤاری زانستی و گۆڤاری زانکۆ سوود لەم مەسەلەیە دەبینن.

بەم پێیە ئەگەر تۆ دەتەوێت وەکو مۆسیقارێک کار و چالاکی بکەیت، هەرگیز پیانۆ و ڤیۆلۆن هەڵمەبژێرە، چونکە پیانۆژەن و ڤیۆلۆنژەن غەمبارترین مۆسیقاری سەرزەوین. فەزای رکابەرییەکی قورس بەسەر ئەم دوو بوارەی مۆسیقادا زاڵە کە هەندێ جار بێڕەحمانە دەبێت و دەبێتە هۆی بێتاقەتی، سەرەڕای ئەمەش هەموو ساڵێک ژمارەیەکی زۆر لە پیانیست و ڤیۆلۆنیستی تازەکار بە مۆسیقای جیهانی دەناسێنرێن و سات بە سات بازاڕی رکابەری گەرمتر دەبێت. بەم پێیە ئەگەر دەتەوێت لە گروپەکانی ئۆرکێسترا ناودارەکاندا ببێت بە ئەندام باشتر وایە ئامێرێک هەڵبژێریت کە کەسانێکی زۆر تیایدا شارەزا نەبن، بەم شێوەیە زیاتر دەکەوێتە بەرچاو خەڵکی زیاتر دەستخۆشیت لێدەکەن. بەڵام ئەگەر پیانیست بیت بەردەوام لەگەڵ لەنگ لەنگ (Lang Lang) یان ئەگەر ڤیۆلۆنیست بیت لەگەڵ ئان سۆفی ماتەر (Ann Sophie Mutter) بەراورد دەکرێیت و ورەت دادەبەزێت.

بەگشتی دەمەوێت بڵێم هەوڵ بدە لە رکابەریی بێهوودە دوور بکەویتەوە. هەڵبەتە هەروەکو پێشان باسم کرد ئێمە نائاگایانە دەکەوینە داوی ئەو رکابەریانەوە، تەنانەت لەوانەیە ئیشەکانمان زۆر عاقڵانە و لۆجیکیانە بەرەو پێشەوە بچێت، بەڵام بەدیدێکی گشتگیر و درێژخایەن وانییە، بەم پێیە هەوڵ بدە هەتا بۆت دەکرێت لە رکابەریی بێهوودە دووربکەویتەوە،

لەوە دڵنیابە سەرکەوتن لە رکابەریی بێهوودەدا هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ شکستدا، چونکە تۆ بۆ گەیشتن بەو پێگەیە مەسرەفی زۆرت کردووە کە بەهای ئەوەی نەبووە و باشترین ئیش کە دەتتوانی بیکەیت ئەوە بووە خۆت لەو رکابەرییە دووربخەیتەوە. ئەوەت بیرنەچێت کە بەختەوەری و شادمانی لە جێگایەکدا هەیە کەسەکان بۆ بەدەستهێنانی شەڕ لەگەڵ یەکتری ناکەن و یەکتری غەمگین ناکەن.

## (47)
## هاوڕێیەتی کەسانی سەیروسەمەرە

کەسانی سەیروسەمەرە بناسە، بەڵام مەبە بەیەکێک لەوان

بە فەرمانی فریشتەکان و ڕێنمایی پیاوانی پیرۆزی خوداوەند، ئێمە باروخ سپینۆزا (Baruch de Espinoza) بەنەفرەت دەکەین و لە کۆڕ و کۆمەڵی خۆمان دەیکەینە دەرەوە. لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە نەفرەتی خوای لێبێت. نەفرەتی لێبێت کاتێ خەوتووە و کاتێ لە خەو هەڵدەسێت. نەفرەتی لێبێت کاتێک دەچێتە جێگایەک و کاتێ لەوێ دەڕوات. هەرگیز خودا نایبەخشێت. ئێمە فەرمان دەدەین هیچ کەسێک قسەی لەگەڵ نەکات و نامەی بۆ نەنووسێت، هیچ کەسێک نابێت تەنانەت بچووکترین ڕەحمیشی پێبکات یان تەنانەت لەژێر یەک سەقفدا لەگەڵیدا بمێنێتەوە. هەروەها خوێندنەوەی نووسین و بەرهەمەکانی قەدەغەیە.

بەپێی ئەم فەرمانە کە لە ساڵی (١٦٥٦) نووسراوە، دەقە ئەسڵییەکەی زۆر درێژترە و تیایدا سزای قورستر لەبەرچاو گیراوە، سپینۆزای ٢٣ ساڵ لە کۆڕ و کۆمەڵی جولەکە لە ئەمستەردام دەرکراو وەکو کەسێکی بێگانە ناساندیان، هەرچەندە هیچ سووکایەتییەکی ئاشکرای بە کۆمەڵگای جولەکە نەکردبوو. شێوازی بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادانەی لەگەڵ ژمارەیەک ئەندامی حزبدا جیاواز بوو، ئەوان نەیاندەتوانی حزووری تەحەمول بکەن، بەڵام ئەمڕۆ

سپینۆزا بە یەکێک لە گەورەترین فەیلەسووفانی هەموو سەردەمەکان لە قەڵەم دەدرێت.

لەوانەیە ئەو حوکمەی کۆمەڵگای جولەکە بۆ سپینۆزای بڕییەوە ئەمڕۆ بەلامانەوە سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام سپینۆزای بێنەوا قەت ئەو حوکمەی بە سەرنجڕاکێش و بەویژدانانە لە قەڵەم نەداوە. گریمان هەموو کەسانی باڵا و خاوەن دەسەڵات لە رۆژنامەیەکی تیراژ زۆردا بە نەفرەتت بکەن و خراپ باست بکەن لەسەر تابلۆکانی ریکلام وێنەت بڵاوبکەنەوە و شتی ناشیرینی لەسەر بنووسن، لە هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا شتی خراپت لەسەر بنووسن، تەنانەت بەوەشەوە نەوەستن و سیخوڕ بخەنە ناو خەڵکەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر قسەت لەگەڵ کردن یان داوای شتێکت لێکردن بەتوندی سزات بدەن.

ئەگەر ئەندامی یانەیەکی بازرگانی بیت، دەزانیت کە ئەندامێتی تیایدا دەتوانێت تا چ رادەیەک بەسوود بێت بۆت. لە راستیدا بەخۆڕایی مافی بەکارهێنانی هەموو شتەکانی یانەکەت دەبێت، دەتوانیت لەسەر کورسییەکانی سەرخەو بشکێنیت، دوا ژمارەی گۆڤارە گرنگەکان لەسەر مێزەکانێتی، لەوێ هەمیشە کەسێک پەیدا دەبێت کە تایبەتمەندیی ئاکاری لێتەوە نزیک بێت و چێژ لە هەڵسوکەت لەگەڵی ببینیت. لە راستیدا هەموو شتێک بۆ ئیسراحەتی تۆ ئامادەکراوە و دەتوانیت چێژ لە خزمەتگوزارییەکانی ببینیت.

زۆربەی خەڵک ئەندامی یەک تا چەند گرووپێکن، بۆ نموونە کارمەندان لە دائیرە و کۆمپیانیاکان، قوتابیان لە قوتابخانە، پرۆفیسۆران لە زانکۆ و هاووڵاتیانی وڵاتێک هەموویان ئەندامی گرووپێک یان کۆمەڵگایەکن و دەتوانن سوود لە ئیمتیازەکانی ببینن. ویڕای ئەوەش ئێمە بەرەبەرە خوو بەو گرووپانەوە دەگرین کە تیایدا ئەندامین و هەست دەکەین کەسێک ئاگای لێمانە.

بەڵام هەمیشە کەسانێک هەن کە ناتوانیت بە ئەندامی هیچ گرووپێک حسابیان بۆ بکەیت. هەندێک جار ئەوان خۆشیان نایانەوێت ئەندامی هیچ گرووپێک بن یان لە هەندێ حاڵەتدا ئەوانیش وەکو سپینۆزا لەو گرووپە یان لەو کۆمەڵگایە دەکرێنە دەرەوە. زۆربەی ئەو کەسانە شێتن. هەڵبەتە ئەمە سەبارەت بە هەموویان راست نییە. تەنانەت لەوانەیە هەندێک لەوانە کەسانێک بن کە بە ئایدیاکانیان جیهان بگۆڕن و زۆر لە پێشکەوتنە بەرچاوەکان لە بواری زانست، ئابووری و کەلتووردا بەهۆی ئەم کەسانەوە بووە.

بۆ نموونە ئەنیشتاین لە هیچ زانکۆیەک وەکو مامۆستا قبووڵ نەکرا، بۆیە ناچار بوو وەکو کارمەندێکی ئاسایی لەو نووسینگەی تۆماری داهێنانەی لە بێرن (Bern) بوو، ئیش بکات و لە کاتی دەستبەتاڵیدا تیۆری رێژەیی گشتی و تایبەتی خۆی بۆ جیهانی فیزیا خستەڕوو کە لەو بوارەدا بووە هۆی شۆڕشێکی گەورە. دوو سەدە پێش ئەنیشتاین، نیوتن یاسای راکێشانی زەوی پەرەپێدا و لقێکی تازەی لە

بیرکاریدا بنیات نا. له هه‌مانکاتدا له‌و شوێنه‌ی که نیوتن سه‌رقاڵی ئیش بوو، ترینیتی کۆلیجی که‌مبریج (Trinity College, Cambridge) به‌هۆی بڵاوبوونه‌وه‌ی تاعونی (خه‌یاره)وه داخرابوو، بۆیه ناچار بوو له شار دوور بکه‌وێته‌وه و له که‌ناری شار بژی. چارلس داروین توێژه‌رێکی سه‌ربه‌خۆ بوو، قه‌ت بۆ لێکۆڵینه‌وه‌کانی له دامه‌زراوه‌یه‌ک یان زانکۆیه‌ک پاره‌ی وه‌رنه‌ده‌گرت و قه‌ت وه‌کو مامۆستا له هیچ زانکۆیه‌ک وانه‌ی نه‌گوته‌وه. مارگرێت تاتچه‌ر (Margaret Thatcher) یش که وه‌کو به‌تواناترین سه‌رۆک وه‌زیرانی به‌ریتانیا ناسراوه، ژنی ماڵه‌وه بوو که به‌بێ هیچ باکگراوندێکی سیاسی و ئه‌ندامێتی له هیچ گروپێکدا هاته مه‌یدانی سیاسه‌ته‌وه. ژانری مۆسیقای جاز له‌لایه‌ن که‌سانێکی ئاساییه‌وه که ئه‌ندامی هیچ گروپێک یان ئۆرگانێک نه‌بوون هاتۆته ئاراوه، ئه‌مه سه‌باره‌ت به مۆسیقای پۆپیش راسته. که‌سانی دیاری وه‌کو کلایست (Kleist)، نیتشه (Nietzsche)، تۆڵستۆی (Tolstoy)، سۆلجینتسین (Solzhenitsyn) و گاگارین ئه‌ندامی هیچ گروپ یان ده‌سته‌یه‌کی تایبه‌تی نه‌بوون. هه‌ڵبه‌ته من مه‌به‌ستم نییه سه‌باره‌ت به رۆڵی ئه‌وانه له مێژوودا و ئه‌و کاریگه‌رییانه‌ی له مێژوودا هه‌یانبووه زیاده‌ڕه‌وی بکه‌م (بڕوانه به‌شی ٤١). ئه‌گه‌ر ئه‌مانه نه‌بوونایه بێگومان که‌سێکی دیکه شوێنی ده‌گرتنه‌وه و هیچ ئیشێک له‌سه‌ر زه‌وی نه‌ده‌مایه‌وه، به‌ڵام به‌هه‌رحاڵ ئه‌زموون ئه‌وه‌ی سه‌لماندووه ئه‌و که‌سانه‌ی

سەر بەهیچ ئۆرگانێک نین ئاسایی کەسانی خێراترن و لە ئەنجامدا باشتر و خێراتر لەو کەسانەی کە لەناو کۆت و بەندی پەیڕەو و نەریتی گروپ و کۆمەڵگاکەیاندان دەتوانن کار لە دنیا بکەن.

ئەمانە بەنیسبەت کەسانی ترەوە باڵادەستییەکی تاکتیکیان هەیە: ئەمانە پابەندی بڕیاری پێشوەختە نین کە دەست و پێیان بگرێت و خێرایی پێشکەوتنیان کەم بکاتەوە. ئەمانە ئایدیاکانی خۆیان بە سۆفتوێری فریودەر بەڵام قەشمەریاتی پاوەرپۆینت دەرنابڕن و سلایدی گاڵتەجاڕ دروست ناکەن و بە ئاسانی بڕیار و یاسای لەپێشدا دەستنیشانکراو نادیدە دەگرن و بۆ خۆنیشاندان لەژێر فشاردا نین، لەبەرئەوەی نیگەرانی دەرکردن نین و حاڵی حازر خراونەتە کەنارەوە. بۆ نموونە ئەو کەسەی ئەندامی هیچ حزبێک نییە ئیتر ترسی لە دەرکردن نییە و بە ئاسانی بیروباوەڕی خۆی دەردەبڕێت.

یەکێکی تر لە باڵادەستی ئەوان ئەوەیە کە نەبوونی لایەنگیری بۆ هیچ حزب یان گروپێک دەبێتە هۆی ئەوەی تێگەیشتنێکی راستیان سەبارەت بە چواردەوری خۆیان هەبێت و بە ئاسانی لە ناکۆکی و کەموکوڕییەکان تێبگەن، بەڵام کەسانی دی لەوانەیە بەهۆی لایەنگری کوێرانەوە نەتوانن راستییەکان ببینن، سەرەڕای ئەوە ئەم کەسانە قووڵترن و تەمسیلی رۆشنبیری ناکەن و قسەکانیان پایە و بنەمایەکی تایبەتی هەیە.

لەوانەیە کەسانێکی زۆر بیانەوێت لاسایی ئەوان بکەنەوە، بەڵام من ڕێنماییت دەکەم خۆت لەوە بەدوور بگرە، لەبەرئەوەی ناچار دەبیت فشاری بێڕەحمانەی کۆمەڵگا تەحەمول بکەیت و کەسانێک بەقورسی و بەبیٚ هیچ بەزەییەک ڕەفتارت لەگەڵ دەکەن. لە ڕاستیدا هەموو کەسە تایبەتەکان بەجۆرێک لەلایەن کەسانی ترەوە گاڵتەیان پێکراوە و ستەمیان لێکراوە، لەبەرئەوەی ئەم کەسانە ملکەچی یاسا و پرەنسیپەکان نەبوون و هەوڵیان داوە بە ڕێگای خۆیاندا بڕۆن، تەنیا ژمارەیەکی کەم لەمانە سەردەکەون و باقیەکەیان ورد و خاش دەبن. لە ڕاستیدا ژیانی ئەم جۆرە کەسانە تەنیا بەکەڵکی دروستکردنی فیلم دێت، ئەگەر خۆت بتەوێت ئەمە تاقیبکەیتەوە بارودۆخێکی قورست دەبێت.

هەوڵبدە پەیڕەوی ڕێبازێکی تایبەت بکەیت، چونکە لەو حاڵەتەدا کەسەکان زیاتر حسابت بۆ دەکەن و دەتوانیت سوود لەو شتانە وەربگریت کە دەیخەنە بەردەستت، کێشە نییە هاوڕێییەتی کەسانی تایبەت بکە و سوود لە شێوازی بیرکردنەوە و ئایدیاکانیان وەربگرە، بەڵام لەوانەیە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا ئەوەندە ئاسان نەبێت. بەهەرحاڵ چەند بنەمایەک هەیە کە خراپ نییە پەیڕەویان بکەیت:

١-هەوڵ مەدە ماستاویان بۆ بکەیت و بەقووڵی بەهایان بۆ دابنیٚ.

٢-لە پێگەی دەسەڵات و لووتبەرزییەوە قسەیان لەگەڵ مەکە، چونکە بەلای ئەوانەوە جیاوازی نییە تۆ دکتۆرات هەیە یان سەرۆکی کۆمپیانیایەکیت.

٣-پەلەمەکە. ئاسایی ماوەیەکی دەوێت هەتا ئەم جۆرە کەسانە متمانەت پێدەکەن و رووت دەدەنێ. ئەمانە ئاسایی زۆر گوێ بە رووکەشی خۆیان نادەن، لەوانەیە جلوبەرگی خراپ لەبەربکەن یان پیس و پۆخڵ بێنە بەرچاو.

٤-هەوڵ مەدە یەکلایەنە پێشنیازی هاوڕێتیان بۆ بکەیت و ئەوان لە ئایدیاکانی خۆت بەهرەمەند بکەیت یان پارەیان بدەیتێ.

ئەگەر بتوانیت لە رەفتارتدا هاوسەنگی رەچـاو بکەیت لەوانەیە بتوانیت لە ئایندەدا سوودی لێ ببینیت. هەروەکو چۆن ستیڤ جۆبز و بیل گەیتس توانیان ببن بە ئەندامی گروپ و ئۆرگانی جیاواز، بەڵام لە هەمانکاتدا پەیوەندی خۆشیان لەگەڵ کەسانی تایبەتدا کە ئایدیای تایبەتیان هەیە بپارێزن و سوودی لێببینن، هەڵبەتە لەم ماوە زەمەنییەدا بە دەگمەن دەتوانیت بەڕێوەبەرێک پەیدا بکەیت کە بەو شێوەیە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تایبەتدا بپارێزێت، لەوانەیە یەکێک لەو هۆکارانەی کە کۆمپانیا جیاوازەکان لە ئایدیا خاڵی دەبن و ئیشەکانیان دووبارە دەبێتەوە ئەوە بێت.

بەهەرحاڵ باشتروایە تابلۆی (Van Gogh) بەدیواری ماڵەکەتدا هەڵبواسیت، بـەڵام هەرگیز هـەوڵ نەدەیت ڤان

کوخ بیت، هەڵبەتە هەتا دەتوانیت هەوڵ بدە لەگەڵ کەسانی زیندووی وەکو ڤان کوخدا هاوڕێیەتی بکەیت لەبەرئەوەی ئایدیا و باوەڕی نوێی ئەوان یارمەتیت دەدەن کە ژیانت لە یەک ریتمی دەربێنیت و بەرەو ژیانێکی باش رێنماییت دەکەن.

(48)

## کێشەی سکرتێر

### بۆچی قەبارەی نموونەکانمان زۆر بچووکە؟

وایدابنێ دەتەوێت سکرتێرێک دابنێیت، نزیکەی سەد کەس بۆ ئەم ئیشە داواکاری پێشکەش دەکەن و چاوپێکەوتن لەگەڵ یەک بە یەکیان دەکەیت، دوای هەر چاوپێکەوتنێک بڕیار دەدەیت بە کەسەکە بڵێیت خۆی بۆ قۆناغی دواتر ئامادە بکات، یان بەشێوەیەکی گشتی ڕەفز کراوە. مەبەستت نییە چاوپێکەتنەکە بەنیوەناچڵی واز لێبێنیت و دەتەوێت بەبێ وەستان چاوپێکەوتن لەگەڵ هەر هەموویان بکەیت، بڕیارەکەشت دوای هەر چاوپێکەوتنێکی تر ناگۆڕێت. ئێستا، تێگەیشتن و کاردانەوەت بەرامبەر ئەم دۆخە چۆنە؟

ئایا هەوڵ دەدەیت خێرا بابەتەکە تەواو بکەیت و یەکەم کەس کە هات بۆ چاوپێکەوتن و ڕەفتاری سەرنجی ڕاکێشایت وەریبگریت؟ لەم حاڵەتەدا لەوانەیە کەسانی شایستە و باشتر کە لە ریزی چاوەڕوانییەکەدان لەبەرچاو نەگریت، یان وەکو یەک بایەخ بە هەموو کەسەکان دەدەیت و لە کۆتاییدا یەکێکیان وەردەگریت؟ بەڵام ئەگەر هەموویان ئەو خاسیەتانەیان تێدا نەبوو کە تۆ مەبەستتە چی دەکەیت؟

شارەزایانی بواری وەرزش ئەم بابەتەیان ناوناوە کێشەی سکرتێر. ئەوەی مایەی سەرنجە ئەم کێشەیە تەنیا ڕێگەچارەیەکی باشی هەیە کە بەم شێوەیەیە: دەبێت

چاوپێکەوتن لەگەڵ (٣٧) داواکـاری یەکەم بکەیت و هەر هـەمـوویـان رەفـز بکەیت، بـەڵام چۆنێتی ئیشی ئەمانەت لەبەرچاو بێت، پاشان درێژە بە چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ باقی داواکاران بدەیت، بۆ ئەوەی ئەو کەسەت دەستبکەوێت کە لە باشترینی ئەو (٣٧) کەسە باشترە و وەریبگریت، بەم شێوازە دەتوانیت بژاردەیەکی باشت هەبێت، هەرچەندە لەوانەیە ئەو کەسە باشترین سکرتێر نەبێت لەناو ئەو سەد کەسەدا، بەڵام بێگومان بژاردەیەکی باشە و دەتوانیت حسابی لەسەر بکەیت. ئەزموون و لۆجیک ئەوەی نیشانداوە کە شێوازەکانی دیکە رێژەی سەدی هەڵە و سەرنەکەوتنی زیاتریان دەبێت.

لەوانەیە لە خۆت بپرسیت ژمارە (٣٧) لە کوێوە هاتووە؟ ئەگەر (١٠٠) بەسەر (ژمـارەی ناپێر (John Napier)دا واتە: (٢،٧١٨) دابەش بکەیت ئەنجامەکەی دەبێتە (٣٧). ئەگەر پەنجا کەس داواکاری ئیشێک بن دەبێت (١٨) کەسی یەکەم رەفز بکەیت و ئەو کەسە وەربگریت کە لە (١٨) کەسەکەی پێشتر باشترە.

ئـەم کێشەی سکرتێرە لـە هـەندێ کتێبدا بـە کێشەی داخوازیش باسکراوە، بابەتەکەش بەو شێوەیەیە کە تۆ بۆ دۆزینـەوەی کەسێکی گونجاو بۆ دروستکردنی ژیانێکی هاوبەش دەبێت چەند کەس ببینیت؟ یان بە دەربڕینێکی دیکە چەند درێژە دەکێشێت بۆ ئـەوەی کەسی گونجاوی خۆت بدۆزیتەوە؟ بێگومان لەپێشدا ناتوانیت پێشبینی بکەیت لە ئایندەدا چەند کەس پێشنیازی هاوسەریت بۆ دەکەن، بەم

پێیە بە رای من ئەم نموونەیە هێندە نموونەیەکی باش نییە، چونکە نازانین دەبێت چ ژمارەیەک بەسەر (ژمارەی ناپیر)دا دابەش بکەین، بەم پێیە کێشەی سکرتێر ناوێکی باشترە بۆ ئەم مەسەلەیە.

بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیە قسەکەی (وارین بیفیت) دەسەلمێنێت کە دەڵێت:

"وا باشترە تاڕادەیەک راست و لۆجیکی بین لە جیاتی ئەوەی تەواو هەڵە بین"

ئەمە شێوازێکە وارین بیفیت بۆ سەرمایەگوزاری پەیڕەوی دەکات. خراپ نییە تۆش لە ژیانی تایبەتی و ئیش و کارتدا بەکاری بهێنیت. لەوانەیە لە خۆت بپرسیت بۆچی مەسەلەی سکرتێر لە ژیانی ئێمەدا گرنگە؟ لەبەرئەوەی ئەم مەسەلەیە تێمان دەگەیەنێت دەبێت چەندە کات بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتە جیاوازەکان تەرخان بکەین، بۆئەوەی سەرەنجام بتوانین بڕیارێکی راست و دروست بدەین. تاقیکردنەوە سەبارەت بە مەسەلەی سکرتێر ئەوەی نیشانداوە کەسەکان پەلەیانە خێراتر بگەن بە بژاردەی دڵخوازی خۆیان و لێکۆڵینەوەی پێویست ناکەن، بەڵام باشتروایە هەوڵ بدەیت بەسەر پەلە پەلی خۆتدا زاڵ بیت و لە بڕیارە گرنگەکانی ژیانتدا وەکو هەڵبژاردنی ئیش، هاوسەر، شوێنی ژیان، شوێنی فێربوونی شارەزاییە جیاوازەکان، کەمێک دان بەخۆتدا بگریت و سەرەتا لە بژاردە و رێگا جیاوازەکان بکۆڵیتەوە، پاشان لەسەر بنەمای ئەوە بڕیاری کۆتایی خۆت بدەیت. لە راستیدا

هەڵبژاردنی بەپەلە و بەبیٚ ئاگایی، ئاسایی بە زیانی ئێمە تەواو دەبن و هێندە لۆجیکی نین.

بەڵام بۆچی حەزمان لە بڕیاری خێرایە و ئەم پەلەپەل و تەحەمولنەکردنە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ لەوانەیە تاقیکردنەوەی کەسەکان و بابەتە جیاوازەکان کاتی زۆر بوێت و بێزارکەر بێت، هەندێک لە خۆیان بپرسن بۆچی دەبێت سەد چاوپێکەوتنی کار بکەین، لە کاتێکدا بە پێنج چاوپێکەوتنیش ئیشەکەمان بۆ مەیسەر دەبێت؟ یان بۆچی دەبێت بۆ چاوپێکەوتنی کار سەردانی دە کۆمپانیا بکەین، لە کاتێکدا یەکەم کۆمپانیا قبووڵمان دەکات و مووچەیەکی باشیشمان دەداتیٚ؟ بەردەوام لە بەدواداچووندا بیت کاتێکی زۆری دەوێت کە لە حەوسەڵەمان بەدەرە، هەروەها بەلای زۆر کەسەوە زۆر ئاسانە کە لە پیشەیەکدا دەستبەکار بن کە لە گەنجییەوە تا رادەیەک پێی ئاشنان و ئیتر ڕێڕەوی خۆیان نەگۆڕن، بەڵام لەوانەیە ئەگەر عەقڵی ئەوان داخراو نەبوایە و خۆیان لە جێگایەکدا لە قاڵب نەدایە و ئیشی تریان تاقیبکردایەتەوە، حاڵی حازر هەستێکی باشتریان هەبوایە سەبارەت بە خۆیان و ئیشەکەیان.

شتێکی تر کە دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیاری بەپەلە بدەین، ئەوەیە کە حەزناکەین مێشکمان ئاڵۆز و شێواو بێت. حەزدەکەین خێرا چێکی لیستی ژیانمان بکەین و بەرەو ئایتمەکانی تر بڕۆین. لەوانەیە ئەم کارە بۆ بڕیارە ئاساییەکانی ژیان خراپ نەبێت، بەڵام بۆ ئەو بڕیارانەی

ڕەنگدانەوەی زۆریان لە ژیانماندا هەیە دەبێت بەوردی لێیان بکۆڵینەوە. ئەگەر وانەکەین بڕیارەکان بەر بە پێشکەوتن و جووڵەوەمان بەرەو پێشەوە دەگرن.

باشم لەبیرە پەرستیاری مناڵەکانم کە تەمەنی بیست ساڵە چەند مانگێک پێش ئێستا زەنگی ماڵی ئێمەی لێدا و سەروسیمایەکی غەمگینی هەبوو. یەکەم دڵداری گیرۆدەی کردبوو ئیتر دیار نەمابوو. چاوانی پڕ فرمێسک بوون، بۆیە هەوڵماندا قسەی لەگەڵ بکەین بۆ ئەوەی ئارام بێتەوە.

"تۆ هێشتا گەنج و جوانی و دەرفەتی زۆرت لەبەردەمدایە، دەتوانی قسە لەگەڵ زۆر کەسدا بکەیت بۆ هاوسەری، پاشان جڵەوی کارەکە دەکەوێتەوە دەستی خۆت و هەست دەکەیت دەتوانیت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ متمانە بە کێ بکەیت و چ کەسێ بۆ تۆ گونجاوە."

بزەیەکی کاڵ کەوتە سەر لێوی. پێم وایە بە قسەکانی ئێمە قەناعەتی نەکرد، بەڵام بەهەرحاڵ ئێمە هەوڵماندا لۆجیکیانە قسەی لەگەڵ بکەین و لەو بێتاقەتییە دەریبکەین.

بەداخەوە زۆربەمان وەکو پەرستیاری مناڵەکانم ڕەفتار دەکەین و کۆمەڵگای ئامارمان زۆر بچووک و سنووردارە و حەزدەکەین بڕیاری بەپەلە بدەین. ئاسایی تێگەیشتنێکی باشمان نییە بۆ واقیع و تەسەور دەکەین یەکەم کەسی بەرامبەرمان کە نەخشەی هاوڕێیەتیمان لەگەڵ دادەنێ ژن یان پیاوی خەونەکانمانە، یان یەکەم ئیش کە بۆمان پێشنیاز دەکرێت بێگومان باشترین ئیش دەبێت بۆمان. هەڵبەتە

لەوانەیە یەکەم تیرت بدات لە نیشان، لەم حاڵەتەدا من زۆر خۆشحاڵ دەبم بۆت کە ئەو رووداوە تەواو چانس بووە و نابێت وەکو پرەنسیپێک بۆ ژیانێکی باش لەبەرچاوی بگریت.

دنیا لەوە گەورەتر و هەمەڕەنگترە کە ئێمە تەسەوری دەکەین، بەم پێیە لە کاتێکدا گەنجیت هەوڵ بدە بژاردەی زۆر تاقیبکەیتەوە و ئەوەت لەیاد بێت لە سالآنی سەرەتادا کە باڵغ دەبیت بەدەستهێنانی پارە یان پەیداکردنی ئیشێکی جێگیر ئەوەندە گرنگ نییە، بەڵکو لەم قۆناغەدا دەبێت ئەزموونی خۆت زیاد بکەیت و لەوە تێبگەیت کە چ بژاردە و ئۆفەرێکت لەبەردەمدایە. بەم پێیە هەوڵ بدە چاوانت تیژ بێت و باش گوێت شل بکەیت و ئەزموونی زۆر بەدەستبهێنیت. بۆ نموونە زۆر بخوێنەرەوە، لەبەرئەوەی رۆمان و کورتەچیرۆک پاڵنەرت دەبن و بیرۆکەت دەدەنێ و دەتوانیت بیانکەیت بە سەرمەشقی خۆت. تەنیا کاتێک کە تەمەنت سەردەکەوێت بژاردەکانی خۆت سنووردار بکە، چونکە لەو زەمانەدا کارەکتەری تۆ وەکو پێویست کامڵ بووە و دەتوانیت تێبگەیت کە چ بابەت و کەسانێک لەگەڵ تۆدا ناگونجێن و چ شتێک لەگەڵ تۆدا دەگونجێت.

توانیت هەوڵ بدە لەگەڵ کەسانی زیندووی وەکو ڤان کوخدا هاوڕێیەتی بکەیت لەبەرئەوەی ئایدیا و باوەڕی نوێی ئەوان یارمەتیت دەدەن کە ژیانت لە یەک ریتمی دەربێنیت و بەرەو ژیانێکی باش رێنماییت دەکەن.

(49)

## بەڕێوەبردنی چاوەڕوانی

## هەتا چاوەڕوانیت کەمتر بێت دڵخۆشتر دەبیت

سەرەتای ساڵی (١٩٧٨) بوو. شەش مانگ دەبوو کە یەکەم عەشقی ژیانم وازی لێهێنابووم، لەو کاتە بەدواوە من وەکو رۆحێکی سەرگەدان و تەنیا بەملاو بەولادا دەڕۆیشتم، یان لە ژوورە بەیەکدادراوەکەمدا کە سەقفەکەی لەوح بوو، بێ ئامانج بەدەوری خۆمدا دەخولامەوە یان لەناو کتێبخانەکەدا خۆم دەشاردەوە، پاش ماوەیەک بیرم کردەوە، ناتوانم درێژە بەم شێوازە ژیانە بدەم و پێویستم بەهاوڕێیەکی کچی نوێ هەبوو. باشم لەبیرە ریکلامێکیان لکاندبوو بەسەر دەرگای رێستۆرانی روتلی (Rutli) یەوە کە لە لوسیرن (Lucerne) بوو، مژدەی بەڕێوەچوونی ئاهەنگێکی گەورەی دەدا بە بۆنەی کریسمسەوە . لەو قۆناغەدا چاوەڕوانیی من لە ژیان زۆر بەرزبوو، جێڵم دا لە قژم، بلیتم کڕی و چوومە شوێنی ئاهەنگەکە.

سەما و گۆرانی بوو. هەوڵمدا خۆم ئارام و خوێنسارد نیشان بدەم، بەڵام لە راستیدا ئارامم نەبوو، چاوانم بەناو دووکەڵی هۆڵەکەدا دەگێڕا بۆ ئەوەی کەسێکی گونجاو بۆ خۆم بدۆزمەوە، بەڵام هەموو کچەکان لەگەڵ هاوڕێکانی خۆیان هاتبوونە ئاهەنگەکە، کەس سەرنجێکی ئەوتۆی منی نەدەدا وەک ئەوەی هەر نەبینرێم. کات تێپەڕی و گەیشتە

نیوەشەو، بەرەبەرە هەستمکرد دڵم دەگوشرێت و چیتر ناتوانم بەرگەی ئەو شوێنە بگرم، بەم پێیە لەوێ چوومە دەرەوە. پێم وابوو پارەکەم بەفیڕۆ داوە و بیست فرانکم داوە بە ئاودا، چونکە نەمتوانی هاوڕێیەکی گونجاو بۆ خۆم بدۆزمەوە.

هەموومان چاوەڕوانیمان لە ژیان و دەوروبەرمان هەیە، تەنانەت کاتێک دەست دەدەینە دەسکی دەرگایەک چاوەڕێ دەکەین بکرێتەوە یان کاتێک بەلوعەیەک دەکەینەوە چاوەڕێ دەکەین ئاوی پێدا بێت یان بەیانی خۆر هەڵبێت و ئێوارە ئاوا بێت. هەموو ئەم چاوەڕوانیانە لە نەستی ئێمەدا فۆرمەڵە دەبێت. لە راستیدا خەونە رەسمکراوەکانی دنیا لە زەینی ئێمەدا دەسڕێنەوە، بۆیە پێویستمان بەوە نییە هەمیشە بیریان لێبکەینەوە.

بەڵام بەداخەوە زەینی ئێمە لە شتە بچووکەکانیشدا دەست بە دروستکردنی چاوەڕوانی دەکات، وەکو ئەوەی لە شەوی کریسمسدا بەسەر مندا هات و کەس ئامادە نەبوو قسەم لەگەڵ بکات. لە راستیدا ئەگەر من کاتم بەخۆم بدایە و چاوەڕوانییەکانم تاوتوێ بکردایە تووشی نائومێدی نەدەبووم.

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان نیشان داوە چاوەڕوانی کاریگەری زۆری هەیە لە خۆشحاڵکردنی ئێمەدا و چاوەڕوانیی ناواقیعبینانە خۆشی و ئیسراحەتمان لێ زەوت دەکات، بۆ نموونە ئەگەر دەرامەتت هەتا ئاستی حەفتاوپێنج هەزار دۆلار

سەربکەوێت دوای ئەوە هەست بەخۆشحاڵیی زۆر دەکەیت، بەڵام دوای ئەوە ئیتر زیادبوونی دەرامەت کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر شادی و خۆشحاڵیت (بەشی ١٣)، بەڵکو مەسەلەی گرنگ ئاستی چاوەڕوانی تۆیە لە ژیان.

بەڵام چۆن دەتوانیت چاوەڕوانیی خۆت بەڕێوەبەریت؟ دەبێت بیرکردنەوەی خۆت ڕێک بخەیت و جیاوازی بکەیت لە نێوان "من دەبێت ئەو شتەم هەبێت"، "من دەمەوێت ئەو شتەم هەبێت" و "من چاوەڕوان دەکەم ئەو شتەم هەبێت." دەستەواژەی یەکەم ئەوە دەستنیشان دەکات کە بوونی هەندێ شت پێویستە بۆت. دەستەواژەی دووەم پەیوەندی بە حەز و ئارەزووتەوە هەیە. دەستەواژەی سێهەم چاوەڕوانیت دەگرێتەوە، بیەڵە با بە درێژی باسی هەرسێکیان بکەم:

ئاسایی دەستەواژەی وەکو: " بێگومان دەبێت بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو بم" یان "بێگومان دەبێت ئەم ڕۆمانە بنووسم" یان "دەبێت منداڵێکم هەبێت" زۆر دەبیستیت، بەڵام بە رای من لە ئەنجامدا هیچ کام لەوانە پێویستی حەتمی نین. پێویستی حەتمی تەنیا گوزەران و هەناسەدان و خواردن و خواردنەوەیە. لە راستیدا نابێت خواست و ئارەزووەکانمان لەگەڵ ئەو شتانەدا کە بۆ بەردەوامبوونی ژیان پێویستمانن تێکەڵ بکەین. بەم پێیە باشتروایە بڵێیت: "من بەنیازم ببمە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو" یان "حەزدەکەم ڕۆمانێک بنووسم" یان "ئامانجم ئەوەیە منداڵی باشم هەبێت". لە راستیدا بینینی حەز و ئارەزوومان وەکو ئەو شتانەی

که بۆ ژیانمان پێویستن، وەکو کەسێکمان لێدەکات که حزوری لای کەسانیتر مایەی خۆشحاڵی نییه و خەڵک لێمان دوور دەکەوێتەوە، بەچاوپۆشی لەوەی چەندە هۆشیار بین وەکو گەمژە رەفتار دەکەین، کەواته هەتا زوو چاوەڕوانییه هەڵەکانت بگۆڕیت به قازانجته.

ئاشکرایه ژیان بەبێ ئامانج و حەز و ئارەزوو پووچ و بێمانا دەبێت، بەڵام بەهەرحاڵ نابێت زۆر ببینه کۆیلەی حەز و ئارەزووەکانمان. هەمیشه ئەوەت لەبەرچاو بێت که هەرگیز به هەموو خواست و ئارەزووەکانت ناگەیت، چونکه زۆر مەسەله هەن له دەرەوەی کۆنترۆڵی تۆن. له راستیدا هەوڵی تۆ بۆ ئەوەی ببیت به بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو بەس نییه، بەڵکو ئەو رکەبەرییەی هەیه، دۆخی بازاڕ و خێزانەکەت لەسەر ئەوەی به خواستەکانت بگەیت، کاریگەری دەبێت، هەموو ئەم بژاردانەش له دەرەوەی کۆنترۆڵی تۆن. ئەم مەسەلەیه سەبارەت به هەبوونی مناڵ و نووسینی رۆمانی جۆراوجۆریش راسته. له راستیدا گەیشتن بەم ئاوات و ئارەزوانه پەیوەسته به چەند مەسەلەیەکەوە که بەتەواوی له دەسەڵاتی تۆدا نییه. ژمارەیەک له فەیلەسووفانی یۆنان به دەستەواژەی جوان ئارەزووەکانی خۆیان وەسف کردووە پێی دەڵێن:"ئارەزووە بێبایەخەکان" من له ژیانمدا خواست و ئارەزووی زۆرم هەیه بۆ نموونه: من ئۆتومبیلێکی پۆرشم له گۆڵف پێ باشترە، بەڵام له کۆتاییدا و له درێژخایەندا

خواست و ئـارەزووی من کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت لەسەر رازیبوونی من لە ژیان.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئـەوەی چاوەڕوانیی غەمگینترین ساتەکانی ژیانمان بە سەرنەکەوتنمانەوە بەندە لە بەڕێوەبردنی چاوەڕوانییەکانماندا بەتایبەتی ئەو چاوەڕوانیانەی کەسانیتر لە ئێمەیان هەیە و لە بەرامبەردا ئێمەش لەوانمان هەیە. هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت نابێت زۆر داوا و چاوەڕوانیت لە کەسانیتر هەبێت کە بۆت جێبەجێ بکەن.

لـە راستیدا چاوەڕوانییەکانی ئێمە هێز و توانایەکی ئەوتۆیان نییە. بـەڵام لە ناخـەوە وەکـو خـۆرە بەردەبنە گیانمان و پەرێشانمان دەکەن. لەبەرئەوەی باش بەڕێوەیان نابەین و بوار بەوانیتر دەدەین کارمان تێبکەن. بۆ نموونە ریکلام جگەلە رێکخستنی چاوەڕوانییەکانی ئێمە شتێکی دیکە نییە. بۆ نموونە وایدابنێ کەسێک بەنیازە پرۆگرامێک بە تۆ بفرۆشێت و روونکردنەوەیەکی ئاڵۆزت دەداتێ سەبارەت بە سەرکەوتنی بەرنامەکە لە ئایندەدا و بڕی ئەو پارەیەی لەوانەیە لە ئایندەدا دەستت بکەوێت، ئاستی چاوەڕوانیت زیاد دەکات و دەستنیشانی دەکات، بەڵام ئەوەت لەبیر بێت چاوەڕوانی وەکو بینایەک وایە کە لەسەر زەوییەکی لم دروستکرابێت و بناغەکی نەرمی هەبێت. هەڵبەتە هەندێک جار مەسەلەکە لەوە زیاترە. لە راستیدا ئێمە بەنداو بەردەدەینەوە بۆ ئەوەی لافاو ماڵمان وێران بکات، یان بوار بەکەسانیتر

دەدەین زەوی دەورمان هەڵکەنن بۆ ئەوەی بکەوینە ئەو چاڵانەوە کە بۆیان هەڵکەندووین.

بەڵام چۆن دەبێت چاوەڕوانیی واقیعبینانە بخەینە شوێنی چاوەڕوانی گەمژانە؟

هەنگاوی یەکەم: پێش هەر چاوپێکەوتنێکی کار، هەر پەیمانێکی دۆستانە، هەر پرۆژەیەک، هەر ئاهەنگێک و قبووڵکردنی هەر بەرپرسیارییەک ئەوە دەستنیشان بکە ئەو مەسەلەیە لە چ بوارێکدایە: پێویستی، حەز و ئارەزوو، یان چاوەڕوانی.

هەنگاوی دووەم: لە دە هەتا سفر نمرە بدە بە چاوەڕوانییەکانت، چەندە بە وەدیهێنانیان ئومێدەواریت (سفر) بەهیچ جۆرێک (دە) تەواو.

هەنگاوی سێیەم: دوو نمرە لەو ئیمتیازە کەم بکەرەوە کە لە هەنگاوی پێشوودا بە چاوەڕوانییەکەت دا، پاشان خۆت لەگەڵ ئەو نمرەیەدا بگونجێنە.

ئەم شێوازی سێ هەنگاوییە ئەوپەڕی دە چرکە لە کاتت دەگرێت. کاتێک نمرە بە چاوەڕوانییەکانت دەدەیت تا رادەیەک لەبارەیانەوە واقیعبینتر دەبیت. دەبێت باسی ئەوە بکەم من یەک رۆژم بۆ ئەم شێوازە تەرخان کرد و کاریگەری ئەمە لەسەر هەست و رەزامەندی و خۆشحاڵیم زۆر زۆر بوو. بەم پێیە ئاگات لێبێت چاوەڕوانییەکانت وەکو میزەڵانێکی هیلیۆمی لێنەیەت و رێگەی مەدە بەرزتر و بەرزتر بێتەوە و لە کۆتاییدا بتەقێت و پارچەکانی لە ئاسمانەوە بکەوێتە

خـوارەوە و بەر دەموچاوت بکەوێت. هەرگیز چاوەڕوانی و حەز و ئـارەزوو، پێویستی لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵ مەکە و سنووریان بۆ دابنێ، ئـەوەت لەبیر بێت بەڕێوەبردنی چاوەڕوانی بۆ ژیانێکی باش پێویستە.

(50)

## قانوونی ستورجن

## چۆن ئامێری دۆزەرەوەی قسە قۆڕەکانت کۆنترۆڵ دەکەیت؟

نووسینی رۆمانی خەیاڵی زانستی زۆر قورسە، بەتایبەتی ئەگەر بڕیار بێت کتێبەکانت بە تیراژێکی زۆر چاپ بکرێن. ئاسایی رەخنەگران وەکو شتێکی پیس رەفتارت لەگەڵ دەکەن. بەڕای من زۆربەی رۆمانەکانی خەیاڵی زانستی کە دەکەونە بازاڕەوە، بەڕاستی قسەی قۆڕ و بێکەڵکن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نووسینی دەقی باش قورستر بێت، چونکە دەقە باشەکان ناچار دەبن بەتەنیا باری ئەم ژانرە بکەنە کۆڵ.

تێد ستورجن (Ted Sturgeon) یەکێک بوو لە باشترین نووسەرانی بواری رۆمانی خەیاڵی زانستی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیست. هەروەکو دەزانیت، سەرکەوتن ئیرەیی دروست دەکات. تێد ناچار بوو هەمیشە رەخنەی ئاگرینی رەخنەگران قبووڵ بکات. رەخنەگران باوەڕیان وابوو لە سەدا نەوەدی رۆمانەکانی خەیاڵی زانستی پاتاڵن. تێد هاوڕایان بوو، بەڵام لەو باوەڕەدا بوو ئەم مەسەلەیە تەنیا سەبارەت بە رۆمانی خەیاڵی زانستی راست نییە، بەڵکو لە سەدا نەوەدی ئەو کتێبانەی چاپ دەکرێن پاتاڵ و بێسوودن. وەڵامەکەی بە قانوونی ستورجن ناسراوە.

لە یەکەم سەرنجدا بۆچوونەکەی ستورجن زۆر ناجوامێرانە و قورس دێتە بەرچاو، بەڵام ئەگەر کەمێک لێی ورد بیتەوە هەست بەوە دەکەیت قسەکەی تەواو راستە. بیربکەرەوە چەند کتێب هەبوون کە تۆ پاش خوێندنەوەیان هەستت بە رەزامەندی کردووە و چەند کتێبت بە بێتاقەتییەوە تووڕداوە و نەتتوانیوە چەند لاپەڕەیەک زیاتری لێ بخوێنیتەوە، یان پێت وایە هەتا ئێستا چەند فیلم توانیویەتی وات لێ بکات بەرامبەر تەلەفزیۆن دانیشیت و لە شوێنی خۆت نەجووڵێیت، یان چەند جار تاقەتت نەماوە و ناچار بوویت کەناڵەکە بگۆڕیت؟ بێگومان وەڵامەکەت هاوڕێکە لەگەڵ قانوونی ستورجن.

بەڕای (دانیل دێنت) یاسای ستورجن نەک تەنیا سەبارەت بە کتێب و فیلم بەڵکو سەبارەت بەهەر شتێکی دیکەش راستە. واتە لەسەدا نەوەدی هەر شتێک پاتاڵە. لە راستیدا جیاوازی نییە کە تۆ سەبارەت بە فیزیا، کیمیا، فیسیۆلۆجی، کۆمەڵناسی، پزیشکی یان هەر شتێکی دیکە قسە بکەیت، ئەم یاسایە هەموویان دەگرێتەوە. تەنانەت لە هەندێ بواردا دەتوانرێت بگوترێت لە سەدا نەوەد و پێنجی بەرهەمەکان پاتاڵ و بێکەڵکن و تەنانەت بەهای باسکردن و بیرلێکردنەوەشیان نییە.

لەو کاتەوە بۆ یەکەمجار قانوونی ستورجنم بەرگوێ کەوتووە زۆر هەستم بە ئیسراحەت کردووە، چونکە پێیان وتبووم زۆربەی کار و قسەی کەسەکان، زۆر گرنگ و

بایەخدارە و دەبێت بەهایان بۆ دابنێیت، بەم پێیە هەر کاتیٚ قسە یان کتێبێکی پاتاڵ و بێبەها دەهاتە خەیاڵم، هەستم دەکرد من بەباشی لێی تێنەگەیشتووم و تێگەیشتنم لە ئاستی ئەوەدا نییە، بەڵام ئەمڕۆ دەزانم لە هەندیٚ بواردا بێتوانا و نەزان نیم، بەڵکو کێشەکە ئەو بیرۆکەیە یان ئەو بەرهەمەیە. بۆ نموونە ئەگەر پلانێکی بازرگانی گەمژانە و پاتاڵ بێتە بەرچاو خەتای من نییە و بەو مانایە نییە کە من ئاستی تێگەیشتنم نزمە یان خەتای ئەوە نییە من ناشکورم و بڕیارەکەم خراپە. ئەگەر لە سەدا نەوەدی ئەو کەسانەی بۆ نانخواردنی ئێوارە داوەتن، بێتاقەتم بکەن، لە راستیدا ئەوە من نیم کێشەم هەیە، بەڵکو کێشەکە لە دەرەوە و لەو کەسانەی دەورمەوەیە، بۆیە بەپێویستی دەزانم یاسای ستورجن دووبارە بکەمەوە و بڵێم:

"لە سەدا نەوەدی هەموو بەرهەمەکانی مرۆڤ پاتاڵن، لە سەدا نەوەدی ریکلامەکان پاتاڵن، لە سەدا نەوەدی ئیمەیلەکان لە شیاکەی مانگا بێبەهاترن، لە سەدا نەوەدی تویتەکان قسەی قۆڕن. لە سەدا نەوەدی چاوپێکەتنەکان لە شوێنی کار دۆستانە و کات بەفیڕۆدانە و ئەو قسانەی دەکرێن و قۆڕ و بێسوودن. بەگشتی دەبێت بڵێم لە سەدا نەوەدی مەسەلە مادییەکان کە لە دنیادا هەن بەڕاستی هیچ و پاتاڵن."

باوەڕ بکە یاسای ستورجن دەتوانێت ژیانت باشتر بکات و زۆر بەکەڵکت دێت، چونکە دەرفەتت دەداتیٚ بەئاسانی زۆربەی ئەو شتانە تێپەڕێنیت کە دەیانبینیت، دەیانبیستیت و

دەیانخوێنیتەوە. ئەوەت لەبیر بێت کە دنیا پڕە لە شتی هیچ، بەڵام تۆ ناچار نیت هەموو ئەو شتە هیچانە ببیستیت.

هەوڵ مەدە شەڕی شتە هیچەکان بکەیت، چونکە شکست دەهێنیت. دنیا دەتوانێت بە نالۆجیکی بمێنتەوە، بەڵام تۆ ناتوانیت شەڕ لەگەڵ دنیا بکەیت و بە عاقڵی بمێنیتەوە. دوای هەموو کەسێک و هەموو شتێک مەکەوە، هەست و هۆشت تەنیا لای مەسەلە بەهادارەکان بێت و مەسەلەکانی تر بخەرە لاوە.

هەڵبەتە سەرمایەداران ئاشنای ئەم بابەتە بوون پێش ئەوەی ستورجن باسی بکات. لە کتێبی سەرمایەگوزاری زیرەک (The Intelligent Investor)ی بێنیامین گراهام (Benjamin Graham) دا، بازاڕی بۆرسە و سەرمایە وەکو کەسێکی بێ لۆجیک بەناوی مستەر بازاڕ ڕەسمکراوە. مستەر بازاڕ کەسێکی شێت و شەپڕێوە هەر ڕۆژەی چەند نرخێکی تازە رادەگەیەنێت و پێشنیاز دەکات کام پشکانە بۆ کڕین و فرۆشتن گونجاون. هەندێ جار گەشبینە و هەندێ جاریش ڕەشبین دەبێ یان تووشی سترێس دەبێت. ڕۆحیەت و ئاکاری وەکو یۆیۆ (yo yo) وایە و بەردەوام شێوەی دەگۆڕێت، بەڵام خاڵی باش لەوێدایە کە ناچار نیت گوێ بە هەموو ئەو شتانە بدەیت کە مستەر بازاڕ پێشنیازی دەکات. دەتوانیت سەبر بکەیت هەتا مستەر بازاڕ پێشنیازی باش بکات و پاشان قبووڵی بکەیت. لە سەدا نەوەد و نۆی ئەوەی مستەر بازاڕ داوایدەکات قسەی قۆڕە و دەبێت لەبەرچاو نەگیرێت. بەدبەختانە ژمارەیەک لە سەرمایەداران لەم

مەسەلەیە تێناگەن کە بازاڕی بۆرسە و سەرمایە روانینێکی تەواو تەواو نالۆجیکی و ناجێگیریان هەیە و وەکو گۆتەیەک دەیبینن کە پەیڕەوەی لە بنەما یان پرەنسیپێکی دیاریکراو دەکات. لە راستیدا ئەوان نرخی پشک لەگەڵ بەهادا بەهەڵە وەردەگرن و ئەوەندە هەڵە دەکەن کە تەواوی پارەکەیان لەدەستدەدەن.

هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە تەنیا تایبەت نییە بە بۆرسە بەڵکو گۆتەکانی تری وەکو پیشەسازی فیلم دروستکردن، بەرهەم هێنان، هەواڵ، مۆدە، پەیوەندی تایبەتی، رێستۆرانەکان، بیروبۆچوونی سیاسەتمەداران، هەلی کار و مەسەلەکانی تریش بەرچاو دەکەوێت و تۆ دەبێت وەکو میوەی گەنیو مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، چونکە لە سەدا نەوەدی ئەمانە گەمژانە و دەستی چەندەم و بە مانای راستەقینە پاتاڵن. کەواتە گوێکانت بگرە و کاتێک هاتوهاواری بازاڕ زۆر زۆرە لێیان دوور بکەوەرەوە. لە راستیدا بازاڕ و رەوتە رەسمکراوەکانی دەربڕی ئاستی بەها و چۆنێتی بەرهەمەکان و بیروبۆچوونەکان نین.

هەڵبەتە لەوانەیە ئیشکردن بەم قسانەی سەرەوە بۆ تۆ قورس بێت، هۆکارەکەشی بۆ رابردووی ئێمە دەگەڕێتەوە. وایدابنێ لەناو باوباپیرانتدا دەژیت و سێ هەزار ساڵ گەڕاویتەتەوە بۆ دواوە. راوچیت و لەناو هۆزێکی پەنجا کەسیدا دەژیت. لەوێ هەموو شتێک واقیعی و بەرجەستەیە. لەو گژ و گیایانەوە کە دەخورێن یان ژەهراوین بگرە هەتا

ئەو ئاژەڵانەی راو دەکرێن یان راو دەکەن. تەنانەت ئەندامانی هۆزەکەشت ئامانجی تەواو روون و دیاریکراویان هەیە. لەو رۆژگارەدا پێچەوانەی یاسای ستورجن راست بوو یانی لە سەدا نەوەد و نۆی هەموو شتێک واقیعی راست بوو، ئەو لە سەدا یەکەی ماوەتەوە حیکایەتی پڕوپیرەژن و بێمانا بوو کە لە گوێ ئاگردان دەگێڕدرایەوە و یان دەبوو بە نەخشی سەردیوار.

لەوانەیە زۆر قورس بێت کە دنیا لە دیدی سەختگیرانەی (دانێل دینێت)ەوە ببینین و هەموو قسە بێهوودە و لاوەکییەکان بخەینە لاوە، بەڵام خراپ نییە راهێنان بکەین و هەتا ئەو شوێنەی دەتوانین شتی بێهوودە و بێسوود لە ژیانمان تووڕ بدەین.

ئەگەر بمەوێت راستگۆیانە قسەت لەگەڵ بکەم دەبێت بڵێم قانوونی ستورجن تەنیا سەبارەت بە دنیا راست نییە، بەڵکو تەقریبەن لە سەدا نەوەدی بیرۆکەکانی من بێسوود و گەمژانەن یان لە سەدا نەوەدی هەستەکانی من سەرچاوەیەکی گەمژانە یان نەناسراویان هەیە. هەروەها لە سەدا نەوەدی داخوازییەکانم نەکردە و سادەن، بەڵام بەهەرحاڵ من ئاگام لەو مەسەلەیە هەیە و هەوڵدەدەم بەوردی لە هەست و بیروبۆچوونەکانم بکۆڵمەوە بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەم دەبێت کامیان بە ئاسانی و کامیان بەجدی بگرم.

بەم پێیە هەر بابەت یان هەر قسەیەکی پووچ بە ئاسانی قبووڵ مەکە. هەروەها سەبارەت بە نیگەرانی عەقڵیت بە

ئاگا و هۆشیاربە بەپەلە رەفتار مەکە تەنیا لەبەرئەوەی کە شتێک دەبێت بەمۆدە یەکسەر ملی خۆتی بۆ مەشکێنە و هەمیشە ئەوەت لەیاد بێت شتی بەهادار لە دنیادا کەمە و پەیڕەوکردنی یاسا ستورجن تاڕادەیەکی زۆر یارمەتیت دەدات پاشەکەوت لە کات و خەرجیدا بکەیت. لە جیاوازی نێوان ئایدیای هیچ و ئایدیای باش تێبگە و بایەخ بە بەرهەمی بیرۆکە و قسەی گەمژانە مەدە، ئەو بنەمایەی کە ئەزموون بەمنی نیشانداوە پەیڕەوکردنی خراپ نییە، ئەوەیە کە ئەگەر سەبارەت بە هیچی شتێک گومانت هەیە وەکو گریمانەی هیچی لەبەرچاوی بگرە مەگەر پێچەوانەکەی بسەلمێنرێت.

## (51)
## لە ستایشی خاکیبووندا
## هەرچەندە خاکیتر بیت، ژیانێکی باشترت دەبێت

شاڕێی هوسمان (Boulevard Haussmann)، شەقامی فۆش (Foch)، شەقامی پردی دومەر (Paul Doumer)، شاڕێی راسپەیل (Raspail)، ئەمانە ناوی هەندێک لە شەقام و شاڕێکانی پاریسن کە بە ناوی کەسانێکەوە ناونراون، ئایا ئەمڕۆ کەس دەزانێت ئەوانە کێ بوون و چیان کردووە؟

بێگومان هەموو ئەمانە پێشڕەوی سەردەمی خۆیان بوون. بۆ نموونە جەنەڕاڵ، زانا، ئەندازیار و دیزاینەر بوون. لە زەمانی ناوبانگی جۆرج هوسماندا زۆربەی هاوچەرخانی بەئاواتەوە بوون نانی ئێوارەی لەگەڵ بخۆن، بەڵام ئەمڕۆ زۆربەی ئەو کەسانەی بە شاڕێی هوسماندا تێپەڕدەبن، بەبێ ئەوەی سەرنجی ناوی هوسمان بدەن، تەنیا خەیاڵیان لای شت کڕین و عەلاگە پڕەکانی دەستیانە. وایدابنێ هاوینە و دنیا زۆر گەرمە، چەند دڵۆپێک لە بەستەنییە ڤانێلاییەکەت کەوتۆتە سەر تیشێت و پانتۆڵەکەت و بەدەستەوە نووساوە، قەرەباڵغییەکە ماندووی کردوویت، ترافیک و هۆڕینی ئۆتومبیلەکان مێشکی تێکداویت و بەسەر شۆستەکاندا دەڕۆیت، بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بە هوسمان و مێژووەکەی بدەیت. وەک ئەوەی مۆرانەی مێژوو هەڵی لووشی بێت.

ئەگەر مێژووی بەسەرچوونی کەسانی بەناوبانگی وەکو هوسمان، فۆش و راسپەیل تەنیا چوار نەوە بێت، بەدەربڕینێکی دیکە ئەوانە دوای چوار نەوە بەتەواوەتی لەبیر کرابن، بەم پێیە ئەوانیتر چیان بەسەر دێت؟ لە راستیدا ئەوان چەندە لە بیری کەسانیتر دەمێنن؟ دوای تێپەڕبوونی سەد ساڵ یان دووسەد ساڵ بە دەگمەن کەسێک بیل گەیتس، دوناڵد ترەمپ یان ئەنجێلا مێرکڵ (Angela Merkel) دەناسێت. ئەم بابەتە سەبارەت بە من و تۆش راستە. تەقریبەن چەند دەیەیەک دوای مردنمان ئیتر کەس ئێمەی بیر نایەتەوە.

وایدابنێ لەگەڵ دوو گروپ خەڵکدا مامەڵە دەکەین: گروپی یەکەم A و گروپی دووەم B. گروپی A زۆر متمانەیان بەخۆیانەوە و گروپی B بەدەست بێمتمانەییەوە دەناڵێنن. کاتێک یەکێک خواردنیان دەدزێت یان عاشقەکەیان دەبات زۆر خوێنسارد و بە گوێ پێنەدانەوە رەفتار دەکەن و دەڵێن ژیان هەروایە، دواجار من خواردن بەدەست دەهێنمەوە یان هاوڕێیەکی دیکە بۆ عەشق پەیدا دەکەم، بەڵام گروپی A کاردانەوەیەکی تەواو جیاوازیان دەبێت و سەرسەختانە داکۆکی لە مافی خۆیان دەکەن. پێت وایە کام گروپ ئەگەری مانەوەیان زیاترە؟ بێگومان گروپی A چانسێکی زیاتریان هەیە، چونکە ژیان بەبێ داکۆکی لەخۆکردن، گەمژانە و مەحاڵ دێتەبەرچاو. بەهەرحاڵ هەوڵ بدە ماوەی یەک رۆژ زاراوەی "من" یان "هی من" بەکارنەهێنیت. من خۆم هەوڵمدا یەک رۆژ ئەم دەستەواژەیە بەکارنەهێنم، بەڵام بەکردەوە

سەرکەوتوو نەبووم، چونکە ئێمە زۆربەمان لە جۆری گرووپی A ین. کێشەکە لەوێدایە کە ئەو هەستی متمانەبەخۆبوونەی لە باوباپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، هەستیارە و لە هەندێ کاتدا بە زیانی ئێمە تەواو دەبێت و تووشی کێشەمان دەکات. لە راستیدا ئێمە بە بچووکترین قسە یان کردەوە دەتەقینەوە کە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی بەڕاستی هەڕەشە لە ژیانمان دەکـات زۆر هیچ و بێبایەخە. ئێمە هەمیشە گلەیی لەو مەسەلەیە دەکەین کە بۆچی بەتەواوی وەسفمان ناکەن یان بۆچی کەسانی دی ناکەونە ژێر کاریگەریی ئێمەوە یان بۆچی داوەتمان ناکەن بۆ شوێنێک، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کەسانیتر لەسەر حەقن، لە راستیدا ئێمە ئەوەندەش کە پێمان وایە گرنگ نین.

من پێشنیازت بۆ دەکـەم خۆت بخەرە شوێنی نـەوەی دواتر و بزانە چەندە بەهات بۆ دادەنێن. لە راستیدا دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر ئیتر ناوی تۆ بەباش یان بەخراپ نامێنێت، ئەسڵەن گرنگ نییە کە تۆ لە ماوەی ژیانتدا چەند باش بوویت یان چیت بۆ کەسانیتر کردووە. یەکێک لە بنەما سەرەکییەکان بۆ ئەوەی ژیانێکی باشت هەبێت ئەوەیە کە زۆر لە خۆت بایی نەبیت. تۆ هەرچەندە خاکی بیت ژیانێکی باشترت دەبێت بۆچی؟ لەبەر سێ هۆکار:

١-بایەخ بەخۆدان پێویستی بە وزە هەیە. ئەگەر تۆ خۆت بەرز بگریت ناچار دەبیت هاوکات وەکو رادار یان نێرەرێک رەفتار بکەیت. لە راستیدا بە لە ئەستۆگرتنی رۆڵی نێرەر،

ئەو وێنەیەی خۆت پیشانی دنیا دەدەیت کە خۆت حەزت لێیە و بەهۆی ڕادارەکەتەوە بەردەوام چواردەوری خۆت دەپشکنیت بۆ ئەوەی ئاگات لێبێت کەسانیتر چ مامەڵەیەکت لەگەڵ دەکەن و چۆن وەڵامی ئیشەکانت دەدەنەوە؟ باشە، پێشنیازی من بۆ تۆ ئەوەیە شتی وا مەکە، بۆ ئەوەی وزەی خۆت بەخەسار نەدەیت. باشتروایە نێرەر و ڕاداری خۆت بکوژێنیتەوە و تەنیا تەرکیز لەسەر ئیش و ئارەزووەکانی خۆت بکەیت. هەوڵ مەدە بەردەوام خۆت بخەیتە بەرچاو و گوێی کەسانیتر و بەردەوام سەبارەت بە سەرکەوتنەکانی خۆت قسە بکەیت. ئەگەر دیدارێکت لەگەڵ پاپا هەبوو دەتوانیت شانازی پێوە بکەیت، بەڵام هەوڵ مەدە وێنەکانی لە هەموو جێگایەک بڵاوبکەیتەوە. هەروەها ئەگەر ملیۆنێریت هەرگیز بۆ ئەو بینا و ستادیۆمی وەرزشی و شەقامانەی بەناوی تۆوە ناونراون باج بە کەسە مەدە.

٢-هەرچەندە زیاتر بەها بۆ خۆت دابنێیت کەوتنت قورستر و پڕ ئازارتر دەبێت. لە ڕاستیدا هەندێ کەس تەنیا بایەخ بە قسەی کەسانیتر دەدەن و هەموو هەوڵیان بە درێژایی ژیان بۆ ئەوە بووە بۆ کەسانیتری بسەلمێنن مرۆڤی باشن. لە ڕاستیدا هەندێک سەرمایەگوزار هەن تەنیا بۆ قازانجی کۆمپانیاکان پشک دەکڕن. بۆ نموونە پشکی ئوتێلە ڕازاوەکان یان کۆمپانیا بەناوبانگەکان دەکڕن. لە ڕاستیدا ئەمانە دەیانەوێت وێنەی باشی خۆیان لای ئەو شوێنانە جێبهێڵن. ئەو کەسانەی خۆیان بەرز دەگرن ئاسایی سەبارەت بە

ئاستی زانیاری و تواناکانیان زیادەڕەوی دەکەن، ئامادە نین لەگەڵ کەسانیتردا راوێژ بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵەی زۆر بکەن.

٣-دوژمنانێکت بۆ دروست دەبێت و لە بەها و گرنگیت کەم دەبێتەوە،لەبەرئەوەی کەسانێکی تریش وەکو تۆ سەرقاڵی ستایشکردنی خۆیان و پیرۆزکردنی خۆیانن، چاوی بینینی تۆیان نابێت و هەوڵدەدەن بەرد بگرنە روخساری سەرکەوتنی تۆ و بێتاقەتت بکەن.

هەروەکو دەبینیت لووتبەرزیت زیاتر دەبێتە کۆسپی سەر رێت تا ئەوەی یارمەتیت بدات بۆ سەرکەوتن. هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە تەنیا پەیوەندی بە سەردەمی ئێمەوە نییە. لە (٢٥٠٠) ساڵ بەر لە ئێستاوە مشتومڕ لەسەر لووتبەرزی بێهۆ هەبووە. بۆ نموونە قوتابخانەی رەواقییەکان هەمیشە دژی لووتبەرزی و خۆبەزلزانین چووەتە سەنگەرەوە و بەتوندی دژی وەستاوەتەوە. (مارکوس ئورلیوس) کە یەکێک بووە لە ئیمپراتۆرەکانی رۆمای کۆن، بەردەوام مەدیتەیشنی کردووە بۆ ئەوەی تووشی هەستی لووتبەرزی نەبێت و ئاگای لەوە بێت مرۆڤێکی لاواز و قابیلی تێکشکانە کە هەموو کاتێک قابیلی لەناوچوونە. لە راستیدا تەنانەت بەهێزترین مرۆڤیش رۆژێک لە رۆژان دەچێتە ئامێزی خاکەوە و ئیتر هیچی لە دەست نایەت. بەم پێیە هەوڵ بدە هەمیشە کۆنترۆڵی خۆت بکەیت و نەبیتە دیلی خۆ ستایشکردن. لە هەندێ مەزهەبدا خۆ ستایشکردن رەمزی شەیتانە، بەڵام لەم دووسەد ساڵەی

دواییدا، ئیتر کەسانێک خۆ ستایشکردن بە خراپ و ناشیرین نازانن و بوون بە ریکلامچی خۆیان.

لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە بیربکەرەوە: تۆ یەکێکیت لەو ملیارەها مرۆڤەی لەسەر ئەم زەوییە دەژین و ساڵانی تەمەنت زۆر دیاریکراوە. پێگەی تۆ بەرامبەر بە هەموو جیهان و رووبەرەکەی چەندە؟ خۆشحاڵبە کە هیچ شەقامێکت بەناوەوە نییە چونکە ئەم مەسەلەیە سترێست زیاد دەکات و هیچ سوودێکی بۆ تۆ نابێت. بەم پێیە بەخاکێتی بمێنەرەوە و بزانە پشت بەخۆبەستن و خۆپەرستی شتێک نییە کە بتەوێت شانازیی پێوە بکەیت، چونکە ئەوە تووشی هەموو کەسێک دەبێت، بەڵام هەموو کەسێک ناتوانێت خاکی بێت. ئەوەت بیرنەچێت خاکێتی وات لێدەکات واقیعبینتر بیت و باشتر بتوانیت هەستی خۆت کۆنترۆڵ بکەیت.

بەداخەوە ئەم رۆژانە خۆستایشکردن و خۆبەگەورەزانین وەکو بەهایەکی ئینسانی لێهاتووە و وەکو سەگێک کە بە ئێسقانەوە لکابێت بەخۆمانەوە لکاوین. واز لە ئێسقان بێنە و دەستی لێبەردە، چونکە بەهای ئەوەی نییە و بەزوویی لەبەرچاوت دەکەوێت و بایەخی نامێنێت.

## (52) و کۆتایی
## سەرکەوتنی ناوەکی
## بۆچی دنیای ناخی خۆت لە دنیای دەرەوەت گرنگترە؟

هەر وڵاتێک بەجۆرێک لیستی ناوی کەسە دەوڵەمەندەکانی خۆی بڵاودەکاتەوە. لە سویسرا بیلانز (BILANZ ٣٠٠ List) ٣٠٠ کەس لە دەوڵەمەندترین هاووڵاتیانی خۆی دەناسێنێت. لە ئەڵمانیا گۆڤاری مەنەجەر (Manager) ساڵانە لیستی ٥٠٠ کەس لە دەوڵەمەندترین هاووڵاتیانی خۆی بڵاودەکاتەوە و سەندەی تایمز (Sanday Times) لیستی دەوڵەمەندانی بەریتانیا بڵاودەکاتەوە. لە هەموویان بەناوبانگتر گۆڤاری فۆربیس (Forbes)ە کە تیایدا لیستی ملیاردێرەکانی دنیا بڵاودەکرێتەوە. ئاشکرایە ئامانجی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە لە بڵاوکردنەوەی ئەم لیستانە چییە. لە ڕاستیدا ئەم بڵاوکراوانە دەوڵەمەندترینەکانی دنیا بە سەرکەوتووترینەکانی دنیا لە قەڵەم دەدەن.

هەروەها لیستی لەو شێوەیەش بۆ باشترین بەڕێوەبەران، زانایان، نووسەران، هونەرمەندان و موزیکزانانیش هەیە کە ڕادەی سەرکەوتنی ئەمانە لەگەڵ یەکتری بەراورد دەکات. لە ڕاستیدا هەر کار و پیشەیەک ریزبەندی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بەڕاستی ئەمانە تا چ ڕادەیـەک سەرکەوتوو بوون؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەندی بەوەوە هەیە تۆ چۆن سەرکەوتن پێناسە دەکەیت.

مامەڵەی تاک و کۆمەڵگا، پێوەری رادەی سەرکەوتنی کەسەکان دروستدەکات و دەستنیشان دەکات چ کەسانێکی خوێندەوار و خاوەن متمانەن. دەروونزانی دیاری ئەمریکی رۆی بامیستەر (Roy Baumeister) باوەڕی وایە لە رابردوودا هۆزەکان بۆ گوزەران و بەردەوامیی ژیانی خۆیان پێویستیان بە راو هەبوو، کەسێک بە خوێندەوار و خاوەن متمانە لە قەڵەم دەدرا کە راوێکی زیاتری دەکرد یان دەیتوانی لە بەرامبەر ئاژەڵی ترسناکدا هۆزەکە بپارێزێت. هەروەها زەمانێک ئیشوکاری ماڵ و ئەرکی دایکایەتی زۆر گرنگ بوو، چونکە زۆربەی وڵاتان پێویستیان بەوە هەبوو خێراتر ژمارەی دانیشتوان و هێزی کاری خۆیان زیاد بکەن. بەڵام جێبەجێکردنی ئەم داواکارییە و دەرکەوتنی ئەنجامەکانی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی گۆڕانکاری بەسەر ئەم گۆتەیەدا هێنا. کاتێک خەڵکەکە لە شەڕ و قاتوقڕی و نەخۆشی رزگاریان بوو، کاتی دەستبەتاڵییان زیاتر بوو. ئەکتەر و فیلمە جیاوازەکان لایەنگری زۆریان پەیداکرد. لە راستیدا بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتداران و سامانداران لەسەر (براند دروستکردن) و (بەها دروستکردن) ئیشیان کرد و لەم رێگایەوە هەوڵیاندا خەڵکی بەرەو ئەو رێگایە بەرن کە خۆیان بەباشیان دەزانی.

بۆچی دەسەڵاتداران هەوڵدەدەن وەکو مێگەل خەڵک بەرەو بەکاربردن و مادییەت ببەن و داوایان لێ ناکەن بەها بۆ کاتی دەستبەتاڵی خۆیان دابنێن؟ بۆچی لیستی دەوڵەمەندترینەکان

بڵاودەکرێتەوە، بەڵام هەرگیز لێیان ناپرسن چەندە لە ژیانی خۆیان رازین؟ لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە گەشەکردنی ئابووری، کۆمەڵگاکان لە یەکتری نزیک دەخاتەوە و دیمەنی باشبوونی ئاستی چۆنایەتی و ستانداردەکانی ژیان کە تەنانەت ئەوەندەش ئاسان نییە، لە بەکارهێنانی فشار بۆ یەکسانی چینایەتی و دابەشکردنی سامان کەمدەکاتەوە. هێنری والیک (Henry Wallick) ژمێریاری پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باوەڕی وایە:

"زەمانێ کە گەشەکردنی ئابووری هەبێت ئومێدیش هەیە و ئەم مەسەلەیە توانای تەحەمولکردنی جیاوازی چینایەتی زیاد دەکات".

بەم پێیە ئەگەر نامانەوێت نموونەکانی لیستی فۆربیس ببێتە هۆی بێتاقەتی و سترێسمان، دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین، پێناسەی جیاواز بۆ بەختەوەری هەیە کە ملکەچی قۆناغ و سەردەمێکە ئێمە تیایدا دەژین، بۆ نموونە هەزار ساڵ پێش ئێستا وجودی لیستێکی وەکو فۆربیس تەواو گەمژانە و گاڵتەجار دەهاتەبەرچاو. وارین بیفیت و بیل گەیتس هەردووکیان لە بەشی سەرەوەی لیستی فۆربیسدان و هەردووکیان رایان وایە لەوانەیە لە رابردوودا گەمژانە و گاڵتەجاڕ هاتبێتە بەرچاو، لەبەرئەوەی پەیوەندی بەو سەدە و سەردەمەوە هەیە کە تیایدا لەدایک دەبێت، کۆمەڵگا گوتەزایەکت وەکو رەمزی سەرکەوتن دەرخوارد دەدات و مەسەلە جیاوازەکان دەبنە مۆدەی رۆژگار، بەڵام وەکو

کوێر و مێگەل پەیڕەوی روانگەی رەسمکراو مەکە، چونکە کەسانی دەسەڵاتدار و ساماندارى کۆمەڵگا هەمیشە بیر لە قازانجی خۆیان دەکەنەوە نەک لە بەختەوەری تۆ. لە راستیدا سەرکەوتن لە رووی مادییەوە لە سەدا سەد پەیوەندی بە شانسی خۆتەوە هەیە، هەڵبەتە ئێمە حەزناکەین ئەم بابەتە قبووڵ بکەین، بـەڵام دەبێت بـاوەڕ بکەین واقیع ئەوەیە. جینەکانت، ئەو شوێنەی لێی لەدایک دەبیت، رادەی هۆش و ئیرادەت، هەموو ئەمانە لە سەرکەوتنتدا رۆڵی کاریگەریان هەیە، بەڵام هیچ کام لەمانە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆتدا نین و زۆرجار ناتوانیت بیانگۆڕیت. هەڵبەتە روون و ئاشکرایە کەسانی سەرکەوتوو بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانیان هەوڵی زۆریان داوە و بڕیاری عاقڵانەیان داوە، بەڵام ئیشکردنی سەخت و بڕیاری دروست تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی بە جینەکانی ئێمە و ژینگە و ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە کە تیایدا دەژیـن، تا چ رادەیـەک خواست و توانای ئێمە لەبەرچاو دەگرێت، لەبەرئەوە لیستی فۆربیست نابێت زۆر مێشکت مەشغوڵ بکات، دەبێت واز لە دەستخۆشی لە کەسانی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار بهێنیت.

لـەم دوایـیـانـەدا یەکێک لـە هـاوڕێکانم بـە شـانـازی و لووتبەرزییەوە باسی لەوە کرد بۆ ئێوارەخوانێک داوەتیان کردووە کە چەند ملیادێرێکیش ئامادە دەبن. باشە بەڕای تۆ چ شتێک مایەی شانازییە؟ لە راستیدا ئەو کەسە بۆچی ئەوەندە حەزی لەوەیە ملیاردێرێک لە نزیکەوە ببینێت؟ بە

ئەگەرێکی زۆرەوە لەو دیدارەدا پارەیەکی بە نیسب نابێت. بەڕای من تەنیا شتێک کە گرنگە ئەوەیە ئایا ئەو کەسە قسەیەکی بەکەڵکی هەیە بۆ وتن یان نا، دەنا سامانەکەی بە کەڵکی ئێمە نایەت.

هەوڵبدە پێناسەکانی مێشکی خۆت بگۆڕیت، بۆ نموونە من خۆم پێناسەیەکم هەیە بۆ سەرکەوتنی خۆم کە پێناسەیەکی زۆر کۆنە و هی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستایە. بەپێی بۆچوونی ڤۆیلا (Voila) بیروبۆچوونی کۆمەڵگا و ئامارەکانی سەبارەت بە سەرکەوتن ئەوەندە گرنگ نییە، بەڵکو سەرکەوتنی راستەقینە لە ناخی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت و ئیشی بە دنیای دەرەوە نییە.

لە راستیدا مەبەستی من ئەوە نییە روو لە خۆدروستکردن، قووڵبوونەوە لەخود یان یۆگا بکەیت، بەڵکو سەرکەوتنی ناوەکی یەکێکە لە رێکارە ژیرانەکان بۆ ژیان کە لە وڵاتە خۆرئاواییەکاندا بە یەکێک لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی چوارچێوەی فیکری هاوچەرخ لە قەڵەم دەدرێت. هەروەکو لە بەشی (٨)دا بینیمان فەیلەسووفانی یۆنانی و رۆمی ئەم گوتەزایەیان بە سەرکەوتنی واقیعی و راستگۆیانە ناوناوە. لە راستیدا کاتێک دەگەیتە قۆناغی خۆشبەختی و سەرکەوتنی راستەقینە و ناوەکی هەست بە ئارامییەکی زۆر دەکەیت و دەتوانیت لە هەموو هەلومەرجێکدا بیپارێزیت، چ لە هەورازی ژیاندا بیت و چ لە نشێودا، ئومێدی خۆت لە دەست نەدەیت و غەمگین نەبیت.

چۆن دەتوانیت سەرکەوتنی ناوەکی بەدەست بهێنیت؟ دەبێت تەرکیزت لەسەر ئەو مەسەلانە بێت کە دەتوانیت بیانگۆڕیت و واز لە باقی شتەکانی تر بهێنیت و بەهیچ جۆرێک بیریان لێنەکەیتەوە. لە راستیدا ئێمە دەتوانین دنیای ناوەکیمان کۆنترۆڵ بکەین، بەڵام ناتوانین دنیای دەرەوەی خۆمان کۆنترۆڵ بکەین، چونکە شانس و فاکتەرە دەرەکییەکان زۆر لە ئێمە بەهێزترن و ناتوانین بیانخەینە ژێر فەرمانی خۆمانەوە. لە راستیدا سامان و دەسەڵات و خۆشەویستبوون لە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا نین، ئەگەر تۆ ئامانجی سەرەکی ژیانت لەسەر بنەمای ئەوانە بنیات بنێیت، لە کاتی بەدەست نەهێنانیان یان لەدەستدانیاندا ژیان بەلای تۆوە دەبێت بە دۆزەخ، بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەیت ئارامی و خوێنساردی خۆت بپارێزیت، زۆرکات شاد و خۆشحاڵ دەبیت و ئیتر ئەو خراپانەی بەرامبەرت دەکرێن و ئەو ستەمانەی لێت دەکرێن بەلاتەوە ئەوەندە تاڵ نابن. بەم پێیە شادی و سەرکەوتنی ناوەکی زۆر جێگیرترە لە شادی و سەرکەوتنی دەرەکی.

جۆن وودین (John Wooden) یەکێکە لە راهێنەرە سەرکەوتووەکانی باسکە لە مێژووی ئەمریکادا، هەمیشە بە یاریکەرانی دەڵێت پێناسەی خۆیان بۆ سەرکەوتن بگۆڕن و بزانن کە سەرکەوتن یانی هەبوونی ئارامیی دەروونی کە لە ئەنجامی ئەو باوەڕە بەدەست دێت ئەوەت قبووڵ بێت تۆ هەموو هەوڵێکی خۆتت داوە بۆ ئەوەی بگەیتە باشترین

پێگەی مومکین. لە راستیدا بەپێی ئەم پێناسەیە سەرکەوتن بە مانای گەیشتن نییە بە ناونیشانی جیا جیا، تەنانەت گەیشتن بە میدال و پارەی زۆریش گرنگ نییە، تەنیا دەبێت لە خۆت و لەو ئیشەی کردووتە رازی بیت و بزانیت کەمتەرخەمیت نەکردووە. تەنانەت جۆرج دەبلیو بوش میدالی شانازیی ئازادی بە جۆن بەخشی کە یەکێکە لە دیارترین میدالەکانی ئەمریکا، بەڵام وادیارە ئەم مەسەلەیە زیاتر کاری لە جۆرج بوش کردبێ تا لە وودین، چونکە پێویستی بەو میدالە نەبوو، بەڵام بوش بە بەخشینی ئەو میدالە ویستی خۆی لای خەڵک خۆشەویست بکات.

ئەگەر بمەوێت راستگۆیانە قسە بکەم، سەرکەوتن و ئارامیی دەروونــی هیچ پەیوەندییەکی بە دنیای دەرەوە نییە و تەنیا لە ناخی خۆتەوە سەرچاوە دەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک شێواز هەن کە یارمەتیت دەدەن بۆ ئەوەی بەئاسانی سەرکەوتنی ناوەکی بەدەست بهێنیت، بۆ نموونە بۆرسە لەبەرچاوبگرە ئایا ئەمڕۆ پشکەکانی تۆ بەرزبوونەوە یان دابەزین؟ ئایا رێگە دەدەیت بیروبۆچوون و هەستی ژەهراوی ژەهراویت بکات؟ ئەو شتانە چین کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تۆن و دەتوانن غەمگینت بکەن؟ یان تۆ چۆن دەتوانیت ئاستی شادی و سەلامەتی خۆت بەرزبکەیتەوە؟ لە راستیدا نابێت هەوڵ بدەیت لە گۆڕستانی ژیانی دەوڵەمەندترین کەس بیت، بەڵکو بایەخ بە ناخی خۆت

بده و تیایدا بۆ خۆشبەختی بگەڕێ. هەموو رۆژێک شاکاری خۆت دروست بکە، هەڵبەتە سەرکەوتنی دەروونی هیچ کاتێک بە تەواوەتی قابیلی بەدەستهێنان نییە. بەهەرحاڵ بە راهێنانی بەردەوام تاڕادەیەک دەتوانیت لێی نزیک بیتەوە، هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت تەنیا کەسێک کە دەتوانێت و شادی و ئارامیت بۆ بهێنێت هەر خۆتیت.

بەڵام ئەو کەسانەی لە دنیای دەرەوە بەدوای سەرکەوتندا وێڵن و شادی خۆیان لە دەوروبەریان داوا دەکەن و هەمیشە بە دوای سەروەت و سامان، بەڕێوەبەری جێبەجێکار بوون، میدالی ئاڵتوون یان میدالی فەخریدا رادەکەن، هەرگیز پەی بەوە نابەن بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و بەختەوەریی راستەقینە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ناخی خۆیان، بۆ نموونە لەوانەیە بەڕێوەبەرێکی تەنفیزی پارەکەی بۆ کڕینی سەعاتێکی گرانبەها یان ئوتومبیلێکی مۆدێل بەرز خەرج بکات لەبەرئەوەی حەزی لەوەیە لەبەرچاوی خەڵک باش بێتە بەرچاو، بەڵام بێگومان بەم ئیشانە ئیرەیی کەسانی دیکە دەجووڵێنێت کە لەوانەیە هەندێ جار خۆشی ئەوەی خواستبێت. جگەلەوە ئەگەر بیزانیایە سەعات یان ئوتومبیلەکەی سەرنجی کەس راناکێشێت و ئیرەیی کەس ناجووڵێنێت هەرگیز نەیدەکڕین.

لە راستیدا هەندێک کەس لە رقی کەسانی تر پارە خەرج دەکەن و خۆیان دەنوێنن. بۆ ئەوەی لە ناخی خۆیاندا هەست

بە ئارامی بکەن، بەڵام بۆچی پاروو بەدەوری سەری خۆماندا بخولێنینەوە لە کاتێکدا دەتوانین راستەوخۆ بە خواستەکانی خۆمان بگەین و شادی و خۆشی لە ناخی خۆماندا بەدەست بێنین، بۆچی رێگای قورستر بگرینە بەر؟

سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

*-هنر خوب زیستن، رولف دوبیلی، مترجم، اسکندری فرد، نوبت چاپ، دوم، ۱٤۰۰-۲۰۲۱.

*The Art of The Good life. Rolf Dobelli

## لەبارەی ئەم کتێبەوە

بەبێ درێژدادڕی دەمەوێت چەند رستەیەک لەبارەی ئەم کتێبەوە بڵێم:

پێش هەموو شتێک ئەم کتێبە باسی کێشە هەنووکەییەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ دەکات. راستە مرۆڤی ئێستا بەهۆی ئینتەرنێتەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا ئاسان بووە، بەڵام دنیایەک کێشەشی هەیە. بەشەکانی ئەم کتێبە یارمەتیدەرێکی باشن بۆ ئەوەی بەجوانی مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا بکەیت و رێگای ژیانێکی باش بۆ خۆت بدۆزیتەوە. نووسەر وێڕای ئەزموونی خۆی پەنا بۆ ئەزموونی نووسەران و کەسانی شارەزاش دەبات و رێگای ژیانێکی باشمان نیشان دەدات، بۆیە خوێندنەوەی کتێبەکە گرنگە. بەندە سەرەڕای دنیایەک ئەزموون و خوێندنەوە، ئەم کتێبە زۆر شتی باشی فێرکردم بۆ رۆشنکردنەوە ژیانێکی باش.

خاڵێکی تر، وەرگێڕی ئەم کتێبەش وەکو زۆربەی وەرگێڕە فارسەکانی دیکە ئیشەکەی بێ کەموکووڕیی نەبوو، بۆیە لەگەڵ وەرگێڕانەکەدا کە زیاتر لە یەک ساڵی خایاند، لەهەر بەشێکی کتێبەکەدا لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەی بەراوردم کردووە و هەر خەوشێکی هەبووبێت چاکم کردووە و راستم کردۆتەوە.

محەمەد کەریم